# گابۆڕ

@kurdica

# گابۆڕ

سەیدقادر هیدایەتی

گوتار

چاپی دووهەم

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | هدایتی، قادر؛ ۱۳۵۵ |
| عنوان و نام پدیدآور | : | گابۆڕ / سەیدقادر هیدایەتی |
| مشخصات نشر | : | نشر گوتار، ۱۳۹۴ |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۹۴ صفحه |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۰۰-۷۹۵۹-۱۷-۶ |
| وضعیت فهرست‌نوویسی | : | فیپا |
| موضوع | : | داستان‌های کردی؛ قرن ۱۴ |
| ردەبندی کنگره | : | ۱۳۹۴ ۴۳ هـ س۷۴۵/PIR۳۲۵۶ |
| ردەبندی دیویی | : | فا ۲۳۸/ ۹ |
| شمارەی کتاب‌شناسی‌ملی | : | ۳۹۲۶۲۸۲ |

گوتار

**گابۆڕ**

**نووسەر: سەیدقادر هیدایەتی**

**ڕووبەرگ: ئیدریس بەهرامپوور**

**شابک: ۹۷۸-۶۰۰-۷۹۵۹-۱۷-۶**

**چاپ و پەخش: گوتار**

**چاپی یەکەم/ ۱۳۹۴**

**چاپی دووهەم/۱۳۹۴**

**نرخ: ۱۲۰۰۰ تمەن**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.**

بۆ یاد و بیرەوەری باوکم:

**سەیدعەلی هیدایەتی**

**سپاسی** ئەم بەڕێزانە دەکەم:
مامۆستای گەورە، نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا کاک **محەمەد ڕەمەزانی** کە گەلێک هەڵەی زمانی و ڕێزمانی بۆ ڕاست کردمەوە و هەروەها کەڵکم لە ڕەخنە و سەرنجە تایبەتییەکانی وەرگرت.
هاوڕێی خۆشەویست، چیرۆکنووسی هێژا **عەزیزمەحموودپوور** کە بە تێبینییەکانی بووە هۆی ئەوەی لقوپۆپە زیادییەکان بسڕمەوە و وردبینانەتر بپەرژێمە سەر داڕشتە و چوارچێوەی ڕۆمانەکە.
تایپیستی شارەزا و وردبین **حەمەدەمینشاسەنەم** کە پەربەندی ئەم کتێبەی کرد و لە زۆر وردەکاری دیکەی تایپیش ئەم کتێبەی یارمەتی دا.

تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ١

تەنیا شتێکمان کەم بوو؛ ئەویش تۆپ بوو.

بۆ تیمێکی باش هەموو شتێکیان بوو؛ لە مەیدانی چاک و کاپیتانەوە بگرە هەتا دەروازەبان و یاریزان، تۆپ نەبێ.

بە دەیان‌جار هەر پێنج‌شەش کەسەکەیان پوولی جیرەی ڕۆژانەی خۆیان کۆ کردبۆوە تاکوو بتوانن بە هەموویان تۆپێکی جیر بکڕن.

هەر جارەی شتێک دەبووە ڕێگر و بۆمان نەدەکڕدرا.

جاری وابوو یەک‌دوویەک پەشیمان دەبوونەوە، جاری وابوو پوولەکەیان نەیدەگەیاندێ، جاری وابوو لەسەر ئەوەی کێ ببێ بە کاپیتان قڕە ساز دەبوو.

جاری وابوو لەسەر ئەوەی شەوانە تۆپەکە لە ماڵی کاممان بێ دەبووە هەرا.

هەر جارەی لەسەر شتێک دەبووە شەڕ و کێشە و بۆیان نەدەکڕدرا و تیم هەڵدەوەشاوە. هیچ گەڕەکێک حازر نەبوو مسابەقەیان لەگەڵ بدا؛ چونکە تیم بێ تۆپ نابێ. تۆپ بەرچاوترین و گەورەترین نیشانەی تیم بوو.

تۆپەکەمان کە هەبێ بەرەبەرە تیمیش بە دەوروبەری ئەوەوە ساز دەبێ. تۆپێکی چاکمان هەبێ دەروازەبان و یاریزانی چاکیش بۆخۆیان دێن.

تۆپ زۆر گرینگ بوو؛ دەبوو هەر تیمێک تۆپی خۆی پێ بێ.

هەرچەند هەموومان تۆپێنی زۆر چاکیشمان بکردبایە و کەسیش دەرەقەتمان نەهاتبایە، بەڵام بە بێ تۆپ کەس بە تیمی نەدەزانیین.

تیمێک تۆپی هەبوایە بە چاوێکی دیکە چاویان لێ دەکرد و بێتوو تیمێکیش

ئەوەنــدە دەستڕۆیشــتوو بــوایە کە تــۆپێکی زیــادیی هەبــوایە ئیــدی ئەوە هەر بەجارێ وەک تیمێکی باش و ڕەسمی چاوی لێ دەکرا و شانازییەکی کەموێنەیان بە خۆیانەوە دەکــرد و حــازر نەبــوون لەگەڵ هەمــووکەس مســابەقە بــدەن. هەر تیمێک تۆپی خۆی نەبوایە تیمی گەڕەکەکانی دیکە مسابەقەیان لەگەڵ نەدەدا.

کڕین و بوونی تۆپێکی میکاسا ئارەزووی گەورە و وەدەســتنەهاتووی ئەوان بوو.

مەگین لە زەنگی وەرزشی مەدرەسە، دەنا قەت لاقمان لە تۆپی تەقەڵیــی یــان میکاسا نەدرابوو.

جارێکیان هەر پێنجیان کۆ بوونەوە و بەڵێنیان دا.

هەموومان سوێندمان خوارد کە ئیدی ئەوجار ئاخرجار بێ.

ماوەی مانگێکیان مۆڵەت دانا.

ئەوەی کە کێ کاپیتان بێ و شەوانە تۆپەکە لە ماڵی کێ بێ و زۆر قسەوباسی پێویستی دیکەشمان هێشتەوە بۆ دوای تۆپ کڕینەکە.

جارێ با تۆپەکە بکڕین.

من بە هەر پاڕانەوە و هاوار و دادێک بێ، بە دزی باوکمەوە پوولم لە دایکــم سەند و داخڵەیەکم کڕی. هەموو ڕۆژێک ئەو پێش‌تمەنەی لە مــاڵێ پێیــان دەدام، دەمخستە نێو داخڵەکەوە و پاشەکەوتم دەکرد.

دەبوو هەموو ڕۆژێک بە دەســتی خــۆی پــووڵەکەی بخــاتە نێــو داخــڵەکەوە؛ ماوەی حەفتەیەک توانیی خۆی ڕاگرێ.

زۆر ناخۆش بوو؛ دەبوو لە مەدرەسە هیچ نەخۆم و چاو لە منداڵان بــکەم کە چۆن بە پووڵەکانیان شتی خۆش‌خۆش دەکڕن و مڵچەمڵچ دەیخۆن و دەمولێویان دەلێسنەوە.

بەردرگــای مەدرەســە پــڕ بــوو لە کەشــەفی کەشــکی‌نوقــڵ و ڕەحەتەلقــوم و مەجوعمەی نان‌تەڕ و فەرغوونی شۆرمەزە.

لە ژووریــش کاســەعدوون کەیــک و پیفــۆک و غــوڕابی خۆش‌خۆشــی دەفرۆشت. ناچار هەر چاو لێ بکەم و زارم پڕ بێ لە ئاو. بەڵام هیچم پێ ســەیر

نەبوو ئەو کەریمە نەبێ.

کوتم باشە کەریم تۆ پووڵ کۆ ناکەیەوە؟

کوتم بەرێوەڵا، چۆن کۆی ناکەمەوە!

کوتم ڕۆژی چەندت دەدەنێ؟

کوتم پێش‌تمەن.

کوتم ئەوە نییە هەموو ڕۆژێک هەمووی دەخۆی. ئەی چی دادەنێی بۆ تۆپ؟

کوتم هەتی ئەگە ئیشتیات لێ‌بوو بکڕە؛ دەنا تووت دەتکێ.

کوتم تۆ زۆر چڵێسی.

کوتم من نامەوێ تووم بتکێ و وەک ئاغا محەممەدخانی قاجارم لێ بێ.

کوتم مەیکە فشە! ئەو بە دەستووری کەریم‌خانی زەند خەساندبوویان.

کوتم جا چووزانی؟

کوتم مەگین ئەو ڕۆژە لەوێ نەبووی ئاغا بۆی گێڕاینەوە؟

کوتم کوڕە تاریخ هەمووی درۆ و دەلەسەیە. شایەدیش لە تاوی ژن و کچەکانی کەریم‌خان تووی تکابێ! جا بۆیە دەڵێم بێتوو زۆرت ئیشتیا لە شتێک بێ و نەیخۆی و لیکت بۆی بێتە خواریێ، تووت دەتکێ و دوایی بەدبەخت دەبی.

عەبدول متەللیب لە دڵی خۆی‌دا کوتی تۆ دەبوو کوڕی باوکم بوایەی.

هەرچەند وای نیشان دەدا کە باوەڕی بەو قسەیە نەکردووە؛ بەڵام لەوەبەولاوە، دەمدی عەبدول متەللیبیش لە ترسی ئەوەی تووی نەتکێ و وەک ئاغا محەممەدخانی قاجاری بەسەر نەیە، شتی دەکڕی و وێڕای من دەیخوارد.

هەر لەو ڕۆژانەدا، دوانیوەڕۆیەک دوای ئەوەی دڵنیا بووم باوکم چۆتەدەرێ و نایەتەوە، چووم لە درگای ماڵی کەریمم دا.

بۆ خۆم درگاکەم بۆ کردەوە.

جارێ قوون بدە سەر ئەو سەکۆیە با قەیتانەکانم توند کەمەوە.

عەبدول متەللیب لەسەر سەکۆی بەردرگا دانیشتبوو و من قەیتانی کەوشە کەتانە سپییە چینییەکانم توند دەکردەوە. تازەم بە میسواک و فاف شتبوون.

بۆنێکی خۆش بە لووتمدا هات؛ کوتم عەبدول متەللیب ئەو بۆنە خۆشە هی تۆیە؟

دوو کچی نیمچەجحێڵ بە کووچەکەی ئەواندا تێدەپەڕین. بۆنێکی خۆشیان بە کووچەدا بڵاو کردبۆوە.

هەر دووکمان ئودکلۆنی کوبڕامان لە خۆمان دابوو.

کەریم پڕ بە سییەکانی ئەو بۆنە خۆشەی هەڵمژی.

کوتم ئەوە بۆنی چ بوو! حاح چەند خۆش بوو!

عەبدول متەللیب هیچی نەکوت بەڵام دیم سوور هەڵگەڕابوو.

من لەڕووم هەڵنەدەهات زۆر چاویان لێ بکەم، بەڵام کەریم چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتن.

کوتم عەبدول متەللیب بێحەد جوان بوون. وەرە وەشوێنیان کەوین.

هەوەڵجاری بوو لەگەڵ پێشنیاری وا بەرەوڕوو دەبۆوە. بۆنی خۆشی کچەکان هەر لە لووتیدا مابۆوە و هەستی بزواندبوو. وەختایەک منداڵەکان لە مەدرەسە باسی کچان و نامەنووسین و عیشق و خۆشەویستییان دەکرد، ئەو پێی سەیر بوو کە ئەوان چۆن دەتوانن عاشق بن!

لەوەش سەیرتر چۆن دەتوانن ئاوا بە ئاسانی عاشق بن!

بچۆ سەر ڕێگاکەی و بە هێواشی بڵێ خانم ببەخشە...

هەر ئەوەندە؛ زۆر سووک و سانا دەست پێ دەکا.

عەبدول متەللیب پێی سەیر بوو.

کوتم بەڕاستی کوڕێک چۆن دەتوانێ عاشق بێ؟!

کوتم هەر بەڕاستی کوڕێک چۆن دەتوانێ نامەیەک بداتە دەستی کچێک؟

کوتم کوڕێک چۆن دەتوانێ لە ڕێی مەدرەسە قسە بە کچان بڵێ؟ کوڕێک چۆن لەڕووی هەڵدێ؟

کوتم باشە بێتوو لە حاندی کچێکدا دەم پان بکەمەوە و بڵێم خانم ببخشە ئیجازە هەیە خۆشم بوێی، پێی سووک نابم؟!

کوتم ئەوە هاتوو کوتی بڕۆ هەی سەگی سەگباب! بڕۆ گوو بە ڕیشی بابت!

برۆ لە دمی بابت ڕیم! ئەودەم چی بکەم؟

کوتم باقڵ ئەوانە شەرم و ترسیان نییە!

کوتم مەگین باوکیان نییە؟!

لەڕووی هەڵنەدەهات بڵێ کەریم ناتوانم، شەرم نایەڵێ، ترس نایەڵێ. لەڕووی هەڵنەدەهات بڵێ شتێک یان کەسێکی بە هەیبەت و بە سام لە دەروونیدا ڕەق ڕاوەستاوە کە پێی خۆش نییە لەبەر کەس دانەوێتەوە؛ پێی خۆش نییە سەر دانەوێنێ، مل بەلارەوە بنێ، شکۆی تێکبشکێ.

تەنانەت بۆ خۆشەویستییش؟

تەنانەت بۆ خۆشەویستییش؛ عەبدول متەللیب بوو ئیدی!

لەڕووم هەڵنەدەهات بڵێم تارماییەک لە هەناومدا بە هەیبەتەوە ڕاوەستاوە و نایەوێ و نایەڵێ ئەو کارانە بکەم وا زۆربەی کوڕان لە تەمەنێکی تایبەتدا دەیکەن. چ بگا بەوەی بشکێتەوە و سەر دانەوێنێ و مل بەلارەوە بنێ.

دەمزانی بێتوو بڵێم ناتوانم یان لەڕووم هەڵنایە، کەریم قاقایەک دەکێشێ و دوایی زۆرم پێ پێدەکەنێ و گاڵتەم پێ دەکا.

کوتم کەریم لە ئێمە زۆر گەورەترن، عەیبە.

کوتم حەک ماڵت بە قوڕ نەگیرێ، ئەو عەیبە عەیبەیەی تۆش منی کوشتووە. کوتم دەی جا چییە با بە کچێک بڵێی و جوابت نەداتەوە؟ خۆ لێت کەم نابێتەوە؛ دڵت تۆقێ ئەریوەڵڵا!

کچەکان پێش ئەوەی بەرەو کووچەکەی دیکە وەرسووڕێن و نەدیو بن، لە سەری گۆشەکە، ئاوڕێکیان داوە. یەکیان دانەوییەوە و شتێکی هەڵگرتەوە. سرتوخورتێکیان کرد.

کوتم کچێ شایەد هی ئەو کوڕانە بێ.

کوتم کچێ وەرە با برۆین کوڕی چی.

ئەوی دیکەیان لەوی دیکەیانی وەرگرت و خستییە نێو جانتاکەی خۆیەوە.

بەرەو کووچەکەی دیکە وەرسووڕان و لە چاوی ئێمە نەدیار بوون.

کوتم عەبدول متەللیب بەو خودایە نامە بوو.

تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کوتم نامەی چی؟
کوتم ماڵتە نامەی دۆستەکەی!
کوتم جا بۆ ڕاست لێرە؟
کوتم حەک ماڵتە تۆش!
کوتم کوڕە نەوەڵڵا نامە نەبوو.
کوتم ئەی چی بووو؟
کوتم پووڵ بوو.
کوتم شۆخی مەکە.
کوتم بە خودا شۆخی ناکەم. دیم.
کوتم تۆ بەو چاوانەی خۆت دیت؟
کوتم وەڵڵا بەو چاوانەی خۆم دیم دووسەد تمەنییەکی سوور بوو.
لە دوورەوە دەنگی منداڵان دەهات؛ تەیارە تەیارە ڕیشی بابت خەیارە.
گلێنەی چاوەکانی عەبدول متەللیب چەرخ‌وخولێکیان خـوارد و بە ئەنیشـکی، بە ئاستەم، لە تەنیشتی کەریمی کوتا.
کوتم کەریم وەرە با بڕۆین.
کوتم بۆ کوێ؟
کوتم کارت نەبێ وەرە با بڕۆین.
زانیم عەبدول متەللیب شتێکی لە بن سەردایە.
کوتم عەبدول متەللیب چی بووە، پێم بڵێ؟
کوتم تۆ هەڵێ زووبە؛ دوایی پێت دەڵێم.
هەڵاتم؛ کەریمیش بە دوامدا هات. پێم‌گەیشتەوە.
عەبدول متەللیب بە پەلە و بە دڵەکوتە پێی کوتم کە چیی لە بن سەر دایە.
کوتم هەتی بە خودا فێڵەزانی، عەبدول.
کوتم کەریم، بە دەردی بۆخۆت دەڵێی خودا گەورەیە.
بە کووچەکەی ئەولادا، پێشاوبڕی کچەکانیان داوە.
من زوو بڕێک تفم لە چـاوم هەڵسـاوی و بە نووکەنـووک و گریـان، سـەرم

بەردابووە خوارێ و بەرپێی خۆم دەگەڕام و بە چاو ڕێگاکەم دەپشکنی و دەستی خۆم هەڵدەگلۆفی.

منیش کە زانیم کچەکان نزیکن و گوێیان لێ دەبێ، دەنگم هەڵێنا و کوتم ئەرێ عەبدول متەللیب دڵنیای لەو نزیکانە لێت داکەوتووە؟

کوتم نازانم. دەبێ لەو یەکدوو کووچەیە لێم داکەوتبێ.

کوتم باشە مەگری دەیبینینەوە.

وەختێک کەریم کوتی باشە مەگری دەیبینینەوە دەستم بە سەروچاومەوە گرت و لە بانگی گریانم دا.

کوتم باشە مەگری، ماڵی حەڵاڵ ون نابێ، چەندە بوو؟

بە گریانەوە کوتم دووسەد... تمەن...

کچەکان سرتوخورتێکیان کرد و باوی لاقیان خۆش کرد و ویستیان بە خێرایی تێپەڕن.

کەریم زانیی دەیانەوێ بڕۆن. لێیان چووەپێشێ.

کوتم ئەرێ دادە پووڵتان نەدیوەتەوە؟

کوتم چەندە بوو؟

کوتم دووسەد تمەن!

کوتم بڕۆن هەتیوە درۆزنانە؛ وەڵڵا هی ئێوە نییە!

کوتم بەو خودا گەورەیە هی ئەو کوڕە فەقیرەیە، دایکی دەیکوژێ.

بە گریانەوە لێیان چووە پێش‌تر.

کوتم دادە بەو خودا گەورەیە هی منە. دایکم پێی دابووم نانی پێ بکڕم.

زۆر جوان بوون، چاوی یەکیان دەتکوت مەڕمەڕە شووشەیە؛ قەتم چاوی وا جوان نەدیبوو. حەیف عەبدول متەللیب پێی خۆش نەبوو.

کوتم ئەگە ئێوە دیوتانەتەوە پێی بدەنەوە، خێرتان دەگاتێ، گوناحە.

کوتم کچێ وەڵڵا درۆ دەکەن، جوابیان مەدەوە وەرە با بڕۆین.

بۆ خۆشم پێم سەیر بوو بەڕاستی دەگریام و سەرم بە هەنیسکەوە هەڵدەکەنرا.

کوتم دادە وەڵڵا هی منە؛ ئەگە باوەڕیش ناکەن وەرن لە دایکم بپرسن.

کوتم باشە ئەگە ڕاست دەکەی کواماڵەکەتان؟

عەبدول متەللیب سوورسوور هەڵگەڕا. من زانیم دەبێ زوو فریای کەوم.

کوتم درۆ ناکا؛ ماڵەکەیان سێچوار کووچە لەولاوەیە، وەرن نیشانتان دەم.

کەریم لە وەختێکی زۆر باشدا فریام کەوت و ئەو قسەیەی کرد. منیش وەپێشیان کەوتم.

سێچوار قەدەمێک نەڕۆیشتبووین، دەستم کرد بە جانتاکەمدا و پووڵەکەم بۆ فڕێ دان. کوتم ها بە زەهری مارتان بێ. یارەببی بە سندانتان بێ! بەڵام بەو خودایە هی ئێوە نەبوو.

من پووڵەکەم هەڵگرتەوە و تێمتەقاند.

عەبدول متەللیب کە پووڵەکەی ڕفاند، کچەکان دەستیان کرد بە جنێو دان. منیش هەرام کرد کوتم دەستت خۆشبێ چاوجوان. بەڕاستی چاوت جوانە، ماڵەکەتان لە کوێیە؟

کچە چاوجوانەکە بزەیەکی هاتێ و ئەوی دیکەیان بەردێکی هەڵگرت و کوتی گوو بە ڕیشی بابتان؛ هەتیوە زۆڵانە.

منیش بە دوای عەبدول متەللیبدا بۆی دەرچووم.

کوتم نەمکوت خودا گەورەیە؟

کوتم ئەششەدوو کوتت.

کوتم بەڵام نەخشەی کێ بوو؟

کوتم نەخشەی تۆ بوو؛ بەڵام ئەگە من لە دوورەوە دووسەد تمەنییەکەم نەدیبایە، تۆش نەتدەدی.

دووسەد تمەنییەکەیان ورد کردەوە.

یەکی سەد تمەنمان پێ بڕا. لە خودا بەزیاد بێ؛ زۆر بوو.

دەیانتوانی جیرەی ڕۆژانەی خۆیان خەرج بکەن و ئەوەش بخەنە داخڵەکانیانەوە.

هێشتا دوو حەوتووی مابوو بۆ سەری مانگ، کەریم و عەبدول متەللیب یەکی سەد تمەنی خۆیان ئامادە کردبوو؛ خودا گەورە بوو.

کوتم عەبدول متەللیب باشە تۆ لەبەر باوکت دەتوانیی بێیە نێو تیمەوە؟

وەختێک لە کووچە کایەمان دەکرد، عەبدول متەللیب هەر لە دوورەوە کە چاوی بە باوکی دەکەوت دەڕۆیشتەوە ژووری.

میرزاهادیی باوکی عەبدول متەللیب پیاوێکی زۆر کەڵەگەت و بەخۆوە بوو.

من تا ئەودەم پیاوی وا کەڵەگەت و گەورە و بە سامم نەدیبوو.

دایکم دەیکوت میرزاهادی پیاوێکی بە هەیبەتە.

هەر وەختێک بەلای ئێمەدا دەهات، کایەکەمان ڕادەگرت و هەموومان دەچووینە قەراغ دیوار و سڵاومان دەکرد.

بە بێ ئەوەی چاویان لێ بکا، هەتا لێیان ڕەد دەبوو لەبەرخۆیەوە دەیکوت ئەی ڕووی دایکتان ڕەش بێ، سڵاو، سڵاو، سڵاو، ئەی ڕووی دایکتان ڕەش بێ، سڵاو، سڵاو، سڵاو...

باشە ئیدی ئازاد ئەوە سەری مانگە بە ڕەسووڵ و ڕێبواریش بڵێ پووڵەکانیان بێنن.

پووڵەکانمان برد. هەموو لە خۆشیان وەختابوو جووکی بین.

هەر پێنجیان چوونە بازاڕ. تۆپێکی تەقەڵیی جوانیان کڕی. هەموو خۆیان بە قوربان و سەدەقەی تۆپ دەکرد.

لە خۆشیان پێمان وەعەرزی نەدەکەوت.

ئەوجار نۆرەی کێشەوهەرای ئەوە بوو کە کێ ببێ بە کاپیتان و تۆپەکە شەوانە لە ماڵی کامیان بێ.

دوای هەرا و دمەقڕەیەکی زۆر هاتینە سەر ئەوەی کاپیتان هەڵبژێرین و هەر کەس بوو بە کاپیتان شەوانە ئەو بیباتەوە ماڵی خۆیان.

چەندینجار تەڕە و وشکەیان هەڵخست هەر کەریم دەهاتەوە.

ئەوجار هاتینە سەر ئەوەی کە ماوەی کاپیتانی چەندە بێ.

من کە ببووم بە کاپیتان و کەیفم زۆر ساز بوو کوتم پێتان چۆنە بۆ ئەویش هەر تەڕە و وشکە هەڵخەین؟

هەموو کوتمان ڕازیین.

لەنێو حەفتەیەک و دووحەفتە و مانگێکدا بۆ ئەویش هەر پێشنیارەکەی کەریم هاتەوە؛ مانگێک.

هەموو چاوێکیان لێک کرد.

کەریم کوتی چییە بۆ چاو لێک دەکەن؟

ئەو ماوەیەیان پێ زۆر بوو.

تەنانەت منیش کە زۆربەی وەخت لەگەڵ کەریم بووم پێم سەیر بوو کە چۆنە هەرچی دەیکەین بە قازانجی کەریم تەواو دەبێ؟!

کەریم دەیکوت خەتای کەس نییە.

جا خەتای من چییە؟ بۆخۆتان کوتتان با تەڕە و وشکە هەڵخەین.

کەریم دەیکوت شانسی چاکی هەیە و بە دەست خۆی نییە.

کەریم دوایی بە دزی ئەوانەوە گلەیی لە عەبدول موتەللب کرد.

کوتم باشە عەبدول متەللیب تۆ بۆ؟!

منیش نەمدەزانی چی جواب بدەمەوە؛ سەرم داخست.

ڕێبوار و ڕەسووڵی دەروازەبان بڕێک منجەمنجیان کرد و ویستیان تێکی دەنەوە. بە هەر جۆرێک بوو نەمانهێشت و کار سەری گرت.

دەزانی چی ئازاد، زۆر لەمێژ بوو ئارەزووی ئەوەم لە دڵدا بوو کە تیمێکی بەهێز ساز کەم و لەگەڵ گەڕەکەکانی دیکە مسابەقە بدەین. تیمێکی باش یەکەم شتێک کە دەیهەوێ کاپیتانێکی چوستوچالاکە. تا کاپیتانی باش نەبێ تیمی باش مەحاڵە. دەزانم هەر مانگێکە، تۆ ڕاوەستە با قسەکەم تەواو کەم، دووهەم شت دەزانی چییە؟ ئافەریم، مەیدانە. مەیدانیشمان ئەوە هەیە.

مەیدانەکەیان خاکەچۆڵێک بوو کە کابرایەکی کەرێزەیی کڕیبووی؛ شانسی ئەوان، نەدەهات بەلایەوە سازی بکا. ئەو خاکەچۆڵە ڕاست بەرامبەری پازگا بوو. پازگا پێشتر ماڵی حەمەدەمیناغا بوو. خانووبەرەیەکی زۆر گەورە خاوەنی دەیان دیو و مدبەق و گەوڕ و هۆڵ و باغ و باخچە و ئاشپەز و چاپەز و کارکەر و کلفەت و کاردار و شوان. ئەو داموودەزگایە بە هەموو کەبکەبە و دەبدەبە و بێنەوبەرەی خۆیەوە وەک دوایین تەقەلالا بۆ پاراستن و حەسرەتخواردن بۆ

@kurdica

ڕێوشوێن و دەسەڵاتی لەکیس چووی ئاغایەتی، لە نێوشاردا خۆی دەنواند.

چەند ساڵ دوای گرتنەوەی شار دەوڵەت ئەو ماڵەی داگیر کرد و کرا بە پازگا. لەگەڵکوو داگیر کرا، هەر چوار بەری دیواری حەوشە دوورودرێژەکەیان بە تێلدڕوو گرت و لەپێش دوو درگا گەورەکەی، نگابان و لە دەیان شوێن سەنگەریان دانا. شەوانە دەوروبەری پازگاکە بە تیشکی تیژ و پڕشۆقی چرا گەورەکانیان ڕووناک دەبۆوە؛ ئەوەندە ڕووناک کە زەنگیانەت لە بەر بگرتایەتەوە.

لەگەڵکوو ئەو ماڵە داگیر کرا ئیدی شەوانە کەس نەیدەبیست منداڵان لەو دەوروبەرە هەرا بکەن: منداڵەورکە وەرنەدەرێ تویێخڵەشووتی هەڵدەپەڕێ. ئیدی کەس نەیدەدی منداڵان لەو دەوروبەرە شەوانە قەرێقەرێ و شەڕەتفەنگ و حەوبەردێن بکەن.

لەگەڵکوو هاتنە ئەو ماڵەوە کردیانە سەر خەڵکی گەڕەک کۆپی سجیلەکانیان بێنن بۆ پازگا. کەس نەیتوانی لاموجوومی بکا و نەیانداتێ. دەستیان کرد بە سەرژمێری هەموو ماڵەکان و خێزانەکان. بە گەڕەکدا گەڕان و ژومارەی ئاژەڵ و مریشک و کەڵەشێرەکانیشیان گرت.

میرزاهادیی باوکی عەبدول متەللیب هەمووجارێک چاوی پڕ دەبوو لە ئاو.

ئای لەو ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتووین! بە گۆڕی بابەسەگی پشیلە و سەگەبەڕەڵاوە با ئەوان هەر بژێرن؛ کوڕە ئابڕوو و ناموسمان چوو! ئابڕوو و ناموس!! سەربانی چی و حەوشە و دیو و دالانی چی؟ تەڕەماشی چی و تەڕەسازی چی! کوڕە هاتنە سەرشۆرکە و حەمامەکانمان، لفکە و کیسە و بەردەپێی ژنەکانیان بژاردین! حەیامان چوو، ئابڕوومان نەما، دەرپێی ژنەکانیشیان پشکنین. ئای لەو ڕۆژە! ئای لەو ڕۆژە ڕەشە! پیاوەتی چی؟ پیاوی چی؟ کوا پیاو؟ غیرەت و پیاوەتی و حەیا و ناموس ڕۆیشتن تازە نایانبینینەوە.

ئیدی لەوەبەولاوە هاتوچۆی هەموو گیانلەبەرێک لەژێر چاودێری و لەنێو بازنەی جاسووسی ئەواندا تێدەپەڕی. هاتوچۆی شەوانە لەو گوزەر و گەڕەکە قەدەغە کرا. هەڵبەت ئەو کۆڵان و ماڵانەی لە سەنگەرەکانی ئەوانەوە دیار نەبوون

شەوانە بە دزییەوە هاتوچۆی خۆیان هەر دەکرد.

ئەو دوو کووچەیەی ئێمە کە ڕاست بەرانبەر بە پازگاکە بوون، بە هیچ بارێک نەیاندەوێرا شەوانە بێنەدەرێ. مـاڵی ئـێمە لە یەکێـک لەو دوو کـووچەیەدا بـوو؛ ڕاست ڕووبەڕووی حەوشەی پازگاکە. ماڵی عەبـدول متەللیبـیش لە کـووچەکەی دیکە بوون.

عەبدول متەللیب هێشتا ماڵی ئێوە باشترە؛ چـا نیـیە شـەو و ڕۆژ چاوتـان لە چـاوی یەک نییـە. بەس نیـیە وەک ئـێمە بە شـەو و بە ڕۆژ پەردەکانتـان دانەدراوەتەوە.

ماڵی کەریم سەرخان و ژێرخان بوو. ژێرخانەکەیان قەدیم تەویلە بوو.

باوکی کەریم نێوی بایز بوو. ساڵان هەتا ئەو پازگایە نەهاتبووە ئەوێ قەسابی دەکرد و شەوانە گوێلکەکانی دەبردە ئەو ژێرخانە و تا بەیانی لەوێدا ڕایدەگرتن. بەیانی زوو مەلابانگدان دەیبردن بۆ کۆشتارگا.

کوشـتارگا لە قەراغ شـار بـوو و نزیـک لەو چـۆمەی بە تەنیشـتی شـاردا بە هێوری تێدەپەڕیی. لە ماڵی ئەوانەوە زۆر دوور بوو. دەورووبەری کوشتارگا پڕ بوو لە سەگەبەڕەڵا.

هەر دەردەکەوتین لە دوورەوە پێمان دەوەڕیین.

هەر ڕۆژێک کوشتاریان هەبوایە دەبوو بەیانی زوو پێش مەلابانگدان هەسـتن و گوێلکەکان ببەنە کوشتارگا. هەمیشـە بۆخۆیـان گوێلکەکانیـان لێـدەخوڕی بـۆ کوشتارگا و کەم وابوو بە ماشێن بیانبەن.

کوشتارگا تا سەعات شەشی بەیانی پاتاڵی وەردەگرت و بێتوو درەنگتر بوایە سەیدەسوورەی سەللاخ درگاکەی دادەخست و جوابی بابیشی نەدەداوە.

سەیدەسوورە زەلامێکی تەژەی فیتەری زەبەلاح بوو. هەرچـی بیگوتبـایە هەر ئەوە بوو.

بێتوو بگەیشتبایەتە سەعات شەش و درگا داخرایە، دەبوو لەوێڕا گوێلکمـان ببردایەتەوە ماڵێ و تازە ئەو ڕۆژە بێگۆشت دەبـووین. لەبەر ئەوە بـابم بەیانیـان پێش مەلابانگدان هەڵێدەستاندم.

پێم خۆش نەبوو بەیانیان بەو تاریکییە کەریم لە خەو هەستێنم. بەڵام گوێلکی هار و ناجسنی وابوو بە تەنیا بۆم نەدەچوو. مەجبوور دەبوو ئەویش هەستێنم.

بایز پەتکەکەی دەگرت و کەریمیش لە دواوە بە دارێک گوێلکی بە دوای باوکی‌دا لێدەخوڕی.

گوێلکی وابوو زۆر گوێڕایەڵ بوو، هەر بە دەنگ‌دان دەڕۆیشت. هەر وەلەت لێ بکردایە، دەڕۆیشت. هی واشبوو هەتا دارەکەت بۆ هەڵنەهێنایە نەدەڕۆیشت. بەڵام زۆری وابوون نە بە دەنگ و نە بە داریش نەدەڕۆیشتن.

دەبوو بە دەست کلکی بادەم.

گوێلکەکان سەیر بە کلک‌بادان قەڵس دەبوون و هەڵدەبەزینەوە.

زۆرم پێ خۆش بوو گوێلکێک وەها مان بکا و خۆی بە عەرزەکەوە بنووسێنێ کە نە بە دەنگ‌دان و نە بە لێدان و نە بە کلک‌بادان و نە بە هیچ شتێک لە جێگای خۆی نەبزوێ. چونکە بابم پەتی ملی گوێلکەکەی بە هەر دووک دەستییەوە دەبەستەوە و دەیکوت تازە ئەوە وەک کەری نێو کەندەڵان بە هیچ جۆرێک نابزوێ؛ ئاگات لێی بێ با بچم ماشێنێکی بۆ بێنم. بەو جۆرە لە دەست کلک‌بادان ڕزگارم دەبوو.

من هەمیشە پێموابوو سەیرترین و ترسناک‌ترین ئەندامی مانگا چاویەتی. وەختێک لە کوشتارگا چاویان بە خوێنی مانگاکانی دیکە دەکەوت و بۆنی خوێنی ئەوان بە لووتیان‌دا دەچوو، چاویان ئەوەندەی دیکەش لەپێش چاوی من زەق‌تر و سامناک‌تر دەبوو. ترس و تۆقاوییەکی سەیروسەمەرە لە چاویان‌دا بەدی دەکرا.

دیتنی سەربڕینی مانگا و گوێلک زۆر ناخۆشە، لەو ناخۆش‌تر دیتنی دیمەنی ئەو مانگا و گوێلکانە بوو وا هێشتا نۆرەی سەر بڕینیان نەهاتبوو، ئەو مانگا و گوێلکانەی وا بۆنی خوێنی هاونەوعەکانی خۆیان بەسەردا دەچوو. دوو شتیان زۆر سەیر بوو؛ دەنگیان و چاویان. وەختایەک بۆنی خوێنی مانگاکانی دیکە بە سەریان‌دا دەچوو بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە دەیانبۆڕاند کە بە هیچ جۆرێک وەک بۆڕەی جارانیان نەدەچوو. وەختێک هەموو پێکەوە و لەپەستا و یەکبین

دەیانبۆڕانــد، ســەگەبەڕەڵاکانی دەوروبەری کوشــتارگاش دەســتیان دەکــرد بە چەقولووریکی سەیروسەمەرە.

بۆڕاندنی لەپەستای ئەو جوانەگا و مانگایانە و چەقولـووری سـەگەبەڕەڵاکان پـێکەوە، نـاخۆش‌تـرین دیمەنێـک بـوو کە مێرمنـداڵێک دەکـرا بەو تـاریکی و مەلابانگ‌دانی بەیانییە ببیستێ و ببینێ.

من زۆربەی بەیانییەکان دەمبیست و چەند جارێکیش دیتم. هەر وەخت ئـاوا بۆڕاندنی مانگاکان و چەقولووری سـەگەکان پـێکەوە تـێکەڵ دەبـوون، هەسـتم دەکرد ئاخرزەمان و دنیا ئاخربوونە. من زۆربەی ئەو بەیانییانەی گوێلکمان دەبـرد بۆ کوشتارگا، ئاخرزەمانم هەست دەکرد و دنیام لێ ئاخر دەبوو.

وەختـایەک گوێلکێکیـان دەبـردە بەردرگـا و سەیدەسـوورە درگـاکەی لـێ دەکردنەوە، کەریم بۆ دواجار دەستێکی بەسـەر پشـتیاندا دەهێنـا و هەناسـەیەکی هەڵدەکێشا.

*بڕۆ بەرەو ئاخرزەمان.*

کەم‌جار بوو دڵی بۆیان پڕ نەبـێ و لە دڵەوە بەزەیـی پێیـاندا نەیە. کەریـم لە دوای دیتنـی ئەو دیمەنـانەوە گۆشـتی پاتـاڵی زۆر بە دەگـمەن دەخـوارد. هەر وەختێک لەسەر سفرە ئەو دیمەنانەی وەبیـر دەهـاتەوە گۆشـتەکەی دەخسـتە ئەو لاوە.

دەمکوت کەریم ماوەیەکە زۆر دژلەوەڕ و کەم‌قنیات بووی.

دەمکوت ڕۆڵە بۆ ناخۆی؟

دەمکوت ئیشتیام نایبا.

کەریم و دایکی هەر دووکیان زۆریان پێ نـاخۆش بـوو کە قەسـابییان بـوو. کەریم لەبەر کلک‌بادانی گوێلک و دیتنی سەربڕین و خوێن و چەقـۆ و بیسـتنی بۆڕە و سەگوەڕ و چەقولووری بەرەبەیانیان.

منیش لەبەر شیاکەی مانگا و گوێلکەکان.

دایکــی نێــوی گەوهەر بــوو. گەوهەر هەمیشــە ڕەش‌پــۆش بــوو. ســوێندی خواردبوو تا بمێنێ نە پرچی بهۆنێتەوە و نە سەری لە خەنە بـدا و نە سـەروچاو

و برۆی هەڵگریتەوە و نە لە شایی‌دا هەڵپەڕێ.

کاتێک بەیانیان هەڵدەستا و سەری ژێرخانەکەی دەدا و دەیدی گوێلک نەماوە و پێخوییەک شیاکەی بۆ بەجێ ماوە زۆر نارەحەت دەبوو.

دەمکوت ئاخە بڵێ خودا غەززەبت لێ نەگرێ بایز، ئەوە چ کارێکە، من و شیاکەڕێژی؟ وەڵلا وامبزانیبایە دوو سمکەم لەگەڵت نەدەهات بۆ ئێرە.

دەمکوت ئاخر ژنەکە ئەی چی بکەم؟ تازە فەعلەیی و کرێکاریشم پێ ناکرێ. شوغڵی دیکەش نازانم. ئەوە باشە، شەنگی خۆمانی پێ لە قوڕ دێنینەدەر؛ ئێواری و ئێوارێ دەزانم چەند لە زەرەدم و چەندم قازانج کردووە، زۆرمان بوو زۆر دەخۆین و کەممان بوو کەم دەخۆین. بەس نییە موحتاجی کەس نین؛ خۆمانی پێ بەڕێوە دەبەین؛ بەزیاد بێ.

هەر دووکیان هەمیشە پرتەوبۆڵەیان بوو؛ بەشکوو دەست لە قەسابی هەڵگرێ.

وەختێک ماڵی حاجی حەمەدەمیناغا بوو بە پازگا، بایزیش لە ترسی ئەوەی بەیانییەک زوو بە دوای گوێلک و مانگاوە وەبەر گوللەیان نەدەن و خۆی و کوڕەکەی نەکوژرێن، قەسابی وەلا نا.

خولا وەتحەسێنێ لەو دەمەوە، بوو بە بایزی مریشکفرۆش.

لەوەتی من وەبیرم دەهات بابم چەقۆ و کێردی خوێناوی بە دەستەوە بوو. لەوەپێش قەساب بوو. دواتر بوو بە مریشکفرۆش. جاران گوێلک و مانگای سەر دەبڕی و دوایی بوو بە مریشک. جاران بایزی قەسابیان پێ دەکوت و دوایی بوو بە بایزی مریشکفرۆش. زۆر کەس پێیانوابوو بە هۆی ئەوەی بابم هەمیشە چەقۆ و کێردی خوێناوی بە دەستەوە بوو و دەیکوشت و دەیبڕیی، دەبێ پیاوێکی دڵڕەق و تووڕە و بێڕوحم و بێبەزەیی بێ. بەڵام بە پێچەوانەوە بابم زۆر دڵنەرم و مەند و لەسەرەخۆ و بە بەزەیی بوو.

لەبیرم نایە لەگەڵ بایز ڕۆژێک تا ئێوارێ لێک دڕدۆنگ بووبین و دەنگمان لێک داگۆڕیبێ؛ ناوەڵا پێم شک نایە، پرتەوبۆڵە و وردەقسان هەر دەبن. بەڵام قەتحین قسەیەکی وای نەکردووە لە دڵم گران بێ. جارێ ئەوە لە تەرکەندە جنێو هەر نادا. هەر دەڵێ حافرەت ئەتۆ ژنێکی باشبە ئەمن بە قەرا ئەو دنیایەی

@kurdica

لایەنی تۆم دەوێ. جارێکانێ قەتحین زللەیەکی لەو کوڕەی نەداوە.

پیاو عەیبە باسی ژنی خۆی بکا بەڵام کەریمم زۆر خۆش دەوێ. بە ناشکوری نەبێ تا ئێوارێ ئەو تاقە کوڕەمان بۆ ماوە. یاخودا کەس جەرگی نەسووتێ. بەشی خۆیەتی، لێی بەزیاد بێ هەر ئەوەندەی پێ ڕەوا دین. ئەمن پێم سەیرە خەڵک چۆن دڵیان دێ لەگەڵ ماڵ و خێزانی خۆ بەشەڕ بێن؛ یان لە منداڵ بدەن. نا، نا، لە تەرکەن شتی وا نەبووە. ئەریۆەڵڵاهی بە قەت تووکی سەری خۆم ولاغ و مەڕ و بزن و مریشکم سەر بڕیوە و بە قەرا ئەو دنیایەش پەلەقاژە و لاقەفرتێیانم دیتووە. ئاخە بڵێم چی، ئەدی چی بکەم؟ خۆ کارێکی ناشەرعی ناکەم، ئەوە نییە چەقۆیان لەسەرە و خودا بۆخۆی حەڵاڵی کردوون.

دوای قەسابیش ئەو ژێرخانە بوو بە جێگای ڕاگرتنی مریشک. شەوانە فەرغوونی مریشکەکانی دێناوە و بە فەرغوونەوە دەیبردنە ئەو ژێرخانە.

هەتا شیاکە بوو شیاکە بوو ئەوجار نۆرەی جیقنەی مریشکانە.

ئاخە عافرەت ئەدی چی بکەم؟ هیچ کارێک بێدەردی سەر نییە.

سەرەوە دوو دیو و پێشخانەیەک بوو. لە پەنجێرەکانی دیوەکانی سەریۆە نێو حەوشەی پازگاکە دیار بوو.

ڕۆژێک لە پازگاوە کردیانە سەریان و کوتیان هەتا دوو ڕۆژی دیکەتان مۆڵەت هەیە، دەبێ ئەو پەنجێرانەتان هەڵچنن؛ ئەگینا ماڵەکەتان لێ داگیر دەکەین.

ئاخر تۆ خولا دیو بە بێ پەنجێرە دەبێ؟

ژێرخانەکەشیان بۆگەنێکی ناخۆشی لێ دەهات.

بابم و دایکم دەیانکوت بە کاری دانیشتن نایە، دەنا بە خودا دەچووینە ئەویۆە.

ناچار بە بەرد و بلووک پەنجێرەی دیوەکانیان هەڵچنی. دیو وەک زیندانیان لێ هاتبوو.

ڕۆژێکی دیکە هاتنە سەریان و کوتیان ئەو ژنە بۆ هەر ئاوا بە بێحیجاب دێتودەچێ، وەختێک بەسەر پێپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێ لەنێو پازگاوە دەیبینین؛ خۆشتان بێ و تاڵتان بێ، دەبێ چارشێو بدا بە سەر خۆیدا.

ئەی خولا لەبەر بەشت مرم؛ وەرە حیسـان لە مـاڵەکەی خۆشـیدا دەسـەڵاتی خۆی نەبێ. کچێ نەوەڵڵا، بە قسەی چی! دوور لەڕووی ئێوە گووم بۆ کردن. نە وەڵڵا نە جوابم دانەوە و نە هیشتێک. ئەمن لە منداڵیڕا چـۆن بـووم هەر ئـاواش دەبم، تازە خۆم بۆ کەس ناگۆڕم.

لەوەتی ئەوان هاتن خەڵکی گەڕەکەکە و بە تایبەت ئەو دوو کووچەیە ژیانیان لێ تێک درا. هەر ئێوارێ پێش ئەوەی مریشک بچێتەوە نێو کـولانە و هەڵنیشـێ، خەڵکی ئەو دوو کووچەیە خۆیان دەکردەوە بە ماڵەکانیاندا و کـڕ و بێدەنـگ بە لای ڕادویۆوە دادەنیشتن.

هەر دەبــوو بە ئێــوارێ کەس نەیــدەوێرا بەو دوو کــووچەیەدا تێــپەڕێ و ئەوانەش وا ماڵەکەیــان لەو دووســێ کــووچەیەی دیــکە بــوو بــۆ ئەوەی لە سەنگەرەکانەوە نەیانبینن هەر لە خیابـانەوە کە دادەگەڕانە خـوارێ، پـێش ئەوەی بگەنە نزیک حەوشەی پازگاکە لایان دەدا و بۆ ئەوەی لە چاوی ئەو سـەنگەرەوە نەدیار بن، دوو کووچە ئەولاتر دەڕۆیشـتن و بەو لادا دەچـوونەوە کـووچەکەی خۆیان.

عەبدول متەللیب تۆ دوعا بکە ئەو کـابرا کەرێـزەییە ئەو خـاکەی سـاز نەکـا. سازی کا بەدبەخت دەبین. کێشەی ئێمە تا ئێستا تۆپ بوو کە شـوکر ئەویشـمان کڕی و بڕاوە.

بڕیار بوو ڕۆژی جومعە لەگەڵ گەڕەکی بیمارستان مسابەقە بدەن.

بۆ ڕۆژی مسابەقە چوار ڕۆژمان ماوە؛ دەزانی؟ دەبێ چـاک تەمـرین بکەیـن. هەر لە مەدرەسە هاتنەوە دوای نەهار وەرنەدەرێ.

لە خۆشی ئەوەی توانیومانە تۆپێک بکڕین و دەتوانین مسابەقە بدەین، خەو و خواردنمان لە خۆمان حەرام کردبوو. ئێوارانیش تا تاریکان لەو مەیدانە بووین.

کوتم ئەگەر ڕاستت دەوێ من زۆر لەو کارەی کەریم دڵنیا نیم، جا نازانم تـۆ دەڵێی چی ڕەسوول، ها؟

کوتم منیش هەر پێموایە کەریم زۆر گزەونە.

کوتم ئەرێوەڵڵاهی ئەو هەتیوە تەواوی گیانی فێڵوتەڵەکەیە.

کوتم شەرمی لێ ناکەم؛ ئەو ڕۆژە پێمکوت.

کوتم هەم بۆ کاپیتانییەکە و هەم بۆ مانگەکە فێڵت کردووە.

کوتم ڕێبوار تازە حەقی گوو خواردنت نییە.

کوتم بە خودا کەریم ئاوا بکەی تیمەکە هەڵدەوەشێنینەوە.

کوتم دەستت خۆش‌بێ وات پێ کوت؛ دەی چی کوت؟

کوتم هیچ؛ مات بوو و دوایی قسەکەی پەڕاند. هەر بەجارێک بـۆتە کەڵەگـا. بە خودا من لێی قەبووڵ ناکەم. مانگێک لە خەرجی خۆم بووراوم و دمـی خـۆم گرێ داوە هەتیوی بایزی مریشک‌فرۆش کەیفی لەسەر بکا! با کاپیتانیش بێ خـۆ نابێ هەموو شتێ بە قسەی ئەو بێ.

کوتم عەبدول متەللیبیشی فریو داوە.

کوتم ئەرێ بابە، عەبدول متەللیب هەر لەسەر ئەو دەکاتەوە.

پووک‌وناپووک بە هەر قوونەشەڕ و مەچەلەحانێیەک بـێ، تـیم بە بـۆنەی ئەو تۆپەوە ڕاوەستا؛ هەموو لە دەوری ئەو تۆپە کۆ دەبوونەوە و تەمرینیان دەکرد.

ڕۆژێک پێش مسابەقە وەختی تەمرین، ڕێبوار دووسێ جار شـووتی حەوایـی لێدا.

کوتم ڕێبوار ئێرە بۆ قارڕ نابێ.

ئەرێوەڵڵاهی جاری وابوو زۆر بە ڕقەوە لێم‌دەدا و دەمزانی چۆنی لێدەم.

کەریم دیسان دەنگی دا.

بەڵام ڕێبوار جارێکیان شووتێکی زۆر توند و حەوایی لێدا.

ئەوجار زۆر چاک هاتە سەر لاقم و بە هەموو ئیشتیای خۆم لێم‌دا.

تۆپەکە یەک‌ڕاست بەرەو حەوشەی پازگاکە ڕۆیشت.

لەپێش‌دا لە تێل‌دڕووەکانی سەر دیوارەکە درا. ڕێبوار و ڕەسووڵ نەبێ ئەوانـی کە ترسیان لێ نیشت، نەتەقێ.

پێم خۆش بوو بتەقیبایە.

من چـاوم قووچانـد و دەسـتم بە سـەرمەوە گـرت؛ شـوکور نەتەقـی. بەڵام داخەکەم کەوتە ئەوبەری حەوشەکە.

کوتم ئۆخخەیش.
کوتم بە خودا بە ئەنقەست لێتدا.
کوتم نە بە خودا.
کوتم ئاخە توخمیسەگ سەدجارم پێ نەکوتی شووتی حەوایی لێ مەدە؟
کوتم توخمیسەگ بۆ خۆتی.
کوتم من کوتم با لەگەڵ ئەوەی نەکەین.
کوتم دە بڕۆ بیهێنەوە، دەی.
کوتم کێ لێیداوە ئەوە بچێ بیهێنێتەوە.
کوتم تازە ناماندەنەوە.
کوتم ڕاوەستن دەیهاونەوەدەرێ.
کوتم فچ بە هیوابە، بۆت دەهاونەوە!
کوتم ئەرێ، بە هیوابە ئێستا لەگەڵ دوو کیلۆ شیرنیی بۆت دێننەوە!
کوتم تا ئێستا لەو هەموو تۆپە دانەیەکتان دیوەتەوە؟
هەموو سەریان ڕاوەشاند.
کوتم دە بۆ ئەوەش مەگە گونم ببیننەوە.
کوتم من ئەوە نازانم من پووڵی خۆم دەویتەوە.
کوتم یان دەبێ بیکڕیتەوە یان دەبێ بۆمان ببژێرێ.
کوتم بەچی بیکڕمەوە؟
کوتم بە ئێمە چی بە چی دەیکڕیەوە؟
کوتم دەباشە بچۆ بیهێنەوە.
کوتم من ناوێرم.
کوتم دەی ناوێری بیکڕەوە.
کوتم ئەی ناوێری بۆ شووتی وا لێ دەدەی؟
کوتم کوێری؟ نازانی ئەوە پازگایە؟
زۆر مەحتەل بوون تۆپ نەهاتەوە.
ڕێبوار ویستی هەڵێ، کەریم شوێنی کەوت و گرتییەوە.

ویستم بچم لەسەر ڕێبوار بکەمەوە. عەبدول متەللیب کوتی ڕەسوول مەیکە دەستەبازیی. کوتم ئێوە کردووتانەتە دەستەبازیی.

کوتم ڕەسووڵ عەیبە ئێمە جیرانین.

ڕێبوار و کەریم لێیان بوو بە شەڕ و یەخەی یەکیان گرت. کەریم ڕێبواری دا بە عەرزدا.

وەختێک ئەو دوو منداڵەم دی کە سواری سەری یەک ببوون و لێکیان دەدا، هەرام کرد ئەوە چییە کوڕە بۆ شەڕ دەکەن، هەستە بزانم. خۆ میراتی بابتان بەش ناکەن!

کەریم لەسەر ڕێبوار هەستا و من کوتم کاکە تۆپەکەی خستۆتە ئەو حەوشەیە نە دەیکرێتەوە نە دەیهێنێتەوە.

کوتم کاکە خەتای نەبوو، تۆپە ئیدی.

کوتم ڕەسووڵ تۆ قسە مەکە.

کوتم باشە مەیکەنە هەرا، کام حەوشە؟

هەموو ملیان بەلارەوە نا و ئەو کابرایە پێش ئەوەی ئەوان دم هەڵپچڕن، زانیبووی تۆپێنیان کردووە و تۆپەکەیان لێ کەوتووەتە حەوشەی پازگاوە و لەسەر ئەوە لێیان بووە بە شەڕ.

کوتم بەشکوو شەڕەکەیان لەبیر بەرمەوە ئەگینا دەمزانی چی بووە.

کوتم حەح وەڵا تازە ئەوانە نایدەنەوە. شەڕ مەکەن. وەرن بەو چەکدارەی بەردرگا دەڵێم بەشکوو پێتان بدەنەوە.

هەموویان لەو لاوە بێ‌هەست و بێ‌دەنگ لەداخان و لەترسان سوور هەڵگەڕابوون.

ڕاوەستابووین تاکوو تۆپەکەمان پێ بدەنەوە.

بە پەلە و بە دەستی بەتاڵ گەڕامەوە دواوە.

هێشتا هیوا بڕاو نەببوون.

شایەد بۆخۆیان دوای تکای ئەو پیاوە بیخەنەوە دەرێ.

کوتم بڕۆن، دەڵێ تۆپی چی؟ تۆپ نەهاتۆتە ئێرە! بڕۆن کۆ مەبنەوە. هەڵێنەوە

کوردیکا @kurdica

ماڵێ.

دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، فەرماندەی پازگاکە پیاوەکانی ئەو دوو کووچەیەی بەرامبەریانی خواست. هەڕەشەی لێ کردبوون کە لەوەبەولاوە منداڵی ئەو گەڕەکە حەقیان نییە لەو خاکەچۆڵەدا تۆپێن بکەن.

مەیدانمان لێ قەدەغە کرا.

تیمەکەمان دروستە بە لەدەستدانی تۆپ لاواز و دڵسارد و نیوەگیان بوو، بەڵام بەو خەبەرە بەجارێک لەبەریەک هەڵوەشا و هەریەک بە لایەکدا بڵاو بوونەوە.

هەموو ڕێبواریان بە تاوانبار دەزانی. ڕێبوار و کەریم دەنگیان لێک داگۆڕی. ئازاد باوکی نەیدەهێشت بێتەدەرێ. ڕێبوار و ڕەسووڵی دەروازەبان چوونە تیمی گەڕەکی بیمارستانەوە. مانەوە کەریم و عەبدول متەللیب.

ئێمەش جاروبار لە کۆڵانەکەی خۆمان بە تۆپێکی لایلۆنی کایەمان دەکرد.

کەریم هەمیشە پێیوابوو نابێ بێهیوا بین و ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانین تیم دانێینەوە.

هەربۆیە بۆ ئەوەی تۆپێنیان لەبیر نەچێتەوە وا باشە خۆیان ڕابێنن و لە تەمرین کردندا بەردەوام بن. جاروبار هەر لە کووچەکەی خۆیان تۆپێنیان دەکرد.

نەماندەوێرا لە مەیدانەکەی پێشوومان تۆپێن بکەین.

جارجار ئازادیش دەچووە لایان و بە بێ ئەوەی تۆپێن بکەن دەچوونەوە مەیدان. لە پشت بەردەکانی گۆڵەکەوە بەردێکی زەلامی لێبوو دەچوونە سەر بەردەکە و دادەنیشتن.

کوتم بێتوو ئەو هەتیوە ئەو شووتەی لێ نەدایە ئێستا بۆ خۆمان لێرە تۆپێنمان دەکرد. دەزانن؟

کوتم کەریم تۆش هەر دەزانی ڕێبوار خەتابار کەی، زۆریش خەتای ئەو نەبوو.

کوتم ئەی خەتای من بوو ئازادگیان؟ بەرێوەڵا بە ئەنقەست لێیدا.

کوتم ئێستا بۆخۆیان تۆپێنی پێ دەکەن.

کوتم حەح چاااا ئەوەش چەن فەقیـرە، ئەوان بەو تـۆپە پیســەی ئـێمە تـۆپێن دەکەن؟ ئەوان تۆپی تەقەڵییان هەیە.

کوتم ئەی باشە بۆ ناماندەنەوە؟

کوتم هەر دەیانەوێ خەڵک عەزیەت کەن.

کوتم ئەوە ئارپیجییەکت پێ نەبێ پێیانەوە نێی و تاقیان لێ ببڕی.

هەر وای کوت چاوی عەبدول متەللیب سەیر زیت بۆوە.

کوتم دەزانی چی ئازاد؟

کوتم چی؟

کوتم من نەخشەیەکی زۆر چاکم لە زەین دایە.

کوتم دیسان پووڵ کۆکەینەوە؟

کوتم نا. ئاوا پێت ناڵێم. بە زۆریش نییە ئەگە پێت خۆش نییە یان دەترسـێی، مەیکە.

کوتم جا بۆ هەر بە من دەڵێی؟ ئەی کەریم؟

کوتم دەزانم ئەو دەیکا. تۆ دەترسی.

کوتم من دەترسم؟ پیاوی درۆزن!

کوتم بە شــەرتێک پێتــان دەڵـێم کە ســوێند بخـۆن لای کەس دەنــگ نەکەن، باشە؟

کوتم باشە؛ بەڵام دەبێ هەر سێکمان پێکەوە سوێند بخۆین.

کوتم زۆر باشە، ئەگەوابێ دەستتان بێنن.

هەر سێکیان دەستیان لەسەر دەستی یەک دانا.

کوتم بە خودا لای کەس دەنگ ناکەم.

کوتم بە خودا من لای کەس دەنگ ناکەم.

کوتم بە خودا منیش لای کەس دەنگ ناکەم.

# ٢

ئەودەم هێشتا ئەو پازگایە دانەنرابوو.

ئەودەم کە بابم قەساب بوو زۆرتر گۆشتی گوێلکی دەفرۆشت هەتا مانگا. دەیکوت گۆشتی گوێلک ناسک و جوانترە و زووتر دەفرۆشرێ. دەبوو منیش لە خەو هەستم و گوێلکەکانی بە دوادا لێخورم بۆ کوشتارگا.

*چا کەریم! خۆتی لەگەڵ عەزیەت مەکە، ئاوا بەسپایی کلکی بادە، ئیدی بۆخۆی دەڕوا. بەڵام وریابە لەقەت لێنەدا.*

دەیکوت دار هەم گوناحە و هەمیش شوێنەکەی بە لاڕان و لاتەڕافیەوە دیار دەبێ و دوایی گۆشتەکەیان شینوڕەش دەبێتەوە.

من پێموابوو گوێلکەکان لێدانیان لە کلکبادان پێ خۆشتر بوو. بە کلکبادان سەیر قەڵس بوون. لەگەڵکوو دەستم دەبرد بۆ کلکیان هەڵدەبەزینەوە و خۆیان هەڵدەخستەوە.

گوێلکی وابوو مانی دەکرد و بە هیچ جۆرێک نەدەڕۆیشت، نە بە وەلەوەلە کردن و نە بە لێدان لە جێگای خۆی نەدەبزووت؛ هی وابوو لاقی دەچەقاند، هی وابوو خۆی دەخست بە عەرزدا. هەر بەحاڵ دەستم بۆ کلکی دەبرد و دەمشکاندەوە گوێلک دەردەپەڕی. جاری وابوو گوێلکێکی سرک و ڕەمووک کە بۆ هەوەڵجار کلکی دەشکاوە، جیفڕکی لە خۆی دەدا و وا دەردەپەڕی پەتی لە دەستی بابم دەڕفاند و بەلەسە دەبوو. دەبوو وەشوێنی کەوین و بیگرینەوە. بە دوای گوێلکی بەلەسەدا دەبووینە پەند و مەخسەرە.

کوتت چەکدارەکان دەماودەمی ئێواران لە حەوشە گەورەکەدا، تۆپێنیان دەکرد. دەنگەدەنــگ و هەراهەرای خۆیــان و تەپەتەپــی تــۆپە تەقەڵییەکەیــان لە دەرەوە دەبیسرا. زۆر جاریش وا دەبوو تۆپەکەیان دەکەوتە ئەمبەری حەوشــە. خەڵـک لە ترسان پێش ئەوەی دوو چەکدار بە تفەنگەوە بێن و تۆپەکە بــبەنەوە، زوو بۆیــان دەخستنەوە ئەوبەری حەوشەکە.

ئەوان وەختی تۆپێنی چەکدارەکان لە دەوروبەری حەوشەی پازگــاکە خۆیــان دەخافڵاند و دەخولانەوە. هەمووجارێک پێکەوە سرتەیەکیان دەکرد.

کوتت کەریم ببــووە فەرمانــدە. لەو مــاوەیەی چەکــدارەکان تۆپێنیــان دەکــرد، هەریەکی بە لایەکدا دەڕۆیشتین.

کوتت کەریم بە ئاماژە و ئیشارە حاڵی دەکردین چــی بکەیــن و بەرەو کــوێ بڕۆین.

کوتت جارێکیان شووتێکی بەرز و حەوایی لێدرا و تــۆپەکە هــاتە ئەمــدیوی حەوشەکە. زۆر لە عەبدول متەللیب نزیــک بــوو. دوای ئەوەی دووســێ جــار لە عەرزی درا عەبدول متەللیــب گــرتییەوە. بەڵام چەکــدارێک لەنێــو ســەنگەرەکەی ڕووبەڕووەوە ئاگای لێبوو کە ئەو گرتییەوە.

کوتت عەبدول متەللیب بە تۆپەکەوە کەمێک ڕاوەستا و چاوێکی لە من کرد.

کوتت لەنێو سەنگەرەکەوە بە فارسی هەرایان کرد بیخەوە ژووری.

کوتت تۆ زۆر لە ئاکامی ئەو نەخشەیە دەترسای.

کوتت کەریم تۆ خۆتت لە عەبدول متەللیــب نزیــک کــردەوە و بە هێواشــی کوتت داینێ.

کوتت هاتی بۆیان بخەیەوە ژووری.

کوتت ئاخە ناڵێم داینێ؟

کوتت بۆیان حەوا نەدەیەوە، ها!

کوتت دامنا.

کوتت هەر داتنا زوو فیتوویەکت بۆ ئازادیش لێدا و کوتت هەڵێ با بڕۆین.

کوتت هەر سێکمان بە هەڵاتــن ڕۆیشــتین خۆمــان کــرد بە کــووچەیەکدا و

تۆپەکەمان بۆ نەهاویشتنەوە.

کوتت بە خودا دەردمان دانێ.

کوتت ئاوا، دەبا بۆخۆیان بێن بیبەنەوە، دەی.

کوتت من هیچم نەکوت.

کوتت ئێواران ئەوە ببوە کاروپیشەی ئێمە. لەو دەوروبەرە دەهاتین و دەچووین. دووسێ جاری دیکەش تۆپ هاتە ئەمبەر و ئێمە حەوامان نەداوە.

کوتت هەڵدەهاتین و لەوەی کە بۆیان ناخەینەوە ژووریێ و دەبێ بۆخۆیان هەڵتەک هەڵتەک بێن و بیبەنەوە کەیفساز بووین و قاقا پێدەکەنیین.

کوتت ئاوایان لێ دەکەم! خۆ ئێمە نۆکەری بابی ئەوان نیین تۆپیان بۆ حەوا دەینەوە.

کوتت من و ئازاد دەستمان کرد بە پێکەنین.

کوتت جارێکیان شووتێکی بێحەد بەرز و حەوایی لێدرا و تۆپەکەیان کەوتە ئەوبەری کووچەکەوە و لە سەنگەرەکانیانەوە دیار نەبوو کە لە کوێ لە عەرز درا و کەوتە کوێ.

کوتت من بە هەڵاتن خۆم گەیاندێ، ئاوڕێکم داوە، کەس دیار نەبوو. کارم بەسەر عەبدول متەللیب و ئازادەوە نەبوو؛ چونکین پێشتر کوتبوومان. یەکسەر ڕفاندم بۆ ژێرخانەکەی خۆمان.

کوتت من و ئازادیش بە هەڵاتن بە دوایدا ڕۆیشتین.

کوتت لە تەلیسێکی سپیمانەوە پێچا و خستمانە نێو بۆشکە کۆنێک کە پڕ بوو لە پەڕۆوپاڵ.

کوتت کەریم دووسێ کارتۆنی هێنا و سەری بۆشکەکەمان پێ داپۆشی و سێبەسێ ڕۆیشتینە دەرێ. هەر چووینە دەرێ...

چەکدارێک بە تفەنگەوە و قامک لەسەر پەلەپیتکە هات.

چەکدارێکی دیکە بە تفەنگەوە و قامک لەسەر پەلەپیتکە هات.

چەکدارێکی دیکەش بە تفەنگەوە و قامک لەسەر پەلەپیتکە هات.

چەکدارێکی دیکەی دیکە بە تفەنگەوە و قامک لەسەر پەلەپیتکە هات.

@kurdica

چەکدارێکی دیکەی دیکەش بە تفەنگەوە و قامک لەسەر پەلەپیتکە هات.

شەقام چەکدار، کۆڵان چەکدار، ژووری چەکدار، دەرێ چەکدار، سەرخان چەکدار، ژێرخان چەکدار، سەربان چەکدار، حەوشە چەکدار، درگا چەکدار، پەنجێرە چەکدار، دار چەکدار، دیوار چەکدار، سەرێ چەکدار، خوارێ چەکدار، پشتەوە چەکدار، ڕووبەڕوو چەکدار، ڕاست چەکدار، چەپ چەکدار، ڕاستایی چەکدار، خوارایی چەکدار، قوڵکایی چەکدار، بەرزایی چەکدار، نزمایی چەکدار، پەنا چەکدار، پەسیو چەکدار، ئەملا چەکدار، ئەولا چەکدار، ئەولای چەکدار چەکدار، ئەملای چەکدار چەکدار، پەنای چەکدار چەکدار، لە خوار چەکدار چەکدار، لە پێش چەکدار چەکدار، لە پشت چەکدار چەکدار، چەکدار لە پەنای چەکدار، چەکدار لە خوار چەکدار، چەکدار لە ژوور چەکدار، چەکدار لە سەر چەکدار، چەکدار لە پشت چەکدار، چەکدار لە پێش چەکدار، چەکدار لە دوای چەکدار...

کوتت ئابەوجۆرە بوو کە وڵات بوو بە چەکدار و ئێمە لە ترسان هەڵاتین و دوور کەوتینەوە.

کوتت بۆ ئەوەی کەس شکمان لێ نەکا پەڕینەوە و چووینە ئەوبەری خیابانەکە و بەرەو بازاڕ ڕۆیشتین.

کوتت کوڕە لەماڵێش باس نەکەن؛ ها! باشە ئازاد؟

کوتت باشە من کە باس ناکەم.

کوتت باشە، منیش باس ناکەم.

کوتت دەمزانی کەریم لە من ناترسێ کە باسی بکەم؛ ئەو لە ئازاد دەترسا کە خۆی بۆ ڕانەگیرێ و باسی بکا. کەریم هەمیشە لای من دەیکوت ئازاد قسەی لە دمدا ڕاناوەستێ.

کوتت هەتی بێتوو دەنگ بکەن، بە خودا دەمانکوژن.

کوتت باشە ئەی ئەوە هاتوو گەڕان و دییانەوە؟

کوتت ئەگە تۆ و عەبدول متەللیب باسی نەکەن کەس بۆی نابینرێتەوە.

کوتت بە خودا بێتوو بزانن زیندانیمان دەکەن. باوکم دەیکوت زیندانی

سەیریان لە نێوەوە ساز کردووە.

کوتت وەختێک باوکم و ئەوانیـان لەسـەر مەیـدانەکە بانـگ کردبـوو، هەتـی دەیکوت چاویان بەستین بردیانینە جێگایەکی زۆر خۆفناک.

کوتت باوکیشم دەیگێڕاوە دەیکوت هەر ئەوەندەم زانی کە بە بیسـت پلیکـان زیاتردا بردیانمە خوارێ و دوایی چاوم کردەوە جیرانەکانی دیکەش لەوێ بوون.

کوتت باوکم دەیکـوت هەوەڵجـار وەمـانزانی داخـوا لەسـەر چـی بانگیـان کردووین...

کوتت وەختێک نزیک تاریکـان گەڕایـنەوە مـاڵێ، زانیمـان چەکـدارەکان ئەو گەڕەکەیـان سـەنگوسـووژن داوە و دەروژوور و کەلوکـونی کووچەوکـۆڵان و هەموو مـاڵان گەڕاون و وڵاتیـان دۆزیـوە و پشـکنیوە و خەڵکیـان هەڵپێچـاوە و داپێچاوە.

کوتت بەڵام ئەوەی دەبوو ببینن، نەیاندیبوو.

کوتـت تەنـانەت چووبـوونە سـەر بۆشـکەکە و کـارتۆن و شڕەوشـاتاڵی سەرەوەشیان لادابوو، ئەرێ بە خودا، بەڵام نازانم چۆن خودا لەو وەختەدا چاوی بەستبوون و کاریان بە تەلیسەکە نەبووە؟! بە خودا درۆ ناکەم.

کوتت بۆ سبەینێ دیسان خەڵکی گەڕەکیان بانگ کردەوە بۆ پازگـا. وەختێـک بانـگ کراوەکـان هـاتنەوە، ئاسـەواری ترسـاوی و تۆقـاوی بە سـەروچاوی هەموویاندا دیار بوو. سێ کەسیان گل دابۆوە و کوتبوویان تا تۆپەکەمان بۆ پەیدا نەکەنەوە ئەو سێ کەسە بەر نادەین. هەڕەشەیان کردبوو کوتبوویان دوو ڕۆژتـان مۆڵەت بۆ دادەنێین ئەو تۆپە پەیدا نەکەنەوە وەبەر تۆپتان دەدەین؛ ئێوە هەمووتان دوژمـنن و کوشـتنتان بـۆ ئـێمە خەزایە و تەرتوتوونـا کردنتـان وەک ئـاوی خواردنەوە وایە.

*سەڵاخەکان هەر دووکیان هاتن گوێلکەکە لە دەستی بـابم وەرگـرن، نـۆرەی گوێلکەکەی ئێمە بوو. مانگا سـەربڕاوەکە هێـواش‌هێـواش لە پەلەقـاژە و جـووڵە کەوت و شیاکەیەکی زۆر لە بن کلکییەوە هـاتبووەدەرێ. مـن نەمتـوانی چـاو لە سەربڕینی گوێلکەکەی خۆمان بکەم و هێواش درگاکەم کردەوە و هاتمەدەرێ.*

کوتت یەکێک لە سێ گیراوەکان باوکی ئازاد بوو. ئازاد زۆر دەترسا و خەمی بوو. هەواڵ بڵاو بۆوە و ترس لە دڵی خەڵکی گەڕەک گەڕا.

کوتت من هەر لە هەوەڵەوە دەمزانی ئاکامی ئەو نەخشەیە باش نییە. بەڵام نەمدەویڕا بە عەبدول متەللیب بڵێم. لەڕێوە دەیکوت ئازاد تۆ ترسەنۆکی.

کوتت خەڵک کەوتنە ماڵان و بۆخۆیان دەگەڕان و دەپاڕانەوە کە ئەو تۆپە لە ماڵی هەرکەس دایە بۆیان حەوا دەنەوە حەوشە با بەدبەخت نەبین و نیوەشەو وەبەر تۆپمان نەدەن.

کوتت دیسان خەڵک بۆخۆیان تەواوی خاکەچۆڵ و کەلاوە و کەلوکون و حەوشە و سەربان و ژێرخانی هەموو ماڵەکانی ئەو گەڕەکە گەڕان؛ بەڵام تۆپ ببووە دڵۆپێک ئاو و بە عەرزەکەدا ڕۆیشتبووە خوارێ.

کوتت ئەو شەوە کەیخودای گەڕەکەکە کۆببوونەوە و دوای ئەوەی دڵنیا ببوون تۆپ نییە، پووڵیان کۆ کردبۆوە و بڕیاریان دابوو تۆپێکی تازەیان بۆ بکڕنەوە.

کوتت تاکوو بەوجۆرە لەکۆڵیان بنەوە و زیندانییەکان ئازاد کەن و وەبەر تۆپیان نەدەن.

کوتت ئێمە ئاگامان لەو بڕیارەی ئەوان نەبوو.

کوتت بۆ سبەینێ لە مەدرەسە هەر دەرفەتێکمان گیر بکەوتایە دەچووینە لای یەک.

کوتت ئازاد و کەریم هەر مشتومڕیان بوو. ئازاد، کەریمی بە خەتابار دەزانی.

کوتت ئەو فکرە خاوێنە هی تۆ بوو. من هەر لە هەوەڵەوە دەمزانی باش نییە.

کوتت تازە هەرچی بوو بووە؛ مەیکەنە شەڕ.

کوتت ئازادگیان ئەگە دەتزانی باش نییە بۆ دەتکرد؟

کوتت خەتای تۆ بوو. ئێستاش، باوکی من گیراوە. تۆ بە خۆت نە باوکت گیراوە و نە هیچ، مەنزووریشت نییە.

کوتت بابەگیان من چووزانم وای لێدێ؟ ئێوەش بۆ خۆتان پێتان خۆش بوو.

کوتت من ئەوە نازانم. نیوەڕۆ دەچم دەڵێم کەریم لە ماڵی خۆیان شاردوویەتییەوە. با باوکی تۆ بگرن بزانە خۆشە؟

کوتت خۆ تۆ ژن نیی ڕۆڵەگیان! ڕاوەستە بزانین دوانیوەڕۆ چی دەبێ. منیش دەزانم و عورزەم هەیە. هاتوو دوانیوەڕۆ بەر نەدرابوون، بە دزییەوە شەپێک لە تۆپەکە دەدەم و بۆیان فڕێ دەدەمەوە ژووری.

کوتت عەبدول متەللیب تۆ شایەد بە، ئیدی ئەوە من پێمکوتووە؛ بێتوو دوانیوەڕۆ تۆپەکە نەخاتەوە پاژگا، من مەجبوورم دەنگ بکەم.

کوتت وەختێک نیوەڕۆ ڕۆیشتینەوە پێمان سەیر بوو.

کوتت مەلا و کابایزی مریشکفرۆش و کاکەحمەدحەساری بە ترسەوە تۆپە تازەکەیان بردبووە بەردرگای پاژگا.

کوتت بە ترس و حورمەتەوە کوتبوویان قوربان فەرموون، ئەوە تۆپێکی تازە و نوێمان هێناوەتە خزمەتتان و ئێوەش لوتف بفەرموون زیندانییەکانمان بەر دەن.

کوتت تۆپەکە بە دەستی منەوە بوو یەکی ڕووتەڵەی کزی باریک کە تازە خەتی دابوو تۆپەکەی وا لە دەست سەندم وەختابوو پیلم بپچڕێ.

کوتت کوتی یەک و دوو و سێ لێخوڕن بۆ ماڵێ، لەعنەتتان لێ بێ! ئەوە فێر دەبن تۆپ لە ئێمە دەدزن! بڕۆن ئیدی بێرەدا نەیەنەوە.

کوتت ویستمان شتێک بڵێین و بۆ گیراوەکان بپاڕێینەوە، بۆ ڕەگبارێکیان بەسەردا نەتەقاندین، هەر ئەوەندەمان پێ کرا هەڵێین و لە وەختی هەڵاتندا دیسان دەستیان کردەوە بە تەقە کردن.

کوتت کەس هۆشی بەسەر کەسەوە نەبوو، هەرسێکمان هەڵدەهاتین. مامۆستا پێچوکڵاوەکەی لەسەر بەربۆوە؛ ئێمە نەمانوێرا ئاوڕ بدەینەوە، بە خوا ئیدی نازانم مامۆستا چۆن پێچوکڵاوەکەی هەڵگرتەوە و خۆی بە ئێمە گەیاندەوە.

کوتت خەڵکی گەڕەک زۆریان خەمی گیراوەکان بوو.

کوتت دوای نەهار زوو چووم لە درگای ماڵی ئازادم دا و بانگم کردەدەرێ.

کوتت لە ماڵێ دەنگت نەکردووە؟

کوتت هێشتا نەموێراوە، بەڵام نەیداتەوە دەنگ دەکەم. چا بابە ئەو هەتیوە

چۆن تووشی بەدبەختی کردین. ئیدی من لەوە زیاتر ڕاناوەستم وەرە با بچین پێی بڵێین.

کوتت بەرەو ماڵی کەریم ڕۆیشتین.

کوتت لە دوورەوە سێ کەسمان دی بە پەلە دەهاتن.

کوتت ئازاد باوکی ناسییەوە و بەرەوپیری هەڵات.

کوتت گیراوەکان بەر بوون و بە ڕواڵەت سێبەری ترسی وەبەر گولله و قۆمپارەدانی گەڕەک ڕەوییەوە.

کوتت ئەوجار ئێمە ماینەوە و تۆپێک کە نەماندەزانی چی لێ بکەین.

کوتت هەم لە ترسی خەڵک و هەم لە ترسی پازگا نەماندەوێرا تۆپەکە ببەینە دەرێ کایەی پێ بکەین.

کوتت جاران ئاواتەخواز بووین تۆپێکی جیر بە خەون ببینین، ئێستا تۆپێکی تەقەڵییشمان هەبوو، بەڵام سەیرەکە لەوەدا بوو نەماندەوێرا بیهێنینەدەرێ و تەنانەت لای کەس نەماندەوێرا بڵێین تۆپمان هەیە!

کوتت جا وەرە تۆپت ببێ و لای کەس نەوێری بڵێی تۆپم هەیە! چا ئەو سەیرە!

کوتت تۆپیان لێبوو بە مار و نەیاندەزانی چی لێ بکەن.

کوتت تۆپمان لێبوو بە زەهرەمار و بەسەر دەستماندا ماوە.

کوتت تەنیا جارێک نەمانتوانی تۆپێنی پێ بکەین و بە ئیشتیای دڵی خۆمان شووتێکی لێدەین.

کوتت هەتی دایکت ببینێ دەڵێی چی؟

کوتت نا کەس شکی بۆ ئەوێ ناچێ. چووبوونە سەریشی نەیاندیبوو، وام دانەناوە ببینرێتەوە. بەڵام بەو خودایە ئازاد، ئەوەندە جوانە.

کوتت من ئەو ڕۆژە لە ترسان چاک نەمدی.

کوتت من دیم ئازاد، تۆپێکی تەقەڵیی خانەخانەیە. خانەیەک سپی و یەکیان ڕەشە.

کوتت بە حەددێک نەرم و خۆشە. بابەتی پاسکاری و شووت لێدانە.

بایەخترین سکۆی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کوتت تا ئێستا چەند جارت لەو تەلیسە هێناوەتەدەرێ؟

کوتت هەتی بە خودا نەموێراوە. جارجارەیەک دەچم لەنێو بۆشکەکەدا لەسەر تەلیسەکەوە دەستێکی لێدەدەم.

کوتت باشە ئەی چی لێ بکەین.

کوتت چی لێ بکەین؟ جارێ زووە دەزانم چی لێ دەکەین.

کوتت پێم خۆشە بچین چاوێکی لێ بکەین.

کوتت نابێ؛ دایکم دەزانێ. با ئەو هەڵڵاوهەنگامەیەش برێک لەبیر بچێتەوە. بە هیوام تیم ساز کەینەوە. جارێ هەر بەو تۆپە لایلۆنییە تەمرین دەکەین. ئەو هەڵدەگرین بۆ مسابەقە.

کوتت دەزانی تەقەڵیی عەسڵیشە.

کوتت ئەرێوەڵڵا ئەی چۆن نازانم.

کوتت ئەرێ بۆ نەیفرۆشینەوە.

کوتت کەریم ڕقی هەستا و کوتی قەت من کاری وا ناکەم.

کوتت بۆ؟

کوتت ئاخە ئێمە ئارەزووی تۆپێکی جیرمان بوو، ئێستا ئەو تۆپە تەقەڵییە بفرۆشینەوە؟ وەڵڵا ئەو ئازادە قسەی وادەکا!

کوتت کوڕە پێمان بزانن بەدبەخت دەبین، با یان بیفرۆشینەوە یان بیاندەینەوە.

کوتت کاکە بەدبەختییەکەی بۆ من، تۆ لێیگەڕێ. باشە ئازادگیان تۆ لێیگەڕێ.

کوتت باشە دەزانی من دەڵێم چی؟ وەرە من و تۆ پووڵێک بدەین بە ئازاد و بەشەکەی لێ بکڕینەوە.

کوتت کاکە من بەشی خۆم نافرۆشمەوە.

کوتت بەو جۆرە پێکەوە سازاین کە جارێ وەدەری نەخەین.

کوتت ئێمە لە کووچەی خۆمان بە تۆپێکی لایلۆنی تۆپێنمان دەکرد. هەر سێکمان بە یادی ئەو تۆپە تەقەڵییە خاڵخاڵییەوە لە تۆپە لایلۆنەکەمان دەدا و دڵمان زۆر خۆش بوو کە تۆپێکی تەقەڵیی عەسڵمان هەیە. جارجاریش دەچووین لەسەر تەلیسەکەوە دەستێکمان لێدەدا.

کوتت ئازاد ئەرێ بۆ ناچی بە ڕێبوار و ڕەسووڵ بڵێی بێنەوە. دەزانی چی؟ هەر باسی تۆپی تەقەڵیی بکەی دێنەوە. بێتوو ئەوان بێنەوە تیم ساز دەکەینەوە. ئەوجار من کاپیتان نابم هەرکەس دەبێ با ببێ.

کوتت ڕێبوار باوەڕی نەدەکرد کە ئێمە تۆپێکی تەقەڵیی عەسڵمان ببێ. کوتت ئەوەندەم سوێند خوارد هەتا ڕێبوار باوەڕی کرد.

کوتت بە بۆنەی تۆپێکی تەقەڵییەوە کە هێشتا ڕێبوار نەشیدیبوو کەریم و ڕێبوار ئاشت بوونەوە. ڕەسووڵی دەروازەبانیش بە بۆنەی ڕێبوارەوە هاتەوە.

کوتت دوای سێچوار ڕۆژ ڕێبوار پێیوابوو فریومان داوە و تۆپی تەقەڵیمان نییە.

کوتت من ئیدی لە سبەینێوە نایەمەوە؟

کوتت بۆ؟

کوتت ئەی کوا تۆپتان؟

کوتت وەڵڵا بیللا هەمانە.

کوتت باشە ئەگە هەتانە ئەی کوا؟ وەڵڵا درۆ دەکەن.

کوتت وەرە با بچین بۆماڵی ئێمە.

کوتت ماڵی ئێوە بۆ؟

کوتت نیشانت دەدەم.

کوتت هەتی برۆ درۆ مەکە.

کوتت وەڵڵا. وەرە...

کوتت بۆ ئەوەی ڕێبوار باوەڕ بکا، لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆ ماڵی خۆمان و بە دزییەوە چووینە ژێرخانەکە. کارتۆن و شتەکەم لەسەر بۆشکەکە لابرد و تەلیسەکەم هێنادەرێ.

کوتت ڕاست وابوو تۆپێکی تەقەڵیی عەسڵ.

چاوی ڕێبوار لە خۆشیان ترووسکانەوە و دڵی کەوتە فرکە.

ئەوجار باوەڕی کرد.

کوتت بابت ئاگای لێ بوو.

کوتت دیم کەریم و ڕێبوار لە ژێرخانەکە ڕۆیشتنەدەرێ.

کوتت دووسێ جاری دیکەشت دیبوو کە میرزاکەریم هەر تاو نا تاوێک، یەک‌دوویەک لە ئاواڵەکانی دێنێ و دەیانباتە ئەو ژێرخانە.

کوتت ئەرێ بزانم ئەو ژێرخانە چی لێیە وا کەریم ئەو منداڵانە دەبا و دەچێتە ئەوێ؟ ئەو هەتیوانە بڵێی خەریکی چی بن.

کوتت ژێرخانەکە پڕ بوو لە کەل‌وپەلی لەکار کەوتوو و کۆن.

کوتت چاوت بە دەوروبەری خۆت‌دا گێڕا، هیچی وات لێ نەدی.

کوتت وا هەر نییە.

کوتت لەو وەختەدا ڕەسووڵیشت هێنابوو نیشانی ئەویشی بدەی.

کوتت هەر دەنگی پێیان هات، هێواش خۆم لەپشت هێندێک کەل‌وپەل‌دا حەشار دا و نەچوومەدەرێ.

کوتت ڕاوەستە میرزاکەریم ئێستا مشوورت دەخۆم.

کوتت ڕاوەستە. ئەوەتا لەنێو ئەو بۆشکەدایە.

کوتت هەتی هێواش، تەقە مەکە بابم لە ماڵێ خەوتووە. ڕاوەستە. ئەوەتا. تۆ تەلیسەکە بگرە بۆ خۆم دەری دێنم...هاااااااا ئەوەتا.

کوتت دەی ئەوجار باوەڕت کرد؟

کوتت حەک بە قوربانت بم. تۆ خودا ڕاوەستە با ماچێکی بکەم. مممممم ئەهـ ڕەحمەت لەو بابەت. ئەرێوەڵڵا.

کوتت باشە با بڕۆین. دەبێ وای دانێمەوە کەس شک نەکا.

کوتت تۆ ئەو خودایە کەریم لێم‌گەڕێ تەنیا ماچێکی دیکەی دەکەم. مممممم ئەهـ..

کوتت ئێوارێ وەختێک ڕۆیشتمەوە ماڵێ، بۆنی سووتاو دەهات.

کوتت لەگەڵکوو هاتە ژوورێ توند دەستیم گرت و بردمە دیوێک.

کوتت کەریم ئەوە لەگەڵ کوڕی میرزاهادی خەرکی چین؟

کوتت وەڵا خەریکی هیچ نیین.

کوتت هەتی خۆ کوڕەکەی بەحاڵ شتێکی لێ بێ بەززاتی ئەو خودایە بە

هیچ بارێک لە دەستی ئەو کابرایە نەجاتمان نابێ. مەگین بۆ خـۆت میرزاهادیـت نەدیوە؟ ئەی باشە ئەوە چتان لەو ژێرخانەدا شاردۆتەوە؟

کوتت ئێمە؟

کوتت چا، چۆن خۆی نابەڵەد دەکا. بەڵێ ئێوە؛ تۆ و کوڕی میرزاهـادی، ئەی من؟!

کوتت هیچمان نەشاردۆتەوە.

کوتت ئەی ئەو تۆپە چی بوو؟

کوتت تۆپی چی؟

کوتت تۆپی تۆپێن.

کوتت ئەها، ئەوە هی تیمەکەمانە.

کوتت هی تیمەکەتانە؟!

کوتت بەڵێ، بە هەموومان پووڵمان کۆکردۆتەوە و کڕیومانە.

کوتت هەتی بەچکی سـەگ کـێ فریـو دەدەی؟ هـێلکە لە قەل دەدزرێ! ئەو تۆپە کەی بە ئێوە دەکڕدرێ. ئەوە تۆپەکەی پازگایە.

کوتت نە بە خودا.

کوتت ئا ئا سوێندیش دەخوا. بزانە بە کوشـتمان نـادەی. هەر خەڵـک بـزانن ئابڕوومان پێوە ناهێڵن.

کوتت حەفتەیەکی عەلـینتەواو ئەو خەڵـکە لەسـەر ئەو تـۆپە عەزیەت دران چەرمەسەری و کوێرەوەرییـان دیـت. جـا خـۆ بە خـودا هەر جیرانەکـان بـزانن تفونەحلەتمان دەکەن.

کوتت خودا ڕوحمی کردووە پازگا نەیزانیوە ئەگینا بە خودا ماڵەکەمـان ئـاور دەدەن و منیش دەگرن.

کوتت وەڵا تێرمان خـوارد. هەتـی بەدبەخـت تـازە ئەوە ڕۆیشـت و ڕابـورد نەچی لای کەس دەنگ بکەی!

کوتت نەچی بڵێی تۆپم هەیە!

کوتت تۆپ تەواو بوو.

کوتت وەبزانە هەر نەشت دیوە.

کوتت زۆرم ڕق هەستابوو. زانیم باوکم بە کێردەکەی تۆپەکەی ئێمەشی دڕاندووە و دوایی سووتاندوویەتی.

کوتت تازە من چی بکەم؟ جوابی تیم چۆن بدەمەوە. چییان پێ بڵێم؟

کوتت خۆ ئەگە بەپێوە بۆیان بچمە سەر قورئانیش قەتقەتم باوەڕ پێ ناکەن. عەبدول متەللیب و ئازادیش باوەڕ بکەن ڕەسووڵ و ڕێبوار هەر باوەڕ ناکەن.

کوتت وەدەزانن هەڵمگرتووە بۆ خۆم. وەدەزانن دزیومە.

کوتت دیسان تیمەکەمان هەڵدەوەشێتەوە.

کوتت ڕێبوار و ڕەسووڵ بە یەکجاری نێوانیان لەگەڵ من تێکچوو. ئازادیش چووە لای ئەوان. بەڵام ئازاد نێوانی لەگەڵ من و عەبدول متەللیب ناخۆش نەکرد؛ چونکوو بێجگە لەوەی جیرانە کووچەش بوون هاوکلاس و هاودەرسیشمان بوو. ڕێبوار و ڕەسووڵ بە بۆنەی منەوە بەینێکی واشیان لەگەڵ عەبدول متەللیب نەبوو. ئەوان پێکەوە لەگەڵ یەکدوویەکی دیکە تیمێکی تازەیان دانا.

کوتت بەو جۆرە پێیانوابوو منیان لەکۆڵ خۆیان کردۆتەوە و بە تەنیایان هێشتوومەوە.

کوتت لەوەی کە توانیویانە کەریم تەنیا بخەنەوە زۆر خۆشحاڵ بوون.

کوتت دیسان تیم هەڵوەشاوە.

*جوانەگایەک بە بۆنی خوێنوخوڕی ئەوانی دیکە سەرەتا بۆنی بە عەرزەوە کرد و کەمێک سەری هەڵێنا و لووتی قنج کردەوە و ددانی لێکسوو، دوایی دەستی کرد بە مووشاندن و مرقاندنێکی سەیر و لەپڕ کردییە سمکۆڵ کردن و بۆڕاندن، بە دوای ئەویشدا ئەوانی دیکەش دەستیان پێ کرد و هەموو یەک بەخۆیان دەیانبۆڕاند و نەیاندەبڕاندەوە.*

*یەکەمجار بوو شتی وام بە چاوی خۆم دەدی، بابم زانیی ترساوم.*

*دەستم گرتی و کوتم مەترسە ئەوە گابۆڕە.*

# ٣

کوتی دوای ئەوەی تۆپە جیرەکەیـان کەوتە حەوشـەی پازگـاکە و نەیانـدانەوە و دواییش مەیدانەکەیان لێ قەدەغە کرا و دواتریش بەسەرهاتی تـۆپە تەقەڵیـیەکە و سووتانی و بەسەرهاتی تـیمە تـازەکە و تەنیـا کەوتنەوەیـان، کەریـم و عەبـدول متەللیب بەجارێک لە تۆپێن بێزار بوون و لاقیان بۆ تۆپ نەدەچوو.

کوتی زۆرتر خەریکی حەوت بەردێن و زافێن بووین و لەو دواییـانەش‌دا بە هۆی ئەوەی کەریم زۆر دەستڕاست و ئەنگێوەیەکی بـاش بـوو کەوتیـنە سـەر هەوای قۆچەقانی و تیروکەوان. تیروکەوانـی زۆر چاکمـان بـوو؛ بەڵام سـیم کەم بوو بۆ تیر.

کوتی دەڵێن لە کووچەی سینەما حەوشەیەکی زەلامی لێیە سیمی زۆر چـاکی لێیە؛ پڕە لە سیم.

کوتی کەریم حەجمانم لێ هەڵگیرا.

کوتی عەبدول متەللیب چ بکەین؟

کوتی دەبێ سێ کەس بین؛ بە دوو کەس جێبەجێ نابێ.

کوتی دەیهێنم.

کوتی کێ؟

کوتی ئازاد!

کوتی ئازاد، دەمانەوێ شتێکی وا بکەین، دێی لەگەڵمان؟

کوتی هەتی دەڵێن دیوارەکەی زۆر بڵیندە.

کوتی ئازاد تۆ هیچ مەکە؛ تۆ تەنیا کێشکمان بۆ بدێرە.

کوتی باش.

کوتی هەر سێکیان یەکسەر بەرەو گەڕەکی سینەما وەڕێ کەوتن.

کوتی بڕێک دەترسام.

کوتی لە کووچەی سینەما، حەوشەیەکی گەورەی ئیدارەی برقی لێ بوو.

کوتی هۆ ئەوەیە.

کوتی کەریم منی لە سەری کووچە ڕاگرت.

کوتی ئازاد تۆ تەنیا لێرە ڕاوەستە، هاتوو کەسێک بێرەدا هات فیتوویەک بۆ عەبدول مەتللیب لێدە. فیتوو دەزانی؟

کوتی زۆر چاک نا.

کوتی عەبدول مەتللیب، دەڵێ فیتوو نازانم، چی بکەین؟

کوتی خۆ دەزانی بە دەم هاوار بکەی.

کوتی ئا.

کوتی دەستت لەپێش دەمت لوول بکە و بڵێ ووووووووو هیچی دیکە.

کوتی ئەو زۆر دەترسا.

کوتی کەریم بە درگاکەدا هەڵگەڕا و بازی دا خوارێ.

*ئەوە بۆن بە چییەوە دەکەی؟ هیچ نییە دوایی دەستت بشۆوە.*

*وەختێک کلکیم تۆزێک توند بادا و کرتەی لێهات، گوێلکەکە یەک بەخۆی هەڵیخستەوە و دەرپەڕی و لەقەیەکی کوتوپڕی هاویشت، زۆر ترسام و زۆریشم پێ سەیر بوو. بابم کوتی کلک ئێسقانی تێدا نییە، گۆشتێکی واشی نییە؛ کلک کرۆژەیە. ئەوە کرۆژەی کلکی بووە شکاوەتەوە، هیچ نییە مەترسە.*

کوتی من لە پشتەوە لە بەردرگاکە ڕاوەستام. بە هێواشی کوتم زۆر باشە عەبدول مەتللیب! هاتوو ئازاد هەرای کرد خۆت گێژ کە و فیتوویەک لێدە. هەر سیمەکانیشم فڕێ دا دەرێ زوو هەڵیانگرەوە و دوو فیتوو لێدە، ئیدی تۆ کارت بە من نەبێ، لەسەر من ڕامەوەستە، یەکسەر بیرفێنە و هەڵێوە بۆ ماڵێ.

کوتی لە حەوشە گەورەکە لە سەری ئەو سەرەوە دیوێکی چکۆلەی لێ بوو.

هەوەڵجار زۆر ترسام؛ پێموابوو کەسێکی تێدایە. بەڵام قفڵێکی زەلام بە درگاکەیەوە بوو. دیار بوو لەمێژساڵ بوو ئەو درگایە داخراوە. بە دیتنی قفڵەکە ترسەکەم ڕەوییەوە. نازانم بۆ هەر تاوناتاوێک پێموابوو کەسێکی تێدایە و بە بێ ئەوەی بێڵێ من بزانم دێ و لە پشتەوە توندتوند دەمگرێ و بە خۆیەوە دەمکوشێ و حەول دەدا بە زۆریی بمباتە ئەو دیوەوە!

کوتی حەوشەکە پڕ پڕ بوو لە سیم و کابلی برق، سیمی درێژ و باریک، سیمی ئەستوور و قەڵەو، سیمی ڕەش و سیمی سپی، سیمی زەرد و هەموو جۆرە سیمێکی لێ بوو.

کوتی حەک جەدد و ئابادم بە قوربانت بێ. کوتیشی قەتم شتی وا نەدیبوو.

کوتی جا وەرە تێکەوە، بە ئیشتیای خۆم هەڵمبژارد. زوو پڕم دا نیوە ئاڵقەیەک کابلی ڕەشی قەڵەو و نیوە ئاڵقەیەک کابلی ڕەشی باریک و لێکم گرێ دان و حەوام دانە دەرێ.

کوتی هەر ئاڵقە سیمەکان کەوتنە کووچە دوو فیتووم بۆ کەریم لێدا یانی من ڕۆیشتم.

کوتی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا سێبەری ئەو کابرایە هەر بە دوامەوە بوو.

کوتی چاوێکی لە دیوەکە کردەوە، هەر وا داخرابوو. چووە پێش‌تر. دیوێکی بە سام بوو. لەخۆوە بۆ لەو دیوە دەترسا؟

کوتی لە چی دەترسی؟ تۆ منداڵی لە خوێن و چەقۆی نابێ بترسی.

کوتی کابلێکی سێ‌چوار میتریی لێ بوو، لە ژێر کراسەکەی خۆمەوە لە دەوری پشتمم هاڵاند و بە دەروازەکەدا سەر کەوتمەوە و خۆم فڕێ دا خوارێ.

کوتی نە ئازاد و نە عەبدول متەللیب لەوێ نەمابوون.

کوتی دەی، خودا گەورەیە؛ بەرەو ماڵێ تێی‌تەقاند.

کوتی دەستمان کرد بە تیر دروست‌کردن.

کوتی تیرە باریکەکانیان نێو نا، مێش‌کوژ.

کوتی تیرە باریکەکانمان نێو نا مێش‌کوژ، تیرە زەردەکانمان نێو نا زەرگەتە، تیرە ڕەشە ئەستوورەکانمان نێو نا ڕەش‌مار و ڕەشە قەڵەوە زۆر

ئەستوورەکانیشمان نێو نا گاکوژ.

کوتی دوو ڕۆژ لە پتوونی تیرمان ساز کرد. دەیان مێشکوژ و زەرگەتە و ڕەشمار و گاکوژ.

کوتی بە هیوا بووین دەستە ساز کەین.

کوتی دەستەمان ناوێ عەبدول متەللیب.

کوتی کوێڕا پەشیمان بوویەوە؟

کوتی هەر دوو بە دوو دەبین.

کوتی ئەی ئازاد؟

کوتی بەشی خۆی پێ دەدەین با بڕوا. ئەو بۆ ئەوە نابێ.

کوتی بۆ بە هیوای چی؟

کوتی ئەو ڕۆژە چم پێ کوتی؟

کوتی باشە یان نەدەبوو ئازادمان لەگەڵ خۆمان ببردایە؛ یان وەختێک بردوومانە تازە نابێ لێی جودا بینەوە.

کوتی کوڕە ئازاد بۆ ئەو کارە نابێ.

کوتی باشە پێی دەڵێین.

کوتی دڵنیا بن لای کەس دەنگ ناکەم؛ بەڵام ئەوە کارێکی زۆر خەتەرە.

کوتی ئازاد تۆ هەر وەبزانە هیچت نەدیوە.

کوتی جگە لە تۆ کەس ئاگادار نییە.

کوتی کاکە وادیارە لێم بە شکن، قەولتان پێ دەدەم کەس لە دوولێوەم نابیستێ؛ بەڵام کارەکەتان زۆر قۆڕە.

کوتی ئەگە لە هەوەڵەوە لەگەڵ خۆمان نەبردایە ئێستا ئەو ترسەترسەی نەدەویست.

کوتی کوڕە ئێستاش ترسی ناوێ، قەولی داوە.

کوتی عەبدول متەللیب چ بکەین لەو هەموو تیرە؟

کوتی جێگایەکی زۆر باشم پێ شک دێ.

کوتی کوێیە؟

کوتی گوێت بێنەپێشێ.

کوتی گوێی بردەپێشێ.

چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و سرتاندی بە گوێیدا.

جێگایەکی باش بوو؛ کەس شکی بۆ ماڵی ئەوان نەدەچوو.

کوتی شەیتانیش شکی بۆ ئەوێ ناچێ.

کوتی نەنەعەجەم دایکی مکایل بوو. مکایل و دایکی یەکدوو ساڵ دوای تێکچوونی وڵات، لە شارێکی دیکەوە هاتبوونە ئەو گەڕەکە. مکایل لە نێوبازاڕ، دووکانی وێنەگری دانابوو. لە هەوەڵەوە خەڵک بە جۆرێک چاویان لەو دایک و کوڕە عەجەمە دەکرد؛ وردەوردە دەرکەوت کە دایک و کوڕێکی زۆر بێزەڕ و بەستەزمانن؛ کاریان بەسەر کەسەوە نییە و سەرقاڵی ژیانی خۆیانن. دین و مەزەب و ئایینی خۆیان قەت لای کەس نەدرکاند و قەت باسی ئەوەیان نەکرد کە بە هۆی مسوڵمان نەبوونیانەوە لە شارەکەی خۆیان دەرکراون. مکایل هێدیهێدی و بە کاوەخۆ لەنێو خەڵکدا جێی خۆی کردبۆوە و خەڵکی گەڕەکیش نەنەعەجەمیان زۆر خۆش دەویست. نەنەعەجەم زۆر پیر بوو؛ تاڵی ڕەش لە قژیدا نەمابوو. کوردی قسەکردنەکەی زۆر خۆش بوو؛ خەڵک بە ئەنقەست دەیاندواند. مانگایەکی قسری ڕاگرتبوو و بە ڕۆژدا دەری دەکردەدەرێ و ئەوەندەی تاقەتی بوایە دەیبردە خوار ماڵان و لە قۆپی و گوێچۆمی دەیلەوەڕاند.

کوتی جاروبار من ورکەنانم بۆ دەبرد و نەنەعەجەم دەیکوت هەک بە گوربانت دەبمەوە ئەبدول جان. دا وەرە ماچێکی بکەمەوە.

کوتی بە هەر دوو دەستی سەری دەگرت و ماچی دەکرد و قەرەپوولێکی دەخستە نێو دەستیەوە.

کوتی وردەوردە نێوانم لەگەڵ نەنەعەجەم زۆر خۆش بوو.

کوتی زۆرجار مانگاکەی بۆ دەبردە دەرێ و زۆرجارانیش توێکڵەشووتی و ئەگەر ببوایە گەڵا گەرمەشانی لەملاولا کۆ دەکردەوە و دەیخستە نێو لایلۆنێکی گەورەوە و دەیبردەوە بۆ مانگاکەی نەنەعەجەم.

کوتی ئەوەندەی بمتوانیبـایە ئێـواران دەچـووم ورکەنـان و توێکڵەشـووتیم بە دەمی مانگاکەوە دەکرد هەتـا نەنەعەجەم بتـوانێ بە ئیشـتیا بیدۆشـێ. نەنەعەجەم سوێندی دەخوارد هەر ئێوارەیەک مـن دەچـم ورکەنـانی بـۆ ڕادەگـرم ئەو ڕۆژە گوانی مانگاکە بەرەکەتی تێدەکەوێ.

کوتی ئەبدول متەللیب جان دەستت بە خێروبەرەکەتە.

کـوتی ئەوجـار هەمـوو ئێـوارێیەک دەچـووم. وەختێـک زمـانی مانگـاکە هەمووجارێـک لە بەری دەسـتم دەخشـا، بەری دەسـتم ختـیلکەی دەهـات؛ لەو وەختەدا هەستێکی سەیرم هەبوو؛ ئەوەم زۆر پێ خۆش بوو.

کوتی زمانی پانی مانگایەکی ڕەشی قەشان لە بەری دەسـتت بخشـێ و تەڕی بکا؛ چێژێکی تایبەتی هەیە.

کوتی دەستە تەڕەکەم بە نێوچاوانی مانگاکەدا دێنا.

کوتی هەردووکیان ئەو کارەیان پێ خۆش بوو، هەم ئەو و هەم مانگاکە.

کوتی نەنەعەجەم بە ترکـی مانگـاکەی دەلاوانـدەوە و گـۆرانی بـۆ دەکـوت. مانگاکە لە هەر شـوێنێک منـی بـدیبایە دەهـات بـۆ لام و بـۆنی پێـوە دەکـردم؛ دەیناسیمەوە.

کوتی لەوەتی ئەو پازگایە هاتبوو، هەر ئێـواران پـێش ئەوەی مانگـاکەی تێـر بخوا، بە کەلەکەی قوپاوەوە وەپێشی دەدا و دەیکردەوە بە ماڵێدا.

کوتی نەنەعەجەم گیانێکی بە ورکەنان و توێکڵەشـووتییەکانی دەروجیرانەکـان بوو.

کوتی عەبدول متەللیب هەمووجارێک دەچوو توێکڵەشـووتی لە کووچەکـانی دیکەوە بۆ کۆ دەکردەوە و بۆی دەهێنا.

کوتی هەموو خەڵکی گەڕەک لەو سەنگەرەی ڕووبەڕووی ماڵان دەترسـان. لە هەموو سەنگەرەکانی دەوروبەری پازگاکەوە شەوانە خەڵکیـان ئیسـت دەدا؛ بەڵام لەو سەنگەرەوە هەر وەخت پێیان خـۆش بـوایە، چ ڕۆژ و چ شـەو، بە دەنگـی ئیستێکی دوورودرێژ خەڵکیان ڕادەگرت.

کوتی سوورسوور دەیانزانی تۆ چەکت پێ نییە و دەیانزانی خەڵکی ئاسایی و

خەڵکی ئەو گەڕەکەی و تەنانەت دەشیانزانی لە کامماڵەوە دێی و دەچی و کێی و کێ نیی؛ بەڵام هەر ڕایاندەگرتی.

کوتی یەکێک لە چەکدارەکان جارێکیان یەکێک لە جیرانەکان ئیست دەدا و دوایی دەیبەنە ژووری و لەوێ پێی دەڵێن کە بە خەڵکی گەڕەک ڕابگەیەنێ هەرکات ئیست دران بۆ ئەوەی لەگەڵ دوژمن لێیان تێکنەچێ زوو بڵێن "برادەر، خۆمانین".

کوتی هەر کات دەنگی ئیستت ببیستبایە دەبوو لە حاند خۆت ڕاوەستی و هەردووک دەستت لە پشت ملت گرێ دەی و بڵێی برادەر خۆمانین.

کوتی بێتوو خودای بکردایە نگابانەکە کەسێکی تۆزێک بە ڕوحم و بەزەیی بوایە، دوای ئیست دان دەیکوت بڕۆ. دەنا هەرچی بکوتایە، دەبوو بە قسەت بکردبایە. جاری وابوو دەیکوت وەرە بەردرگا. لەوێ لە دیوێکی چکۆلەدا یەکدوو سەعات بە بێ هیچ پرس و قسەوباسێک ڕایاندەگرتی و دوایی بە پێکەنینەوە دەیانکوت بڕۆ ئازادی. جاری وابوو بەقەستی گوللەیان لە بەر پێت دەتەقاند و دەیانمراندی و دەیانژیاندییەوە و بۆخۆیان لەنێو سەنگەرەکەدا کۆ دەبوونەوە و قاقا پێدەکەنین.

کوتی لە بوولێڵی ئێوارەیەکدا تارماییەک بەوێدا تێپەڕی.

کوتی ئیییییست!

کوتی تارمایی گوێی نەدایە و ڕانەوەستا و نەیکوت برادەر، خۆمانین.

کوتی هەر لەڕێوە دەسرێژیان لێ کرد.

کوتی تارمایی بە قورووسکەقورووسک و نووزەنووز خۆی کرد بە کووچەکەدا و لەوێ کەوت.

کوتی جارێکی دیکە میوانی یەکێک لەو ماڵانە بەوێدا تێدەپەڕی.

کوتی ئیییست!

کوتی ڕاوەستا.

کوتی کابرا نابەڵەد بوو.

کوتی جا بەو نوێژی نیوەڕۆیە و ئیست؟

کوتی کابرایەکی ئاسایی بوو نە چەکی پێ بوو و نە هیچی کردبوو.

کوتی ئیستی کوێ؟!

کوتی وا باشترە ڕاوەستێم.

کوتی ڕاوەستا.

کوتی فەرمانی پێ درا بچێتە بەردرگای دیژبانی.

کوتی باشە لەخۆڕا بۆ بچێتە بەردرگا؟

مەگین چیی کردووە؟

مەگین چیم کردووە؟

مەگین چیت کردووە؟

کوتی چاوێکی لەوسەری کووچەکە کرد، زۆر نزیک بوو.

کوتی دەیگەمێ چەند هەنگاوێکە.

کوتی وەڵڵا هەڵدێم.

کوتی جوابی نەداوە و کوتوپڕ هەڵات...

کوتی هەڵاتن هەمان و وەبەر گوللە دران هەمان.

گوللەیەک تەپڵی سەری پێکا و هەر وا بە ئاسانی کوژرا.

کوتی میوانی درەنگ وەخت گلەیی لەسەر خۆیەتی.

کوتی ڕۆژێکیان نەنەعەجەم هەر لای عەسر پێش ئەوەی مانگاکەی تێر بخوا و کەلەکەی هەڵێ، وەپێشی دا و ڕاست بە پێشدەمی ئەو سەنگەرەدا تێپەڕی.

کوتی ئیییییست!

کوتی نەنەعەجەم ڕاوەستا و دەستی خستە پشت سەری و هەرای کرد برادەر خۆمانین.

کوتی دیسان دەنگەکە بەرز بۆوە، ئەمجار دوورودرێژتریش.

کوتی ئیییییییییست!

کوتی نەنەعەجەم هاواری کرد برادەر خۆمانین.

کوتی ئییییییییییییست!

کوتی نەنەعەجەم یەک بەخۆی هاواری کرد برادەر خۆمانین.

کوتی قرمەی تفەنگ بەرز بۆوە و تەپوتۆز لە دەوروبەری نەنەعەجەم هەستا و درا بە عەرزدا.

کوتی نەنەعەجەم لەنێو خاکوخۆڵدا گەوزیی.

کوتی وەیزانی کوژراوە.

کوتی نا، نەکوژراوە، ماوە.

کوتی بەڵام ئەی ئەو تیرە لە کوێی دراوە؟

کوتی تیری حەوایی بوو؟

کوتی چی بوو؟

کوتی ماوە؟ یان خەون دەبینێ؟

یان گوللەی لێ دراوە و هێشتا گەرمەبرینە؟

کوتی نەنەعەجەم دەستی لەسەر دڵی دانا.

کوتی ئەرێ ئەرێ ماوە.

کوتی دەستی لە گیانی خۆی وەردا، دەستی لە تەڕاییەکی گەرمەوە ڕۆچوو. وەختێک دیتی خوێنە، ئەوەندەی هێزی تێدابوو قیژاندی.

کوتی وەختێک بە شک و ترسەوە سەری هەڵێنا، چ ببینێ!

کوتی یا خودا دوژمنەکەشت شتی وا نەبینێ.

کوتی لەولاوە کەلاکی مانگاکەش کەوتبوو بە گوربانت دەبمەوە. ئەوەندەی خوون لێهاتبوو ئەوەندەی خوون لێهاتبوو. ئەو مانگا فەگیرە.

کوتی خوێنەکەی بەرەو نەنەعەجەم شۆلاوگەی بەستبوو و لە ژێریدا پۆنگی خواردبۆوە.

کوتی مانگاکە چاوی بڕیبووە نەنەعەجەم و ڕەگێکی لاملی جارناجارێک جووڵەیەکی دەکرد.

کوتی نەنەعەجەم هەتا مرد و ڕەگی لاملی دەجووڵا، دوعاونزای لەو چەکدارە دەکرد و سنگی لێ دەکوتا.

کوتی نەنەعەجەم لەماڵێ!

کوتی جانی نەنەعەجەم وەرە بیزانم دەلی چی؟

کوتی ئیجازە هەیە ئەو لایلۆنە لە حەوشە دانێم؟

کوتی مالی خۆدیتە بابەجان! چی تێدا؟

کوتی بڕێک تیری تیروکەوانە. لە ترسی میرزاهادی ناوێرم بیبەمەوە ماڵێ؛ تو خودا بە دایکیشم مەڵێ.

کوتی هەتمەن. لای نەنەی خۆدیتە.

کوتی لایلۆنەکەی لە سووچێکی حەوشەکەی ئەوان شاردەوە؛ لە ژێر دارسێوەکەدا و تەلیسە کۆنێکیشی لە سەر دانا.

کوتی جەنگەی گەرمای نیوەڕۆ ئەودەم کە چۆلەکەکوژ بە دیارەوە نییە و زۆربەی خەڵک لە ماڵێ ئیسراحەت دەکەن؛ هەر کام لە ماڵێ وەدەرکەوتن و لە کووچەکەی خۆیان یەکیان گرتەوە.

کوتی لە سەری گۆشەی ئەو کووچەیەی کە ئەگە لێی ڕەد بی دەکەوی بەسەر سەنگەرەکەی پازگادا و بێتوو لە سەری گۆشەکەش ڕاوەستی سەنگەرەکەت لێ نەدیارە، ڕاوەستاین.

*جوانەگایەک بڕێکی مووشاند و سەری هەڵێنا و لووتی بەملاولادا گێڕا و بۆنی بە ولاتەوە کرد؛ گوێی قوت کردبۆوە، لەپڕ دەستی کرد بە بۆڕاندن. لەگەڵ بۆڕاندن لاقیشی لە عەرزەوە وەردەدا. پێش ئەوەی مانگا و گوێلکەکانی دیکە دەست پێ بکەن، سەللاخێک دارێکی لە پشتی سرەواند: وەحە قۆڕە لێت دا ئەرێوەڵلا! بێدەنگی کرد. سەللاخێکی دیکە هات تاکوو بیگرن و پێش هەموویان ئەو لە عەرزی دەن.*

کوتی کەریم دەبێ زۆر وریا بین. ئەو کارە بۆ شۆخی نابێ.

کوتی وریام؛ تەواو ئاگام لێیە.

کوتی کەس دیار نییە؟

کوتی نا.

کوتی دە ئەگەوابێ مێشکوژێکم دەیە.

کوتی ها.

کوتی حەح کەس نازانێ بۆ کوێ چوو؛ یەکی دیکە.

بایەخدارترین ئەرکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کوتی ها.

کوتی لە دڵی خۆمدا یەک دوو سێم لێ کرد. کوتم ئەها بە خودا لێی درا.

کوتی ئاااا هەڵێین؟

چەکدارەکە لەنێو سەنگەرەکەی‌دا ملەقوتەیەکی کرد. سەری کێشاوە دواوە.

کوتی کەریم چاوێکی لێ کردەوە؛ هەموو شتێک ئاسایی ببۆوە. وادیار بوو شتێکی وا نەبووە.

کوتی چوارپێنج گاکوژم دەیە.

کوتی چوارپێنج گاکوژی دایە.

کوتی یەک بە دوای یەک‌دا چواردانەی تێهەڵکرد.

کوتی حەک کوێراییم دابێ؛ دا زەرگەتەیەکم دەیە بزانم ئەو چۆنە؟

کوتی زەرگەتەیەکی دەرهێنا و کوتی ها ئەوەش زەرگەتە.

کوتی هێشتا دەستی کەریم هەر بە حەواوە بوو و چاوێکی هەر قووچاندبوو کە دەنگێک لەنێو سەنگەرەکەوە یەک بەخۆی کوتی ئیییست و قرمەی ڕەگبار هەستا.

کوتی دەم لەسەر پشت هەڵاتن. بە هەڵاتن خۆیان کردەوە بە ماڵی کەریمدا.

کوتی بوو بە ڕەگبار و تەقە.

کوتی دایکی کەریم زۆر دەترسا.

کوتی خولایە تۆ هەڵینەگری. ئەوە چییە هێشتا کۆڵێک ڕۆژی ماوە. دانیشن لەو جێگایەی خۆتان نەبزوون شەڕە.

کوتی کەم وابوو شەڕ ئاوا بە نوێژی نیوەڕۆ دەست پێ‌بکا؛ زۆربەی وەخت سەر لە ئێوارێ یان تاریکانی شەو تەقە دەستی پێ دەکرد.

کوتی چووم کتێبەکانم هێنا؛ دەستم دەلەرزی.

کوتی کارێکی زۆر خراپمان کردبوو.

کوتی ملیوانی کراسەکەم لەگەڵ لێدانی دڵم دەلەرییەوە.

کوتی هەر کام یەکی کتێبێکیان بە دەستەوە گرت و بە ڕواڵەت لەو ئاوربارانەدا دەرسیان حازر دەکرد.

کوتی تەنیا ئێمە دەمانزانی ئەو تەقەیەتەقەی چییە.

کوتی لە بنەوە چاوێکم لە عەبدول متەللیب کرد وەک دەندووکی کەو سوور هەڵگەڕابوو.

نیگایان تێک هەڵەنگوت.

کەریم لێوی گەست و چاوی لێکنا.

کوتی دەستی هێناپێشێ. من لە ترسان هەر لەبیریشم چووبۆوە.

کوتی تیروکەوانەکە بوو.

کوتی زوو هەستام چوومە حەوشە و بە دزییەوە لەگەڵ چەند تیرێک کە لە گیرفانمدا مابوونەوە حەوام دانە سەربان و هاتمەوە.

کوتی تا دەهات تەقە کەم دەبۆوە. بەڵام بەینابەین دەنگی ڕەگبار یان تەکتیرێک دەبیسرا.

کوتی لە درگایان دا.

کوتی عەبدول متەللیبگیان هەستە زوو بڕۆوە؛ ئێستا دایکت فەقیرە لەتاو تۆ دڵی تۆقیوە.

کوتی ئەوە لە کوێی کوڕە.

کوتی لە ماڵی کەریم دەرسمان حازر دەکرد.

کوتی جا نابێ بێیەوە ماڵێ؟ ئاگات لێیە چ ئاوربارانێکە! وەڵڵا وەختابوو دڵم بتۆقێ.

کوتی زۆر لەوانەیە ئەوشۆ شەڕ بێ، کەریم ئیدی ئەوە پێت دەڵێم بیکە بۆ خاتری خودا داکەوە نەچییەدەرێ.

کوتی لە زرمەزرم و تەقوکوتی درگا ڕاچڵەکیم.

کوتی هەموو ماڵێ وەخەبەر هاتبوون؛ نیوەشەو بوو.

کوتی دایکم نەیدەهێشت بابم بچێ درگاکە هەڵگرێ، دەیکوت کابرا دەتکوژن. پێش ئەوەی بابم سەری لە پەنجێرەکەوە بباتەدەرێ و بڵێ کێیە؛ بۆخۆیان بە سەر درگای حەوشەکەدا بازیان دا ژووری و بە فارسی کوتیان کێیە؟

کوتی بابم کوتی خۆمانین برادەر.

کوتی من و دایکم هیچمان نەکوت.

کوتی بابم بە ترسەترس و لەرزەلەرزەوە ڕاوەستابوو.

کوتی فەرماندەکەیان دەستی هەڵێنا و قامکەکانی وەک دەمانچە لێ کرد و ڕووبەڕووی منی ڕاگرت و کوتی حاجی تەپانچە داری؟ تەپانچە؟

کوتی نەوەڵا قوربان تەپانچەمان نییە.

کوتی بە ئیشارەی ئەو، چوارپێنج چەکدار بە بێ ئەوەی پۆتین و کەوشەکانیان داکەنن دەستیان کرد بە گەڕان و پشکنینی وڵات.

کوتی کەریم و دایکی و باوکی بە ڕوخسارێکی ترساو و ڕاچڵەکاو و پەشۆکاوەوە دەیانڕوانییە ئەو دیمەنە.

کوتی لە چاوترووکانێکدا هەموو وڵاتیان پێکدادا؛ شڕەوشاتاڵ و جلوبەرگ و لێفەونوێن و قاپوکەوچکیان فڕێ دا نێوەڕاستی دیوەکان و هەموو کومێد و یەخدان و سندووق و جێنان و سەر تاقە و ڕەفحە و هەموو کەلوکونی وڵات گەڕان و لێکیان دان و دەریان دان.

کوتی دوایی کە ڕۆیشتن ئێمە ماینەوە و کۆڵێک ترس و دڵەڕاوکێ و ماڵێکی پێکدادراو و شپرزەکراو. ئێمە ماینەوە و کۆڵێک شوێنپێی پۆتینی زەلامزەلام بەسەر لێفەونوێن و قاڵییەکانەوە.

کوتی عەبدول متەللیب ئەوشەو هاتنە ماڵی ئێوە؟

کوتی ئەرێوەڵا. تەواوی ئەو سێچوار کووچەیە گەڕاون.

کوتی کەریم بڵێی ئەو تیرە لێی درابێ؟

کوتی حەتمەن لە گێزیملی دراوە بۆیە وا تووڕە بوون.

کوتی دەڵێم تیرەکان لە ماڵی نەنەعەجەم هەڵگرین و لە چۆمییان بخەین نەوەک بیبیننەوە؛ با ئەوانیش بەدبەخت نەبن.

کوتی زۆر فکری چاکە.

کوتی لایلۆنی تیرەکانیان لە ماڵی نەنەعەجەم هەڵگرت و تیروکەوانەکانی خۆیان لە سەربان هێناوە و بە پەلە بردیان بۆ چۆمی.

کوتی ئەوی ڕاستی بێ دڵمان نەهات ئەو هەموو تیرە جوانە بدەین بە دەم

ئاودا.

کوتی لە شوێنێک قوولّکەیەکیان بۆ هەلّکەندن و لە بن گـلّدا شـاردیانەوە و نیشانەیان کرد.

کوتی چاک بوو ئەو کارەمان کرد.

کوتی لەوەبەولاوە حەفتەی دووسێ شەو خۆیان دەکرد بە مالاّندا و بیانوویان بە خەلّک دەگرت؛ تەواوی کەلێنوکولێنی ولاّت دەگەڕان.

کوتی هەر من و عەبدول متەللیب دەمانزانی کوێیان دێشێ و بـۆ وا دەکەن و لە چی دەگەڕێن.

کوتی لای کەس دەنگیان نەکرد.

کوتی وای لێهاتبوو بە نوێژی نیـوەڕۆش کەس نەیـدەوێرا لە پێشچـاوی ئەو سەنگەرەوە تێپەڕێ.

کوتی نیوەشەوێک بە دەنگی تفەنـگ و ڕەگبـار و خـرمەی شووشــە لە خەو ڕاچەنیم.

کوتی دایکم دەگریا.

کوتی دایکم کوتی کابراکە ماوی؟

کوتی من یەک بەخۆم قیژاندم.

کوتی ماوم ماوم مەیکەنە هەرا ماوم.

کوتی بە دەنگێکی بەرز هەرام کرد: برادەر خۆمانین.

کوتی من و دایکم زۆرمان پێ خۆش بوو بابم ماوە و نەکوژراوە.

کوتی کەریم برق هەلّنەکەیەوە شوکر بابت ماوە؛ تۆ بخەوەوە.

کوتی خەوی لێ نەدەکەوتەوە.

کوتی بابم بە گاگۆلّکێ بە پێپلیکانەکاندا هاتبۆوە سەرێ.

کوتی بەیانی بۆم مەعلووم بوو کە نیوەشەو وەختێک بـابم ویسـتبووی بچێـتە سەرئاو؛ لەگەلّکوو برقی سەردەرانەکەی هەلّکردبوو وەبەر گوللەیان دابوو.

کوتی ئەوەی کە گوللەم وێ نەکەوتـووە تەنیـا لە خـوداوەی دەزانـم و ڕۆژم تەواو نەبووە.

کوتی خولاّ و جەددی ئەو مشایەخە بایزیان لە مردن گێڕاوە.

کوتی شووشەی درگای پێشخانەکەمان هاتبووە خوارێ و دوو گوللەش هاتبوونە ژوورێ و سێچوار گوللەش لە دیواری وەتاغەکانی دیکە درابوون.

کوتی ئێستاش دوای ئەو هەمووە، کونەکانیان لە دوورەوە دیارن.

کوتی وەختێک بەو تاریکییە بە گاگۆڵکێ هاتبوومە سەرێ، وردەشووشە تەواوی دەست و لاقی بریندار کردبووم.

کوتی کەریم خەوی لێ کەوت.

کوتی تا بەیانی کەس نەیوێرا لە جێگای خۆی ببزوێ.

*سەگەکانی دەوروبەری کوشتارگا لە دوورەوە پێمان وەڕین و گوێلک لەنەکاو سڵەمییەوە و خۆی ڕاپسکاند؛ بابم توندتوند گرتی، تۆزێکی مابوو پەتەکەی لە دەستی بترازێ. من دەترسام. بابم کوتی مەترسە هیچ نییە بەردێکیان تێهەڵکەی یان بەحاڵ وشتوویان لێ بکەی هەڵدێن.*

کوردیکا @kurdica

## ٤

کوتت ڕۆژێک وەک هەموو ڕۆژەکان دەچووینەوە مەدرەسە.

کوتت زەنگی یەکەم ئەدەبیاتمان هەبوو، منداڵەکان چوونە کلاس و هەموو چاوەڕێ بوون ئاغای عەلیزادە وەک هەموو دووشەممەکانی دیکە بێتە سەرکلاس و دەرسمان پێ بڵێتەوە.

کوتت بەڵام لەپڕ کەسێکی دیکە هاتە سەرکلاس کە قەتمان نەدیبوو.

سڵاو بەڕێزان! ئەوڕۆ ئاغای عەلیزادە کاری بوو، پێی نەکرا بێتەوە و من لەجێی ئەو هاتووم.

کوتت دەفتەری کلاسی کردەوە و دەستی کرد بە حازروغایب.

ئازاد ئیبراهیمی!

بەڵێ حازر...

کەریم قادری!

حازر...

خالید مەحموودی!

بەڵێ...

عەبدول متەللیب نادرزادە!

بەڵێ حازر...

حەح لەو نێوە! ئەرێ ئەوە کێ ئەو نێوەی لێ ناوی؟

باوکم ئاغا!
جا ڕۆڵەگیان تۆ و ئەو نێوە؟!
بۆ ئاغا!

کوتت یەکێک تۆی نەدیبێ دەڵێ داخوا پیاوێکی پێچوکڵاو بەسەری شەستحەفتا ساڵەیە؛ جا ئەوە بۆ، بۆ تۆ دەبێ؟ تازە بریا هەر متەللیب بوایە.

کوتت ئاغا متەللیب دروست نییە و ئەستەغفیرەڵڵا متەللیبیش نێوی خودایە!

کوتت دەی نێوی خودا بۆ بۆ تۆ دەبێ؟ ئێمە دەبێ نێوی بەشەر لە خۆمان بنێین. من بم لەجیاتی تۆ، دەچمەوە بیانوو بە باوکم دەگرم دەڵێم دەبێ بۆم بگۆڕی. تا ئەو هەموو ئازاد و هیوا و ئارام و شتە هەیە؛ بۆ ئەو نێوە ڕەقوتەقە ناخۆشە عەرەبییانە لەسەر منداڵ دانێین؟

کوتت چا ئەو نێوە کوردییانە چەن خۆشن. کورت و سووک و لە زمانخۆش. ئاخە بابە عەبدول متەللیبی نادرزادە خەتێک دەگرێتەوە.

کوتت تۆ سبەینێ دەچییە زانکۆ، دەچییە سەربازی، نێو هەتا کورت بێ خۆشترە.

کوتت کوڕە جا گەورەش دەبی کاک یان ئاغا یان مام و خاڵێکیشت پێوە دەنووسێ ئەودەم چی لێدێ؛ کاک عەبدول متەللیبی نادرزادە. هێندە درێژە هەر نابڕێتەوە!

کوتت دەڵێی گوریسە!

کوتت منداڵ هەموو پێکەنین.

کوتت عەبدول متەللیب وا خۆی گرمۆڵە کرد و خۆی وێکهێناوە کە ئەوەندەی ورد و چکۆلە و کز بوو، ئەوەندەی دیکەش وردتر و چکۆلەتر و کزتر دەینواند.

کوتت قەت ئاوا بەخۆیدا نەشکابۆوە.

کوتت دەمزانی زۆریی لە خۆی دەکا هەتا لە قڵپەی گریان نەدا و لە بەرچاوی منداڵ دەست نەکاتە گریان.

کوتت وەک زۆربەی ئەو کاتانەی کە خۆم دەخواردەوە و خۆم گرمۆڵە

دەکرد، بێهەستوخوست، هەستم کرد چەن دڵۆپە فرمێسک گەڕاوە و بە گەروومدا ڕۆیشتنە خوارێ.

کوتت باشە عەبدول متەللیب بۆ ناخۆشە؟ عەڕەبییە؟ متەللیب نێوی خودایە! بۆ نێوی خودایان لە من ناوە؟ ئازاد نێویێکی کورت و سادە و لە زار خۆشە، ئازاد کوردییە؟

کوتت بە ئەسپایی دەفتەرەکەم دەرهێنا لەسەر کۆشم دانا و نووسیم عەبدول متەللیب نادرزادە و لە ژێر ئەویشەوە نووسیم ئازاد. زۆر دوورودرێژم هاتە پێش‌چاو. جاران وا نەبوو.

کوتت ئەی بۆ جاران وانەبوو؟

کوتت خەتکێشم لێ ڕاست کردەوە و پێوام. نیوە خەتێکی دەگرتەوە.

کوتت عەبدولەکەیم سڕییەوە.

کوتت بڕێک باش‌تر بوو.

کوتت ڕاست دەکا؟ زۆر دوورودرێژە.

کوتت ڕاست دەکا وەختایەک ئێمە کوردین بۆ نێوی من عەڕەبییە؟

کوتت بۆیە جارجاریش منداڵەکان جۆرێک تەماشام دەکەن. نێوی کەس وەک نێوی من دوورودرێژ نییە.

کوتت هەرچی نێوی دوورودرێژە عەڕەبییە. سامان خزری... لوقمان کەریمی... عەلی لوتفی... ڕاست دەکا ئەوانە زۆر سادەن، بەڵام چا هی من...

کوتت بە دزی ئازادەوە دیسان خەتکێشەکەم لەسەر داگرتەوە نزیکی پێنج شەش سانت دەبوو. زۆر لە هی ئەوانی دیکە درێژتر بوو.

کوتت چییە ئەوە بابەگیان پێت ناخۆش بوو وام پێ کوتی؟

کوتت نا ئاغا!...

کوتت چییە ئەوە دەگری؟

کوتت ببوورە نەمزانی پێت ناخۆشە.

کوتت من بە دڵسۆزی وام پێ کوتی.

کوتت ئاغا ئەوە هەمیشە وایە هەر دوو قسەی لەگەڵ بکەن دەس دەکاتە

گریان!

کوتت ئاغا زۆر دڵناسکە.

کوتت دەنگی منداڵەکانم دا.

کوتت کەریم زۆرم پێ خۆش بوو دەنگت دان.

کوتت ئاغا درۆ دەکەن.

کوتت بە ئێوە چی دەگری؟

کوتت عەبدول متەللیب لە بنەوە هەڕەشەم لە سێچوارێکیشیان کرد.

کوتت عەبدول متەللیب سەری بە هەنیسکەوە هەڵدەکەنرا.

کوتت لەوەتی من دیبووم و دەمناسی قەت نەمدیبوو ئاوا بگری. زۆرم بەزەیی پێیدا هات و وەختی زەنگی پشوو چوومە لای و دڵخۆشییم داوە.

کوتت بەڕاستی لەو ڕۆژەوە کە کەریم لە کلاس لەسەرم وەجواب هات و دواییش هاتە لام زانیم کەریم ئاواڵێکی بەئەمەگ و بەوەفایە.

کوتت کوتی عەبدول متەللیب!

کوتت کوتی ئەوە چییە؟ کێ لێی داوی؟ لەگەڵ منداڵ شەڕت بووە یان ئاغا لێی داوی؟ ها؟ دا سەر هەڵێنە بزانم. دا وەرە بۆ دایکی خۆت بگێڕەوە...

کوتت کوتم نا؛ هیچ نەبووە...

کوتت کوتی چی؟ وەڵا باشە! عەبدول موتەللیب! دا وەرە بزانم دایکت ڕاست دەکا؟ ئەوە چ سەگبابێک وای پێ کوتی؟ ها؟ کام معەللیم بوو، تا دایکی بە کەران بگێم!

کوتت کوتم هیچیان.

کوتت کوتی مدیرەکەتان بوو؟

کوتت کوتم نا.

کوتت کوتی نازمەکەتان بوو؟

کوتت کوتم نا.

کوتت کوتی ئەی کێ ئەو گووەی خوارد؟ ها؟ دە بیڵێ با دایکی خێوی تۆش بە کەران نەگێم!

کوتت کوتی دا سەر هەڵێنە بزانم.
کوتت کوتی حەک خودا بتبڕێ جا ئەوە ئەو گریان و نووکەنووکەی بۆ چییە!
کوتت کوتی هەر کەس کوتی کێ ئەو نێوەی لێ ناوی بڵێ باوکم.
کوتت کوتی هاتوو زیاتری لەسەر ڕۆیشت بڵێ بچۆ لەگەڵ باوکم قسە بـکە. بزانە دەیانرێێنم بە قەبری بابەسەگیاندا یان نا!
کوتت کوتی من نێوم ناوی عەبدول موتەللیـب! بـۆ خۆشـم دەزانـم بـۆ ئەو نێوەم لێ ناوی! حاڵیی بووی! تەنیا بۆ خۆم دەزانم عەبدول موتەللیب کێ بوو.
کوتت کوتی ئەوە ڕازە، ڕاز؛ نهێنییە!
کوتت لێم هاتەپێشێ و کوتی حاڵیی بووی!
کوتت کـوتی هـیچ کەسـیش نـاتوانێ ئەو ڕاز و نهێنیـیە لە بـن زمـانی مـن دەرکێشێ!
کوتـت لێـی چووەپێشـێ و کـوتی ئەرێ ژنەکە قەت لای تـۆ کوتـوومە ئەو عەبدول مەتەللیبەی ئەوەم بە نێوەوە کردووە کێ بووە؟
کوتت کوتی هەرکەس قسەی کرد بڵێ باوکم ئەو نێوەی لێ ناوم؛ میرزاهادی!
کوتت کوتی بڵێ بڕۆ لەگەڵ باوکم قسە بکە.
کوتت لەبەرخۆیەوە کوتی بڵێ بڕۆ لەگەڵ میرزاهادی قسە بکە!
کوتت کوتی هەر کەسیش وای پێ کوتـووی تـا سـەری هەڵـدەگرێ گـووی خوارد لەگەڵ بابی بابی بابی و حەفتا پشتی.
کوتت کوتی بتکوتبایە ئەییووهەلبارگین ئەگە نێوی بەشەر نییە بـۆ سـجیلیان پێداوم.
کوتت کوتی سبەینێش بۆ خۆم دێم حاڵییان دەکەم. شەرتە بیانرێێنم بە گۆڕی بابیاندا.
کوتت دوانیوەڕۆ تۆ و ئازاد دووسێ جار لە کووچە فیتووتان لێدا.
کوتت نەچوویەدەرێ.
کوتت کەریم لای تۆ باسم کردبوو.
کوتبووت هەر وەخت کـارت بە مـن بـوو قەت لە درگـا مەدە. بـاوکم بە لە

درگا دان و ڕەفیق و ڕەفیقبازی قەڵسە.

کوتبووت لە دەرەوە فیتوویەک لێدەن بۆ خۆم دێم.

کوتت شەوێش بە بیانووی دەرسی ڕیازییەوە چوویە دیوێک و بە دەیان جۆر دەتنووسی عەبدول موتەللیب نادرزادە.

گەورە، چکۆلە، خڕ، باریک، ئەستوور و ورد.

کوتت بە هەر جۆرێک فکرم لێ دەکردەوە هەر دوورودرێژ و ناخۆش بوو.

کوتت بڵێی هی ئەوە بێ عەرەبییە؟

کوتت بێتوو کورت بێتەوە لانیکەم باشترە.

کوتت بە خودا باوکت بەو شتانە بزانێ زمانی منیش لە بنەوە دەبڕێ، باسی نەکەیەوە. هەر دەڵێ بیرەوەریم لەو نێوە هەیە و بە خودا منیش نازانم چ بیرەوەرییەکی هەیە.

کوتبووی ئیدی ئەوە با پێت بڵێم هیچکەس حەقی نییە پێی بڵێ متەللیب. کوڕی من نێوی متەللیب نییە. متەللیبیش نییە.

چاوێکی لە مەلۆتکەکە کردبوو کە لە باوەشی خێزانیدا بوو.

کوتبووی نە نێوی موتەللیبە و نە متەللیب.

کوتبووی ئەی نێوی چییە؟

کوتبووی عەبدول موتەللیب.

کوتبووی تەنیا عەبدول موتەللیب.

کوتبووی بۆ خۆم دەزانم بۆ نێوی دەنێم عەبدول موتەللیب.

کوتبووی عەبدول موتەللیب تەنیا عەبدول موتەللیبە.

کوتبووی بێتوو لە ئێستاوە خۆمان پێی نەڵێین متەللیب، کەس وای پێ ناڵێ. خەڵک چاو لە زاری خۆمان دەکەن.

کوتبووی زاری من بۆ هەموو شتێک قەپانە.

کوتت ڕاست وابوو. نە لە ماڵێ و نە لە کووچەوکۆڵان و نە لە مەدرەسە، کەس پێی نەدەکوت موتەللیب، یان متەللیب. لە سجیلەکەشیدا نووسرابوو عەبدول موتەللیب.

کوتت گوێچکەم وا بە عەبدول متەللیب عادەتی گرتبوو کە متەللیبم بە نێوی خۆم نەدەزانی و لە گوێمدا نێوێکی نامۆ بوو.

کوتت بە منداڵی هەرکەس تەنانەت مامۆستاکەشت بە متەللیب بانگی بکردایەی، هەر ئەوجۆرەی باوکت ئاوی گوێی دادابووی، بڕۆت وێک دێنا و دەتکوت متەللیب نێوی من نییە پێم بڵێ عەبدول موتەللیب.

دەتکوت من عەبدول متەللیبم.

دەتکوت متەللیب تەنیا خودایە.

کوتت باوکم فێری کردبووم شانازییەکی گەورە بەوەوە بکەم کە نێوم عەبدول متەللیبە.

کوتت چونکە عەبدول متەللیب سجیلەکەشی هەر بەو نێوە وەرگیرا، لە دەروژوور و ماڵ و مەدرەسە هەر عەبدول متەللیب بوو.

کوتت ڕاست دەکا، چا ئەو نێوانە؛ ئازاد، ڕێبوار، سامان، ئارام.

کوتت جا عەبدول متەللیبیش بوو بە نێو؟! وەڵڵاهی ڕاستیش دەکا منی کورد بۆ دەبێ نێوی عەرەبیم لەسەر بێ؟ نازانم عەبدول متەللیب یانیی چیش. نێوی کوردی کورت و سادە و لە زارخۆشن.

کوتت هەر چی فکرم لێ دەکردەوە بێفایدە بوو.

کوتت دانەدانە لەسەر ڕووبەرگ و نێوەوەی هەموو کتێبەکان و دەفتەرەکانم، لە هەر جێگایەک کە عەبدول متەللیبی لێ نووسرابوو، بێتوو بە میداد بوایە پاکم دەکردنەوە و بە خودکاریش بوایە ڕەشم دەکردنەوە و دەمنووسی متەللیب نادرزادە. پێموابوو تاکوو ئەودەم هەموو بە چاوێکی سووک تەماشایان کردووم.

کوتت دەبێ لە دڵی خۆیاندا و لە پشتە سەری من، بە بۆنەی ئەو نێوەمەوە چیها کەوتبێتمە بەر گاڵتە و شۆخی.

کوتت دەزانی چییە عەبدول متەللیب؟

کوتت کەریم تۆ ئەو خودایە لەوەبەدوا پێم مەڵێ عەبدول متەللیب؛ جاری هەتا دەیگۆڕم هەر پێم بڵێ متەللیب.

کوتت بۆچی؟

کوتت وەڵا ئەو نێوەم لەپێش‌چاو کەوتووە.
کوتت قەتم ئەوە لەلا باس نەکردووی، منیش بە منداڵی نێوم کەریم نەبووە.
کوتت هەر بێ‌شۆخی؟
کوتت وەڵڵا، بە منداڵی نێوم خەبات بووە.
کوتت ئەها جاری وایە دەنووسم خ . قادری. ئەوە لەبەر ئەوەیە.
کوتت دەزانی چییە متەللیب؟ بۆت بگێڕمەوە لای کەس دەنگ ناکەی؟
کوتت نەوەڵڵا، بە خودا لای کەس دەنگ ناکەم.
کوتت کەریم هەستم کرد چاوت پڕ بوو لە ئاو.
کوتت من برایەکم بوو لە خۆم گەورەتر بوو، نێوی کاک جەماڵ بوو، ئەودەم کە لەدایک بووم، ئەو نێوی نابووم خەبات.
کوتت دوای ئەوەی وڵات گیراوە، باوکم و ئەوان لە ترسان نێویان گۆڕیوم و کردوویانەتە کەریم.
کوتت باوکم دەڵێ وەختێک کاکە جەماڵم بیستبوویەوە نێوی منیان گۆڕیوە زۆری پێ ناخۆش بووە.
کوتت دوایی کاکە جەماڵم کوژرا.
کوتت باوکم عەکسێکی کاکە جەماڵی گەورە کردبۆوە و بە دیواری دیوەکەماندا هەڵیواسیبوو.
کوتت وەختێک ئەو پازگایە هاتنە ئەوێ. بابم لە ترسان هێنایە خوارێ و شاردییەوە.
کوتت ئێستاش بۆرایی چوارچێوەی عەکسەکە هەر بە دیوارەکەوە ماوە.
کوتت دایکم هەموو جارێک سەر هەڵدێنێ و چاو لەو شوێنە بەتاڵە دەکا و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ.
کوتت هەمووومان وەختێک چاو لەو شوێنە دەکەین کاکەجەماڵی تێدا دەبینین کە ئاغابانووەکەی لە ملی کردووە و بە بزەیەکی تایبەتەوە چاومان لێ دەکا.
کوتبووت دایە کاکەجەماڵ هەمیشە چاو لە من دەکا.
دایکت دەستی کردبووە گریان.

کوتت وەختێک کوژرا من لەبیرم دێ.

کوتت ڕۆژێکی دیکە بۆت دەگێڕمەوە چۆن کوژرا.

کوتت بە قسەت دەکەم منیش لەوەبەدوا لەسەر لاپەڕەی ئیمتحان و دیکتە و شتەکانیش تەنیا دەنووسم نادرزادە.

کوتت وەختی نێو خوێندنەوە و حازروغایب، خودا خودام بوو عەبدولەکەی نەڵێن و عەبدول مەتەللیب نەبیستم.

کوتت بەڵام لەنێو ئاواڵەکانمدا کەریم تۆ نەبێ، هیچکەس پێم ناڵێ متەللیب.

کوتت باشە ئەوە لەسەر کتێب و دەفتەرەکانیش پاکت کردەوە، ئەی سجیلەکەت چی لێ دەکەی؟

کوتت بەدبەختی سجیلەکەمە.

کوتت خۆ من ناتوانم سجیلەکەم بگۆڕم.

کوتت باشترین فکر ئەوەیە لە سجیلەکەمدا نێوی خۆم بگۆڕم؛ خۆ دەزانم باوکم بە قسەم ناکا.

کوتت ئەی سجیل لە کوێ پەیدا کەم؟

کوتت سجیلەکان هەموویان لەگەڵ قەباڵە و سەنەدی ماڵ و دووکان لەنێو سندووقێکی چکۆلەدا بوون.

کوتت سندووقە چکۆلەکەش لەنێو کومێدێکی قاوەیی خرابوو.

کوتت کومێدە قاوەییەکەش لە دیوی باوکم بوو، کە هەمیشە داخرابوو و کلیلەکەی لە تەنکەی گیرفانی خۆیدا بوو.

کوتت لە تەنکەی گیرفانی میرزاهادیدا بوو.

کوتت چییە ئەوە جووڵەجووڵی چتە؟

کوتت چی بووە عەبدول متەللیب؟

کوتت دڵم پڕ ببوو و هەستم کرد کە چەند دڵۆپ فرمێسک بە بێ ئەوەی ڕێگای ئەوەیان بێ کە بە چاومدا بتکێنە خوارێ، هاتنە نێو گەرووم و قووتم دان.

کوتت بە خودا بابە هیچ.

کوتت لەوە زیاتر خۆم بۆ ڕانەگیرا.

کوتت من هەتا ئەو جێگایەی بتوانم ناهێڵم کەس بزانێ کە دەگریم.

کوتت گریام.

کوتت بەڵام کەس نەیدەزانی دەگریم.

کوتت فرمێسکەکانم قووت دەدان. زۆرم بۆخۆم هێنا کە نەیەڵم گریانەکەم بتەقێتەوە.

کوتت بەڵام نەمتوانی و لە پرمەی گریانم دا.

کوتت حەک خودا بتبڕێ هەی!

کوتت پووڵت دەوێ؟ چیت دەوێ؟ ها؟ بۆ دەنگ ناکەی؟

جا وەرە دڵ بە کوڕی ئاوا خۆش کە.

هەستە بڕۆ دەرێ هەستە! چا ئەو گەڵوقمچاغەی!

کوتت هەمووی ئەو دەردیسەرییانە لە دوای قسەی ئەو معەللیمەوە کە نەشیدەناسی، بۆی ساز ببوون.

کوتت قسەکانی زۆر ناخۆش بوون، بەڵام ڕاستی دەکرد یەگجار ناخۆش و دووروودرێژە. ئاخە وەڵڵا ئەو نێوە کوا بۆ منی سێزدەساڵی کلاس دووی ناوەندی دەبێ؟

کوتت ئەی هاوار و داد و بێداد! دەبێ منداڵ چەندە پێم پێکەنیبێتن!

کوتت تەنیا چارە و ڕێگا ئەوەیە ئەو کلیلانە بە هەر جۆرێک بێ پەیدا بکەی و کومێدەکە بکەیەوە.

کوتت بیکەمەوە؟

کوتت ئەهاا خۆ دەشکرێ بە شتێکی دیکە بیکەمەوە.

کوتت کەس نازانێ چۆناوچۆن بووا! کەری کوێ تۆپیبوو! خۆر لە خۆراواوە هەڵاتبوو، چی!

کوتت خوداوڕاستان ڕۆژێک میرزاهادی کلیلی کومێدە قاوەییەکەی لەبیر چووبوو.

کوتت زۆر سەیر بووا! هەر بە کومێدەکەوە بوو و بەحاڵ دەلەرییەوە.

کوردیکا @kurdica

کوتت وەختی چاک بوو.
کوتت باوکی لە ماڵێ نەبوو.
کوتت تەنیا دایکم بوو ئەویش خەریکی چێشتلێنان بوو.

کوتت کوتم وەختی چاکە! زوو دەریهێنە و نێوی خۆت بگـۆڕە. زوو بە دەی ترسەنۆکی خویڕی. چاو لە دەرێ کە، کەس دیار نییە. بەڵام جیرەی درگـای ئەو کومێدە چی لێ دەکەی؟

کوتت کوتم یەک بەخـۆت بنیشـە سـەری و قورسـایی خـۆتی بـدە سـەر و هێواشهێواش و زۆر سەبر و لەسەرەخۆ بیکەوە.

کوتت کوتم دەی... تۆزێکی دیکەش... هێواشتر... زۆر باشە. مەیەڵە دەسـتت بلەرزێ. ئەو لەرزەلەرزەت لە چییە؟... ئەهاااا، ئەوجار دەزانی چـی بـکە؟ کوتـت کوتم بەسپایی دوگمەی سندووقەکە بترازێنە. نا ئەوە سجیلی تۆ نییە. ئەوەش هی تۆ نیـیە. زووکـە. ئەی ئەوەیـان؟ ئەوە هـی تـۆ کـوا؟ دە زوو بە دەی... ئەوەتـا، عەبدول موتەللیب نادرزادە. هەڵیگرە.

کوتت سجیلەکانی دیکەم وەک خۆیان لە جێی خۆیـان دانـاوە. سـندووقەکەم وەک خۆی لێ کردەوە و شتەکانم وا داناوە کەس شک نەکا.

کوتت کوتم بنیشەوە سەر درگـای کومێـدەکە. بە هێواشـی پێـوەی دەوە. زۆر هێواش، مەیەڵە جیرەی بێ. زووکە بیخە گیرفانت... دەی تا کەس نەهاتووە.

کوتت بە پەلە لە ماڵێ ڕۆیشتمەدەرێ و چوومە خاکە چۆڵەکەی پشـت مـاڵی خۆمان.

کوتت نە ئازاد و نە تۆ لەوێ نەبوون.
کوتت بە دزییەوە دەرمهێنا و پەڕی یەکەمم هەڵداوە.
ناو و شۆرەت عەبدول موتەللیب نادرزادە.
کوتت بە جەوهەرێکی ڕەشی پان نووسرابوو.
لەدایک بووی نۆی شەشی هەزار و سێسەد و پەنجاوچواری هەتاوی.
ناوی باوک هادی.
ناوی دایک ئەسمەر.

کوتت نێوی کەریم زۆر لە نێوی من خۆش‌تــرە. کــوتی بەس نیــیە عەبــدولی پێوە نییە.

کوتت کورە وەڵڵا هێشتا نێوی باوکم خۆش‌ترە. هادی. خۆزگە بە خۆی. هی من لە هی باوکیشم پیرانەترە. لانیکەم بریا من نێوم هادی بــوایە و بــاوکم نێــوی عەبدول متەللیب. چا ئەو بەدبەختییەی من!

کوتت جارێ وەختی ئەوە نییە؛ زووبە.

کوتت کوتم ئەی چی لێ بکەم؟

کوتت کوتم کوێر کردنەوە. بە قەڵەم عەبدولەکەی کوێر بکەوە.

کوتت کوتم نابێ.

کوتت کوتم بە جەوهەری ڕەش بەسەری‌دا بکەی چۆنە؟

کوتت کوتم دەبێ؟

کوتت کوتم کەمێک جەوهەری ڕەش بە حاستەم بەسەر عەبدولەکەی‌دا بکە.

کوتت کوتم دەبێ؟

کوتت کوتم نابێ، دوایی دەزانن.

کوتت کوتم نا وانابێ.

کوتت کوتم کارێکی وای بەسەر بێنە تەنیا موتەللیبەکەی بمێنێتەوە و دوایی لە مەدرەسە بڵێ من نێوم متەللیبە.

کوتت هێشتا ئاوا باش‌ترە. هیچ نەبــێ لە ســاڵێکی دیــکەوە تەواوی دەفــتەری معەللیم و ناونووسی و شت هەر بە متەللیب دەکرێ.

کوتت هەر ئەوەندەشە ڕفێقەکانم بە متەللیب بانگم بکەن ئیدی هەمــوو کەس فێر دەبێ پێم دەڵێن متەللیب.

کوتت کوتم نا وا باش‌ترە هەر بە یەگجاری بیگۆڕم.

کوتت باشە ئەی بۆ ئەو هەموو ڕەحمان و ڕەحــیمە هەن و بــۆ ئەوان دەبــێ، بەڵام بۆ تۆ نابێ؟

کوتت خودا بە گەورەیی خۆی دەمبەخشێ.

کوتت کوتم ئەهاااا کون کردن باش‌ترین فێڵە.

کوتت وای کون بکه که تەنیا موتەللیبەکەی بمێنێ؛ موتەللیب نادرزادە.

کوتت زوو خستمەوە گیرفانم.

کوتت کوتوپڕ وەبیرم هاتەوە که ڕفێقێکی قەدیمیی کەریم ساڵێکیان بۆ ئەوەی نەزانن له چەند دەرس وەدوا کەوتووە ڕاست حاندی نمرەکانی سووتاندبوو.

کوتت شەمچەیەک بێنە و حاندی عەبدولەکەی بسووتێنە.

کوتت گەڕامەوە بۆ شەمچە...

کوتت ئەوە چییە کوڕە؟

کوتت هیچ میدادەکەمە.

کوتت دادەی گیرفانت؟

کوتت ماڵتە دایە تۆ بۆ باوەڕ...

کوتت ئەوە سەرخڕ ئەو شەمچەیەت بۆ چییە؟ ها؟ بەو خودایە دەبێ بە میرزاهادی بڵێم. بزانە بەدبەختمان ناکەی؟

کوتت خۆم له چنگی دایکم ڕاپسکاند و هەڵاتم بۆ دەرێ.

کوتت باش بوو بە سجیلەکەی نەزانی.

کوتت شەمچە هیچ نییە، با هەر بزانێ، شەوێ درۆیەک ساز کە. جارێ فکر بۆ ئەوە بکەوە که شەمچەیەکی دیکە له کوێ پەیدا کەی؟

کوتت تەواوی بیروهۆشم چووە سەر ئەوەی که شەمچەیەک پەیدا بکەم.

کوتت سەعات دوازدەی نیوەڕۆ بوو.

کوتت دەبوو سەری سەعاتی دوازدەونیو له مەدرەسە بم.

کوتت تا دەچوومەوە ماڵێ و نەهارم دەخوارد و خۆم ساز دەکرد زۆر درەنگ دەبوو.

کوتت ئەی چ بکەم لەم سجیلە؟ دایکم دیسان گیرفانم بپشکنێ و له گیرفانمی دەرێنێ، سەرم هەڵدەکەنێ.

کوتت کوتم ئەویش سەرم هەڵنەکەنێ باوکم سەرم هەڵدەکەنێ.

کوتت کوتم چی لێ بکەم؟ خودایە بۆخۆت کۆمەگم بکە!

کوتت ژێرپاتۆڵەکەم گیرفانێکی زۆر باشی هەبوو. باشترین ڕێگا ئەوە بوو بمخستبایەتە ئەو گیرفانەوە؛ کەس پێی نەدەزانی.

کوتت بەڵام لەو وەختەدا فکرم بەوە نەدەگەیشت؟

کوتت کوتم بریا هەر دەرم نەهێنابایە و خۆم تووشی ئەو گیروگرفتە نەکردبایە.

کوتت کوتم سەیر گیرم خواردووە.

کوتت بەسەر دەستمدا مابۆوە، نەمدەزانی چی بکەم.

کوتت فکری گیرفانی ژێرپاتۆڵەکەم هەر نەبوو.

کوتت کوتم ئەهااا ئەوجار زانیم چی لێ بکەم.

لە سووچی سەرووی خاکە چۆڵەکەدا بەردێکی گەورەی لێ بوو. تۆزێک بن بەردەکەی بە تەڵەزمە بەردێک بۆ هەڵکۆڵی و خستییە ئەوێوە و بە کارتۆنێک دایپۆشی.

کوتت نیشانەیەکیشم لە کن دانا، تاکوو ئێوارێ زوو بیبینمەوە.

کوتت بە پەلە و پەشۆکاوی ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵێ.

کوتت تۆ خودا تۆ ئەوە لە کوێی؟ چاک فێری بەرەڵایی بووی، ها! بۆ خۆت دەزانی بە میرزاهادی بڵێم چت لێ دەکا.

کوتت جارێ وەرە نانەکەت بخۆ و بچۆ بۆ مەدرەسە، دوایی مشوورت دەخۆم.

دوای نانوچایی چووە ئاودەست، پاتۆڵەکەی داکێشا، هات دانیشێ، ئاااا...! دا نەنیشت. زوو پاتۆڵەکەی هەڵکێشاوە. هەڵاتەدەرێ و یەکسەر چووە سەر بەردەکە.

کوتت چۆکم دادا و بن بەردەکەم داوە.

کوتت ئاگام لێبوو شتێکی لەو بن بەردە دەرهێنا و خستیە گیرفانییەوە، نەمزانی چییە؛ هەر ئەوەندەم زانی بە پەلە و بە هەڵاتن خۆی کردەوە بە ژووریدا.

کوتت ئەوە کەی دادە فاتمگیان؟

کوتت لە جەنگەی نیوەڕۆدا؛ هێشتا منداڵ نەچووبوونەوە بۆ مەدرەسە.

کوتت جا تازە خۆ دەستیشم پێی ناگا؛ با ئێواریٚ بێتەوە، بۆخۆشم ئەورۆ لێی دووشک بووم دەمزانی شتێکی لە بن سەردایە. نازانم ئەو سەرخرە خەریکی چییە! ناشوێرم بە میرزاهادی بڵێم.

کوتت زوو زوو دەستم دەخستە گیرفانم و لە ژێرەوە شتێکم هەست دەکرد.

کوتت وەختێک ئاغا حازروغایبی کرد و کوتی عەبدول متەللیبی نادرزادە، دەڵێم ئاغا، ئاغا ئیجازە!

چییە؟

ئاغا نێوی من گۆڕاوە.

کردووتە چی؟

متەللیب نادرزادە.

هەی ئافەریم. لەوەبەدوا کەس حەقی نییە پێی بڵیٚ عەبدول متەللیب. عەبدولی ناویٚ، پێی بڵێن متەللیب.

هەموو منداڵەکان چەپڵەیەکی توندیان لێدا.

عەبدول متەللیب نادرزادە...

عەبدول متەللیب نادرزادە...

غایبە؟

نا ئاغا...ئەوەتا

بەڵیٚ ئاغا، حازر...

چییە ئەوە ڕۆڵە زمانت لە دەمدا نییە بڵێی حازر؟

نەمزانی ئاغا...

کوتت ئەی بۆ پێت نەکوت؟

کوتت زەنگەکەی دیکە بە ئاغای ئەدەبیات دەڵێم.

کوتت تازە دەکەویتەوە سبەینیٚ.

کوتت یان وەختێک زەنگی پشوو لێدرا دەچم سووکێکی بە خۆی دەڵێم.

کوتت پێم خۆش نەبوو لای ئاواڵەکانیشم، تەنانەت کەریم لای تۆش، کە

کوردیکا @kurdica

نزیک‌ترین ئاواڵ و هاوڕێم بووی، باسی بکەم و بیدرکێنم کە خەریکی چییم.

کوتت کارێکی بە تەواوەت نهێنی بوو.

کوتت ئەو ڕۆژە هەر هۆشم بە گیرفانی ژێرپاتۆڵەکەمەوە بوو. لەو وەختانەش‌دا کە معەللیمەکەمان دەرسی تازەی پێ دەکوتینەوە و هەموو بێ‌دەنگ گوێمان ڕاگرتبوو و چاومان تێ‌بڕیبوو، ئەمن بێ‌دەنگ لە مامۆستام دەڕوانی و دەستێکم هەر بە گیرفانمەوە بوو.

کوتت لە ژێر دەستم‌دا هەستم بە شتێکی گرینگ دەکرد.

کوتت شتێکی قاچاخ کە نەمدەزانی ئاخری چی بەسەر دێ و بە کوێ دەگا، هەر ئەوەش ترسێکی زۆری خستبووە دڵمەوە.

کوتت دڵەخورپە و ترسێک کەوتبووە دڵم کە جارجار هەستم دەکرد تەنیا ترس و لەرز و دواهاتێکی لێڵ و ناڕوون نییە و چێژیشی هەیە؛ بە جۆرێک کە تا درەنگ‌تر دەبوو و لە ئێوارێ نزیکتر دەبۆوە ترس و چێژ زیاتر تێکەڵی یەک دەبوون.

کوتت ئەو چێژە بۆ من زۆر تازە بوو.

کوتت ئەو ڕۆژە، من و ئازاد دەمانزانی شتێک بووە و عەبدول متەللیب وەک ڕۆژان نییە و خۆمان تێناگەیەنێ.

کوتت پێم سەیر بوو وەک ڕۆژان نەدەچووی.

کوتت ئیدی دەبێ ئەو شەو جێ‌بەجێی کەم.

کوتت بێتوو چاو لە سەنەد و سجیلەکان بکەن و ئەوەی منی تێدا نەبێ، پێم دەزانن و بەدبەخت دەبم.

کوتت باوکم دەمکووژێ، هەر من نا لەگەڵ دایکیشم شەڕ دەکا.

کوتت کەریم؟

کوتت چییە؟

کوتت پووڵت پێیە بە قەرز؟

کوتت بۆچی؟

کوتت کارم پێیەتی.

کوتت چەندە؟

کوتت پێش‌تمەن.

کوتت کەی دەمدەیەوە؟

کوتت بە خودا سبەینێ.

کوتت ها، ئەوەش پێش‌تمەن.

کوتت یەک‌دوو جار چوومە ئاودەستەکانی مەدرەسە و لەوێ چاوم لێ کرد.

کوتت ئەرێ بۆ بیسووتێنم؟

کوتت بە پاکوون ئەوەندەی پێدا دێنم تا پاک دەبێتەوە.

کوتت شەمچەشم ناوێ.

کوتت پێش‌تمەنەکەم داوە بە تۆ. ئازادیش ئاگای لێ‌بوو.

کوتت ناتەوێ؟ کارت پێی نییە؟

کوتت نا.

کوتت ئەرێ عەبدول متەللیب ئەورۆ چی بووە وەک جاران نەماوی؟

کوتت لەبەر ئازاد پێم نەکوتی و کوتم هیچ نەبووە، دوایی پێت دەڵێم.

کوتت کوتم لە کوێ دەری هێنم و پاکی کەمەوە؟

کوتت کوتم لێرە وەخت نییە؛ لە ماڵێش ڕێ نییە.

کوتت کوتم لە دەرێش دەمبینن.

کوتت کوتم ئەی چ بکەم؟

کوتت کوڕە جا ئەوە زەنگی ئاخریش بوو، وەختی ماڵێ بوو و هەر ئەو ئێوارێیەش دەرفەت مابوو.

کوتت چا ئەو ژانەسەرە بۆ خۆمم دروست کردبوو. ئاخە بڵێ تۆ چت لەوە دابوو؟!

کوتت شەیتان بە نەحلەت بێ، هەموو شتێک بە ئینسان دەکا.

کوتت کوتم ئەرێ بۆ بە کەریم نەڵێم؟

کوتت عەبدول متەللیب بریا دەنگت بکردبایە. ئەودەم بە منت بکوتایە نەمدەهێشت ئاوای لێ بێ.

کوتت کوتم ئەرێ بۆ بە دزییەوە نایخەیەوە نێو سندووقەکە و خۆت لەو ناڕەحەتی و چەرمەسەرییە ڕزگار ناکەی؟

کوتت یان دا تۆ ڕاوەستە شتێکی دیکە، بۆچی نەیدڕێنم و وای نەفەوتێنم کە ئاسەواری نەمێنێ؟

کوتت بۆ نەیدڕێنم؟ ها؟ خۆ کەس نازانێ.

کوتت نا دەزانی چی بکە؟

کوتت باشترین فکر ئەوەیە بە پاکوونێکی باش پاکی بکەیەوە.

کوتت ڕاست وا دەکەم.

کوتت هەر ئەو شەوەشم دەرفەت هەبوو.

کوتت کوتم ئەی لە کوێ پاکی بکەمەوە؟

کوتت کوتم شەوێ وەختێک هەموو خەوتن. لە ژێر لێفەکەتدا پاکی بکەوە.

کوتت کوتم ئەی بەو تاریکییە چۆنی ببینم؟ چی بکەم بۆ چراقەوەیەکی چکۆلە؟

کوتت دامابووم بۆ چراقەوەیەکی چکۆلە.

کوتت ئەرێ کامتان چراقەوەیەکی چکۆلەتان هەیە؟

کوتت بۆ چیتە؟

کوتت کارم پێیەتی.

کوتت کارەکەتم پێ بڵێ، شایەد من بمبێ.

کوتت کەریم دوایی پێت دەڵێم.

کوتت ئەرێ ئەوە چییە، هەمووی هەر بوو بە دوایی پێت دەڵێم. ئەی بۆ پێم ناڵێی؟

کوتت کارێکی خۆمە. با جێبەجێ بێ بە خودا بۆت دەگێڕمەوە.

کوتت هەمە وەرە بتدەمێ.

کوتت نیوەشەو پرخوهۆڕی باوکم دەهات، ئیدی دڵنیا بووم باوکم خەوی لێ کەوتووە، لە بن لێفەوە سجیلم لە گیرفانی ژێرپاتۆڵەکەم دەرکێشا و چراقەوەکەی تۆم هەڵکرد و بە پاکوونەکە خەریکی بووم. لە بن لێفەکەشەوە پرخوهۆڕی باوکم

هەر دەهات.

کوتت بەڵام پاکوون کاری لێ نەدەکرد.

کوتت یەک بەخۆم بەسەر عەبدولەکەمدا دێنا و دەمکڕاند هیچ فایدەی نەبوو.

کوتت زۆرم ساوی و زۆرم پێدا هێنا، نێو هەر لە جێی خۆی بوو. پرخەپرخی باوکمم هەر دەهاتە گوێ.

کوتت بەحاڵ سەری پاکوونەکەم بە زمان تەڕ کرد و پێمدا هێنا.

کوتت جەوهەری نووسراوەکە بڕێک گۆڕا و بڵاو بۆوە. دەی...

کوتت تەڕایی پاکوونەکەش خەریکبوو پڵیتەی بە کاغەزەکە هەڵدەدا. پرخوهۆڕی باوکم زیاتر ببوو کەم نەببوو.

کوتت دیسان زمانم بە پاکوونەکەدا ساوی؛ کەمێک زیاتر تەڕی کرد. ئەوجار پاکوونەکە کاغەزەکەی زیاتر بە دەم خۆیەوە هەڵدەپریواند و پڵیتەیەکی وا بە دەم پاکوونەکەوە ڕۆیشت کە عەبدولەکەی بە تەواوی لەگەڵ خۆی برد و کاغەزی سجیلەکەشی تەواو تەنک کردەوە.

کوتت چراقەوەکەم کوژاندەوە و چاوێکم بە دەوروبەرمدا گێڕا.

کوتت پرخەپرخی باوکم وەها بوو کە لە هەموو دیوەکانەوە دەبیسرا.

کوتت وڵات ئەمن بوو.

کوتت سەرم بردەوە ژێر لێفەکە و سجیلەکەم کردەوە بزانم چیم بەسەر هێناوە.

کوتت دیسان دەنگی پرخوهۆڕی باوکم هەر دەبیسرا.

کوتت تەنیا (ل)یەکەی مابوو.

کوتت دیسان زمانم بە پاکووندا ساوی و پاکوونەکەم لەسەر کاغەزەکە داگرتەوە.

کوتت کوتم هێواش.

کوتت پرخوهۆڕی باوکم هەر دەبیسرا بەڵام دەنگەکەی کەمێک گۆڕابوو.

کوتت کوتم ئەها بە خودا، کاغەزی سجیلەکە کون بوو.

کوتت کوتم دەی چاکتر.

کوتت من بە مەبەستی خۆم گەیشتبووم.

کوتت ئێستا سجیلەکەم تەنیا متەللیب نادرزادەی پێوە مابوو. ڕاست ئەو شتەی من دەمویست و بەدوایەوە بووم.

کوتت چراقەوەم کوژاندەوە و سجیلەکەم لە گیرفانی ژێرپاتۆڵەکەم خستەوە.

کوتت دوای ماوەیەک فکر و خەیاڵ و ترس و دڵەڕاوکێ، لەنێو پرخوهـۆڕی باوکمدا خەوم لێ کەوت.

کوتت بەیانی وەختێک هەستام دەنگی پرخەپرخی باوکم نەدەهات.

کوتت ئێمە دوانیوەڕوان بووین.

کوتت سەرێکی دیوەکەی باوکم دا. باوکم ڕۆیشتبووەدەرێ.

کوتت کومێدەکە داخرابوو.

کوتت زوو لە درزی درگای کومێدەکەوە سجیلەکەم خستەوە نێو کومێدەکە و ڕۆیشتم بۆ سەروچاو شوتن و خواردنی نانی بەیانی.

کوتت دوانیوەڕۆ وەختێک چووینەوە بۆ مەدرەسـە، هەرام لـێ کـرد و کـوتم عەبدول متەللیب چراقەوەکەت بۆ هێناومەتەوە؟

کوتت ئەوەش چراقەوەکەت، دەستت خۆش بێ؛ بەڵام لەوەبەولاوە پێم نـاڵێی عەبدول متەللیب.

کوتت ئەی چیت پێ بڵێم؟

کوتت لەو وەختەدا ئازادیش هاتەلامان.

کوتت گوێت لێیە عەبدول متەللیب دەڵێ چی؟

کوتت دەڵێ چی؟

کوتت دەڵێ لەوەبەدوا هەردووکتان پێم بڵێن متەللیب.

کوتت جنێوم داوە با بەر ئێوە نەکەوێ.

کوتت سجیلەکەشم گۆڕیوە و عەبدولەکەی پێوە نەماوە.

کوتت تۆ نەتدی ئازاد پێکەنینی هات.

کوتـت بەڵام چونکـوو مـن مـۆڕەیەکم لـێ کـرد و دوایـیش کـوتم فکـری نێوگۆڕین لەمێژە لە کەللەی منیشدا دێتودەچێ، ئازاد پێکەنینەکەی گێڕاوە.

@kurdica

کوتت بە چاوان؛ قسەی ئەوەم نییە لەبیرم بچیٚ، دەنا وات بانگ دەکەم.

*بریا لەباتی بنی کلکی سەری کلکی بادرایە! بەزنییە ئەوندە پیس نییە. دەستم برد و ڕاست لە جێگا پیسەکەوە کلکیم بادا. کلکی گوێلک لە ژێر دەستمدا کرتەی دەکرد و شکاوە. گوێلکەکە بە حوجحەت لەقەیەکی هاویشت، سەرم لانەدایە ڕاست لە بناگوێی دەسرەواندم. هەڵیخستەوە. بابم پەتەکەی وەها ڕاگرتبوو کە نەیهێشت لە دەستی بترازێ. دەستم بۆگەنێکی ناخۆشی لێ دەهات.*

کوتت دوای حەوتوویەک متەللیب ڕۆژێک زۆر پەشێو و نارەحەت دەهاتە پێش‌چاوم، تەواو شێواو و ژاکاو بوو.

کوتت کەریم هەموو ڕیسەکەم لێ بۆتەوە خوری و بەدبەخت بووم؟

کوتت بۆ؟

کوتت کوڕە ئەمشەو باوکم تا نیوەشەو لە مەستەڕاح زیندانی کردووم؟

کوتت بۆ؟

کوتت وەختێک نازانم بۆچی گەڕابوون سجیلەکەی منیان دیوە. ئیدی چۆن دیبوویان نازانم.

کوتت جا وەرە میرزاهادی چاوت پێی بکەوێ و لە دین دەهری ببە.

کوتت دوێنێ ئەگە چوومەوە وڵات شێوابوو. هەر چوومە ژووریٚ باوکم کوتی ئەوە زمانت بە کەران دەگێم چیت کردووە؟ ها!

کوتت فریای ئەوە نەکەوتم بڵێم چییە و چی بووە. ئاوقام بوو. لەگەڵ ئەوەی وەبەر مست و چەپۆک و پێلاقەی دابووم باسی جەعل‌کردنی دەکرد، من هەر ئەوەندەم پیٚ کرا سەروچاوم بپارێزم.

کوتت ئەها پشتە سەرم چۆن هەڵتۆقیوە. چا لاقم چی لێهاتووە.

کوتت کوتی ئەوە دەسکاری سجیلیش دەکەی؟

کوتت کوتی ئەوە بە هیوای لەو ئاخری عومرەدا بە گرتنم بدەی وتووشی بێنەوبەرەی دادگام بکەی؟ ها؟

کوتت کوتی جا تو خودا ئەوە قسەیە! هەی لە خێروبێریشت ڕیم ئەرێوەڵلا. قزەی خوێڕییە!

کوتت کوتی سەد بریا کچ بوایەی. دیڵە خویڕی.

کوتت کوتی ئەگە دایکە سەگمردووەکەت عورزە و نەزاکەتی بوایە قزەیەکی وەک تۆی لێ نەدەبوو.

کوتت کوتی دیڵی تسکەن قەت گوڵی گورگخنکێنی نابێ.

کوتت کوتی چا چا ئەو دەمولەوس و چڕوچاوەی. تفوو لەو تەرحەت، باشە.

کوتت کوتی دڵم خۆشە دەڵێم کوڕیشم هەیە. حەک لە گۆڕی بابی ئەوە بم دڵ بە تۆ خۆش دەکا.

کوتت کوتی حەی لەو وەجاغەش ڕیم بە تۆ ڕوون دەبێتەوە.

کوتت ڕۆژێک میرزاهادی هاتەوە ماڵێ و کوتی دا وەرە بزانم عەبدول موتەللیب.

کوتت بە هەڵاتن بە دەنگییەوە ڕۆیشتی.

کوتت دەستی برد بۆ گیرفانی و شتێکی هێنادەرێ.

کوتت سجیل بوو. سجیلێکی تازەونوێ.

کوتت کوتی بیکەوە بزانە هی کێیە؟

کوتت کردمەوە. بە خەتێکی گەورە و جەوهەرێکی پان نووسرابوو عەبدول موتەللیب نادرزادە.

کوتت دەستی برد و کلیلی کومێدە قاوەییەکەی لە گیرفانی هێنادەرێ.

کوتت کوتی جا بە دەستی مەبارەکت برۆ بیخەوە سەر جێگاکەی خۆی.

کوتت باشە کەریم ئەگە تۆ لە جێگای من بی چی دەکەی؟ ها؟

کوتت کەریم بەڕاستی نازانم چۆن لە دەست ئەو باوکە تووڕە و تۆسنە نەجاتیم دێ. بۆ خۆت دیوتە چیم لێ دەکا ئیدی!

کوتت دەزانی چییە متەللیب؟ من لەمێژە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. نازانم بیڵێم یان نا؟

کوتت تێمڕانابینی؟!

کوتت نا مەسەلەی تێڕادیتن نییە.

کوتت ئەی چی؟

کوتت مته‌للیب چ ڕاست و چ درۆ من ده‌مه‌وێ بڕۆم.

کوتت بڕۆی؟! بۆ کوێ؟

کوتت دوایی پێت ده‌ڵێم.

کوتت بێتوو تۆش له‌گه‌ڵم بێی زۆرم پێ خۆشه، مته‌للیب!

کوتت تۆ بۆ؟ خۆ باوکی تۆ زۆر پیاوی چاکه.

کوتت کێشه‌ی من بابم نییه. شتێکی دیکه‌یه، له‌بیرته جاره‌که چیم بۆ گێڕایه‌وه؟

کوتت ئه‌ها، ده‌ی ئه‌ریۆه‌ڵا له‌بیرمه، ده‌زانم ده‌ڵێی چی. ده‌ی...

کوتت من هه‌ر ده‌ڕۆم، بێتوو تۆشم له‌گه‌ڵ بی شتێکی دیکه‌یه.

کوتت به خودا له‌گه‌ڵت دێم؛ منیش هه‌ر زۆرم پێ خۆشه.

کوتت ده‌ڕۆین.

*سه‌یده‌سووره کوتی وه‌ختایه‌ک مانگا ئه‌وه‌نده‌ی سه‌للاخ ماندوو کرد و سه‌ری وه‌شاند و له‌قه‌ی هاویشت و خۆی به ده‌سته‌وه نه‌دا، ده‌بێ ئاوای لێ بکه‌ی و شاخی خۆی له قوونی ڕۆکه‌ی.*

*به دوو سه‌للاخ خه‌ریکی که‌وڵ کردنی مانگا زه‌لامه ڕه‌شه‌که بوون. جارنه‌جارێک ته‌واوی گیانی مانگاکه کوت‌وپڕ به توندی ده‌له‌رییه‌وه و ته‌کانێکی سه‌یری له خۆی ده‌دا. به‌حاڵ ده‌سه‌ڵاتی ببوایه له به‌رده‌ستیان هه‌ڵده‌هات.*

*سه‌ره بڕاوه‌که‌ی له‌ولاوه دانرابوو. ته‌نیا شاخێک به سه‌ره‌که‌وه بوو. که‌مێک زیاتر چوومه‌پێشێ. شاخه‌که‌ی دیکه‌ی هه‌ڵکه‌ندرابوو. خوێنێکی زۆر له جێ شاخه‌که به لا شه‌ویلکه‌کانی‌دا هاتبووه خواری و له‌په‌ستا خوێنیشی له‌به‌ر ده‌ڕۆیشت. خوێنه‌که شۆڕ ببۆوه بۆ نێو چاو و کونه‌لووته‌کانی.*

## ٥

کوتم ئەوە چییە؟ دادەی؟ چا ئەو کابرا سەیرە!

دانەوییەوە لاپەڕەکەی هەڵگرتەوە. لاپەڕەکە چرچولۆچ ببوو، جوان دیاربوو شۆرمەزەی تێدا خوراوە.

بەڵام کەلیمەکانی هەر دەخوێندرانەوە.

کوتم ئەوە چین، ئەو کەلیمە سەیرانە؟ دادەی...

بە زمانی فارسی نەبوو. بەڵام ئەو دەیتوانی بیخوێنێتەوە.

کوتم پا...ڵە...وان...فس...فس؟؟ ئاااا؟؟! پاڵەوان فسفس چییە؟ ئەو کابرایە پاڵەوان فسفسە! هەتی خۆ دەزانم بیخوێنمەوە...

پێی سەیر بوو. هەستێکی سەیری بەرانبەر بەو کەلیمانە هەبوو.

کوتم وەکوو ئەو فارسییە نەدەچوو کە لە مەدرەسە زۆرم دەخوێند و کەمی لێ حاڵیی دەبووم.

کوتم هە..بوو ... نەبوو ... کاب...را ... یەک... بوو... دوو... ژنی ... هەبوو ... ئەو...کابرایە... زۆر ترسە...نۆک و...بێ دەستە...ڵات...بوو...

وەختایەک بە لەقەلەق و پتەپت کەلیمەیەکی ساغ دەکردەوە، شیرنایییەکی سەیر لە دەمارەکانی گەڕا؛ ڕووناکییەک لە چاوەکانییەوە ئاوقای مێشک و دڵی بوو.

شیرنایی و ڕووناکایی.

کوتم زۆر دواتر زانیم کە ئەوە شیرنایی و ڕووناکایی زمانی خۆم بوو لە

دەروونمدا ئاوێتەی یەک دەبوون.

ئەوە یەکەمجار بوو بە چاو زمانی خۆی دەدی. ئەو تا ئەودەم تەنیا بە گوێ زمانی خۆی بیستبوو.

کوتم ئەوە یەکەمجار بوو زمانی خۆم دەدی.

زمانی خۆی چەندە ئاسان بوو، زمانی خۆی چەندە پێ خۆش بوو!

کوتم من دەزانم.

کوتم من کوردی دەزانم.

بە هەڵاتن ڕۆیشتەوە ژووری. لە خۆشیان زمانی نەدەهاتە گۆ.

کوتم دایە وەرە شتێکی سەیرا!

کوتم چییە ڕۆڵە!

کوتم وەرە بە خودا من... دەزانم بخوێنمەوە!

کوتم چی دەزانی بخوێنییەوە.

کوتم زمانی کوردی.

کوتم دادەی.

کوتم هەبوو... نەبوو... کابرایەک... بوو... دوو ژنی... هەبوو...

دایکی گورجێک زمانی خۆی گەست.

کوتم دا بێنە بزانم ئەیەڕۆ ئەوەت لە کوێ وەگیر کەوتووە؟

کوتم نا نا. درۆم کرد. هەو نییە.

کوتم دا بێنە، زمان درۆ ناکا.

لاپەڕەکەی لێ وەرگرت و لە بەرچاوی خۆی دڕاندی.

کوتم لای کەس دەنگ نەکەی! زمانت نەگەڕێ ها! بەدبەخت دەبین! نەڵێی شتێکی وام دیوە.

کوتم بێتوو زمان لێگەڕێ سەر سلامەتە.

کوتم خاڵەجەحفەرت زمانی نەسرەوت و بە چوارپێنج لەتەکاغەزی ئاوا بەدبەخت بوو.

کوتم سەدان کەس لەسەر زمانیان تێدا چوون.

کوردیکا @kurdica

کوتم باوکت بزانێ خەریکی شتی وای، زمانی هەردووکمان لە بن‌دا دەردێنێ.

زمان ئامانە!

ئەوە قسەی هەمیشەیی دایکی بوو کە دەیکوت بێ‌تاوان بوو.

کوتم تەنیا گوناحی جەحفەر چوار کوتەکاغەزی زمانی کوردی بوو.

بیستبووی کە خاڵی کتێبی زۆر بووە و پێش ئەوەی شار بگیرێتەوە ڕایانگوێستوون و بە ئاشنایەکی خۆیان لە دێیەکیان ئەسپاردوون و دوایش ئەو ئاشنایەیان لە ترسان هەموویانی سووتاندوون.

کوتم نازانم بۆ لەگەڵکوو دایکم لاپەڕەکەی دڕاند کوت‌وپڕ لەپێش چاوم ئاور لەو کۆگا کتێبە هەستا.

کوتم دەتکوت بۆخۆم لەوێ بووم کە چۆنیان ئاور داون.

کوتم بڵێی ئەو کتێبانە چی بووبێتن؟

کوتم بڵێی پاڵەوان فس‌فسیشیان تێدا بووبێ؟

کوتم حەتمەن پڕ بوون لە چیرۆکی خۆش.

کوتم بڵێی پاڵەوان فس‌فس کە دوو ژنی بووە چ بەسەرهاتێکی سەیروسەمەرەی بووبێ؟!

کوتم بریا پیشان دایکمم نەدایە.

کوتم بێتوو دایکم نەیدڕاندایە ئێستا دەمزانی پاڵەوان فس‌فس چی کردووە و چۆن بووە.

کوتم بریا هەر نیشانی دایکت نەدایە.

ئیدی کێچ کەوتە کەوڵی و حەجمانی لێ هەڵگیرا.

کوتم من زۆر باش دەمخوێندەوە و زۆر باش لێی حاڵیی دەبووم.

کوتم پاڵەوان فس‌فس وەک دەرسەکانی مەدرەسە نەدەچوو.

حەتمەن لە "شوانی درۆزن" و "کەوکەب‌خانم"یش خۆش‌تر بووە.

کوتم بڵێی ئەو لاپەڕەیە هی کاڕەحیمی شۆرەمەزە فرۆش بێ؟

کوتم بڵێی پێش ئەوەی کاڕەحیم بیکا بە چوار بەشەوە و پێش ئەوەی لەسەر فەرغوونەکەی دانێ و پێش ئەوەی فەرغوونی بەرەو مەدرەسە لێخوڕیبێ و پێش

ئەوەی لە بەردرگای مەدرەسە ڕاوەستێ و هەرا بکا شۆرمەزەیە و بە مەزەیە، پێش ئەوەی منداڵ بێن و پێش ئەوەی لە سەرەوە کاغەزێک لە کاغەزەکانی بەردەستی هەڵگرێ و لوولی بکا و بە کەوچکەکەی سێ کەوچک نۆک و نیوە کەوچکێک لە ئاوەکەی بەسەردا بکا و پێش ئەوەی بیداتە دەستی یەکێک لە منداڵەکان، ئەو لاپەڕەیە با بردبێتی و کارەحیمی شۆرمەزەفرۆش بۆی نەگیرابێتەوە؟

کوتم بڵێی ئەو لاپەڕەیە بۆ دڕابێ؟

کوتم پاڵەوان فس‌فس حەتمەن کتێبی کوڕێک بووە کە دایکی لە ترسان لێی دڕاندووە؛ یان لە ترسان لێی فەوتاندووە و داویەتی بە کارەحیمی شۆرمەزەفرۆش.

کوتم ڕەنگە پاڵەوان فس‌فس پاڵەوانی نێو کتێبەکانی خاڵەجەحفەر بێ و لە وەختی سووتاندن‌دا لە سووتمان ڕزگاری بووبێ و با هێنابێتی بۆ ئێرە.

پاڵەوان فس‌فس زۆر کز بوو.

کوتم شایەدیش پاڵەوان فس‌فس پیاوێکی ئەفسانەیی و جادوویی بووبێ و بە دوای بەسەرهاتی سەیروسەمەرەدا بگەڕێ و خۆی دابێتە دەستی چارەنووس.

کوتم بریا دایکم نەیدڕاندبایە!

کوتم لاپەڕەکەی لە کتێبێکی ئاسایی گەورەتر بوو. وەک کتێب نەدەچوو؛ نەقاشی بۆ کێشرابۆوە.

کوتم کەریم دوێنێ شتێکی زۆر خۆشم دییەوە بەڵام دایکم لێی دڕاندم. سەد بریا ملم بشکایە و نیشانی دایکمم نەدایە.

کوتم چی بوو؟

کوتم داستانێکی بێ‌حەدد و ئەندازە خۆش بوو. بە زمانی کوردی بوو.

*سەرەگایەکی بڕاو لەولاوە دانرابوو. چاوی زەق ببۆوە و زمانی دەرکێشابووەدەرێ و کەف و لینجاوێکی زۆر لە ژێر زمانییەوە دەتکا خوارێ. چاوەکە لە منی دەڕوانی و مۆڕەی لێ دەکردم. سەڵاخێک کە جووتێک چەکمەی درێژی لە پێدا بوو، بە چەقۆیەکەوە هات و دەستی کرد بە کەوڵکردنی سەرەبڕاوەکە. بە چەقۆکەی کەوڵەکەی لە شەویلکە و لێوە زلەکانی و*

*پشتەسەری داماڵیی و دوایی بە نووکەچەقۆکەی بە ژێرچاوی‌دا کرد و پێست و پێڵووی چاوەکانی بە کەوڵەسەرەکەوە دەرهێنا و لەولاوە فڕێی دا؛ چاوەکان پووچابوونەوە و ئیدی لە منیان نەدەڕوانی. دوایی لاقێکی خستە سەر شەویلکەی خوارێی و بە هەردوو دەست توند شەویلکەی سەرێی کێشا تاکوو لەبەریەکی هەڵپچڕی. بە دەستێکی زمانی هەڵێنا و بە چەقۆکەی کە بە دەستەکەی دیکەوەی بوو زمانەکەی لە بن‌دا بڕی و فڕێی دا پەنا کەوڵەسەرەکە.*

*جووتێک چاوی قەلپووچ و زمانێکی بڕاو!*

کوتم کەریم؟

کوتم چی؟

کوتم دێی تا ئەو کتێبفرۆشییە بچین؟

کوتم وەرە با بڕۆین.

کوتم چیتان دەوێ؟

کوتم کتێبی کوردی.

کوتم نیمانە.

کوتم چ کتێبفرۆشییەک کتێبی کوردی هەیە؟

کوتم نازانم، دەبێ بگەڕێن.

کوتم کەریم وەرە با بڕۆین ئێرە نیەتی.

کوتم سلاو.

کوتم فەرموو؟

کوتم کتێبی کوردیمان دەوێ.

کوتم ئەو دوو کتێبەی سەرەوە کتێبی کوردین دەتانەوێن؟

کوتم کەریم وەرە هەیەتی.

کوتم باش ئەوە دێم؛ لەگەڵی چوومە ژووری.

کوتم بێزەحمەت بیانهێنە خوارێ.

کوتم دەتانەوێن یان هەر عەزیەتم دەکەن؟

کوتم ئەرێوەڵا، ئەگە ئەوەی تێدابێ وا ئێمە لێی دەگەڕێین دەمانەوێ.

کوتم ئێوه له چی دەگەڕێن؟

کوتم له کتێبێک دەگەڕێین داستانی پاڵەوان فس‌فسی تێدا بێ.

پێکەنیم و کوتم پاڵەوان فس‌فس! جا مـن چـووزانم پـاڵەوان فـس‌فـس له چ کتێبێک دایه. ئێوه دەبێ نێوی کتێبەکه بزانن؛ دەنا ئاوا نـابێ. تـازه ئەم دوو کتێـبه هەردووکیان ئایینین.

کوتم کەریم وەره با بڕۆین.

کوتم دەزانی چی؛ پەڕێکی گەوره بوو، لەگەڵ داستانەکه نەقاشیشی تێدا بوو.

کوتم ماڵته حەتمەن مجەلله بووه.

کوتم ئەریۆەڵا پێموابێ ڕاست مجەلله بوو. ئافەریم.

کوتم ده لەنێو ئەوانەدا نییه؛ وەره بچینه ڕۆژنامەفرۆشی.

کوتم ڕۆژنامەی کوردی هەر نییه. مەجەللەش یەک دانه هەیه نێوی سـرووەیه. ئەویـش سـەری مانـگ دێ و زوو تەواو دەبـێ؛ تەنیـا له کتێب‌فرۆشـی خـانی دەیفرۆشن. سەرێکی ئەوێ بدەن.

مجەللەی سروه! یەکەم‌جار بوو نێوی مجەللەی سرووەیان دەبیست.

کوتم بڵێی لاپەڕەی دڕاوی مجەلله بێ؟

کوتم بڵێی لاپەڕەی دڕاوی مجەللەی سروه بێ؟

کوتم بڵێی کام لاپەڕەی دڕاوی مجەللەی سروه بێ؟

کوتم بڵێی لاپەڕەی دڕاوی کام ژومارەی مجەللەی سروه بێ؟

زۆر کەم وایه ئەو شتەی بەدوایەوەی و بۆی دەگەڕێی دەس‌بەجـێ وەگیـرت کەوێ.

کـوتم تـاقیم کـردۆتەوه؛ هەمیشـەودایم ئەوەی مـن دەمەوێ جـاری هەوەڵ وەگیرم ناکەوێ. دەبێ لەپێش‌دا قۆرتێکی تێکەوێ جا دوایی هاتوو خـودا کـردی بۆم جێ‌بەجێ دەبێ.

کوتم خاڵە ئەگە هەبێ بایی چەندەیه؟

پێموابێ ئاغای خانی بۆخۆی بوو؛ ئەرێ ئەو بـوو. ڕێـش‌وسـمێڵی پـاک‌پـاک تاشیبوو، کۆت‌وشەڵوارێکی قاوەیی لەبەردا بوو، سەری سپی بوو.

کوتم هینە بایی پانزە تمەنە.

کوتم هەمووی داستانە؟

کوتم داستانیشی تیایە.

کوتم هی ئەوجارە پاڵەوان فس‌فسی تێدا بوو؟

پێکەنی.

کوتم هینە ئەها! ئێوە لە پاڵەوان فس‌فس ئەگەڕێن؟! پاڵەوان فس‌فس! هینە، وابزانم لە ژومارەی سێ یان دووا بوو.

کوتم هینە، ئا لەو بەرەوە کابرایەکی لێیە کتێبی دەسی دوو ئەفرۆشێ، بچن لێی پرسن هینە بەشکوو ئەو بیبێ.

کوتم متەللیب ئێمە لەخۆڕا خۆمان ماندوو دەکەین.

کوتم بۆ؟

کوتم ئەوە گریمان پەیداشمان کرد، پازدە تمەنمان لە کوێ بوو بیدەین بە مجەللەی سروە؟

کوتم خودا دەکا وەگیرم دەکەوێ.

کوتم سروە؟ کام ژومارەی؟ ئا، هەمە. هەردوو ژومارەکەم هەیە. بۆچیتانە؟ ها؟ جا ئێوە بۆتان دەخوێندرێتەوە؟ ها؟

کە کوتی هەمە؛ ئەو هەمووە پرسیار و سەرسووڕمانەی ئەومان لەبیر چۆوە.

هەر دووکیان واقیان وڕ ما.

من چاوم لە دەمی کەریم بوو شتێک بڵێ.

کوتم دەتوانین چاوێکیان لێ بکەین؟

کوتم وەرن چاوێکیشیان لێ بکەن، بەڵام زۆر شپرزەیان مەکەن. باشە بۆ چیتانە؟ دەزانن کوردی بخوێننەوە؟ ها؟

کوتم کارمان پێیەتی.

من لە خۆم ڕانەدەدی کوردی بخوێنمەوە. بەڵام دەمزانی متەللیب دەزانێ. ئەویش متتەقی لە خۆی بڕیبوو. هیچی نەدەکوت.

نەمدەتوانی ئەوی لە دڵم دایە بیلێم.

@kurdica

کوتم مته‌للیب ده‌زانێ.

کوتم به‌ڵێ.

کوتم ده‌زانی؟

کوتم به‌ڵێ.

بڕێکم بۆ خوێنده‌وه؛ هه‌رچه‌ند به‌ که‌مێک قۆرت و ته‌کان و له‌قه‌له‌قه‌وه‌.

کوتم ئافه‌ریم. هه‌زار باره‌قه‌ڵڵا بۆ تۆ. زۆر چاکی ده‌خوێنییه‌وه‌.

مته‌للیب سوور هه‌ڵگه‌ڕابوو.

منیش زۆرم پێ خۆش بوو که‌ ڕفێقێکم هه‌یه‌ ده‌زانێ کوردی بخوێنێته‌وه‌.

کوتم زۆرم پێ خۆشه‌ که‌ ئۆگری کوردیین. کلاس چه‌ندن؟ هاو کلاسن؟

کوتم به‌ڵێ. هه‌ردووکمان دووی ناوه‌ندیین.

کوتم ئافه‌ریم مته‌للیب، ئه‌ی تۆ نێوت چییه‌؟

کوتم که‌ریم.

منیش نێوم سوله‌یمانه‌. زۆر خۆشحاڵم. ها ئه‌وه‌ش سروه‌کان، چاوی لێ بکه‌ن.

کوتم تۆ ئه‌وه‌یان بگه‌ڕێ و من ئه‌مه‌یان.

ئه‌وه‌ی به‌ ده‌ست که‌ریمه‌وه‌ بوو له‌ ڕووبه‌رگه‌که‌ی‌دا نه‌قاشییه‌ک کێشرابۆوه؛ پۆلێک ئه‌سپ‌سوار له‌ چۆمێک ده‌په‌ڕینه‌وه‌، ئه‌سپ‌سواره‌کان برازاوا بوون و بووکیان پێ بوو. بووک و به‌ربووک له‌ دواوه‌ بوون.

ڕووبه‌رگی مجه‌لله‌که‌ی دیکه‌ وینه‌ی شوانێک بوو له‌نێو مه‌ڕه‌کانی‌دا. له‌ گۆشه‌ی لای ڕاستی مجه‌لله‌که‌، له‌سه‌ر سه‌ره‌وه‌ به‌ خه‌تێکی سه‌وز نووسرابوو سروه‌. شوان شه‌ده‌یه‌کی کۆن له‌ سه‌ر و په‌سته‌کی هه‌ورامی له‌ به‌ر، پرێسکه‌ی نانه‌که‌ی به‌ شانییه‌وه‌ بوو. کترییه‌کی ڕه‌ش به‌ لۆیه‌کی پرێسکه‌که‌یه‌وه‌ هه‌ڵواسرابوو. شوان ویستبووی مۆدنه‌ی جگه‌ره‌ی له‌ لێوی بکاته‌وه‌، قه‌فی گۆچانه‌که‌شی به‌ ئه‌نیشکی ئه‌و ده‌سته‌یه‌وه‌ هه‌ڵواسرابوو که‌ بردبووی بۆ لێوی. شوان دوای مژێکی قووڵ، مۆدنه‌که‌ی له‌ لێوی کردبووه‌وه‌ و دووکه‌ڵه‌که‌ی ده‌ردابوو؛ هێشتا لێوی وێک نه‌هێنابۆوه‌ که‌ وێنه‌گر کێشابووی.

ئه‌و نه‌ سه‌رنجی ئه‌و شوانه‌ی دا و نه‌ سه‌رنجی ئه‌وه‌ی دا که‌ کاغه‌زی

مجەللەکەی کەریم زۆر سپی بوو و کاغەزی مجەللەکەی خۆشی زۆر کۆن و بۆر بوو. لەوە نەدەچوو ئەو دوو ژومارەیە مانگێکیان نێوان بێ و بە دوای یەکدا هاتبێتن. ئەو کاری بەوانە نەبوو، بە دوای پاڵەوانی خۆیدا دەگەڕا.

ئەو بە دوای پاڵەوان فسفسەوە بوو.

بە پەلە لاپەڕە بۆرەکانی هەڵداوە و شتێکی بە نێوی پاڵەوان فسفس وەبەرچاو نەهات.

کوتم متەللیب لەوەی مندا نییە. دۆزیتەوە؟

جارێکی دیکەش لە ئاخرەوە بۆ هەوەڵ گەڕامەوە.

کوتم کەریم، وەرە دیمەوە؛ ئەوەتا، خۆیەتی، ئەوە خۆیەتی، بە خودا ئەوەتا. لاپەڕەی پەنجاوشەش، ئەوەتا پاڵەوان فسفس، ڕاست خۆیەتی.

دڵم نەدەهات بیدەمە دەستی کەریم.

کوتم کوا دادەی؟

ڕاست وابوو؛ پاڵەوان فسفس بۆخۆی بوو. لە سەرەوە چوارگۆشەیەکی درێژ کێشرابۆوە و لەنێویدا نووسرابوو چیرۆک بۆ منداڵان.

لە ژێرەوە بە خەتێکی زۆر گەورە نووسرابوو پاڵەوان فسفس.

لە پەنایەوە وێنەی خودی پاڵەوان فسفسیش کێشرابۆوە. پیاوێکی کز و نابووتە و ڕەقەڵەی سەیروسەمەرە کە تەنیا ژێرپاتۆڵێکی لە پێدا بوو. پەراسووەکانی دەرپەڕیبوون و مووی سەری قرژ ببوونەوە. لووتێکی درێژ و شەویلکەیەکی پانی هەبوو؛ پاڵەوان فسفس لەحاڵێکدا کە بەحاڵ هەردوو ئەژنۆی نووشتاندبۆوە، هەردوو دەستی مشت کردبوون و قارەمانئاسا بەرەوحەوا هەڵیهێنابوون. لە بنەوە نێوی نووسەرەکەشی نووسرابوو؛ ئەوان سەرنجیان نەدایە کە کێ پاڵەوان فسفسی نووسیوە؛ دەنا بە خەتێکی شکستەی فارسی نووسرابوو؛ جلال‌الدین ملکشاه.

متەللیب لە خۆشیان نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکا.

کوتم بایی چەندەیە؟

کوتم لێی گەڕێن میوانی خۆم بن.

کوتم بەڕاستی ئەو کابرایە زۆر مەشرەفخـۆش و خولـکخـۆش بـوو. وەک دووکاندار و شت نەدەچوو. دەتکوت سەد ساڵە دەماننناسیّ.

کوتم زۆر مەمنوون.

کوتم برۆن لێی گەڕێن بۆ خۆم حیسابی دەکەم.

کوتم نابیّ زۆر مەمنوون.

کوتم چەندی لەسەر نووسراوە؟

چاومان لیّ کرد هیچمان نەدی.

کوتم بۆ ئێوە هەر پازدە تمەنەکەی خۆی. هی سیّچوار ساڵ لەوەپێشە، ئێستا هەر وەدەست ناکەویّ.

بە هەر دووکمان قڕانێکمان لە گیرفاندا نەبوو.

کوتم زۆر باشە دوایی بۆی دێینەوە. مجەللەکەم داوە دەستی. هەر وا چاومـان لە کتێبەکان دەکرد.

دڵم نەدەهات بەجێی بێڵم. بە هێواشی کوتم کەریم؟

کوتم چی؟

کوتم فکرێک! بڵێی ئیجازە بدا لە ڕووی بنووسینەوە؟

کوتم نازانم.

کوتم تو خودا لێی بپرسە.

کوتم دە بە خۆت لێی بپرسە.

کوتم بە خودا من لەڕووم هەڵنایە.

زۆرم پیّ سەیر بوو؛ کوتم لە ڕووی بنووسنەوە؟! جـا شـتی وا چـۆن دەبـیّ؟ ئەویش لەم قەرەباڵغ و نێوەڕاستی خیابانەدا؟

کوتم لەو قەراغە دادەنیشین زوو دەینووسینەوە.

کوتم ئاخر ناڵێم پووڵی ناویّ و هەڵیگرن؟

کوتم هەر ئیجازە بدەی ئەو یەکدوو لاپەڕەیەی لە ڕوو دەنووسینەوە.

قەتم مشتەری وا نەدیبوو؛ دەستبەرداریش نەدەبوون.

کوتم کەریم تۆ لێرە بە، من زوو دێمەوە.

مەودای ئەو خیابانە تاکوو ماڵێ هەر هەڵات. دەم‌لەسەر پشت، بە هەناسەبڕکێ و پشووسواری خۆی کردەوە بە ماڵێدا. هێندە ماندوو بوو برکی کردبوو؛ دەستی بە لاکەلەکەیەوە بوو.

کوتم تیرێکە و دەیهاوم. گرتی گرتی نەیگرت بە جەهەننەم. زۆر لە دایکم پاڕامەوە بەشکوو بیست تمەنم پێ بدا.

دایکی بە بیستنی بیست تمەن پێکەنی.

کوتم بیست تمەن؟ جا بۆ بۆخۆم بیست تمەن شک دەبەم؟ بۆ چیتە؟

بە قەستی دەستم کردە گریان بەشکوو ئەوە خودای کرد و دڵی نەرم بێ.

کوتم کارم پێیەتی. بەو خودا گەورەیە بەو عاسمانە شینە قەولت دەدەمێ بتدەمەوە.

کوتم بڕۆ یاڵڵا نۆرەی ئەوەمانە؛ وەڵا باشە.

بە دڵی پڕ و بە ناچاری دەفتەرێک و قەڵەمێکی هەڵگرت و بەرەو خیابان و شوێنی دەستفرۆشەکە ڕۆیشتەوە.

کوتم ئەوە چووی بۆ کوێ؟ ئەی بۆ دەنگت نەکرد، خۆ قەڵەم و کاغەزی لێ بوو.

لە تەنیشت کتێبەکانی کتێبفرۆشەکەوە، هەر لە پێیانەڕێیەکەدا دانیشت و دەستی کرد بە نووسینەوە.

"پاڵەوان فس‌فس

هەبوو، نەبوو، کابرایەک بوو، دوو ژنی بوو. ئەم کابرایە زۆر ترسەنۆک و بێدەستەڵات بوو، بەتایبەت شەوانە زۆر دەترسا، ئەگەر شەوێ هاتبا و کاری سەرئاوی بوایە دەبوو ژنێکیان لەگەڵی بچێ و لە بەردرگا ڕاوەستێ هەتا تەواو دەبێ. ئیدی باسی ڕێویت لەلا کردبایە، حەفتا ڕۆحی پێ‌با یەکی پێ نەدەما. خەڵک ناویان نابوو پاڵەوان فس‌فس..."

کوتم بە هیوای هەمووی بنووسیەوە؟ باشە بۆ چیتە؟ چا خەتیشی چەن خۆشە.

نزیک سەعات دوازدە بوو، زۆر درەنگ بوو. دەبوو تا سەعات دوازدەونیو

نەهاریش بکەن و بشگەنەوە مەدرەسە.

پاڵەوان فس‌فس بە سەعاتێکی دیکەش تەواو نەدەبوو.

سەرم لە کەریم بردەپێشێ و بە هێواشی کوتم چ بکەین؟ فریا ناکەوم.

کوتم بزانم سەری بە شتێکەوە قاڵ ناکەم؛ هەر بردم واوە تۆ هەڵێ.

*کوڕە ئاخر ڕۆڵەگیان دەڵێم ئەو پووڵەی هەموو ڕۆژێک دەیدەین بە کابرای ماشێن، بۆ بۆخۆمان نەیبەین و پووڵەکەشی بۆخۆمان نەیخۆین؟ ئەگینا من لە تۆم پێ خۆش‌ترە هەموو ڕۆژێک بەو بەیانییە کە هێشتا ئەستێرە بە عاسمانەوەیە و دەلیاتێک شەوی ماوە لەو خەوە خۆشە هەڵنەستین و نەچین بۆ کوشتارگا.*

*بە چاوی خەواڵووەوە دەستم برد و کلکیم بادا. دەستم لە تەڕاییەکی پیسی لینجی بۆگەن و ناحەز درا. خۆزگەم بەوە کا کە بابی قەساب نییە؛ بەققاڵە، مریشک فرۆشە، کرێکارە.*

لەو سرت‌وخورتەیان دوو شک بووم.

دەستم بۆ لای کتێبەکانی ئەولاوە ڕاداشت و بۆخۆم بەرەولایان چووم کوتم بەشکوو بە دوامدا بێ، کوتم کاکە ئەو کتێبە بایی چەندەیە؟

لە جێگای خۆی نەبزووت، بەڵام سەری بەرەو ئەو پۆلە کتێبەی من قامکم بەرەولایان ڕاداشتبوو، هەڵێنا و کوتی کامیان؟

کوتم هۆو شینەیان.

کوتم ئەوە بۆ تۆ نابێ، جارێ زووە؛ جا تۆ ئەوەت بۆ چییە؟ ها؟

کوتم بە خودا لە جێگای خۆی نابزوێ. نەکا متەللیب هەڵێ و من لە بەردەستی‌دا بمێنمەوە، ئابڕووم دەچێ؛ ئەو هەمووەش پیاوی چاکە.

من لە چاوترووکانێک‌دا مجەللەکەم پێکداداوە و دەفتەرەکەم هەڵگرت.

کوتم تەواو بووی؟

کوتم تا ئێرە بەسسە؛ دەستت خۆش بێ، زۆر مەمنوون؛ مجەللەکەم داوە دەستی.

کوتم کەریم با بڕۆین.

پێم سەیر بوو؛ متەللیب سەیر گەشابۆوە. پەلەپەلی چی بوو؟ سێ‌چوار قەدەم

کوردیکا @kurdica

دوور نەکەوتبووینەوە کوتم بە خودا هەرچیم کرد واوە نەدەهـات. پیـاوێکی زۆر سوێرقسە بوو. حەکوو کە قسـەی لـێ پرسـین. ئەرێ ئەوە چـی بـوو؟ پێمـوابێ هەستی کردبوو بە تەمای چیین.

کوتم کوڕە ئەوە دەڵێی چی! کاری خۆم جێبەجێ کردووە.

کەریم پێی سەیر بوو.

کوتم کاری چیت جێبەجێ کردووە؟!

کوتم پاڵەوان فس‌فس.

کوتم چۆن؟

سەرکەوتووانە بزەی هاتێ.

کوتم پاڵەوان فس‌فس ئەوەتا لە گیرفانم دایە.

باوەڕم نەدەکرد، کوتم کوڕە شتی چاک بڵێ!

کوتم وەڵڵا.

گیرفانی پاتۆڵەکەی بەحاڵ ئاوەڵا کرد و گۆشەی کاغەزی مجەلـلەکەی نیشـان دا.

کوتم دادەی.

کوتم جارێ پەلە مەکە. با کەمێکی دیکە دوور کەوینەوە.

لە نزیک ماڵی خۆیان لاپەڕەکەی دەرهێنا؛ هەر ئەم چاوێکی لێ دەکـرد و ئەو لێی وەردەگرتەوە، ئەو چاوێکی لێ دەکرد و ئەم لێی وەردەگرتەوە. دەیانخوێندەوە و قاقا بە کارە سەیروسەمەرەکانی پاڵەوان فس‌فس پێدەکەنین.

زۆری نەمابوو بۆ وەختی مەدرەسە. هەڵمانگرت لە مەدرەسە تەواوی بکەین.

مـــدیری مەدرەســـە کوتبـــووی درگـــا داخەن. دووســـێ کەس کە درەنـــگ گەیشبوونێ لە پشــت درگــا مـابوونەوە، بە هەزار تکـا و پـاڕانەوە هێشـتیان ئەو دووسێ کەسە بچنە ژوورێ؛ یەکیان کەریم بوو.

وەختێک چوومە ژوورێ معەللیمی جوغرافیا لەسەر کلاس بوو.

هەر دانیشت زانیی متەللیب شێواوە.

پێم سەیر بوو؛ کوتم بە خودا حەتمەن لە ماڵێ پێیانزانیوە و پاڵەوان فس‌فسیان

لێ گرتووە و دیسان دڕاندوویانە.

کوتم حەتمین دیسان پاڵەوان فس‌فس حەماسەی دیکەی خولقاندووە.

کوتم شایەدیش لە مەدرەسە گیرفانی گەڕابێتن و لێیان گرتبێ؛ کە خراپ‌تر.

تا زەنگی پشووی لێدا و خۆم گەیاندە متەللیب وەختابوو دڵم بتۆقێ.

کوتم هیچ لە کەیف‌ساز ناچی.

کوتم نەوەڵا؛ زۆریش ناڕەحەتم.

کوتم ئەوجار لەسەر چی؟

کوتم پاڵەوان فس‌فس.

کوتم بەو خودایە دەمزانی. هەر چاوم پێت کەوت زانیم. یان لە ماڵێ لێیانگرتووی یان لێرە.

کوتم کوڕە ئەوەتا پێمە؛ خۆ لێم نەگیراوە.

کوتم ئەی ناڕەحەتی چی؟

کوتم کوڕە هەر نیوە لاپەڕەیەکەم لە مجەللەکە لێ کردبۆوە، خۆ هەمووی نییە. کەمێک لە بەسەرهاتەکەیەتی؛ بە ملی شکاومەوە دەبوو سێ‌چوار لاپەڕە لێ بکەمەوە.

کوتم چۆن؟

چوونە سووچێک و تەماشایان کرد. هەر ئەو لاپەڕەیە بوو. لاپەڕەکەی پشتەوە لاپەڕەی پەنجاوپێنج، جەدوەلێکی شین بوو. بە قەڵەم پڕ کرابۆوە و هیچ خەبەر لە پاڵەوان فس‌فس و کارە سەیروسەمەرەکانی نەبوو. ئەوان نەیاندەزانی چیرۆکەکە سێ لاپەڕەیە؛ پەنجاوشەش، پەنجاوحەوت و پەنجاوهەشت.

کوتم ڕێوی...کە... دیتی...پا...ڵە...وان...زۆر...دە...ترسێ...و...وەک... جاو...

کوتم ئەوەتا لێرەوە ناتەواوە.

کوتم دادەی؛ وەڵا ڕاست دەکەی. کوتم دەی چ بکەین؟

کوتم جا وەڵا عاقڵم بە هیچ ناشکێ.

کوتم ماڵتە ئەو هەمووە خولکەی کرد بریا هەڵمانگرتایە.

کوتم کوڕە شایەد بەڕاستی نەبێ.

کوتم کەریــم ســبەینێ بــۆی بچیــنەوە چیــیە؟ هەر بە بیــانووی نووســینەوەوە لاپەڕەکانی دیکەش بە جۆرێک لێ دەکەمەوە.

کوتم جا ئەوە هاتوو دە لاپەڕە بوو.

کوتم هەرچەندێک بێ هەمووی دەنووسمەوە.

کوتم ئەی ئەوە هاتوو کردمەوە و کوتی ئەوە ئەو لاپەڕەیە بۆ دڕاوە؟

کوتم کوڕە ئەو گێژە چووزانێ.

هەر سلاویان کرد، لە نەکاو توند دەستی عەبدول متەللیبی گرت.

کوتم دا وەرە بزانم ئەوە دوێنێ چت کردووە؟

کەریم لەولاوە نەیدەوێرا زیاتر بچێتەپێشێ و دڵیشی نەدەهات هەڵێ.

کوتم چم کردووە کاکە وەڵڵا لێت تێک چووە!

توند مەچەکی دەستی گرتبوو و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا.

کوتم وەرە ئێستا پێت دەڵێم.

ڕۆیشت ڕۆیشت تا ڕاست گەیشتە حاندی ســروەکە. بە دەســتەکەی دیــکەی هەڵیگرت.

متەللیب دڵی داکەوت.

کوتم دوێنێ ئەوەت بۆ دڕاندووە؟

کوتم دڕاندنی چی؟ من خەبەرم نییە.

مجەللەکەی هەڵداوە ڕاست چووە لاپەڕەی پەنجاوحەوت و نیشانی دا.

کوتم بەو خودایە کاکە من نەمدڕاندووە.

کەریم هاتبووەپێشێ.

*ڕیزێک کەلاک بە قولاپەکانەوە لەمسەر بۆ ئەوسەر هەڵواســرابوون. هەموویــان سەرەوخوار بوون. کلکە درێژەکانیان یەکی تۆزێکیان پێوە مابوو. کلکیــان لە حەوا و گەردەملەکانیان ڕوو بە خوارێ بوون. خوێنیان لەبەر دەچۆڕاوە. ڕەگــی لاڕانــی زۆربەیان جارنەجارێک دەجوولاوە و لێیدەدا. کابرایەکی بەرگ ســپی لە ســەری ئەوسەرەوە مۆر و ستامپێکی پێ بوو، دانە دانە چــاوی لــێ دەکــردن و مــۆرێکی شینی لە لاڕانیان دەکوتا.*

کوتم وەڵڵا کاکە ئەو نەیدڕاندووە. من شایەدم.

کوتم تۆ شایەدی؟ شایەدی ڕێوی کلکیەتی! لە دوێنێوە هیچ کەس بێجگە لە ئێوە دەستی لەم سروەیە نەکەوتووە. دوێنێ هەر سرتوخورتتان بوو دەمزانی شتێکتان لە بن سەردایە؛ هەر ڕۆیشتن چاوم لێ کرد؛ وەشوێنیشتان کەوتم نەمگرتنەوە. باشە نەمکوت هەر ئاوا هەڵیگرن. ئێستا ئەو مجەللە جوانەتان بۆ دڕاند؟

یەکێک لە گیرفانەکانی کەمێک هەڵتۆقیبوو، لەخۆوە لەو گیرفانە دووشک بوو. بە دەستەکەی دیکەی دەستی کرد بە گیرفانیدا.

وەختێک بە خشەخش لاپەڕەبۆر هاتەدەرێ، من سەیر تەریق بوومەوە و لەشەرمان وەختابوو ببمە دڵۆپەیەک ئاو بە عەرزیدا بڕۆمە خوارێ. زۆرم پێ خۆش بوو ڕۆچوومایە، خەون بێ، یان...

*وەختێک سەیدەسووره درگاکەی کردەوە پێم خۆش نەبوو بە دوای گوێلکەکەدا بچمە ژوورەوەی کوشتارگاکە و لە دەرەوە ڕاوەستام. پێم خۆش نەبوو دیمەنی سەربڕینی مانگا و گوێلکەکان ببینم. بەڵام لە درزی درگاکەوە دیتم کە دوو سەللاخ مانگایەکیان گرت و بردیانە سەر سەکۆی سەربڕین. یەکیان سەری مانگاکەی گرتبوو و فیتووی بۆ لێدەدا و بە ئەسپایی سەرپشتی بۆ دەخوراند. ئەوی دیکەیان پەتێکی بە دەستەوە بوو، سەرێکی پەتەکەی قوڵفە کرد و هێواش خستییە هەردووک دەستی مانگاکەوە و توندتوند کێشای دەستەکانی پێکەوە جووت بوون. مانگاکە وەک ئەوەی تازەی زانیبێ چی قەوماوە و چی بەسەر دێ، کەوتە خۆبادان و سەر ڕاوەشاندن و کلکبادان. سەللاخ زوو سەرە پەتەکەی لە پشت ڕەفیسکەیەوە هێنا و کێشای، مانگاکە درا بە عەرزدا، لەگەڵ بەعەرزدا درانی بۆڕاندی، سەللاخەکە زوو چوارپەلی مانگاکەی پێکەوە جووت کرد و پەتەکەی قوڵفە کرد. سەیدە سووره بە مەسقەڵەکەی چەقۆکەی تیژ کردەوە. ئیدی من ڕووم وەرگێڕا و لەوە زیاتر چاوم لێ نەکرد.*

هەر دووکیان لە جێی خۆیان وشک بوون.

کوتم ئەوەتاااا، ئەی بۆ سوێند دەخۆن! وەرە بزانم.

کوتم دا تۆش وەرە. بزانم چکارەن و بۆ واتان کردووە.

کاکە! دەستیان کردە شین‌وگریانێک وەک خۆشم لێ نەدەهاتەوە. یەکێک نابەڵەد بوایە پێیوابوو لێم‌داون یان زوڵمێکی زۆرم لێ کردوون.

تۆ تەنیا کارەکەی ئەوانت پێ سەیر بوو. دوو منداڵی چاردە پازدە ساڵان، دەبێ چ شتێک وای لێ کردبێتن ئەو لاپەڕەیەی سروە بدڕێنن و بیدزن.

لە دوێنێوە هەر چاوەڕوان بووم بیانبینمەوە. خوداخودام بوو جارێکی دیکە چاوم پێیان بکەوێتەوە. بەڵام بەڕاستی لەو ڕاستەی خیابانە وەها دەگریان لەوانەبوو خەڵکمان لێ کۆ بێتەوە؛ مەجبوور زوو لەکۆڵ خۆمم کردنەوە. هەرچەند زۆرم کوت بابە مجەللەکە بۆ خۆتان.

کوتم ئێوە تەنیا ئەوەم لێ ڕوون کەنەوە بۆ ئەو کارەتان کردووە؟

کوتم فێریان کردوون؟

کوتم کەسێک یان کەسانێک ئێوەیان ناردووە؟

کوتم ئێوە تا ئێستا کتێبتان خوێندۆتەوە؟

کوتم خوێنەرن؟

کوتم کتێب‌خانەتان هەیە؟

جواب هەر گریان بوو.

کوتم دە شێت بووم پێم بڵێن ئێوە چین؟

کوتم ها بابە مجەللەکە بۆ خۆتان.

تەنیا دەگریان و هیچ جوابێکیان نەدەداوە.

کوتم من لەوەتی دەژیم و لەم شارەدام شتی وام نەدیوە. زۆربەی هەرە زۆری کتێبکڕ و کتێبخوێن و کتێبدارەکانی ئەم شارە دەناسم. بە بۆنەی ئەم دەستفرۆشییەشەوە ئەوانەی وا نەمدەناسین وردەوردە خۆم لێ نزیک کردوونەوە و ناسیومن. جاری وایە شتی سەیروسەمەرەم دیوە و بە دەیان خوێنەر و کتێبکڕی زۆر عاشق و شەیدا بوونە ناسیاوم.

بەڵام ئەو دوو کوڕەی زۆر پێ سەیر بوو.

کوتم سەیر لە هەمووی سەیرتر ئەختوچار و چۆقی ڕەشم کرد

کوردیکا @kurdica

مجەللەکەشیان هەڵنەگرت!

پەڕە دڕاوەکەشیان بۆ بەجێ هێشت. زۆری پێ سەیر بوو.

کوتم تۆ دڵنیا بووی ئەوان بۆ پاشماوەی ئەو چیرۆکە هاتبوونەوە، بەڵام لێت تێکدان.

کوتم تۆ بڵێی جارێکی دیکە بێرەدا بێنەوە؟

کوتم ئاخە متەللیب، ماڵتە ئەوە کار بوو کردت؟

کوتم دەبڵێم چی؟ وەڵڵا شانسم نییە.

کوتم باشە ئەو پەڕەت بۆ لەگەڵ خۆت هێنابوو؟

کوتم کوڕە لە ماڵێش هەر دەترسام بیبینن و دیسان بەزمم پێ بگێڕن. بۆ بۆخۆت باوکم ناناسی؟

کوتم ئابڕووشمان چوو. باشە بەو گریانە بە هەر جۆرێک بوو نەجاتمان بوو.

هەر دووکیان دڵسارد و بێهیوا ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵێ.

کوتم دەزانی دەمەوێ چ بکەم؟ دەمەوێ پووڵ کۆ بکەمەوە و ئەو مجەللەیە بکڕم. هەم بەو کابرایە نیشان دەدەم کە من دز نیم و هەم مجەللەکەش دەکڕم.

کوتم هەرچی بکەی لەگەڵتم.

یەکی سێ تمەنیان دانا و دوایی شەش تمەنی دیکەیان بۆ ماوەی ڕۆژێک لە دوو ئاواڵیان قەرز کرد.

هێشتا شەش تمەنمان مابوو. دەمانزانی بێتوو پەلە نەکەین دەفرۆشرێ.

کوتم کەریم با بچین پێی بڵێین.

کوتم کوڕە پووڵەکەمان تەواو نییە عەیبە.

کوتم خۆ نامانکوژێ. با بچین من بۆخۆم پێی دەڵێم، دەڵێم بە وادەی ڕۆژێک.

لەو دەوروبەرە هەر خۆتەخۆتیان بوو.

کوتم دا وەرن بێدینانە بزانم لە چی دەگەڕێن؟

کوتم کاکە بە خودا ئێمە دز نیین.

کوتم جا کێ کوتوویە ئێوە دزن. وەڵا باشە.

دڵم پڕ بوو و کوتم ئێمە دز نیین، ئەوە هاتووین بیکڕین.

کوتم کورە چونکین واتانکوت پوولم هەر ناوێ؛ ها ئەوە بۆم داناون.

کەریم نۆ تمەنی بۆ دەرهێنا.

کوتم نالێم پوولم ناوێ.

کوتم بە خودا بێپوول هەڵیناگرین.

کوتم باشە خۆ ئەوە نۆ تمەنە.

لەڕێوە ئەوە بە فکرم گەیشت کە جارێ وەک بێح لەلای بێ.

کوتم کاکە خۆ مجەللەکە نابەینەوە. ها با پوولەکەش و مجەللەکەشت لەلا بێ.

منیش کوتم ئەوە نۆ تمەن و بۆمان ڕاگرە، تازە ئەو مجەللەیە هی ئێمەیە. سبەینێ ئەوی دیکەشت بۆ دێنین.

کوتم باشە. پوولتان لێ وەردەگرم، بەڵام بە قسەم بکەن جارێ مجەللەکە لەگەڵ خۆتان ببەن.

من زۆرم پێ خۆش بوو.

لەوەی کە توانیومانە ئابڕووی خۆمان بکڕینەوە زۆر خۆشحاڵ بووین.

لە خۆشیان دەستم کردە گریان. کوتم نا بە خودا نایبەین، با لەلات بێ.

وەختێک دیتم متەللیب دەستی کردە گریان منیش دڵم پڕ بوو بەڵام نەمهێشت بگریم. کوتم نا قەیناکە، سبەینێ دێین بۆی.

لەحاڵێکدا کە کاک سولەیمانی کتێبفرۆش مجەللەکەی هەر بە دەستەوە بوو و بە هیوا بوو بچین لێی وەرگرین و لەگەڵ خۆمان بیبەین، بەجێمان هێشت و ڕۆیشتین.

لە خۆشیان وەختابوو باڵ بگرین. نەماندەزانی چی بکەین. تا نزیک گەڕەکی خۆمان ڕۆیشتین و هیچمان قسەمان نەکرد.

ئەو شەوە کەس نازانێ چۆن خەوم لێ کەوت، پێموانییە دوو سەعات خەوم لێکەوتبێ. هەر چاوم دەنا سەریەک، توند مەچەکی دەگرتم و هاواری دەکرد دز و من ڕادەچەنیم. ئۆخەیش کە ڕزگارم بوو.

کوتم هەر چۆنێک بوو نەجاتمان بوو.

نەمدەزانی چۆن جوابی چاکەکانی کەریم بدەمەوە. لەوەی کە ئاوا دڵسۆزانە بە

دوامەوە بوو و لەو ماجەرایەدا بەجێی نەهێشتم زۆر خـۆم بە قەرزداری دەزانــی. ئەوەندەی دیکەشم کەریم لە بەرچاو شیرین بوو.

کوتم دەزانی چییە کەریم؟ بڵێی تیرەکان لەژێر گڵەکەدا مابێتن؟

کوتم بۆ چی؟

کوتم بە تەمام ئەگە مابێتن بیانفرۆشین.

کوتم جا کێ ئەوانە دەکڕێ؟

کوتم هەزار کەس هەن. هەر لە مەدرەسە مشتەرییان بۆ پەیدا دەکەین.

پێش ئەوەی ئاغای ڕیازی بێتە سەر کلاس، کەریم بە منـداڵەکانی کـوت کــێ تیری ئامادەی تیروکەوانی دەوێ؟

دە پازدەیەک دەستیان هەڵێنا.

کوتم بە خۆڕایی نا، بیست تیر بە تمەنێک.

هەموو دەستیان داناوە؛ مانەوە دوو کەس.

کوتم متەللیب نێوەکەیان بنووسە سبەینێ بۆتان دێنین.

لە زەنگەکانی دیکەش‌دا سێ‌چوار کلاس گەڕان و توانییان نێوی چاردە کەس بنووسن. لێیان زیاد بوو.

کوتم بەزیاد بێ خۆ دز نیین.

ئێمە کارمان بە هەشت تمەنی دیکە بوو.

کوتم کەریم ئاخە بڵێی مابێتن؟

کوتم ماون بەڵام دەترسم ئەوەندە نەبن. ئێمە زۆرمان قەول داوە.

کوتم ئەرێوەڵا، چاردە دانە بیست تیریمان قەول داوە.

کوتم دەبێتە نزیکی سێ سەد تیر. بڵێی ئەوەندە ببن.

کوتم بێتوو مابێتن و کەس دەری نەهێنابن، سێ سەد زیاتریشن.

وەختێک چوونە سەر جێگاکەی و دایـانەوە، بە لایلـۆنەکەوە لەوێ مـابوون و کەس دەستی لێ نەدابوون.

هەر لەوێ دەستمان کرد بە بژاردن.

من سەدوحەفتاوسێ دانەم بژارد.

منیش لەوم زیاتر بژارد.

بۆ ئەوەی لە سەنگەرەکانی پازگاکەوە دیـار نەبـن، دەوریکیـان لێـدا و بەولادا ڕۆیشتنەوە ماڵێ.

کەوتینە فکرەوە کە ئەم هەمووە تیرە چۆن ببەینە مەدرەسە؟

کوتم خۆ بە خودا هەر دەزانن. چ بکەین متەللیب؟

کوتم دەزانی چی؟ سبەینێ کەمێک زووتر دەڕۆین، تۆ زووتر بچـۆ ژووریێ و بە بیانووی ئاودەستەوە بچۆ حەوشە چکۆلەکەی پشتەوە، لەوێ ڕاوەسـتە. منـیش لە پشتەوە لایلۆنەکەت بۆ دەخەمە ژووریێ. دوایی لەگەڵ کتێبەکانت ببە ژووریێ.

کوتم ئافەریم؛ نەخشەکەت زۆر نەخشەی چاکە؛ بەڵام تەواو نییە.

کوتم چۆن!

کوتم ئاخە ماڵتە ئەو لایلۆنە زەلامە چۆن ببەمە ژووریێ؟ خۆ هەر دەزانن.

کوتم ئەی چی بکەین؟

کوتم دەزانی چی دەکەین؟ تۆ زوو هەڵێ وەرەوە ژووریێ و بڕۆ سەر کلاس؛ دەی منیش بە پەنجێرەکەدا دەتدەمە دەست و ئەھ .

کوتم حەک بژی بە خوای فکری چاک بوو. لێی دەوە.

هەر دووکیان دەستیان نا نێو دەستی یەک.

٦

کوتی ئێوارێ وەختێک مەدرەسە تەواو بوو، بە دڵی خـۆش و هیـوا و هومێـد و گیرفانی پـڕەوە خۆمـان گەیانـدە خیابـانی گەورە، ڕووبەڕووی بـانکی میللـی و تۆزێک خوارتر لە حەوزەگەورە.

کوتی لەوێ بوو؛ کتێبەکانی لە بن دیواری کانوونی پەروەردەی منـداڵان ڕیـز کردبوو، خەڵک وەک هەمیشە بە پەلە تێدەپەڕین و تـاقولـۆقەیەک چاوێکیـان لە کتێبەکان دەکرد.

کوتی لە دوورەوە چاومان پێی کەوت.

کـوتی کـاک سـولەیمان پیـاوێکی کەڵەگەتـی کەمێـک کـز بـوو، لەسـەر چوارپایەیەکی چکۆلە دانیشتبوو، پشتی کووڕ کردبوو و مجەللەیەک لەسەر ڕانـی و خەریکی خوێندنەوە بوو.

کوتی ئەوە هاتنەوە کەڵەگا؟

کوتی باقی پووڵەکەمان بۆ هێناوی.

کوتی ها ئەوەش سروەکەتان.

کوتی دەستت خۆش بێ.

کوتی کتێبی دیکەتان ناوێ؟

کوتی نا.

کوتی هاتوو کتێبی دیکەشتان ویست وەرن دەتاندەمێ؛ لەگەڵیشتان دەسازێم.

کوتی بەڕاستی؟

@kurdica

کوتی وەڵڵا. مادام ئێوە ئاوا ئۆگری کتێبن و ئاواش قەولڕاست و ڕاستگۆن، لەگەڵتان دەسازێم.

کوتی من لە خۆشی ئەوەی توانیومە بەو کتێبفرۆشە بسەلمێنم کە دز نیم و لە خۆشی چیرۆکی پاڵەوان فسفس، چاوم لەوان دەکرد، بەڵام هۆشم لایان نەبوو؛ دەمزانی پێکەوە قسەیان دەکرد. ویستم مجەللەکە لوول بکەم و بیخەمە گیرفانی پاتۆڵەکەمەوە.

کوتی حەیفە وای لێ مەکە؛ هەمووی دەدڕێ.

کوتی یەک بەخۆم هەڵبەزیمەوە و بە قسەم کرد و هەر وا بە دەستمەوە گرت.

کوتی کەریم با بڕۆین.

کوتی با بڕۆین.

کوتی متەللیب زوو دەستی کرد بە باخەڵیدا و لاپەڕەکەی دەرهێنا.

کوتی خستیانەوە جێگای خۆی. هەر بە ڕێگاوە دەستیان کرد بە خوێندنەوەی.

کوتی ڕاوەستە متەللیب، ئاوا نابێ تا درەنگ نەبووە دەچینە مەیدان و لەوێ لە هەوەڵەوە دەیخوێنینەوە.

کوتی هەتی ئاخە پازگا بزانن، دەمانگرن.

کوتی بۆ؟

کوتی ئەی ئەوە کوردییە.

کوتی ناتوانن؛ ئەوە نییە بە ئازادیی دەفرۆشرێ.

کوتی کوڕە خۆ ئەوان کاریان بەوە نییە.

کوتی یەگجار ئەوەندەش فشە نییە؛ ئەوە نییە لە ئێران چاپ بووە.

کوتی کوڕە ئەوان گوێیان لەوە نییە. لەبیرت نییە مانگاکەی نەنەعەجەمیان بە نوێژی نیوەڕۆ کوشت. مانگا دەزانێ ئیست چییە؟

کوتی ئاخر ئەودەم زۆر توندییان گرتبوو. کوا خۆ ئێستا بە ڕۆژدا کاریان بە کەس نییە.

کوتی دەزانم، بەڵام لە شانسی ئێمە بە دوور نییە.

*کەلاکێکی گەورە بە یەکێک لە قولاپەکانەوە هەڵواسرابوو، کەلاکەکە هێشتا*

*شەق نەکرابوو. تەنیا کەوڵیان کردبوو و هەڵیانواسیبوو. سەیدەسووره چەقۆیەکی دەمباریک و گۆشتپاچێکی زلامی دەست دایە و بەرەو کەلاکەکە ڕۆیشت. لەپێشدا بە چەقۆکە جەرگ و دڵ و گورچیلەکانی بڕی و لێی کردنەوە و خستنیە نێو تەشتێکەوە. دوایی بە گۆشتپاچەکەی دەستی کرد بە شەق کردن. لە نێوەڕاستەوە کردییە دوو بەش، هەر بەشێکی بە قولاپێکدا هەڵواسی. سەیدەسورە هات گوێلکەکەی لە دەستی بابم وەرگرت و من درگای کوشتارگاکەم لێ کردەوە و هاتمەدەرێ.*

کوتی لە مەیدانە چۆڵەکەدا لە پشت بەردەکە، هەر چۆنێک بوو چیرۆکی پاڵەوان فسفسیان خوێندەوە.

کوتی هێندە پێکەنیبووین وەختابوو لەخۆ بمیزین.

کوتی ئەو شەوە کەریم بردیەوە ماڵێ.

کوتی متەللیب لە ترسی باوکی نەیوێرا بیباتەوە.

کوتی خۆزگەم بە خۆت، تا نیوەشەو هەر بیخوێنەوە. پاڵەوان فسفس لەگەڵ خۆت بخەوێنە با نەترسێ.

کوتی کەریم تا نیوەشەو وتار و شێعر و چیرۆکەکانی دیکەی سروەی پچڕ پچڕ و بە لەقەلەق و پتەپت دەخوێندەوە. تا دەهات چاکتر فێر دەبوو و لێی سەرخۆشتر دەبوو.

کوتی بەیانی زوو بە خۆت و مجەللەی ژمارە دووی سروەتەوە چووی بە شوێنی عەبدول متەللیبدا، کە لەبەرت پاڕابۆوە پێی نەڵێی عەبدول متەللیب.

کوتی دوو مانگی ڕەبەق ئەوە کار و پیشەی ئێمە بوو.

کوتی نووسینەوەی تەکلیفیان دەخستە شەوێ و بە ڕۆژ ئەوەندەی لە ماڵێ دەرفەتیان بوایە، ئەو مجەللەیان دەست دەدایە و دەڕۆیشتن لە شوێنێک دادەنیشتن و بە نۆرە دەیانخوێندەوە.

کوتی دەمانخوێندەوە و دەمانخوێندەوە. زۆرجاریش بۆ گاڵتە و شۆخی یەکمان خۆمان دەکرد بە پاڵەوان فسفس و لاسایی ئەومان دەکردەوە.

کوتی ئەوەش دەرس و تەکلیفەکانی مەدرەسە نەبوو نەتوانین هیچ هەستێکمان

لە بەرامبەریاندا هەبێ. تەواوی شێعر و چیرۆک و وتارەکانمان دووسێ جار خوێندبۆوە و تەنانەت زۆر جێگاشیمان لەبەر بوو.

کوتی مجەللەکەمان کۆن و شڕ کردبوو.

وەختێک زانییان کە ئەوانیش دەتوانن نامەیان بۆ بنێرن و لە بەشی "ئێمە و خوێنەر"دا وڵام وەرگرنەوە و نێوی خۆیان بە چاپ کراوی ببینن، لە خۆشیان پێیان وە عەرزی نەدەکەوت.

کوتی کەوتینە فکری ئەوەی نامەیەکیان بۆ بنووسین.

کوتی جا بنووسین چی؟ خۆ کوردی نووسینیش بە باشی نازانین.

کوتی بەڵام هێندێک شت فیر ببووین؛ بۆ نموونە فێر ببووین کە لە نووسینی کوردیدا تێ و زێی دەسکدار و زێی دال و ساد و زاد و سێی سێ نوختە و تەشدید نییە.

کوتی بە خوای بۆ نووسینی دیکتە خۆشە.

کوتی دووسێ جار نامەیان دەست پێ کرد و دوایی دڕاندیان.

کوتی نەماندەزانی چی بنووسین یان بڵێین چی و پرسیاری چی بکەین.

کوتی هێندەیان ئەو سروەیە خوێندبۆوە تەواو لێی وەڕەز ببوون.

کوتی ئەرێ بۆ سەرێک لە کتێبفرۆشەکە نەدەین.

کوتی بۆ؟

کوتی بەشکوو ژومارەی تازەی سروەی بۆ هاتبێ.

کوتی عەیب نییە؟

کوتی نا بۆخۆی کوتی وەرن لەگەڵتان دەسازێم.

کوتی ئەوجارە ئاگام لێبوو باسی شتێکتان دەکرد.

کوتی بە خودا وای کوت.

کوتی سروەم نییە چ تازە و چ کۆنە؛ بەڵام یەکدوو کتێبی کوردی باشم هەیە.

کوتی ئەرێ تا ئێستا بێجگە لە کتێبی مەدرەسە و ئەو سروەیە، چتان خوێندۆتەوە؟

کوتی هەردووکمان لە قاقای پێکەنینمان دا و کوتمان وەڵا هیچ.

کوتی بە چی پێدەکەنن؟

کوتی وەڵا بێجگە لە پاڵەوان فس‌فس هیچمان نەخوێندۆتەوە.

کوتی سولەیمان بە پێکەنینەوە کوتی ئەها، دە زۆر باشە. پێم خۆشە لەپێش‌دا ئەو یەک‌دوو کتێبە بخوێننەوە.

کوتی من دەمزانی متەللیب پێی خۆشە، بەڵام لەڕووی هەڵنایە بڵێ دەی باشە بماندەیە، بەڵام جارێ پووڵمان نییە.

کوتی لێرە نیین بێتوو بتانەوێ لەماڵێ بۆتان دێنم.

کوتی چیین؟

کوتی "ملوانکەی شین" لەگەڵ "تاریک و ڕوون"؛ زۆر کتێبی چاکن؛ وەختێک هەر دەخوێننەوە پێم خۆشە ئەو کتێبە باشانە بخوێننەوە. هاتوو پووڵەکەشیتان نەبوو بە دووسێ جار بیهێنن.

کوتی دەی متەللیب دەڵێی چی؟

کوتی بەڕاستی من زۆرم پێ خۆش بوو؛ بەڵام چونکوو بە قەرز بوو لەڕووم هەڵنەدەهات پرکێشی بکەم و بڵێم بۆمان بێنە.

کوتی هەرچۆنێک بوو بە هەر ئیشارە و ئاماژەیەک بوو کەریمی حاڵیی کرد کە ئەویش زۆری پێ خۆشە.

کوتی سبەینێ ئەودەمانە وەرنەوە بۆتان دێنم؛ هەر دووکیان؟

کوتی ئەرێوەڵا تازە هەر دووکیان. بایی چەندن؟ گرانمان پێ مەدە.

کوتی بە هەر دووکیان هەشتا تمەن.

کوتی هەشتاااا تمەن؟! زۆر نییە؟

کوتی کورە زۆری چی؟ تازە "تاریک و ڕوون"ـەکە کۆنە و چەن لاپەڕەیەکیشی نەماوە. ئەگینا زۆر گرانە، هەر وەدەست ناکەوێ.

کوتی هەشتا تمەن بۆ ئەوان زۆر بوو. بەڵام چونکە هیوایەکیان بوو، گوێیان نەدایە. پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ، باسی ئەوەیان کردبوو کە وەختێک کتێبێکیان کڕی، بۆ پووڵەکەی چی بکەن.

کوتی کوتمـان سـبەینێ بیسـت تمەنـت دەدەینـێ و سـەری مـانگیش ئەوی دیکەیت بۆ دێنین.

کوتی کوڕە باشە، لەگەڵتان دەسازێم.

کوتی بەڕاستی چاوەڕوان بـوون ناخۆشـە؛ ئەو شـەوەمان بە سـەد شـەو لـێ ڕۆیشت.

کـوتی پـێش ئەوەی کتێـب کـۆ بـکەنەوە و کتێـب بکـڕن، دەبـێ لە فکـری کتێبخانەدا بن بۆ کتێبەکانتان.

کوتی لە دڵی خۆمدا کوتم کوڕە کتێبخـانەی چـی و شـتی چـی ئەگە بـاوکم بزانێ بە شەق کاشیبەنی قوونم دەپچڕێنێ!

کوتی متەللیب کەریمی بردە ئەولاوە و پێیکوت.

کـوتی هەردووکمـان لەبەر پێکەنـین شـینوڕەش ببـووینەوە و قسـەمان بـۆ نەدەهات.

کوتی بە چی پێدەکەنن؟

کوتی وەڵا بە شتێکی خۆمان.

کوتی خۆلاسە ئیدی کارم نییە دەبێ لە ئێستاوە لە فکری قەفەسەیەکی بـاشدا ببن.

کوتی ئەرێ متەللیب تۆ کوڕی میرزاهادی نیی؟

کوتی بەڵێ کوڕی ئەوم.

کوتی باوکت دەناسم.

کوتی متەللیب ئەوەندەی دیکەش سوور هەڵگەڕا و پێکەنینی لەبیر چۆوە.

کوتی حەک بە خاتری خودا ئەوە لە کوێوە بـاوکم دەناسـێ؟ لـە لای بـاوکم نەڵێ کتێب بە قەرز دەبەنەوە.

کوتی دواتر کە لە کاک سولەیمانی کتێبفرۆش دوور کەوتـنەوە بە کەریمـی کوت بڵێی لای باوکم دەنگ نەکا؟

کوتی زوو زوو سەرم بدەن. دڵنیا بن بۆ پووڵەکە نـاڵێم. جارجـار وەرنە ئێـرە. هەردووکتانم خۆش دەوێ، کوڕی وەک ئێوە کەمە.

@kurdica

کوتی نێوی هەر دووکیانم یادداشت کرد و هەر دوو کتێبەکەم پێدان.
کوتی کتێبەکانیان لێ وەرگرتم.
کوتی جارێکی دیکەش وەبیرت هێنانەوە کە دوایی نەڵێن تاریـک و ڕوونەکە پەنجا پەڕی کەمە.
کوتی هۆشی خوداحافیزی و شتیان نەبوو، بە پەلە ڕۆیشتن.
کـوتی یەکـی یەکێـک لە کتێبەکانیـان دەسـت دایە و لەسـەر ئەوەی دوای حەفتەیەک بیانگۆڕنەوە ڕێککەوتن.
کوتی بڕیارمان دانا کتێبەکان نیوەییمان بێ.
کوتی نیوەی بۆ تۆ و نیوەی بۆ من.
کوتی کەریم هاتوو خودای کرد و کتێبەکانمان زۆر بـوون بـا هەموویـان لای تۆ بن. دەزانی چییە؟ بە خودا من لە ترسی باوکم ناوێرم. باشە؟
کوتی بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە و کەس پێیان نەزانێ، سەر و ڕۆژنامە کۆنێکیـان لە بەرگەکانیان گرتن.
کوتی بۆ باقی پووڵەکەیان جارێکی دیکە چوونەوە بۆ حەوشەی سـیمەکان و تۆپێک سیمیان هێنا دەستیان کرد بە تیر دروست کردن.
کوتی لە مەدرەسە تیرەکانمان پێشفرۆش دەکردن و بۆمان دەبردن بۆ ئەوێ.
کوتی بۆ ماوەیەکی زۆر مەودامـان لە ئاواڵەکـانی دیکەمـان گـرت و کارمـان بەسەر تیم و تۆپێن و شەڕەگەڕەک و دەستە و دەستەسازییەوە نەبوو.
کوتی ڕێبوار و تایر و ئەوان پێیان سەیر بوو کە کەریـم و عەبـدول متەلیـب خەریکی چیین و بۆ هەمیشە پێکەوەن؟
کوتی ئەو هەتیوە ڕێبوارە چووە قسەی بۆ ساز کردووین.
کوتی شەرتە وای ناخوا بە دەستمەوە.
کوتی کوڕە لێیگەڕێ چی دەڵێ با بیڵێ من دەزانم کوێی دێشێ.
کوتی من "تاریک و ڕوون"م پێبڕابوو. هەموو جارێک بە دزییەوە ڕۆژنامەکەم دەردێنا و چاوم لە ڕووبەرگەکەی دەکرد.
کـوتی ڕووبەرگێکـی ڕەنگـاوڕەنگی هەبـوو. بەشـێکی ڕووبەرگەکە سـەوز و

بەشێکی دیکەش زەرد و ڕەش بوو. کتێبەکە پشــت بەرگەکەی پێــوە نەمــابوو. لە لاپەڕەی شەســتونۆ هەتــا لاپەڕەی ســەد و بیســتویەکی لەگەڵ نەبــوو. چــوار وێنەی شاعیرەکەی تێدا بوو. هەموویان ڕەشوسپی بوون. یەکێک لە وێنەکان سێ کەس بوون بە پێوە ڕاوەستابوون هەر سێکیان باڵتەی درێژیان لەبەردا بوو.

کوتی لە بنەوە نووسرابوو هێمن– پێشەوا– هەژار.

کــوتی کتێــبەکە دوو پێشــەکی لەگەڵ بــوو؛ ئەوەی هەوەڵیــان لە ســەرەوە نووســرابوو شــاعیری گەل. لە کۆتــایی پێشــەکی یەکەمدا نێــوی نووســەری ئەو پێشەکییە ڕەش کرابۆوە، وەهایان کوێر کردبۆوە بە هــیچ بارێــک نەدەخوێنــدراوە. پێشەکییەکەی دیکە نێوی لە "کوێوە بۆ کوێ" بوو.

کوتی لە کۆتاییدا نووسرابوو ٣-١١-٥٢ هێمن.

کوتی منیش "ملوانکەی شین"م پێبڕابوو.

کوتی بەرگێکی سادە و بازاڕی هەبوو؛ بەرگەکەی کــارتۆنێکی ســپی بــوو. بە خەتێکــی گەورە نووســرابوو ملــوانکەی شــین. ئیــدی بە بــێ هــیچ ڕووبەرگ و ڕازاندنەوەیەک؛ تەنانەت بە بێ نێوی نووســەر و شــاعیرەکەی. جــوان دیــار بــوو کتێبەکە چاپ نییە و کۆپی کراوە.

کوتی کڕین و خوێندنەوەی ئەو دوو کتێبە، لە ژیانی ئێمەدا سەرەتایەکی نوێ و تازە بوو.

کوتی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبــانە خــوێنێکی دیــکە لە دەمارەکــانیــان گەڕا و بناغەی شتێک بە نێوی نیشتمانپەروەری لە دڵ و مێشکیاندا دامەزرا.

کوتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەو هەستە دەگەشاوە و بە خوێندنەوەی شــێعرەکانی هێمن هەستی دەروونیان جۆشوخرۆشێکی تایبەتی گرتبوو. ئەوجــار ڕوونتــر و وردتر دەیانزانی دەبێ چ بکەن و بە دوای چییەوە بن.

کوتی هەوەڵ ڕۆژ کە "تاریک و ڕوون"م بردەوە ماڵێ و لە ڕۆژنامەیەکم گرت و بە خەتێکی گەورە لە سەریم نووســی دەفــتەری فارســی، دوای خوێنــدنەوەی یەکدوو شێعر، چوومە سەر پێشەکییەکەی مامۆستا هێمن.

"لە کوێوە بو کوێ"

"من بۆ خۆم وام، ڕەنگە زۆر کەسیش وابێ..."

کوتی خوێندمەوە، خوێندمەوە، تا گەیشتم بەو جێگایە کە دەڵێ:

"شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبـووبێ ئەو قـازانجەی هەبـووە کە ئەو نـاوە دوورودرێــژەی ســەید مــوحەمەد ئەمینــی شێخەلیســلامی مــوکری لەکــۆڵ کردوومەتەوە."

کوتی کوتم چی؟!

کوتی جارێکی دیکەشم خوێندەوە.

کوتی کوتم جا ئەوە ڕاست ئەو شتەیە وا من بۆی دەگەڕێم.

کوتی یانیی لە منداڵییەوە نێوی هێمن نەبووە؟

کوتی چاوێکم لە وێنەکانی نێو کتێبەکە کرد.

کوتی یانیی ئەو وێنەیە لەپێش‌دا نێوی سەید موحەمەد ئەمینـی شێخەلیسـلامی موکری بووە؟ وەڵا سەیرە! وا هەر نییە!

کوتی یانیی دوایی گۆڕیویەتی؟

کوتی کەوابوو ئەو هەموو هەژار و ئاوات و شـتە کـە باسـیان دەکەن هیچـی نێوی عەسڵی خۆیان نییە. ئەوانیش هەر گۆڕیوانە.

کوتی دەروویەکی تازەم بۆ کراوە و تین و گوڕم گرت و بووژامەوە.

کوتی کوتم یانیی بڵێی منیش بتوانم؟!

کوتی کوتم یانیی منیش دەتوانم وەک هێمن ئەو نێوە ناخۆش و دوورودرێژە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە؟

کوتی بەڵام کەی؟

کوتی دەبێ هەر چۆنێک بێ ببمە شاعیر.

کوتی شێعر، شاعیر.

کوتی تەنیا ڕێگای لەکۆڵ کردنەوەی ئەو نێوە ناخۆشە ئەوەیە ببمە شاعیر.

کوتی شێعر بنووسە و لەدایک بەوە!

کوتی ببە شاعیر و نێوێکی خۆش بۆ خـۆت هەڵبژێـرە و ئەو نێـوە ناخۆشـە لەکۆڵ خۆت بکەوە.

کوتی کەوابوو هەر من بە دەست نێـویکی نـاخۆش و دوورودرێـژەوە گیـرم نەخواردووە؛ زۆر کەس بوون وابوون. وادیارە ئەوە کێشەیەکی گەورەیە.

کوتی بەڵام غیرەتی دەویٚ بیگۆڕی و خۆت دەرباز بکەی.

کوتی دەبیٚ ببیە شاعیر.

کوتی کوتم من دەبمە شاعیر.

کوتی شاعیر نابیٚ نێویکی ناخۆش و دوورودریٚژی هەبیٚ.

کوتی نە سجیل پاک کردنەوە و نە پاڕانەوە لەم و لەو هیچـی نەیـانتوانی ئەو نێوە ناخۆشە لەکۆڵ تۆ بکەنەوە.

کوتی تەنیا ڕێگایەکت هەیە؛ ببە بە شاعیر.

کوتی شاعیربوون ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێنیٚ کە نێویکی کورت و سادە و کوردی و خۆش بۆ خۆت هەڵبژێری.

کـوتی کـوتم یـانیی هەر بەڕاسـتی هـێمن نێـوی سـەید مـوحەمەد ئەمینـی شێخەلیسلامی موکری بووە؟

کوتی جارێکی دیکەشم ئەو ڕستەیە خوێندەوە.

کوتی بەڕاستی بێتوو وا بـووبیٚ هەم سـەیرە و هەمـیش دەسـتی خـۆش بـیٚ گۆڕیویەتی. بڵێی دایک و باوکی چییـان کردبـیٚ؟ بڵێـی دایـک و بـاوکی ڕازیـی بووبێتن؟ خەڵک چییان کوتبیٚ؟

کوتی شاعیر نابیٚ گویٚ بداتە قسەی کەس؛ تەنانەت قسەی دایک و باوکیش.

کوتی بڵێی چەندە بخایەنیٚ تا خەڵک بە نێویکی تازە خوو دەگرن؟

کوتی هەرچی بیٚ من دەتوانم.

کوتی دەتوانی؛ تۆش دەتوانی بە شەرتێک حەولی بۆ بدەی و بتەویٚ.

کوتی من دەمەویٚ ئەو نێوە ناخۆشە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە. من شێعر دەنووسم و دەبمە شاعیر.

کوتی وەختێک پێشەکییەکەم خوێندەوە تێگەیشـتم کە هێمنـیش نەیـوێراوە لە ماڵیٚ بڵیٚ من هێمنم! جاری هەوەڵ باوکی دەفتەری شێعرەکانی لیٚ دەسووتێنیٚ. "بە بۆڵەبۆڵ هاتەدەر و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: خـوێڕی کـارم بـۆ فێـر بـووە.

شاعیری! شاعیری! دەیەوێ لە برسان بمرێ."

"لەبیرمە نیشتمانم بۆ بابم دەخوێندەوە. بە تایبەت شێعرەکانی خۆم و دەیگوت کوڕە ئەو هێمنە کێیە؟"

کوتی دڵنیام ئەویش لای باوکی باسی نەکردووە. منیش جارێ مەجبوور نیم باس بکەم. هیچ پەلەی ناوێ و بە کاوەخۆ؛ وادیارە نێو گۆڕین کارێکی زۆر سادە و ساناش نییە! هەر وا بە دەم خۆشە؛ بەڵام دەکرێ. من دەتوانم خۆم لە دەستی ئەو نێوە ناخۆش و دووورودرێژە نەجات بدەم. دەبم بە شاعیر و هێدی هێدی نێوەکەم بڵاو دەبێتەوە.

کوتی ئاخە جا تو خودا عەبدول موتەللیب بوو بە نێو؟

کوتی لاپەڕەکانم هەڵداوە و دیسانیش چوومەوە سەر ئەو ڕستەیە و خوێندمەوە.

کوتی بەو جۆرە کەڵکەڵە و وەسوەسەی نێو گۆڕین دیسان هاتەوە دەستەم.

وەسوەسەیەک کە چەند مانگ لەوەپێش وەهای ختووکە دابوو کە خستبوویە چەرمەسەرییەوە، دیسان وەک کێچ کەوتەوە کەوڵی.

کوتی جارێک سجیلەکەم کون کردبوو.

کوتی چەندین‌جار حەولی دابوو لە کلاس ئەو نێوەی لەسەر لابەن.

کوتی هیچکام لەو ڕێگایانە نەیانتوانی ئەو نێوە دووورودرێژ و ناخۆشەی لەکۆڵ بکەنەوە. بەڵام ئەمجار گەیشتبوو بە ڕێگاچارەیەکی شیاو و گونجاو.

کوتی دەبمە شاعیر و نازناوێک بۆ خۆم هەڵدەبژێرم.

وەختێک مامۆستا هێمن سی ساڵ لەوەپێش توانیویەتی ئەو کارە بکا تۆ بۆ دەبێ ئێستا نەتوانی بیکەی؟ ها؟!

کوتی شتێکت لێ دەپرسم. ئەگە زانیت نێوی مامۆستا هێمن چ بووە؟

کوتی قاقایەکم کێشا؛ ئاخە زۆر وەک شۆخی دەچوو.

کوتی جا ئەوە مەعلوومە؛ نێوی هێمن بووە.

کوتی نەوەڵا. دەزانی نێوی چی بووە؟ نێوی سەیید موحەممەد ئەمینی شێخەلیسلامی موکری بووە.

کوتی چییییی؟!

کوتی "تاریک و ڕوون"م کردەوە و ئەو ڕستەیەم نیشان دا.

کوتی زۆرم پێ سەیر بوو.

کوتی وەختێک بردتەوە ماڵێ لەپێش هەموو شتێکدا ئەو پێشەکییە بخوێنەوە. بێحەد خۆشە. قەتقەت شتی وا خۆشم نەخوێندۆتەوە.

کوتی کتێبەکانمان گۆڕیەوە.

*سەلاخەکە کەلاکی مانگایەکی لە بەردەستدا بوو کەوڵی دەکرد. هێشتا سم و لاقەکانی بە حەواوە بوون و لێ نەکرابوونەوە. ڕەگێکی سەر ورگی زوو زوو لێیدەدا و دەجووڵاوە. ئااااا! خۆ سەریشیان بریوە! ئەو ڕەگە بۆ لە جووڵە نەکەوتووە و هەر لێ دەدا؟! ماوە؟! یانی نەمردووە؟! سەرەکەی لەولاوە دانرابوو. چاوی لە من دەکرد. ماوم. ماوم. مابوو. وەڵلا مابوو. ئەو مانگایە هێشتا مندار نەبێوە. چاوی لە من دەکرد. ڕەگەکەش هەر دەجووڵاوە. ئەی هاوار ئەو مانگایە ماوە!*

*ڕووم کردە ئەو لاوە. مانگا و گوێلکەکانی دیکە خوێن بەری چاوی گرتبوون و دەیانمووشاند و بۆنیان بە دارودیوار و عەرزەکەی کوشتارگاوە دەکرد و سمکۆڵیان دەکرد.*

*ڕووم کردەوە لای سەرە بڕاوەکە. چاوی هەر لە من بڕیبوو. زەقزەق چاوی لێ دەکردم. مااااوم. ماااااااوم. ڕووم کردەوە ئەولا. لەگەڵ وەرسووڕانی من جوانەگایەک دەستی کرد بە بۆڕاندن، ئەوانی دیکەش بە دوای ئەودا کردیانە گابۆڕ.*

*چوومەدەرێ.*

*بابم کوتی بۆ چوویەدەرێ؟ ترسای؟ کوتم پێم خۆش نەبوو. کوتی هەر تۆ ڕۆیشتییەدەرێ، هێنایانەدەرێ. کوتم چی؟ کوتی مانگاکەی کەوڵیان دەکرد، گوێلکێکی لە زگدا بوو؛ ئاوس بوو.*

کۆمەڵەی (ژ.ک).

کوتم کەریم ئەوە ڕاست ئەو شتەیە وا تۆ بۆی دەگەڕێی.

کوتم ئێمە دەبێ دەستەیەکی وا ساز بکەین. (ژ.ک)ێکی نوێ.

کوتم با بە متەللیبیش بلێم بزانم دەڵێ چی.

کوتم مەبەست لە (ژ) ژیانەوەیە و (ک)یش کوردستان؛ یانی ژیانەوەی کوردستان.

کوتم دەی باشە. ئەزقەزا منیش کە دەمخوێندەوە لە فکری شتێکی وا دابووم.

کوتم کەریم هەردووکمان دڵمان لێک پاکە؛ بەڵام جارێ نابێ لای کەس دەنگ بکەین.

خوێندنەوەی بەردەوامی شێعرەکانی هێمن نە تەنیا وەڕەز و جاڕزی نە دەکردن، بەڵکوو تینووتری دەکردن. بە خوێندنەوەی ئەو شێعرانە و بە تایبەت پێشەکی "لە کوێوە بۆ کوێ" هەستێکی سەیر لە دەروونیاندا وەجۆش هاتبوو.

دوای ئەو یەکدوو مانگە تەواو هەستمان دەکرد لەگەڵ سەردەمی منداڵی و شەڕەجنێو و شەڕەگەڕەک مەودامان گرتووە و بووینە کەسێکی دیکە.

کوتم زۆر سەیرە دیتنەوەی لاپەڕەیەکی دڕاوی مجەللەی سروە چی لێ کردین و چی بەسەر هێناین.

کوتم تۆ کەسی دیکەت پێ شک دێ پێی بڵێین؟

کوتم نەوەڵا جارێ پێویست ناکا لای کەس دەنگ بکەین.

کوتم یانی لە کەسی دیکە ڕانابینم. بۆخۆت دەزانی ئەو شتانە بۆ ئەوە نابێ متمانە بە هەمووکەس بکەین.

کوتم ئەرێوەڵا، ئەو شتانە باسی سەرن متەللیب، بۆ شۆخی نابن.

کوتم نابێ پەلەش بکەین. هەر بە کاوەخۆ.

کوتم کەریم ئەو دیوارە درێژەی پازگات دیوە؟ بابەتە.

کوتم دیواری چاکە. بەڵام حەیف لەو سەنگەرانەوە دیارە.

کوتم دەزانم. بەڵام بێتوو بە جۆرێک فکرێکی بۆ بکەینەوە و بتوانین، سەیر دەنگ دەداتەوە ها!

کوتم جارێ پەلە مەکە، حەتمەن دەیکەین حەتمەن.

کوتم کەریم جا بڵێ دەی.

کوتم دەی.

کوتم پێت چۆنە تاریک و ڕوونێکی دیکە پەیدا کەین و ئەو لاپەڕە دڕاوانە لە ڕوویەوە بنووسینەوە؟

کوتم کاک سولەیمان چی بکەین بۆ ئەو لاپەڕە دڕاوانە؟

کوتم جارێ ئێوە ئەوانە بخوێننەوە.

کوتم کوڕە وەڵا ئەوەندەمان خوێندوونەوە هەموومان لەبەرە.

کوتم لەبەر بۆت بخوێنمەوە؟

کوتم دا بخوێنەوە بزانم.

کوتم دوو مێرمنداڵی چاردە پازدەساڵ و ئاوا ئۆگر و عاشقی شێعر و ئەدەبی کوردی بن؛ زۆر جێگای سەرسووڕمانە.

کوتم لە هەوەڵەوە پێموابوو مشتەرییەکی ئاسایین. وەک ئەو مشتەرییانەی بە هەڵکەوت پێوە دەبن و لە هەموو ژیانیاندا جارێک هەڵدەکەوێ کتێبێک بکڕن.

کوتم دوایی دیم نەخێر دەستبەردار نیین.

کوتم دەبێ بەڕاستی عاشق بن وا هاتوونەتەوە بە دوای لاپەڕە دڕاوەکانی چیرۆکی پاڵەوان فسفسدا.

کوتم چی وای لێ کردوون ئەو چیرۆکە بە دەست بنووسنەوە.

کوتم ئەرێ کاکە تۆ چت لەوە داوە؟
کوتم چیت لە منداڵی خەڵک داوە؟
کوتم ئاخر تۆ نە دووکانداری، نە دەکەداری؛ بە خۆت و شەست حەفتا کتێبەوە دەڵێی چی؟
کوتم چیت دەوێ لە خەڵکی سەر شەقام و بۆ لێیان ناگەڕێی بێن و بچن و پیاسەی خۆیان بکەن؟
کوتم بۆ بوویە ڕێگر و سەر ڕێگات بەو خەڵکە گرتووە؟
خەڵک بە پەلەن، خەڵک کاریان هەیە.
تۆ مزاحیمی دووکان و بازاڕ و گوزەرانی ژیانی ئەو خەڵکەی.
بە خۆت و شەست حەفتا کتێبتەوە ئەو شەقامەت شێواندووە و ئەو پێیانەڕێیەت ناخۆش کردووە؟
کوتم مەگەر نازانی شارەداری بەو کارەی تۆ قەڵسە؟
کوا جەوازی کەسبت؟
کوا ئێجازەنامەت؟
کاکە خۆ شاری بێدەروازە نییە هەرکەس هەستێ لە گۆشەیەکەوە هەرچی پێی خۆش بێ بیکا.
نەماڵیات دەدەی نە عەواریز دەدەی.
کاکە تۆ بەو کارەت نەزمی شارت تێکداوە، سیمای شارت ناحەز کردووە؛ لەوەبەولاوە حەقت نییە لەوێ کتێب بڵاو بکەیەوە.
بڕۆ جارێ ئەو جەریمەیە تێکە.
کوتم هەر بینا شارەداری دیسان بانگی کردییەوە.
کوتم تۆ سوورسوور دەزانی هەر بەینابەینێک دێن و بە بیانووی کتێبی قەدەغەوە هەموو کتێبەکانت دەپێچنەوە و دوایی چاوت بە تاقیان ناکەوێتەوە و قازانج سەری مایە دەخوا. ئەی بۆ دەیکەی؟
بڕۆ لەکۆڵ شەقام و پیاسە و هاتوچۆی خەڵک بەوە. جگەرە بفرۆشە، نەخێر میوە بفرۆشە، تووی قەڵەوبەلەزەت بفرۆشە.

کەس نازانێ تۆ چکارەی. تەنیا ڕوخساری شارت تێکداوە و لەو ڕاستە خیابانە بوویە پەڵەیەکی چڵکن و ئەو بازاڕەت لە شارەداری ناخۆش کردووە.

کۆی کەوە بزانم!

کوتم سبەینێ وەرنەوە.

کوتم کەریم دیواری ئەو ماڵەت دیوە؟

کوتم دیومە، زۆر ساف و لووسە. ئەوە داینێ بۆ سبەینێ جەنگەی نیوەڕۆ.

کوتم زۆر جێگای چاکە.

کوتم تاریک و ڕوونێکم پێ شک دێ. بۆتان وەردەگرم. بەڵام هی خـۆم نییە دەبێ بۆم بێننەوە.

کوتم نەموێرا پێتان بڵێم هی خۆمە.

کوتم بە ئەمانەت وەرمگرتووە دوو ڕۆژ زیاتر ناتوانم بتاندەمێ دەبێ بیهێننەوە.

کوتم ئەو دوو ڕۆژە دانیشتین بە دزییەوە لە لاپەڕەی حەفتاوپێنجەوە هەتا سەد و بیستویەکمان نووسییەوە.

چاوێکتان لەو دیوارە کرد وا لە تەنیشتییەوە تێدەپەڕین.

بە قەڵسی نووسراوەکەیان ڕەش کردبووەوە.

هەردووکتان بزەتان هاتێ.

کوتم متەللیب خەتی تۆ لە هی من خۆشترە.

کوتم ئەوەش کتێبەکەت ماڵت ئاوەدان بێ؛ هەمووومان نووسییەوە.

کوتم کتێبی دیکە چت هەیە؟

کوتم کتێبم زۆرە چیتان دەوێ؟

کوتم کتێبی کوردی.

کوتم "ناڵەی جودایی" مامۆستا هـێمن و "بـۆ کوردوسـتانی" مامۆسـتا هەژارم هەیە.

کوتم لە بەردەستن چاوێکیان لێ بکەین؟

کوتم ئاخر ئێستا پووڵمان پێ نییە.

کـوتم کەریـم زۆرم پـێ خـۆش بـوو واتکـوت؛ مـن بیانکوشـتایەم لەڕووم

هەڵنەدەهات بڵێم پووڵمان پێ نییە.

کوتم ڕاوەستن با دەفتەرەکەم بێنم.

کوتم ئەوەش لاپەڕەی تایبەت بە خۆتان.

کوتم قەتم نەبیستبوو کتێبیش بە قەرز دەبێ.

کوتم نەوەڵا منیش نەمبیستبوو، جا درۆی بۆ چییە.

کوتم ئیدی ئەو لاپەڕەیە هی ئێوەیە.

کوتم ئەرێ متەللیب کتێب کڕین ئەو نێو و شۆرەت و ئادرەس و شتەی بۆ چییە؟

هەر دووکتان سوور ببوونەوە.

کوتم ڕاستییەکەی بڵێ کەریم تۆ زۆر ترسای.

کوتم با بڕۆین.

کتێبەکان بە دەست متەللیبەوە لەنێو لایلۆنێکدا بوون.

کوتم کەریم پێم سەیر بوو ئاوا مات بووی؟

کوتم وەختێک لە کاکسولەیمان ڕەد بووین چاوەڕێ بووم لە خۆشیان مستێک بدەی لە شانم و بڵێی پێت چۆن بوو؟

کوتم چاوەڕێ بووم بە هەڵاتن خۆم پێدا بدەی و بڵێی لێیدەوە.

کوتم بەڵام وەختێک ئەو گەشەونەشەیەی جارانت نەبوو. ڕاستییەکەی پێموابوو پووڵەکەیت پێ زۆر بوو.

کوتم گریمان واشبوایە ناحەقت نەبوو؛ دووسەد و پەنجاتمەن یەگجار زۆرە. ئەو کابرایە زۆر گرانجانە.

*سەللاخ سەرەکەی دیکەی پەتەکەی بە پشت ڕەفیسکەی مانگاکەوە هێنا ئەوبەر و توند کێشای و لابەلا پاڵێکی بە کەلەکەی مانگاکەوە نا. مانگا زرم درا بە عەرزدا و یەک بەو کوشتارگایە بۆڕاندی. بە بۆڕاندنی ئەو، هەموو ئەو مانگایانەی لەولاوە ڕایانگرتبوون هەتا نۆرەیان بێ، دەستیان کرد بە بۆڕاندن. من زۆر دەترسام. لەخۆڕا دیمەنی دنیا ئاخربوونم هاتە پێشچاو. مانگاکە ملی هەڵدێنا و دەیداوە بە عەرزەکەدا، کەفێکی سپیسپی لە دەمیەوە هاتبووەدەرێ. سەللاخەکەی*

*دیکە زوو چووە سەر ملی دانیشت و نەیهێشت تەکان بخوا، لەو وەختەدا دەستی برد بۆ گیرفانی، من پێموابوو چەقۆکەی دەردێنێ و سەری دەبڕێ. هاتم درگاکە بکەمەوە و بێمەدەرێ، لەو وەختەدا ئاورێکم داوە، سەلاخەکە جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند.*

کوتم کەریم بۆ قسە ناکەی؟

کوتم وەڵڵاهی زۆر لەو کابرایە دەترسم.

کوتم بۆ؟

کوتم باشە پێم بڵێ ئەو نێو و شۆرەت و ئادرەسەی بۆ چی بوو؟

کوتم کوڕە من زۆر لەو کابرایە دووشکم، متەللیب.

کوتم بڵێی وابێ؟

کوتم باشە بۆ ئەو هەموو شتەی نووسی؟ نێو و شۆرەت و ئادرەس و...

کوتم منیشت وەشک خستووە.

کوتم تەنانەت نێوی کتێبەکانی پێشووشی نووسی.

کوتم دەی دەڵێی چی بکەین؟

کوتم متەللیب شتێک بڵێم بە قسەم دەکەی؟

کوتم دەڵێی چی؟

کوتم وەرە بۆی ببەینەوە و ئیدی قەت نەچینەوە.

کوتم کەیفی خۆتانە. بە خودا خۆشم دەوێن و دەمەوێ شتی باش بخوێننەوە؛ ئەگینا ئەو کتێبانە هەر وەدەست ناکەون. جا وەرە چاکەشیان لەگەڵ بکە، بە وەڵڵاهی زۆریشم خاتر گرتوون.

کوتم دەترسن؟

کوتم تا ئێستا زۆرم لێ فرۆشتوون و کەس هیچی نەکوتووە.

دەفتەرەکەم هەڵداوە و لاپەڕەی پێنج شەش کەسم نیشان دان.

سرتەیەکیان کرد.

حاڵیی نەبووم دەڵێن چی.

کوتم ناشتانەوێ، هیچ ئیرادی نییە؛ خۆ من زۆریم لێ نەکردوون.

کوتم کوڕە بابە وەڵا ئێمە لەخۆڕا ترسابووین.

کوتم وەڵاهی لەخۆوە پێموابوو ئەو کابرایە فیلێکی لەژێر سەردایە.

کوتم خۆ ڕاست دەکەی کەریمگیان، نابێ ساف و سادە بین و دەبێ کاری خۆمان توند بگرین. بەڵام ئیدی یەگجار ئاواش نا.

کوتم کەریم وەرە نامەکانم ئامادە کردووە.

کوتم دادەی.

کوتم حەک دەستت خۆش بێ زۆر باشە. شەوێ دەڕۆین.

کوتم هەتی جارێ زووە لای کەس دەنگ نەکەی متەللیب؟

کوتم کوڕە، خۆ منداڵ نیم.

ئێستا ئەوان دوو کتێبی دیکەیان بوو.

کوتم با ئەوانەش بەرگیان تێوە پێچین و یەکی نێوی دەرسێکیان لەسەر بنووسین.

جارجار دەچووینە خیابان بۆ لای کاک سولەیمان و لای ڕادەوەستاین و قسەمان دەکرد. زۆرجاریش بێتوو پێویست بوایە کتێبەکانمان لەگەڵ بڵاو دەکردەوە یان وەختی ڕۆیشتنەوە لەگەڵمان کۆ دەکردەوە.

زۆرجار کتێبەکانم بەسەریاندا بەجێ دەهێشت و ئەگە کارێکم بوایە دەڕۆیشتم بە لایەوە.

واتان لێهاتبوو نرخی زۆربەی کتێبەکانتان دەزانی.

بە ڕۆژ و بە شەو لە فکری کارەکانماندا بووین؛ کارە نهێنییەکانمان.

کوتم متەللیب دەزانی چییە؟

کوتم چییە.

کوتم بابم ماوەیەکە لێم دوو شکە. هەر پرسیارم لێ دەکا.

کوتم کەریم ئەرێ ڕۆڵە ئەو هاتوچۆیەت لێ چییە؟ بەو خودایە پێموایە لەگەڵ کوڕی میرزاهادی خەریکی شتێکن.

کوتم وەڵڵا خەریکی هیچ نیین. خەریکی دەرسەکانمانین.

کوتم ئەو ماستە بێموو نییە؛ ماوەیەکە بە یەکدوو لایلۆن و پرێسکەی

ڕەشەوە دەتانبینم هەر دێن و دەچن و سرت‌وخورتتانە، نازانم چیتان لە بن سەردایە و خەریکی چین؟

کوتم دەی کەریم دەڵێی چ بکەین؟

کوتم ئەو یەک دوو شەوە با ئەو کاغەز و سریش و شتە ڕاگوێزین.

کوتم جا بیبەینە کوێ؟

کوتم وەڵا لای کاکسولەیمانی دادەنێین.

کوتم جوان دەیانپێچینەوە هەر ناشزانێ چییە.

کوتم جووتەی خێر و شەڕ ئەوە چییە؟

کوتم بڕێک شتی خۆمانە. ئەمشەو بۆمان ڕاگرە.

کوتم بۆمب و شت نەبێ.

هەر سێکیان پێکەنین.

لە مەدرەسە و لە کووچە و خیابان هەر خەریک‌بووین. هەمیشە چاومان دەگێڕا بۆ دیوارێکی باش. دیوارێکی لەبار و ساف و لووس، سپی بوایە باش‌تر بوو. لەو ئاخریانەدا هەل‌ومەرجی مەدرەسە وای لێهاتبوو کە مەجبوور بووین لەوێ زۆر وریاتر بین و جارێ دەستێک ڕاگرین، هەتا بڕێک بارودۆخەکە ئارام‌تر دەبێتەوە.

کوتم متەللیب شتێکت پێ بڵێم لای کەس دەنگ ناکەی؟

کوتم کچێکم ساز کردووە بێ‌حەد جوانە؛ بێ‌حەد.

کوتم بێ‌حەددیشم خۆش دەوێ. حەتمەن دەیهێنم.

کوتم ئێوارێ وەرە دەچینە کووچەکەیان نیشانت دەدەم.

کوتم نێوی نازدارە. ئەو چاوە ڕەشانەی بخۆم.

کوتم چاوڕەش و خوێن‌شیرن و خڕیلانە و گووپ‌خڕە.

کوتم ئەویش ڕاست وەک ئێمە کلاس دووە.

کوتم کەریم منیش شتێکت پێ بڵێم لای کەس دەنگ ناکەی؟

کوتم چییە متەللیب ناکا تۆش پێوە بووبێتی؟

کوتم تو خودا متەللیب وایە؟ پێت کوت؟ ئاخری پێت کوت؟

کوتم کوڕە نەوەڵا شۆخیت لەگەڵ دەکەم.
کوتم وەڵڵاهی من کچە پووری ئاوا جوانم ببوایە حەوت زەمان بوو سازم کردبوو.
کوتم حەک دڵت تۆقێ دە ئەوجار ئەگە هاتەماڵێ پێی بڵێ!
کوتم بەو خودایە هەمووجارێک دەمەوێ پێی بڵێم، بەڵام دێم پێی بڵێم ناتوانم.
کوتم دەزانی چییە هیچ کچێک بەوەی کە پێی بڵێی جوانی و خۆشم دەوێی تووڕە نابێ. لەوە ئەرخەیان بە.
کوتم کچان هەموو درۆ دەکەن لە هەوەڵەوە برێک خۆ دەگرن و خۆ با دەدەن.
کوتم دەزانی چییە بەو خودایە بێتوو پێی بڵێم و بڵێ نا، دڵم دەتۆقێ و سەکتە دەکەم.
کوتم کاک سولەیمان من و مەتللیب بە تەمای کارێکی ئاواین.
کوتم زووە، زۆر زووە. کاری ئێوە شتێکی دیکەیە؛ هەر کەس ئەرکێکی هەیە. تۆ برات کوژراوە و تۆش خاڵت لەدار دراوە.
کوتم دەزانم دەڵێی چی مەتللیب، دووراودوور میرزاهادیش دەناسم.
کوتم ئێوە نابێ بێڵن ئێحساسات کاری بە پەلە و سەیروسەمەرەتان پێ بکا. دروستە گەورە بوون و میزتان کەفی کردووە! بەڵام دیسانیش هێشتا منداڵن!
سڵاو کاکەگیان بە خێر بێی! ئەوە بایی سەد تمەنە.
کوتم چاو لێکەن، کەسانی دیکە هەن چەک هەڵگرن و بچنە شاخ؛ ئێوە دەبێ بخوێنن باسەواد بن. هیچ فەرقی نییە. دەسکەوتەکە هەر یەکە بە هەردوو ڕێدا!
بەڵێ؟ کتێبی چی؟ ناوەڵا نیمە.
کوتم جودا لەوانە ئێوە لە تەمەنێک دان کە وەک هەویر وان هەموو شتێکتان لێ ساز دەبێ. حەیفە جارێ ئاوا زوو پێش ئەوەی دەرس خوێندنەکەتان بە شوێنێک گەیشتبێ و بە بێ ئەوەی زانستگا ببینن، بڕیار مەدەن.
کوتم ناوەڵا من جارێ ئەسڵەن ئەو ڕێگایە بە ئێوە پێشنیار نادەم. بۆ خۆشتان

کوردیکا
@kurdica

تازە گەورە بوون، بڕۆن جوان فکری لێ بکەنەوە و هەڵەشە مەبن و کوتوپڕ و بە پەلە کار مەکەن؛ کاری بە پەلە لاقێکی شەلە.

هەموو شتێکمان لەلای باس دەکرد؛ تەنانەت کەریم باسی خۆشەویستیی خۆی و نازداریشی بۆ گێڕابۆوە.

بەڵام هەرچەند یەکدوو جاریش حەولمان دا نەمانتوانی کارە نهێنییەکانمانی لەلا باس بکەین.

کوتم ماوەیەک بوو هەر کتێبیان دەبردەوە و پووڵیان نەبوو بیدەن.

کوتم زۆری پێ قەرزدارین کەریم.

کوتم دوو لاپەڕەی دەفتەرەکەیمان لە قەرزدا ڕەش کردۆتەوە.

کوتم هەزار و دووسەد تمەن قەرزدارن.

کوتم وردەوردە کتێبەکانمان زۆر بوون. ئاخە یەکم شاردەوە دووم شاردەوە، وەڵا ئیدی ئەو هەمووە دزەدزەیە بە من ناکرێ!

کوتم کاک سولەیمان هەر ئەوەندەم خۆش بوو ڕیزێک کتێبم لە پەنای یەکەوە دانا.

کوتم هیچ نییە ئەوانەش هەر دەبن. بەسەر هەموومان هاتووە. پرتەوبۆڵەی ماڵێش بەشێکن لە چێژی کتێب کڕین.

کوتم کتێب کڕین وەک هیچ شتێک ناچێ، لەو دەمەدا کە کتێبەکەت بە دەستەوەیە ئاگات لە خۆت نییە و سەرخۆشی نازانی چیت کردووە. گوێت لە گرانی و هەرزانی و قەرزوفەڕزی نییە؛ هەتا کەی؟ قوربان هەتا ئەودەمەی دەگەیەوە بەردرگای ماڵی خۆتان. ئەودەم وردەوردە دەکەوییە فکرەوە.

چۆن وای ببەمە ژوورێ کەس نەیبینێ؟

چۆن لە ڕیزی کتێبەکانی دیکەدا وای دانێم نەزانن تازەیە؟

کوتبووت باشە ئیدی کەمم پرتەوبۆڵە بەسەردا بکەن ئیدی هی دیکە ناکڕم.

کوتم دوای ئەوەی وڵات ئارام بۆوە و مەترسی ڕەوییەوە دەکەویە فکری ئەوەی قەرزەکان بوون بە چەند و تۆ چۆن دەتوانی ئەو هەمووە بە تمەن تمەنی جیرەی ماڵێ بدەیەوە؟

هەر دووکمان پێکەنیین.

کوتم متەللیب تۆ بۆ خۆت ئاسوودەی. بەس نییە نایانبەیەوە.

کوتم متەللیبیش ئاخری مەجبوور دەبێ لە ماڵێ کتێبخانە دانێ و تووشــی ئەو گێرەوکێشانە دەبێ، ئەویش پێوە دەبێ بۆ کوێ دەچێ!

مەدرەسە تەحتیل ببــوو، لە پــۆلی دووی ناوەنــدیی تەواو ببــوون و بــۆ پــاییز دەچوونە پۆلی سێ. ئەو هاوینە هەر دووکیان بێ‌کار بوون.

کوتم بۆخۆشمان پشوویەک دەدەیــن و دارودیــواری مەدرەســەش پشــوویەک دەدەن!

کــوتم کەریــم دەڵــێن ئاغــای سەرچەشــمە بە تەمــایە هەمــوو دەروژووری دیوارەکانی حەوشە و کلاس و ئاودەستەکان ڕەنگ بکاتەوە.

کوتم بژی بۆ تۆ سەرچەشمە! لێیگەڕێ با جوان‌جوان بۆمان ســپی بکــاتەوە و ئامادەی بکا بۆ هەوەڵی پاییز!

کوتم ئیدی ئەو هاوینە دەبێ وەخت بە فیڕۆ نەدەین.

کوتم متەللیب تۆ خۆ جگە لەوەی جارجار سەرێکی دووکانی باوکــت دەدەی چ کارێکی دیکەت هەیە؟

کوتم وەڵا هیچ.

کــوتم منــیش تەنیــا کــارێکی پــێم ســپێردراوە ئەوەیــە کە بە ڕۆژدا بچــمە دەروازەقەبران و میوە و سەوزی و شتی ماڵێ بکڕم.

هەموو کارەکانیان پێکەوە دەکرد.

تەنانەت ئێواران کە دەچووم چاوێکم بە نــازدار بــکەوێ، متەللیبــیش لەگەڵــم دەهات.

پێکەوە دەچووین.

کوتم وەڵا من ناوێرم بێمە ژووری، باوکت سامی گرانە.

لە دووکان سەری باوکم دەدا و بێتوو کارێکی بوایە دەمکرد. زۆربەی وەخت هیچ کارێکی نەبوو. بەڵام دەبوو هەر بچم.

من لەولاوە ڕادەوەستام.

کوتم متەللیب ئەو لادیوارەی تەنیشتی دووکانەکەی بابیشت خراپ نییە.

کوتم ئەریٚ کەریم بۆ نایەی کاریٚک بکەین؟

کوتم چی؟

کوتم وەڵا وەرە لەو هاوینەدا کاریٚک بکەین بەشکوو بتوانین قەرزەکانمان پاک بکەین.

کوتم کوڕە من زۆری پیٚوە ماندووم و زۆرم لەبەر گرانە.

کوتم ئەی من بۆ نالیٚی وەڵلا لەڕووم هەڵنایە لای کاک سولەیمان سەر هەڵیٚنم.

کوتم بە خودا منیش.

لەوەتی مەدرەسە تەحتیل ببوو، ماوەی دوو حەفتە بوو هچیان لەڕوویان هەڵنەدەهات سەری بدەن.

دەستمان کرد بە بەلال برژاندن.

باوکی کەریم پووڵی پیٚ دەدان.

بەیانان زوو هەڵدەستاین و دەچووینە مەیدانی تەڕەبار و تەلیسیٚک گەرمەشانیمان دەکڕی. لە سەعات چواری عەسر بەو لاوە فەرغوونیٚکمان دیٚنا، مەنقەڵ و برِیٚک خەڵووز و خویٚ و باوەشیٚنیٚکمان لەگەڵ تەلیسی گەرمەشانییەکان تیٚدەخست و یەکسەر بۆ فەلەکە.

لە دەوری فەلەکە دادەنیشتن، ئاو و خویٚتان ساز دەکرد و هیٚواش‌هیٚواش خەڵووزتان دەگەشاندەوە و گەرمەشانیتان لەسەر دادەنا.

بەلالە بەلال؛ وەرە بۆ ئەو ناسکە بەلالە.

بەلالە بەلال؛ ئەی بۆ ئەو بەلالە شلکە.

زۆرتر تۆ هەرات دەکرد؛ دەتزانی متەللیب زۆر شەرمیٚونە و لەڕووی هەڵنایە هەرا بکا.

جاروبار بۆخۆشتان سەر و دەنکتان دەخوارد.

کەریم نەیزانیبوو و دەستی خەڵووزاوی لە خۆی دابوو و لالووتی ڕەش ببوو، متەللیب بزەی هاتیٚ و پیٚکەنی.

کوتم کەریم دەزانی چیم وەبیر هاتۆتەوە؟

هیچت نەکوت و تەنیا مەحتەل بووی بۆخۆی باس بکا.

کوتم مانگاکەی نەنەعەجەم.

کوتم جا بۆ ڕاست لەم وەختەدا مانگاکەی نەنەعەجەمت وەبیر هاتۆتەوە؟

کوتم بێتوو مانگاکەی نەنەعەجەم بمایە هەمووی ئەو گەڵا گەرمەشانییانەم بـۆ دەبردەوە.

کوتم مانگاکەی نەنەعەجەم گەڵا گەرمەشانی زۆر پێ خۆش بوو.

کوتم جارێک کە گەڵا گەرمەشـانییەکی زۆرم بـۆ بـردەوە ویسـتم لایلـۆنەکە بدەمە دەستی نەنەعەجەم.

کوتم نەمزانی مانگـاکە ئـاوا ئیشـتیای لە گەڵا گەرمەشـانییە. چـاوی بـۆ زەق کردبۆوە و پڕمەیەکی سەیری لە لـووتی هێنـا و بە قەپاڵێـک لایلـۆنی لە دەسـت ڕفاندم، هەتا نەنەعەجەم گەیشـتە سـەری یەکەو قەپـاڵ دووسـێ وردەگەڵا نەبـێ هەمووی ماشتەوە. تەنانەت بڕێک لە لایلۆنەکەشی پێوەخوارد.

کوتم ئاخر نەنەعەجەم بە هیوا بوو شەوێ بیداتێ.

کوتم مـن ئەوکـات زانـیم کە ئەو مانگـایە دەبـێ گەڵا گەرمەشـانی زۆر پـێ خۆش بێ!

کوتم نەنەعەجەم کوتی بە گوربانت دەیبمەوە بەوانە شیری زیاد دەبیتەوە، هـا. ئەوانە زیاد باشن. ئەها چۆنی دەخواتەوە.

هەردووکتان پێکەنین و لەو وەختەدا کابرایەک کوتی بە کاڵیی دەیفرۆشن؟

هەموو ئێوارێیەک پووڵەکانتـان حیسـاب دەکـرد و بـە شـۆخی و پێکەنیـنەوە دەڕۆیشتنەوە بۆ ماڵێ.

کوتم ئەرێ شتێک دەڵێم مەڵێ نا.

کوتم دەی.

کوتم تۆ ئەو خودایە وەرە ئەو ئێوارێیە بـا بە کـووچەی مـاڵی نـازداری دڵـی مندا بڕۆینەوە.

کوتم تۆ ئەو خودایە وەرە ئەو ئێوارێیەش با بە کووچەی ماڵی نـازداری دڵـی

من‌دا بڕۆینەوە.

کوتم تۆ ئەو خودایە وەرە ئەو ئێوارێیەش هەر با بە کووچەی مـاڵی نـازداری دڵی من‌دا بڕۆینەوە.

کوتم تۆ ئەو خودایە وەرە ئەو ئێوارێیەش دیسان هەر با بە کووچەی نازداری دڵی من‌دا بڕۆینەوە.

کوتم تۆ ئەو خودایە وەرە با ئیدی هەمـوو ئێـوارێیەک هەر بـا بە کـووچەی نازداری دڵی من‌دا بڕۆینەوە.

نزیک ماڵی نازدار کوتم مەتەللیب دەستت بێنە.

دەستم دا دەستی.

کوتم مەتەللیب ئەگە ڕاستت دەوێ قوونم وەک دڵە چۆلەکە لێدەدا.

مەتەللیب لە قاقای پێکەنینی دا!

کوتم دڵت وەک قوونە چۆلەکە لێدەدا یان قوونت وەک دڵە چۆلەکە لێدەدا؟!

هەردووکمان لەبەر پێکەنین مردبووین.

کوتم ناحەقم مەگرە بەو خودایە وەختێک دەگەمە ئێرە هۆش‌وگۆشم نامێنێ.

ماوەیەکی زۆر پێکەنیین. خۆمان بۆ زەوت نەدەبوو. خەڵک پێیان سـەیر بـوو؛ ئەو دوو کوڕە شێت بوون چی وا ئاوا دەکەن!

کوتم ئاخە ماڵتە نازدار جەرگ‌ودڵ و هەناومە.

کوتم حەتمەن دەیهێنم.

کوتم ئەی چی بکەین مەتەللیب؟

بەلال فرۆشی یەک دوو حەوتووی هەوەڵ زۆر باشـی دەهێشـتەوە و خێـری چاکی تێدا بوو؛ ئێوەش کەیفتان ساز بوو.

کوتم خێر لە کەمیی داوە و بەحاڵەحاڵ مایەکەی خۆمان دەست دەکەوێتەوە.

کوتم چا ئەو شانسەی ئێمە.

کوتم ناچارین کۆی کەینەوە.

کوتم کەریم دەزانم تۆش لە منت پێ ناخۆش‌ترە؛ بەڵام ناچارین ناچار.

کوتم هەرچەند قەولیشمان داوە تازە لەو کارانە نەکەیـن؛ بەڵام زۆر قەرزداری

@kurdica

کاک سولەیمانین.

کوتم بەو خودایە کەریم قەولبێ تەنیا ئەوجارە بێ.

متەللیب لە پشت حەوشەکە لەنێو کووچەکە ئاگادار و لەسەر هەست ماوە.

کەریم بە درگا ژەنگاوییەکەدا هەڵگەڕا و بازی دا خوارێ.

*مانگایەکیان دابوو بە عەرزدا یەک بەخۆی دەیمووشاند و دەیتقاند و دەیمرقاند. بە زۆر و زۆرداری هەناسەی هەڵدەکێشا، زگی هەڵدەماساند و دەینیشاندەوە؛ چاوی زەق‌زەق کردبۆوە، وەها کە دەتکوت هەربینا دەرپەڕین. سەللاخ چوارپەلی مانگاکەی توند پێکەوە جووت کرد و سەری پەتەکەی توند قوڵفە کرد. چووە لای ئەوی دیکەیان جگەرەکەی لە دەمی ئەو کردەوە و نای بە لالێوی خۆیەوە و دووسێ مژی قووڵی لێدا؛ بە جگەرە کێشانەوە چوو چەقۆ گاکوژەکەی سەیدەسوورەی لە بن دیوارەکە هێنا؛ چەقۆیەکی پان و درێژ و تیژ و دەسک‌زەرد بوو. جگەرەکەی داوە بەوی دیکە و ئەوی هەستاند، بە هەردووک ئەژنۆ چووە سەرملی مانگاکە و برێک دەستی بە ژێر ملی‌دا گێرا...*

جەنگەی گەرمای نیوەڕۆ بوو، ڕاست وەختی ئیسراحەتی خەڵکی؛ کەس بەو گوزەرەدا تێنەدەپەڕی.

هەوا زۆر گەرم بوو.

لە دڵی خۆی‌دا لە یەکەوە تا سەدی بژارد.

هیچ سیمێک فڕێ نەدرا ئەمبەر.

کوتم جاران هەر لە دیوارەکە بازی دەدا خوارێ ئاڵقەیەک سیم حەوا دەدرا دەرێ.

کوتم حەتمین لێی نەماوە و بۆی دەگەڕێ. شایەدیش لەتە لەتە بن و کۆیان کاتەوە.

دەستم کردەوە بە بژاردن.

یەک، دوو، سێ، چوار...

کوتم ئای ئای ئەرێ ئەوە بۆ دیار نییە؟ هیچی لێ نەهاتبێ! وەختی بازدان سەری نەدرابێ بە ئاسن و بەرد و شتی وادا؟ چ بکەم؟

کوتم هەرای لێ بکەم چییە؟
کوتم هەرای لێ بکەم؟
کوتم هەرا بکەم جیرانەکانیان دێنەدەرێ و دەزانن.
کوتم ئەی خودایەگیان چی بکەم؟

کەمێکی دیکەش بە دەوری حەوشەکەدا گەڕا. هەر دیار نەبوو. هیچ خشە و دەنگ و سریوەیەک لەو دیوی حەوشەکەوە نەدەهات.

کوتم ئای ئای! بەدبەخت نەبین. بێفایدەیە. بانگی کە.

بە هێواشی کوتم کەریم! کەریم!

هیچ خەبەر نەبوو.

کوتم حەک دڵت تۆقێ! دە بەو دیوارەدا هەڵگەڕێ. سەرێک بکێشە بزانە چ خەبەرە. دە زوو بە دەی. خۆ ناتخۆن!

چاوە چاوێکی کرد. یەکدوو جار حەولی دا بە دیوارەکەدا هەڵگەڕێ. نەمتوانی.

کوتم باشە ئەی کەریم چۆن دەتوانێ؟

کوتم وەک ئەو دوور کەوەوە و بە پڕتاو ئامبازی دیوارەکە بە، دەستی خۆت لەو یەکدوو کەلێنە گیر کە و لاقت بخە ئەو کونانەوە و پێیدا هەڵڕۆسکێ.

کوتم دەی، دەی، ئاااا.

بە هەر چنگەکڕکێ و قەوە لەخۆدانێک بوو توانیی تا لێواری دیوارەکە هەڵگەڕێ و خۆی بە دیوارەکەوە گیر بکا. ئەوەندەی توانیی هێزی لە خۆی دا. چنگی لە یەکدوو کونی دیوارەکە و نووکی کەوشەکانی لە ژێر خشتێک گیر کردبوو.

خەریکبوو بەر دەبوومەوە، سەرم هەڵێنا و بە نقەنق چەنەگەم خستە سەر سمیتی دیوارەکە. چەنەگە و ملم خەریکبوو دەتەقین، سمیتەکە زۆر زبر و ڕەق بوو. بە هێزی مل و دەست و لاقم هەر جۆرێک بوو خۆم ڕاگرت و چاوێکم لە حەوشەکە کرد.

کوتم کەس دیار نییە.

سەرت هەڵێنا، چەنەگەت خەریکبوو دەپچڕا؛ دەستت شل بوون و کەوتییەوە خوارێ.

لە تاوان ئاگای لەوە نەبوو، یان گوێی نەدایە کە کراس و پـاتۆڵەکەی هەمـوو خۆڵاوی ببوون و بەری دەستی بە توندی ڕووشابوون و خوێناوی بوون.

کوتم ئەی باشە کەریم چی لێ هاتووە؟

کوتم لە حەوشەکە نەبوو.

کوتم خشە نەدەهات.

کوتم ئەی چووە بۆ کوێ؟

کوتم خودایەگیان چ بکەم؟ بۆخۆت کۆمەگم کە.

کوتم بڵێی لەولاوە خۆی لە من نەشاردبێتەوە؟ بڵێـی بۆخـۆی بە دزی مـنەوە هەڵنەهاتبێ؟

کوتم ئەو قەت کاری وا ناکا.

کوتم ئەی باشە ئەی چی لێهاتووە؟

بە هێواشی بانگت کرد. کەریم! کەریم! کەریم!

هیچ دەنگوباسێک نەبوو. کزەکز و کاوەکاوی برینی دەستی وەخۆی هێناوە.

بەری دەستم سەیر ڕووشابوون و خوێناوی ببوون. جارێکی دیکەش ویسـتم بە دیوارەکەدا هەڵگەڕێمەوە و وردتر چاو لێ بکەم. کوتم لەسـەر خـودا. ورەم دا بەر خۆم و لاسایی کەریمم کردەوە و بە هەڵاتن خۆم بە دیوارەکەدا هەڵڕۆسکاند و ئەوجار ئاسانتر لە جـاری پێشـوو هەڵـگەڕام. چـونکە زۆرتـر هەڵگەڕابـوومە سەرێ پێویست نەبوو بە مل خۆم ڕاگرم. لاقم توند لە کەلێنـی بەینـی دیـوارەکە گیر کرد و هەر دووک دەستم دادابووە سەر دیوارەکە.

ئەوجار بەجوانیی نێو حەوشەکەی دیت. پڕ بوو لە کۆگای سـیم. کەس دیـار نەبوو. لەسەری ئەوسەری حەوشەکە دیوێکی چکۆلەی لێ بوو. درگایەکی شـینی چکۆلەی هەبوو، درگاکە پێوە درابوو، لەوە نەدەچـوو دە سـاڵیش بـێ درگـاکەی کرابێتەوە.

کوتم شایەد لە بەینی کۆگا سیمەکاندا بێ.

بانگم کرد. کوتم کەریم! کەریم! لە کوێی؟

دەنگم زیاتر هەڵێنا. کوتم کەریم لە کوێی؟ کەریم! لێرەی؟

دەمتوانی تەکانێک لە خۆم دەم و بچمە سەر دیوارەکە و دانیشم. بەڵام فایدەی نەبوو. یەک تەکان بە بازێک خۆم فڕێ داوە خوارێ.

کوتم چی بکەم. کەریم دیار نییە. ئەی خودایەگیان بڵێی چی لێهاتبێ؟

نەتدەزانی چ بکەی.

کوتم بڕۆم؟ هەر لێرە بمێنمەوە؟ پەنا بۆ کێ ببەم؟

لە بن سێبەری دیوارەکە هەڵتروشکام و نەمدەزانی چی بکەم. ئیستێک هەروا دانیشتبووم لەپڕ چرکەیەک لە درگا زەلامە ژەنگاوییەکەی حەوشەکە هات و من هەستامە سەر پێ.

درگاکە کراوە؛ کەریم بە هەڵاتن دەرپەڕی.

*لەپڕێکدا توند چەقۆی پێدا هێنا. لە نەکاو خوێن فیچقەی کرد و لەوبەرەوە لە دیوارەکە درا. مانگاکە ئەوەندەی دیکە کەوتە جووڵەجووڵ و لاقودەست لێدانێکی سەیروسەمەرە؛ دەنگێکی سەیر لە ملیەوە دەهات. یەک بەخۆی ملی بڕاو و خوێناوی هەڵدێنا و دەیداوە بە عەرزدا. سەللاخەکە سەرە بڕاوەکەی لەو لاوە دانا. چاوی مانگاکە بێحەد زەقتر و زەلامتر بوو دەتکوت چاو لە لاشەی خۆی دەکا. سەللاخەکە لاقی لەسەر ملی مانگاکە ڕاگرت و هێواشهێواش تەوژم و فشاری خوێنەکە و جووڵە و تەکانی لاق و دەست و زگی کەم و کەمتر بۆوە و لەشی شل بوو.*

تۆ لە ترسان نەتوێرا بەوێدا بڕۆی. یەکسەر بە کووچەکەی ئەولادا هەڵاتی و دووسێ کووچە ئەولاتر کەریمت گرتەوە.

کەریم زۆر ترساو و ڕەنگبزرکاو و تێکڕووخاو دەینواند. قەتم وا نەدیبوو. ڕەنگی هەڵبزرکابوو، سپی سپی ببۆوە.

کوتم کوڕە بڕۆ ماڵتە جا تو خودا تۆش بەشەری؟

کوتم چی بووە؟

کوتم جا بە تۆش دەڵێن ڕەفیق؟

کوتم بۆ چی بووە؟

کوتم بڕۆ ماڵت نەشێوێ، وەڵڵا تۆ لەو ژوورە گیرت بکردبایە خۆمم لەسەر بە کوشت دەدای.

کوتم بە قورئان هاتمە سەر دیوارەکەش، زۆریشم بانگ کردی، هیچ خەبەر نەبوو، پێموابوو ڕۆیشتووی. چی بووە بۆم بگێڕەوە.

کوتم جا دەتویست چ ببێ؟ بەڕاستی نامەردی.

کەریم سەیر تووڕە بوو. شپرزە و شێواو و ترساو و ژاکاو دەینواند.

کوتم کەریم بێتوو مەبەستم نامەردی بوایە ئەو هەمووە لەسەرت ڕانەدەوەستام، ئەها دەستیشم چی لێهاتووە؟ من پێموابوو هەر وەک جاران دەبێ، باشە چ بووە؟ بۆ پێم ناڵێی؟

بە هەناسەبڕکێ و پچڕپچڕ کوتم هەر بازم دا خواری، هێشتا هەڵنەستابوومەوە، زەلامێک، خۆی دا بەسەرمدا، توند دەستی نا، سەر دەمم و، تەکانی لێبڕیم. زۆرم حەول دا، خۆی لە دەست ڕاپسکێنم، نەمتوانی، قەوەم پێی نەدەشکا. سەگباب، دیار بوو زۆر زەلامە. دەیویست بە ڕاکێش ڕاکێش، بمباتە نێو دیوەکەوە. بە لاق و دەست، خۆم، لە کۆگا سیمەکان، دەگیراند، نقوهۆڕێکی زۆرم کرد، بەشکوو تۆ گوێت تێوە بێ؛ فایدەی نەبوو. تەکان تەکان لە دیوەکە نزیکی دەکردمەوە و ئاخری توانیی بمباتە نێو دیوەکە. زانیم ئەو دایکقەحبەی گەوادبابە دەیەوێ چ بکا، لە دایک و خۆشکی بم، لە تاوان خەریکبوو بێهۆش بم.

کوتم بە دەستێک توند دمی گرتبووم، بە دەستەکەی دیکەی، دەیویست، دەیویست، دەیویست... پاتۆڵەکەم لە پێ داکەنێ. لە گۆڕی بابی بم.

*خێرا چەقۆی پێدا هێنا. خوێن فیچقەی کرد و لە دیوارەکە درا. مانگاکە کەوتە جووڵەجووڵ و پەلەقاژە. خوێنوخوڕ. مانگایەکی بێسەر. سەرێکی بڕاو و بێلاشە. دوو چاوی زەق و دەرپەڕیو و ترساو. زمانێک کە شۆڕ ببۆوە خوارێ و کەف و لیکی لێ دەتکا.*

کوتم هەرچۆنێک بوو ورەم دا بەر خۆم، بە هەر چنگەکڕکێ و خۆبادانێک

بوو نەمهێشت؛ لە بابی بم، لە جەدد و ئابادی بم. لە دایکی بم. جارێک ویستم گازێک لە دەستی بگرم، تۆزێکی مابوو دەستی وەبەر ددانم بکەوێ، بەڵام ئەو سەگی سەگبابە وەها بە دەستی دەمولووت و چەنەگەی ویکهێنام خەریکبوو شەویلکەم بشکێنێ، ئێستاش شەویلکەم دیێشێ. ئەو دایک قەحبەیە دەیزانی بە دەستێک ناتوانێ، ویستی تەلیسە کۆنێک لە دمم بئاخنێ و بمبەستێتەوە، بەڵام بە هەر لاقەفرتێ و ئەنیشک تێکوتانێک بوو نەمهێشت. نازانم لەشی ئەو سەگبابە پۆڵا بوو چی، لەپەستا بە ئەنیشک لە سنگ و کەلەکەیم دەکوتا و بە لاق لەقەم دەوەشاند.

کوتم لەو ماوەیەدا نە توانیم ڕوخساری ئەو سەگبابە ببینم و نە کەلیمەیەک قسەی کرد، زۆر شتێکی سەیر بوو، دەهات برستم لێ ببڕێ، تەواو ماندوو ببووم، لەو وەختەدا دەنگی تۆ هات. نازانم لە کوێوە دەنگت هات و بانگت کردم. پێیوابوو هاتوویە ژووری. خستمیە لای درگاکە و پاڵێکی پێوە نام و خستمیەدەرێ، لە ترسان نەموێرا ئاوڕ بدەمەوە و یەکسەر هەڵاتم هاتمەدەرێ.

کوتم چییە بۆ ڕاوەستاوی؟

کوتم کەریم وەرە با بۆی بگەڕێینەوە؟

دڵت زۆر پڕ بوو، هەرچۆنێک بوو نەتهێشت بگری.

کوتم متەللیب وەرە، بۆ ڕۆژێکی دیکە.

زۆرت ڕق هەستابوو، زۆریشت دڵ بە کەریم سووتا.

کوتم بە خودا بۆی دەگەڕێمەوە.

گەڕاوە، کەریمیش هەر گەڕاوە.

لە ڕێگا گیرفانتان پڕ کرد لە بەرد و یەکی بەردێکی پڕ بە دەستتان دەست دایە.

درگا ژەنگاوییە زەلامە کۆنەکەتان وەبەر شەق و بەرد دا. هیچ خەبەرێک نەبوو. هەردووکتان بە دیوارەکەدا سەرکەوتن و لەسەر دیوارەکە ڕاوەستان.

کوتم وەرەدەرێ دایکت دەگێم.

کوتم ئەگە پیاوی وەرەدەرێ قەحبەباب.

هیچ خەبەرێک نەبوو.

درگای دیوەکەتان وەبەر بەرد دا.

تەق‌وکوتێکی سەیر لە درگا هەستا. کابرایەک لە ماڵێکی تەنیشت حەوشەکەوە بە تویێ ژێرکراس و ژێرپاتۆڵێکەوە هاتەدەرێ.

کوتم دایکت دەگێم ئەگە پیاوی دێیەدەرێ.

کوتم ئەرێ ئەوە چییە کوڕە بەو نوێژی نیوەڕۆیە ئەو هەراهەرایە چییە؟ وەرنە خوارێ بزانم.

هەر دووکتان لەسەر دیوارەکەوە درگای دیوە چکۆلەکەتان وەبەر بەرد دابوو. جوابی ئەو کابرایەتان نەداوە. زۆر ڕاوەستان نە کەس دیاربوو، نەکەس وڵامی داوە و نە کەس لەو دیوەوە هاتەدەرێ. زۆر سەیر بوو.

کوتم خۆ ڕۆڵەگیان ئەوێ کەسی تێدا نییە جنێو بە کێ دەدەن؟

کوتم نگابانی نییە؟

کوتم نا نگابانی چی؟

کوتم ئەی ئەو دیوە کێی تێدایە؟

کوتم کەس.

کوتم ئەی بۆ نیو سەعات لەوەپێش کەسێکی لێ بوو.

کوتم ڕۆڵەگیان ئەوە عەمباری ئیدارەی برقە، مەگین بەیانیان، ئەویش ماشێنەکەی ئیدارەی برق دێ بۆ سیم، دەنا قەت دوانیوەڕوان ناکرێتەوە.

کوتم زۆر سەیرە، ئەی ئەو کابرا زەلامە کێ بووە کەریمی گرتووە؟

کوتم یەکی چۆن بوو؟

کوتم نازانم خۆ ئەو قەحبەبابەم لەپێشەوە نەدی.

کوتم چی بووە؟

کوتم کابرایەک لەخۆڕا ئەو ڕەفیقەمی گرتووە و بردوویەتە ژوورێ و تێروپڕی کوتاوە.

کوتم مەگە شێت بێ ئەگینا چۆن لەخۆڕا دەیکوتێ.

وەختێک هاتنە خوارێ، لەگەڵ کابراکە زۆریان لە درگا ژەنگاوییەکە دا، هیچ

خەبەرێک نەبوو. دووسێ جیرانی دیکەش بەو تەقوکوت و هەراهەرایە هاتنەدەرێ. هیچ‌کەس هیچ پیاوێکی لەو حەوشەیەدا نەدیبوو، هیچ‌کەسیان پێ شک نەدەهات کلیلی ئەو درگایەی پێ بێ، هیچ‌کەس جارێک لە جارەکان نەیدیبوو ئەو درگایە دوانیوەڕوان بکرێتەوە و هات‌وچۆی تێدا بکرێ. ئەو حەوشەیە عەمبار بوو، نە قەت کەسی تێدا بووە و نە قەت کەسی لێ بووە.

خەڵک کە چاویان بە کەریم کەوت و ئاسەواری ترساوی و تۆقاوییان تێدا بەدی کرد، بەزەییان پێیدا هات.

کوتم نۆرەی ئەوەمانە منداڵەکانمان بە زۆری بگرن و بیانبەنە ژوورێ. دەبێ کێ بێ؟

پیاوێک کە وەک وەرزش‌کار و پاڵەوان و شت دەچوو، بە دیوارەکەدا سەرکەوت.

زۆرم ڕوانی و زۆریشم هەرا کرد. کەس دیار نەبوو.

بەسەر دیوارەکەدا ڕۆیشتم ڕۆیشتم هەتا لە دیوە چکۆلەکە نزیک بوومەوە. بازم دا خوارێ.

کوتم قفڵێکی زەلامی پێوەیە و لە هیچ کوێش هیچ کەس دیار نەبوو.

کەریم و متەللیب لەوێ دوور کەوتنەوە.

کوتم متەللیب هاتوو ماڵی ئێمەش لێیان پرسی، بڵێ لەگەڵ دوو کوڕ شەڕمان کردووە. باش؟

*سەیدەسوورە مەسقەڵێکی پێ بوو زوو زوو بە چەقۆ گاکوژەکەی‌دا دێنا و تیژی دەکرد. لەحاڵێک‌دا کە لاقێکی لەسەر ملی مانگاکە ڕاگرتبوو و جگەرەیەکیشی بە لالێویەوە بوو، بە لێکدانی مەسقەڵ و چەقۆکەی تەقەتەقێکی سەیری ساز کردبوو. مانگاکە یەک بەخۆی دەیمووشاند و زگی هەڵماساندبوو و چاوی دەرپەڕاندبوو. هەموو چاوەڕێ بوون. پێش ئەوەی سەیدەسوورە جگەرەکەی فڕێ داتە عەرزی و مەسقەڵەکەی لەسەر زگی مانگاکە دانێ و چەقۆکەی بە ملی مانگاکەدا بێنێ، من هێواش درگاکەی کوشتارگام کردەوە و چوومەدەرێ.*

## ٨

دەیکوت میرزاهادی پیاوێکی سوورکاری کەڵەگەت و باڵابەرز و بەخۆوە بوو. هێندە کەڵەگەت و بەخۆوە بوو لەنێو جەماعەت‌دا دیار بوو و لە دوور دوورەوە دەناسراوە. پیاوێکی بە قەڵافەت و بە هەیبەت بوو. کەم کەس دەیتوانی قسە لە قسەی‌دا بکا یان جوابەجەنگی بکا. جەسوور و ڕەشید و قسە لەڕوو و ڕووشکێن بوو. دەنگێکی گڕ و بۆڕی هەبوو، لە هەر مەجلیسێک‌دا دادەنیشت سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بە هۆی ئەوەی باب و باپیریشی میرزا بوون، هەر لە منداڵییەوە هەموو پێیان دەکوت میرزا؛ هەروەها بە منداڵی لای میرزاهەباسی باوکی، گوڵستان و بووستانی خوێندبوو و سەوادی قەدیمی هەبوو. سەعدی شیرازیی زۆر خۆش دەویست و قسە و شێعرەکانی هەمیشە لەسەر زار بوو.

دەیکوت میرزاهادی کارمەندی خانەنشین کراوی ئیدارەی ئاو بوو. لە خیابانی گەورە ڕووبەڕووی ترمینالی سەقز دووکانێکی چکۆلەی هەبوو، لەمێژ بوو کڕیبووی و دایNabوو بۆ ڕۆژانی خانەنشینی خۆی. یەخچاڵێکی لێ‌بوو و سێ قەفەسە. قەفەسەکان یەکیان خاڵیی بوو، دووانەکەی دیکەش هەر خاڵیی بوون. جگە لەوەی هیچیان تێدا نەبوو، یەکی بستێکیش خۆڵیان لەسەر نیشتبوو. لە خوار ئەوانەوە دووسێ کارتۆنە کەیک و دوو جەعبەنۆشابەی لێ بوو. جەعبەنۆشابەکان یەکیان خاڵیی و دوو هەمیشیان هەر خاڵیی بوو. هەمیشە هەردووکیانی خاڵیی دەکرد و نۆشابەکانی دەخستنە یەخچاڵەکەوە سارد بن. تەنیا کەیک و نۆشابەی

بوو؛ مشتەرییەکانی هەمیشە ئەو چەند کەسە بوون وا دەچوونە لای. ئەوانیش بە زۆری خۆیان پوولیان دادەنا.

دەیکوت من حەوسەلەی چەنەچەن و ئەوە بەچەندە و بۆ بەوەندەیەم نییە. مشتەرییەکانم تاقمێکی تایبەتن. هەموویان دەناسم. جگە لەوان کەیکێک بە بابەکەی بابم نافرۆشم.

دەیکوت بە تایبەت حەوسەلەی ژنەتیومنەتیوم هەر نییە. تاقەتی چەقەچەق و قەوچەقەوچی بنێشتجاوینی ژنەبەڕەڵای کەسم نییە.

دەیکوت منداڵانیش هەر وا. ئێرە جێی ئەوانە نییە. مەگین کەسێک نابەڵەد بێ و خۆ بکا بە ژووریدا دەنا کەس بێرەدا نایە.

دەیکوت قاڵییەکی کۆنی لە سووچێکی دووکانەکەدا ڕاخستبوو. لەسەر قاڵییەکە هەمیشە تەختەیەکی دامەی لێ بوو. زۆربەی وەخت دووسێ کەسی لێ بوو. دەچوونە ئەوێ پێکەوە دامەیان دەکرد. زۆربەیان پیر و بەساڵاچوو و کارمەندی خانەنشینکراو بوون. تا دامەیان دەکرد دامەیان دەکرد و دوایش قسەیان لە خۆڵەوە وەردەدا. زۆربەی وەخت هەر میرزاهادی بوو بە دەنگێکی بەرز قسەی دەکرد.

دەیکوت پیاوێکی خڕیلانەی قسەخۆشی لێبوو وەختێک میرزاهادی دەستی پێ دەکرد بە بزەیەکەوە دەیکوت میرزاهادی قسە دەکا ئیدی کەس دڵۆپەی تێدا نەکا.

دەیکوت خۆ هیچیشیان نەیاندەتوانی بە قسەیەکی بڵێن وانییە و هەموو هەر مەجبوور بوون تا بۆخۆی ڕادەوەستێ هەر بەڵێی بۆ بکەن و بڵێن وایە. لە ئاخرییشدا یەکی کەیک و نۆشابەیەکیان دەخوارد و هەر یەک بە لایەکدا دەڕۆیشتن و چۆڵیان دەکرد.

دەیکوت میرزاهادی لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی بەزافتە بوو، بە شێوەی تایبەت بە خۆی، ژن و منداڵەکەی خۆش دەویست. هێندەی خۆش دەویستن نەیدەزانی چییان لێ بکا و چۆنیان لەگەڵ بجووڵێتەوە؛ لە خۆشەویستییان جەزرەبەی دەدان.

دەیکوت قەت ڕاستەوخۆ نەیدەکوت خۆشم دەوێن؛ نە بە عەبدول متەللیب

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

و نە بە ئەسمەری ژنی.

دەیکوت لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ژنی هێنابوو، قەت نەیهێشت ئەسمەری خێزانی بە سەردان سەر بکاتەوە بەماڵی باوکیدا. تەنیا بۆ پرسە و سەرەخۆشی باوکی نەبێ نەیهێشت ئەسمەر بچێتەوە ماڵی باوکی. ئەو چەند ڕۆژەش نەیهێشت عەبدول موتەللیب لەگەڵ خۆی ببا. زۆر بە دەگمەن و لە ناچاری و بۆ کاری زۆر پێویست و زەروریش نەبوایە نەیدەهێشت ژنەکەی لە ماڵێ بچێتەدەرێ. تەواوی خەڵک پێیانوابوو میرزاهادی ڕقی لە ژنەکەیەتی.

دەیکوت تەنیا من دەزانم ژن چییە و دەبێ چۆنی لەگەڵ هەستی و دانیشی.

دەیکوت تەنیا من دەزانم دەبێ چ بکەی لە ژن و چۆن داگیری بکەی.

دەیکوت خەڵک هەرچی دەڵێن با بیڵێن، هەتا سەریان هەڵدەگرێ گوویان خوارد، خۆ من بۆ خەڵک ناژیم.

دەیکوت ئەو دەیزانی چۆن دەبێ ژن داگیر بکرێ و بە تەواوی ئەسمەری داگیر کردبوو.

دەیکوت تەنیا من دەزانم چۆن دەبێ ژنت خۆش بوێ.

دەیکوت تەنیا من ژن دەناسم.

دەیکوت ئەسمەر بۆ سەرەخۆشی باوکی سێ شەو و ڕۆژ لە ماڵ نەبوو.

دەیکوت ئەو سێ شەو و ڕۆژەم بە سێ هەزار ساڵ لێ تێپەڕی.

دەیکوت سێ هەزار ساڵ، حاڵیی بووی ئەسمەر؟! ڕەببی باوکت خودا عافووی کا بەڵام سێ هەزار ساڵی جەزرەبە دام.

دەیکوت ئەسمەر وەختێک هاتەوە پێی سەیر بوو ئەو ماڵەی بۆ ئاوا شێواوە. ئەو کومێد و یەغدان و جلوبەرگەی بۆ ئاوا پێکدا دراوە، ئەو پشتوێن و کراس و ئاواڵکراسەی بۆ هاتوونەدەرێ و هیچی لە جێی خۆی نەماون.

دەیکوت خۆ عەبدول متەللیب قەت کاری بەو شتانە نییە!!

دەیکوت هەتا بە پەلکە هەڵمنەواسیوی لەوە زیاتری لەسەر مەڕۆ! کۆیانکەوە، تەواو. ئیدی لەسەری نەڕۆی. ئاااای!

شەوانە وەختێک عەبدول متەللیب خەوی لێ دەکەوت، میرزاهادی خەوی لێ

نەدەکەوت.

دەیکوت شەوگاری چی، بە قورم گرت؛ هەر دوایی نایە.

دەیکوت ئاخە بڵێ کابرا ئێستا وەختی مردن بوو؟!

دەیکوت ئەسمەر کوای؟ دە بۆ نایەوە بۆ؟ لە ددیینت بم بۆ شەوانە نایەوە؟ مەگە تۆ ژنی من نیی؟

دەیکوت بابە بڵێ بە ڕۆژ دەڕۆی شەوانە لە پای چی؟

دەچووە دەستەی لیباسەکانی ئەسمەر. بۆنی پێوە دەکردن و بە خۆی‌دا دەدان. هەموو کراس و دەسماڵ و پشتوێنەکانی ڕیز دەکردن. دوایی هەموویانی بە خۆی‌دا دەدا. هەر خەوی لێ نەدەکەوت. یەکێک لە پشتوێنەکانی ئەسمەر کە زۆربەی وەخت لە ماڵێ ئەوی لە پشت دەبەست زیاتر لە هەموویان بۆنی ئەوی لێ‌دەهات. بۆنێکی سەیروسەمەرە. بۆنی شەوانی پێکەوە بوون، بۆنی ژێر ملی ئەسمەر، بۆنی سنگ‌وبەرۆکی ئەسمەر. ئەو بۆنە شەش میتر درێژ بوو. قەف‌قەف ئەو شەش میترەی لە لاقییەوە هەتا سەری توندتوند لە خۆی دەهاڵاند و تەواوی گیانی دەبووە لووت و بۆنی پێوەدەکرد و پڕ بە سییەکانی هەڵیدەمژی. تەواوی گیانی دەبووە دەست و دەستی پێدا دێنا و هەڵیدەگلۆفی و پێوەی دەتلاوە. لەو وەختەدا ئەسمەر بە تەواوی لە دەوری میرزاهادی هاڵابوو.

ئا بەو جۆرە ئەو سێ شەوە خەوی لێ دەکەوت.

دەیکوت هەر پیاوێک هەموو شەوێک نەتوانێ بچێتە لای ژنەکەی پیاویش نییە، ئەوە دەبێ گوێی ببڕی و یەکێکی تێهەڵدەی و ژنەکەشی لێ بستێنییەوە.

دەیکوت پیاو دەبێ پیاوبێ و بتوانێ هەموو شەوێک ژنەکەی وەها لاقە بکا بە عەرزییەوە نەهێڵێ و لەسەر تەپڵی سەر بیخولێنێتەوە و گووپی پێ هەڵدا، گووپ.

دەیکوت میرزاهادی لە هەموو بارێکەوە خۆش ئیشتیا بوو. پیاوێکی زۆرخۆر و خۆش‌خۆر بوو.

دەیکوت بنیادەم چڵێس نەبێ دەبێ هەر تێیهەڵدەی. بنیادەم ئەگە چاوی بە میوەیەک یان خۆراکێکی خۆش بکەوێ و ئێشتیای هەڵنەستێ و لیکی نەیەتە

خواریَ هەر بەششەریش نییە.

دەیکوت ڕقی دنیام لە بنیادەمی دژلەوەڕ و بە بێزوبۆ و داڵگۆشتە.

دەیکوت شتی لەڕ و لاواز هەر بۆ بن گڵ باشە. بنیادەم دەبیَ تۆزێک وەک بنیادەم بچیَ.

دەیکوت هەر ئەو دەیزانی چێشتی خۆش چییە و دەبیَ چۆن بیَ.

دەیکوت ئیشتیا و زگەڕۆیی میرزاهادی کابان و ئاشپەزێکی بیَوێنە و لێهاتووی لە ئەسمەر دروست کردبوو.

دەیکوت دەستاوی دەستی ئەسمەر زۆر خۆش بوو.

دەیکوت قەت لە چێشتی ژن ڕازیی مەبن.

دەیکوت هەمیشە بڵێن با خویکەی ئاوابیَ، تامەکەی ئاوابیَ، ڕەنگەکەی ئاوابیَ، ئێلەکەی ئاوابیَ و بێلەکەی ئاوابیَ.

دەیکوت پیاو ئەگە سەری گەووادی دانەواند و ملی بە لای چێشتی خێزانەکەیەوە بەلارەوە نا و شاد و شوکور بوو، ژن زوو دەستی دەخوێنێتەوە و هەموو گەندوگوویەکی دەرخوارد دەدا.

دەیکوت هەر ئەو دەیزانی کفتەوشۆرباو چییە و دەبیَ چۆن بخوریَ. هەر ئەو دەیزانی سەروپیَ چییە و دەبیَ چی لەگەڵ بخوریَ و کەی بخوریَ. تەنیا ئەو دەیزانی میوە هەڵبژێریَ و دەستیان پێدا بێنیَ و بیانلاوێنێتەوە جا بیانخوا.

دەیکوت هەر ئەو ماست و پەنیر و لۆرک و کەرەی دەناسی و هەر لە خۆی جوان بوو لێیان بچێژیَ و تاقییان بکاتەوە و بزانیَ کامیان هی دەستی کابانی پاکوخاوێنە و کامیان هی کابانی پیسوچەپەڵ و سەر ڕشکاوییە.

دەیکوت سێو و هەنار و خەیار و شووتی مانایەکی دیکەیان لای ئەو هەبوو. ئەو سێو و خەیار و شووتییانە نەبوون خەڵکی ئاسایی دەیدیتن.

دەیکوت هەر چاوی پێیان دەکەوت هەمووشتێکی لەبیر دەچۆوە و دەمی پڕ دەبوو لە ئاو و تا بە پەلە دەگەیشتەوە ماڵیَ ئاوی زاری بۆ زەوت نەدەبوو و سەد جاری قووت دەداوە و حەجمانی لیَ هەڵدەگیرا.

دەیکوت سەد جاریشم دیوە ئەو مێردەی من وەختێک میوەی هێناوەتەوە، لە

ماڵێ سەعاتێک قسەی لەگەڵ میوەکە کردووە و لەگەڵی پێکەنیوە و پێیدا هەڵکوتووە و قاقای بۆ کێشاوە.

دەیکوت ئەویش قاقای میرزاهادی!

دەیکوت عادەتێکیشی هەبوو قەت نەیدەزانی شتی کەم بکڕێ.

دەیکوت تاقەتی ئەو سواڵکەر بازاڕی و چکەچکەیەم نییە.

دەیکوت جاری وابوو دە شووتی لەسەر یەک دەکڕی و لە حەوشەکەدا بڵاوی دەکردنەوە و بە دەوروڵایاندا دەهات و بە ویرەویر گۆرانی بۆ دەکوتن و قاقای دەکێشا و دەیلاواندنەوە و نێوی لێدەنان. لە حەوشەکەدا دارێکی لێ بە دەستەوە دەگرتن و دەیلەوەڕاندن و خۆی بە قوربان و سەدەقەیان دەکرد.

دەیکوت عەبدول موتەللیب!

دەیکوت بەڵێ بابە!

دەیکوت دا زێڕنۆکێم بۆ بێنە. بەو گەرمایە وەختی زێڕنۆکێیە بیخۆین.

دەیکوت گیرفانەکانی هەمیشە شتێکیان بۆ خواردن تێدا بوو. توو بوایە، کشمیش بوایە، پستە بوایە، نوقڵ بوایە.

دەیکوت ڕقی دنیای لە بنێشتجاوین بوو. بۆ قەت دەمانوێرا بنێشت بخەینە زارمانەوە.

دەیکوت قەوچەقەوچ پیشەی ژنە بەڕەڵای کووچەیە. ئەوانەی لە بەردرگا دمیان پان دەکەنەوە و سەولەیەکیان لە زاردایە و نە دەربەستی مێردن و نە دەربەستی ماڵن و نە منداڵ.

دەیکوت هەمیشە دووسێ لایلۆن و پاکەتی میوە و خواردەمەنی بە دەستەوە بوو.

دەیکوت ئەو مێردەی من هیچ وەختێک بە دەستی بەتاڵ نەهاتۆتەوە ئەو ماڵە. ناوەڵڵاهی قەتم وەبیر نایە چووبێتە بازاڕ و بە دەستی بەتاڵ هاتبێتەوە ماڵێ.

دەیکوت وەسیەت بێ، وەسیەت بێ، دنیایە، هاتوو مردیشم سەر گۆڕەکەم بکەن بە بێستان.

دەیکوت بێتوو وا نەکەن مشکڵۆزمەی دنیا و قیامەتم بن. هیچ کێل و

گومبەزی و تەڕەماشێکم ناوێ، تەنیا بڕێک تــووی تەڕەکـاری لە ســەر گــۆڕەکەم داچێنن.

دەیکوت هەمووشتێکی لە خواردن و شێخی سەعدیدا خۆلاسە کردبۆوە.

دەیکوت نازانم چۆن سووسەی کردبوو ئێمە خەریکی چـین؟ مـن لە ترسـی پللار و تانە و تەشەرەکانی، قەت نەمدەویرا لای ئەو بڵێم ئۆگری کتێب و کتێـب خوێندنەوەم.

دەیکوت نەمدەوێرا وەک کەریم لە ماڵێ کتێبخانە دانێم و هەموو کتێبەکـانم لە ماڵی ئەوان بوو. هەموو وێنە و نامە و شتە نهێنییەکانم لای کەریم بوون.

دەیکوت لەو وەختەوەی سووسەی کردبوو، دەمزانی لەژێر چاوەدێری ئەودام. یەکدوو جـار هەسـتم کردبـوو کتێـبە دەرسـییەکانم دەشـێوێن و وەک خۆیـان نـامێننەوە. دایکـم نەیـدەوێرا بڵـێ باوکـت پێیـاندا گەڕاوە و پشـکنیونی و شێواندوونی.

دەیکوت جارێکیان میرزاهادی بە بیانووی ئەوەی کە بـۆ کاغەزێـک دەگەڕێ، بە گژ دار و بەردا دەچوو.

دەیکوت یاڕەببی بە قوڕ گیرێ ئەریوەڵڵا، جـا وەرە لەم کـاولبـووەدا کـوتە کاغەزێک وەگیر نەکەوێ.

دەیکـوت چـووە سـەر تـاقەی کتێـب و دەفتەرەکـانی مەدرەسـەی عەبـدول موتەللیب. دەفتەرێکی دەسـت دایە کە ڕۆژنـامەیەکی لە بەرگەکەی گیرابـوو و بە خەتێکی گەورە نووسرابوو دەفتەری ئینشا.

دەیکوت وەختێـک کـردمەوە، دیـتم خـۆ دەفـتەر نـیـیە و کتێـبە! ئەویـش چ کتێبێک؟ کوردی! ئەویش هی کێ؟ کتێبی مەلاڕەحمانی هەژار!

دەیکوت بڕێکی دیکەش نێو کتێبەکان گەڕام لەنێو بەرگ گیراوەکـاندا یەکـی دیکەشم دیتەوە کە دەفتەری تەڕەماش و تەڕەساز نەبوو، بەڵکوو کتێبی تاریـک و ڕوونی هێمن بوو.

دەیکوت زمانی خۆم گەسـت و زانـیم مـاوەیەکە میـرزا عەبـدول موتەللیـب خەریکی چییە و دەیەوێ چ قوڕێک بۆ من و بۆ خۆشی بگرێتەوە. ئەوجار زانیم

@kurdica

ماوەیەکە بۆ وەک ڕێوی خۆی مات دەدا و بێخشپە دێتودەچێ.

دەیکوت کوتم بە خودا هەرچی زووترە فریا نەکەوم سەرە چەرمەکە ئاو دەیبا، کە سەرچەرمەکەش ئاو بردی تازە هەزار هاوار بە پوولێک.

دەیکوت کوتم عەبدول موتەللیییب، دا وەرە!

دەیکوت هەر بە شێوازی بانگ کردنەکەی‌دا زانیم باوکم تووڕەیە.

دەیکوت چونکە دەمزانی هەر وەختێک باوکم (ع)یێ عەبدولەکەی زۆر قەڵەو بکاتەوە و بە ئەنقەست، پڕ بە گەرووی بیڵێ و (یـ )یەکەشی بکێشێتەوە و دوایی تۆزێکیش ڕاوەستێ، دەمزانی ئیدی کار لە کار ترازاوە و شتێک قەوماوە و دادگایی کردنێکی لە دوایە.

دەیکوت دەشمزانی بێتوو بە هەڵاتن خۆم نەگەیەنمە خزمەتی، بۆ جاری دووهەم ئیدی ناڵێ عەبدول موتەللیب و پڕ بەو گەڕەکە دەنەڕێنێ عەبدول تەڕڕڕەماااااش!

دەیکوت بە پەلە و ترسەوە چووە لای باوکی و سەری بەرداوە تاکوو بزانێ باوکی چی پێ دەڵێ.

دەیکوت کوتم بەڵێ بابەگیان فەرموو!

دەیکوت کوتی ئەوە ئەو کەچە کتێبانە چین لەنێو کتێبەکانی مەدرەسەت‌دا، کوڕە؟ ها؟

دەیکوت زمانم شکا. هیچ ڕێگای دەرباز بوونیش نەبوو.

دەیکوت کوتم هی ئاواڵەکەمن.

دەیکوت کوتی کامە ئاواڵت؟

دەیکوت کوتم پێموانییە تۆ بیناسی. هاوکلاسمە.

دەیکوت کوتی نێوی چییە؟

دەیکوت نەمدەزانی بڵێم چی؛ لەخۆوە نێو و شۆرەتێکم کوت؛ ئەحمەدی محەممەدی.

دەیکوت کوتی نێوی باوکی ئەحمەدی محەممەدی چییە؟

دەیکوت کوتم نازانم.

دەیکوت کوتی قوڕ بەو سەرەت ئەریۆەڵڵا، جا چۆن کەسێک نەیناسی شتی وای لێ وەردەگری.

دەیکوت کوتی سبەینێ نێوی خۆی و نێوی باوکی و ئادرەسی ماڵی ئەو دایک کەرانگاوەم بۆ دەنووسی و بۆم دێنی. حاڵیی بووی؟ ئەوە ئەوە.

دەیکوت کوتی بەڵام، بەڵام مارمێلکەتۆپیو فێر بووی بە دزییەوە کەچەکتێبی کوڕی شێخەلیسلام و مەلاڕەحمانی هەژار دەخوێنییەوە؟! هاااا! بنەگووا!

دەیکوت قەتم نەبیستبوو بە مامۆستا هەژار بڵێن مەلاڕەحمان و زانیم مەبەستی لە کوڕی شێخەلیسلام مامۆستا هێمنە.

دەیکوت دەیزانی بە مەبەستی بەهێند نەگرتن و گاڵتە پێکردن وایان پێ دەڵێ؛ بەڵام ئەوەی پێ سەیر بوو باوکی چۆن ئەوانی دەناسی!

دەیکوت باوکم بە هۆی ئەوەی خۆی لە تەواوی عالەم و ئادەم بە گەورەتر دەزانی، بە گاڵتە پێ کردن بوایە، بە جنێو و نێونیتکە بوایە، بە لچهەڵقرچاندن و لووت بەرزکردنەوە بوایە، بە نێوچاوان گرژکردن و سەر ڕاوەشاندن بوایە، بە بێدەنگی و ئاخ و تف کردن بوایە، بە هەر جۆرێک بوایە کەسایەتییە بەنێوبانگەکانی لەحاند خۆی دەهێنا خوارێ و گاڵتەی پێ دەکردن.

دەیکوت وای چکۆلە دەکردنەوە دەیکردنە پووش، دەیکردنە پەڕۆکۆنێک و لەولاوە فڕێی دەدان.

دەیکوت کەسی قەبووڵ نەبوو؛ مردوو، زیندوو، هیچ پێغەمبەر و فەیلەسووف و زانا و ئەولیا و عارف و مەلا و شا و گەدا و نووسەر و شاعیرێکی قەبووڵ نەبوو. بە دەردی بۆخۆی دەیکوت شێخی سەعدی نەبێ، کەسی پێ بەشەر نەبوو. قسەی بە هەموویان دەکوت و بە وتەکانیان پێدەکەنی و شۆخی و گاڵتەی پێ دەکردن. فەرقی نەدەکرد مردوو بێ زیندوو بێ، پیاوی ئایینی بێ، شا بێ، گەدا بێ، زانا و بیرمەند بێ یان سیاسی بێ.

دەیکوت ئەو خودایە نەبێ، هیچ کەسێکم قەبووڵ نییە. هیچ کەس. ترسم لە هیچ کەس و شتێکیش نییە.

دەیکوت خۆ من کەر و مەڕ و بزن نیم وەشوێن خەڵکی بکەوم. نە مەلایەتی،

نە شێخایەتی، نە بەگایەتی، نە حیزبایەتی هیچم قەبووڵ نین.

دەیکوت تەواویان دووکانداڕن؛ هیچ فەرقێکیان پێکەوە نییە، تەواویان سەروقوونی یەکن. تەواویان دز و سواڵکەرن.

دەیکوت تەواویان بە قوربانی قاشێک شووتی و بڕێک تەڕەکاری بن.

دەیکوت میرزاهادی بە تایبەت ڕقی لە سیاسەتمەداران و سیاسییەکان بوو.

دەیکوت سوورسوور دەیزانی ئەو چوارینەیە هی کێیە و کێ وەریگێڕاوەتەوە. بەڵام قەت باسی خاوەنەکەی نەدەکرد و نێوی نەدێنا.

یەک بە خۆی دەیکوت:

**"دنیا بە دەسی دەستە کەر و گاییێکە**

**هەر جاشەکەرە و وەزیر و پاشاییێکە!"**

دەیکوت پڕ بە گەڕەکەماڵێک قاقای دەکێشا و دەیکوت بەڕاستی وایە! بەڕاستی وایە! وەی ڕەحمەت لە قەبری بابی ئەوەی کوتوویە.

دەیکوت خۆ کەس نەیدەوێرا لێی بپرسێ بڵێ ئەوە هی کێیە، بەڵام بێتوو لێشیان بپرسیبایە دەیکوت، نازانم هی کێیە.

دەیکوت بابایەکی دیکەش نازانم شوانەوێڵەی چ بە قوڕەگیراوێک بووە وتەیەکی لە بن دەستی تسیوە یان ئەویش هەر هی خۆی نییە و دزیویەتی؛ دەڵێ:

**"پەنا بۆ خوا لە ساس و وسواس و تەنانەت لە حەرفی سینیش چونکە لە کەلیمەی سیاسەتدا هەیە!"**

دەیکوت لێی حاڵیی هەی عەبدول موتەللیب؟

دەیکوت دەنگی هەڵدێنا و یەک بەخۆی دەیکوت گووووو بە حەرفی سین چونکە سیاسەت دوو دانەی هەیە.

دەیکوت نازانم باوکم ئەو شتانەی چۆن دەزانی؟ قەتم نەدی جارێک لە جارەکان کتێبێکی بە دەستەوە بێ و بیخوێنێتەوە. ئەسڵەن زۆری ڕق لە کتێب بوو. هیچ کتێبێک جگە لە کتێبی دەرسیی لە ماڵی ئێمەدا نەبوو. ئەو هەمووەی سەعدی خۆش دەویست و تاریفی گوڵستان و بووستانی دەکرد، تەنانەت ئەوانیشی نەبوو.

دەیکوت تۆ عورزەی ئەوەت نییە دەرسەکانی خۆت بخوێنی ئێستا دەچی چوار لاپەڕە دڕاوی مەلاڕەحمانی هەژار و سەیدی شێخەلیسلامم بۆ دەخوێنییەوە! پففف، مەسەلەن ئەوە خوێندیشتەوە، بە هیوای ببی بە چی؟! گەڵوقمچاغت ئەوەندە خاوێنە کوردایەتیم بۆ بکەی؟! کوررردایەتی! ئای شییرررررررر! ئەوانەی کردیان حاڵیان زۆر خاوێن بوو! دیتمان، دیتمان، بەڵێ دیتمان چییان لێهات و چییان بەسەر هات.

دەیکوت ئاخە تۆ هێشتا کۆڵێک پرکەگوو بە قوونتەوەیە ئەو شتانە چووزانی؟ کوڕی شێخەلیسلام عومرێک وەدوای کوردایەتی کەوت دیتت چییان بەسەر هێنا؟! چەندە سووکایەتییان پێ کرد؟

دەیکوت هەر ئەو هاوسەنگەر و برادەرە گیانی گیانییانەی خۆی، هەتا ئیستیفادەی خۆیان لێ کرد، لێیان کرد و دوایی شەقێکیان تێهەڵدا و هەزار ناووناتۆرەیان وەدوا خست. کەڕەنا و دەهۆڵیان بۆ هەڵگرت و خائین و جاش و خۆفرۆشیان وە پاڵ دا.

دەیکوت تۆ هێشتا نازانی دەستی ڕاست و چەپت کامەیە وەشوێن کوردایەتی دەکەوی؟ قوڕ بەو سەرەت!؟ قوڕ بەو سەرەی منیش بۆ توو و تۆرەمەیەکی لێم کەوتۆتەوە. وەرە خۆت مەکووژە کوڕی من وەدوای خەڵکی بکەوێ.

دەیکوت لە تەواوی عومرمدا پێم پیس بووە نانی شێخ و مەلا یان چووزانم نانی بەگێک یان حیزبێک بخۆم. قەتم سەر بۆ هیچکەسێک خوار نەکردۆتەوە و بەڵێم بۆ هیچ عیبادەلبەشەرێک نەکردووە و ناشیکەم. ئەوەش توویەکی لێم کەوتۆتەوە. حەک لە نێوچاوانی خۆم بم ئەرێوەڵڵا بۆ شانس و بۆ ئیغباڵم.

دەیکوت قوڕ بەو سەرەت، وەختێک لە شارەکەی خۆی هێمن شێعری دەخوێندەوە بە سەدان کەس لە دەوری کۆ دەبوونەوە و چەپڵەیان بۆ لێدەدا و بەه بەه و چەهـ چەهیان بۆ دەکرد. دوایی کە مرد هەر ئەو هاوڕێ و هاو نازانم چییانەی خۆی، وایان لەپێش چاوی خەڵکی ڕەش کردبوو، چوارکەس نەبوو تابووتەکەی هەڵگرن. ئەوە بوو ئاکام و دەسکەوتی حیزبایەتی و کوردایەتی!؟

دەیکوت تۆ هێشتا بۆگەنی پاشت ڕۆژەڕێیەک دەڕوا و سەگت لە پاش نازی

و نافامێنی لە ئاودەست خۆت پشۆیەوە چــووزانی دنیـا بەری بە کوێــوەیە؟! تــۆ تەنیا حازرخۆری بــن سـێبەری. چـا چـا ئەو گەدوگیپـاڵەی هەر عەیـنەن خـاڵە خوێڕی و هیچوپووچەکانی. ئێسـتا تـۆ هـاتووی وەک گەنە نووسـاوی بە چـوار لاپەڕە دڕاوەوە دەڵێی چی؟! کتێبووکەی مەلاڕەحمانی هەژارم بـۆ دەخـوێنییەوە؟! بابایەک کە هەر ڕۆژی لە بنەبەردێک بە نانەڕەقەی شوانەوێڵە بەڕێ دەچێ و هەر شەوی لە قوژبنەدیوارێک خۆی دەشارێتەوە. ئێسـتاش هـیچ دەوڵەتێـک وەخـۆی ناگرێ و کەس نازانێ لە کوێیە و لە کوێ نییە و کەس نـازانێ ئـاخری ئەویـش وەک کوڕی شێخەلیسلام لە کوێ دەمرێ و چی بەسەر دێ.

دەیکوت نەسیحەتی کەسێک دەخـوێنییەوە کە هەتـا نـانی هەیە دۆی نیـیە و هەتـا دۆی هەیە نـانی نیـیە و هەمیشــە کــووزەڵە بە نـانیەتی؟ کەچەکتێبــی ئەو ڕەشوڕووتانە دەخوێنییەوە کە قەت دەستیان بە دەمیـان ڕانەگەیـوە و تێـر زگـی خۆیان نانیان نەخواردووە؟ ئای قوڕ بەو سەرەت! وەڵا لەبەرت حەسـامەوە! هەی گوو بەو وەجاغەی بە تۆوە ڕوون دەبێ!

دەیکوت تەواوی کتێبی دونیـا دەبـێ لە حانـد گوڵسـتان و بووسـتان خۆیـان بشارنەوە و تەواوی کتێبی دونیاش بە قوربانی بەڕووڵە خەیارێک بن.

دەیکوت من نەمدەزانی باوکم دەڵێ چی و پێموابـوو لەخـۆوە قسـە دەکـا و دەیەوێ بەو جنێو و تۆمەتانەی، مامۆستا هێمن و هەژار لەپێشچاوم بخا.

دەیکوت پێموابێ بۆیە بە مامۆستا هەژاری دەکوت مەلا و بە مامۆستا هێمنـی دەکوت کوڕی شێخەلیسلام هەتا لە حاند خۆی بیـانهێنێتە خـوارێ و چکۆلەیـان بکاتەوە. ئەو هەمیشە لەوەی کە کەسـایەتییە نێودارەکـانی دەکوتـا و گـاڵتەی پـێ دەکردن و بە هێندی نەدەگرتن، لەززەت و چێژێکی تایبەتی دەبرد.

دەیکوت باوکم قسەی هیچکەسـی قەبـووڵ نەبـوو. نە خـزم و کەسوکـاری خۆی و نە خزم و کەسوکـاری دایکـم و نە دەرودراوسـێی مـاڵێ و نە جیـرانە دووکانەکانی. هیچ کەس نەیدەتوانی سەعاتێک لەگەڵـی هەڵبکـا. لەگەڵ هەرکەس دەبوو بە هاوڕێ هەر ماوەیەک بوو. ئەوانەی لە دووکانیش هاتوچۆیـان دەکـرد تەنیا وەک ناسیاوێک چاوی لێ دەکردن کە چەند ساتێک پێکەوە دامەیان دەکـرد.

@kurdica

هیچ هاودەم و هاودڵێکی هەمیشەیی نەبوو.

دەیکوت باوکم زۆر تەنیا بوو.

دەیکوت باوکم لە هەمووی دنیادا تەنیا سەعدی شیرازیی بۆ مابۆوە؛ ئەویشی تەنیا تۆزێک لە خۆی پێ گەورەتر بوو. پێیوابوو تەنیا ئەو و شێخی سەعدی لە دنیا حاڵیی بوون.

دەیکوت من قەت نەمدەتوانی بە بێ منجەمنج ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ بکەم.

دەیکوت پێم سەیر بوو کەریم، تۆ و باوکت زۆر بە ئاسانی وەک دوو هاوڕێ پێکەوە قسە و شۆخیتان دەکرد.

دەیکوت متەللیب بابت زۆر تایبەتە. وەک هیچکەس ناچێ.

دەیکوت کوڕە من تایبەتم بۆ چییە؟ بریا زۆر ئاسایی بوایە و وەک باوکی ئەو خەڵکە باوک بوایە.

دەیکوت لەم ئاخریانەدا کە خۆم بە خوێندەوار دەزانی و خۆم پێ شتێک بوو، کوتم هەرچی دەبێ با ببێ بزانم دەڵێ چی؟

دەیکوت کوتم خۆ نامکوژێ!

دەیکوت کوتم شایەد زۆریشی پێ خۆش بێ.

دەیکوت لە دڵی خۆمدا کوتم بزانە بەو بۆنەوە ناتوانی کەمێک خۆتی لێ نزیک بکەیەوە؟

دەیکوت کوتم بزانم دەتوانم کەمەکەمە و بەرەبەرە بەو بۆنەوە ڕێگا بۆ کتێبخانەیەک لە ماڵی خۆمان خۆش کەم؟ شایەد بەوجۆرە بتوانم دڵی نەرم کەم.

دەیکوت دوای تەمرین و هێنان و بردنێکی زۆر، جارێکیان لەسەر سفرە ورەم دا بەر خۆم و کوتم بابە ئەرێ ئیجازە هەیە شتێک بڵێم؟

دەیکوت هیچی نەکوت.

دەیکوت کوتم شایەد گوێی لێ نەبووبێ؛ کوتم بابە ئیجازە هەیە شتێک بڵێم؟

دەیکوت برۆی وێکهێنا و کوتی شت؟ شت دەڵێی؟ شت دەکوترێ؟

دەیکوت کوتم ئەگە ئیجازە هەبێ قسەیەکت عەرز دەکەم.

دەیکوت کوتی قسە؟!

دەیکوت کوتم بەڵێ.

دەیکوت کوتی باشە دەی، بیڵێ بزانم دەڵێی چی، فەرموو قوربان!

دەیکوت کوتم ئیجازە هەیە گوڵستان و بووستان بکڕم؟ پێم خۆشە بیانخوێنمەوە دەرسیان لێ فێر بم.

دەیکوت چاوی لە نێو چاوم بڕی.

دەیکوت چاوم داخست.

دەیکوت زەمان ڕاوەستابوو.

دەیکوت کوتم بریا زۆر زووتر ئەو پرسیارەم بپرسیبایە. پێموابوو ئەوە ئەو چرکەساتەیە کە باوکم لەمێژ ساڵە چاوەڕێیەتی. پێموابوو ئەوە ئەو وەختەیە کە باوکم دڵی گەشاوەتەوە و هەست دەکا وەجاغی ڕوونە. هەست دەکا کوڕەکەی پێ گەیشتووە و تێگەیشتووە.

دەیکوت پێموابوو قسەیەکی زۆر باشم کردووە و کارێکی وام کردووە کە بۆ هەوەڵجار باوکم شانازی بە منەوە بکا.

دەیکوت کوتوپڕ لە قاقای پێکەنینی دا.

دەیکوت من هیچ یەک بەخۆم هەڵبەزیمەوە، هەستم کرد خانووبەرەکەشمان یەک بەخۆی لەرییەوە.

دەیکوت کوتی چیییییی؟!

دەیکوت دەستی بۆ لای ڕیشیەوە برد و کوتی مێرووله و کێوی قاف؟

دەیکوت کوتی بڵێ ئەستەغفیرەڵڵا بڵێ ئەستەغفیرەڵڵا.

دەیکوت کوتی هەتیوە تۆ دەبێ دەمت گڵاو بکەی باسی شێخی سەعدی دەکەی، حەدت چییە؟ ڕات ناکەوێ. قوون بدەوە سەر دەرپێی خۆت لە هەموو شتێک چاترە؛ جارێکی دیکە قسەی وا نەکەی؛ تۆ و شێخی سەعدی؟! پفففف، وەڵا باشە، هەر ئەوم مابوو، ئەویشم لێ گڵاو کەن، بڕۆ ئەویش بێنە و لەپێش چاومی بخە! وەڵا باشە هەر ئەوەم کەم بوو. منداڵەورکەی ئەوڕۆ هەمووشتێکیان بۆژۆ کردووە! هەستە بڕۆ بڕێک میوە لەو یەخچاڵە بێنەدەرێ ئەو قسانە بۆ تۆ نەهاتووە.

متەللیب و کەریم لە نزیک ماڵی میرزاهادی پێکەوە بوون، لەو قسانەدا بوون کە لە نەکاو میرزاهادی هاتەوە.

دەیکوت هەر دووکمان لەبەری هەستاین و سڵاومان کرد.

دەیکوت کەریم هات چاکوخۆشیی لەگەڵ بکا.

دەیکوت میرزاهادی پێش ئەوەی بێڵێ کەریم هیچ بڵێ، دەنگی هەڵێنا و کوتی ئەرێ کاکە بۆ لەکۆڵ کوڕی من نابییەوە؟ بۆ بەری درگات پێ گرتووم؟ بۆ گەڕت لە گەڕم هاڵاندووە؟ ئەرێ کاکە تاکەی لەکۆڵ نابییەوە؟ کاکە ئیدی ئەوە پێت دەڵێم لەگەڵ عەبدول موتەللیب پێکەوە نەتانبینمەوە؛ پێم خۆش نییە و تەواو بوو و براوە. بە زمانی خۆش پێت دەڵێم ئاخرجار بێ چ لێرە و چ لە شوێنێکی دیکە لەگەڵ کوڕی من دەتبینم. کوڕی من نە خوێڕی بوو نە دز بوو نە بەڕەڵا بوو نە هیچوپووچ و کۆڵانگەڕ بوو نە حیز و درۆزن بوو، لەوەتی لەگەڵ تۆ دەگەڕێ فێری هەموو شتێک بووە. بە موقەددەساتی عالەم جارێکی دیکە ببینم یان ببیستم لەگەڵ عەبدول موتەللیب دەگەڕێی سووکێ گوێت دەگرم و دەتدەمە دەست ئەو پازگایە. بە خوداوەندیی خودا گوێی بابیشت دەبڕم. نێفەکی پاتۆڵەکەی دەبڕم؛ ئەتکی دەکەم؛ ها! کوڕی من پێی خۆش نییە بتبینێ. بۆ بە زۆری لەگەڵی دەگەڕێی؟ کاکە کوڕی من کوڕی من بێ نابێ لەگەڵ تۆ بگەڕێ.

دەیکوت کەریم ئەو قسانەی زۆر پێ سەیر بوو. ئەوانە هەموو تۆمەتن.

دەیکوت کوتم باوکی متەللیب بۆ وا دەکا؟

دەیکوت لێشی نەدەبڕاندەوە.

دەیکوت هەردووکمان عەبەسرابووین.

دەیکوت نە قسەمان بۆ دەکرا و نە دەمانتوانی لە جێی خۆمان بجووڵێینەوە.

دەیکوت میرزاهادی پیلی کەریمی گرت و کوتی ئیدی ئەوە پێتدەڵێم نەتبینمەوە بێرەدا بێیەوە! ها!

دەیکوت متەللیب دەستی کرد بە گریان.

دەیکوت دایکی سەحەبت دەگێم خەریکە بە گرتنم بدەی؟! ها؟! بە بۆنەی کتێب خوێندنەوەوە خەریکی چی؟! ها؟! خودموختاریم بۆ وەردەگری؟! ئەی

شیرڕهۆۆۆو! قوڕ بەو سەرەت بۆ عاقڵ و تێگەشتنت. لەجیاتی ئەوەی دانیشی دەرسەکانت بخوێنی شوێن دوو هەتیوەبەڕەڵا کەوتووی کە کەس نازانێ خەریکی چ بەزم و بەڕەڵڵاییەکن. خۆ خەمی تۆم نییە. پێتوایە خەمی تۆمە؟! خەمی خۆمە دوایی بە سەری پیریی دەبمە پەند و مەخسەرەی سەگ؛ دەبمە پەتپەتیی دەستی منداڵەورکە.

دەیکوت ڕۆژگار نەیتوانی من بهاڕێ و من بگۆڕێ، ئەو هەمووە ئاڵوگۆڕی حکوومەت و دەوڵەت و شەڕ و شۆر و نەدامەت و شۆڕش و مۆڕشە هاتن و چوون؛ بۆ یەک کەسم دانەنەواند و قەت جارێک لە جارەکان هیچ ژاندرمە و ئەمنیە و ساواک و ئیدارە و ئیتلاعاتێک نەیانتوانیوە من بانگ بکەن و مەجبوورم بکەن وڵامیان بدەمەوە. ئێستا سیسارکە کەچەڵەیەکی وەک تۆ دەتەوێ کارێک بکەی بمخەیە ژێر پرسیار و سووکایەتی و پەتپەتیم پێ بکەن؟

دەیکوت چ سەگبابێک تۆی لە خشتە بردۆتەدەرێ! ها؟! دە قسە بکە دەی بۆ قسە ناکەی؟! پێتوایە نازانم خەریکی چی؟! گەزە گەزە بۆ منداڵ دەکەی؟!

دەیکوت ئەوەی تۆ بە ڕۆژ دەیزانی ئەمن بە شەو خوێندوومەتەوە. ئەوەی تۆ قوونت پێوەی دڕاوە و بۆت جێبەجێ نابێ من حەفتا ساڵ لەوەپێش بە دەرس خوێندوومە. ئاخە من ئەوەندەی نەسیحەتی تۆ دەکەم بە گوێی کەرمدا خوێندبایە عاقڵ دەبوو. "خەری عیسا، ئەگەریش بە مەککە بەرەند؛ چوون بیایەد هەمیشە خەر باشەد."

دەیکوت دوای ئەوە باوکم سەری لەسەر هەڵنەدەگرتم و هەموو هەستان و دانیشتنم لەژێر چاوەدێریدا بوو. بە زۆری دەیبردم بۆ دووکان و دەبوو هەر لەوێ لای خۆی بم.

دەیکوت ئەو هاوینە ڕۆیشت و ئێمە زۆر بە زەحمەت لەگەڵ کەریم دەمانتوانی یەکتری ببینین.

دەیکوت بە کرانەوەی مەدرەسە زۆر خۆشحاڵ بووین.

دەیکوت هاوین جارێک کەریم هات لە دەوروبەری دووکان بە هەر دزیوفزییەک بێ یەکمان دیت.

دەیکوت کوتم متەللیب چی بکەین بۆ قەرزەکانی کاک سولەیمان.

دەیکوت کوتم جێبەجێم کردووە کارت نەبێ.

دەیکوت کوتم بەچی جێبەجێت کردووە ئەو هەموو قەرزە؟

دەیکوت کوتم دوایی بۆت دەگێڕمەوە.

دەیکوت هەر چۆنێک بێ، ورەی دا بەر خۆی و دەفتەرەکەی کردەوە.

دەیکوت کوتم ئەوە چییە؟

دەیکوت کوتم شاعیرێکی تازەیە تۆ قەتت نەبیستووە.

دەیکوت قەتی مامۆستا هەژیر نەبیستبوو. ئەودەم شاعیرە بە نێوبانگەکانی کە هەموو خەڵک نێوی بیستبوون زۆرتر هەژار، هێمن، حەقیقی و ئاوات بوون. لەنێو ئەوانیش‌دا مامۆستا هێمن و هەژار زۆرتر ناسرابوون و کەم‌کەس بوو نێوی نەبیستبێتن.

دەیکوت کوتم شاعیرێکی تازەیە. ڕاوەستە با شێعرەکانیت بۆ بخوێنمەوە.

دەیکوت سێ شێعری بۆ خوێندەوە.

دەیکوت شێعرەکانیم پێ خۆش بوو؛ زۆر لە شێعرەکانی تاریک و ڕوون و ملوانکەی شین سادەتر بوون. بە زمانێکی زۆر ئاسایی و سادە باسی هەژاری و چارەڕەشی میللەتی کورد بوون.

دەیکوت دوای خوێندنەوەی شێعرەکان، متەللیب هەر جووڵەجووڵ و منگەمنگی بوو، دیار بوو قسەیەکی پێیە و نەیدەزانی چۆنی بکا.

دەیکوت بیڵێم یان نەیڵێم؟

دەیکوت دووسێ جار هات بیڵێ و پەشیمان بۆوە. زووزوو دەفتەرەکەی لوول دەکرد و هەڵیدەپێچا و دەیکردەوە.

دەیکوت بەری دەستم عارەقەی کردبوو.

دەیکوت ئاخری دوای چەندجار هەناسەهەڵکێشان و خۆ گرمۆڵەکردن و خۆ خواردنەوە ورەی دا بەر خۆی، دوای ئەوەی هەناسەیەکی لە سنگی‌دا قەتیس کرد و زوو دایەدەرێ، بڕیاری دا پێی بڵێ.

دەیکوت کوتم دەزانی چییە کەریم؟

@kurdica

دەیکوت متەللیب سەیر سوور ببۆوە و دەنگی دەلەرزی. لەخۆوە بەزییم پێیدا هات، وەمزانی دیسان لەگەڵ باوکی شەڕی بووە.

دەیکوت کوتم ئەوانە... شێعری...

دەیکوت کوتم شێعری چی؟

دەیکوت کوتم شێعری... خۆمن.

دەیکوت کوتم بێشۆخیتە؟

دەیکوت کوتم وەڵڵا.

دەفتەرەکەی لێ وەرگرت.

دەیکوت لە یەکەم لاپەڕەی دەفتەرەکە نووسرابوو دەفتەری شێعرەکانی هەژیر. دیسان هەر سێ شێعرەکەی بە پەلە خوێندەوە.

دەیکوت کوتم یانیی ئەوانە بۆخۆت نووسیوتن؟!

دەیکوت عەبدول متەللیب کە ئێستا ببوە هەژیر و بێتوو میرزاهادی بەوەی زانیبایە زمانیی دەبڕی، کوتی وەڵڵا بۆخۆم نووسیومن.

دەیکوت کوتم دەزانم بۆخۆت نووسیوتن. هەر بەڕاستی بۆخۆشت داتناون؟

دەیکوت کوتم وەڵڵا شێعری خۆمن.

دەیکوت کوتم مەلعوون، ئەی ئەو هەژیرە چییە؟

دەیکوت کوتم ئەوەش نازناوەکەمە. پێت چۆنە؟

دەیکوت کوتم زۆر خۆشە. هەتی ئەوەت لە کوێ هێناوە؟

دەیکوت کوتم داستانی هەیە. دوایی بۆت دەگێڕمەوە. بە خودا ئەوەندەم فکر لێ کردۆتەوە نەبێتەوە. دوو مانگە خەریکی ئەوەم. شێت بووم، شێت. مێشکم تەقیوە.

دەیکوت کوتم یانی لەوەدوا پێت بڵێم هەژیر؟

دەیکوت متەللیب کوتی وەڵا بێتوو وام پێ بڵێی زۆرم پێ خۆشە. دەنا ڕاوەستە با دیوانی شێعرەکەم چاپ بێ، ئەودەم هەموو مەجبوور دەبن پێم بڵێن هەژیر.

# ٩

نێوی هەژیر نەبوو. کەسیش پێی نەدەکوت هەژیر؛ تەنانەت کەریمی ئاوالێشی کەم وابوو بە هەژیر بانگی بکا؛ تەنانەت ئەویش عادەتی بەو نێوە تازەیە نەگرتبوو. زۆرجار لەبیری نەدەبوو وای پێ بڵێ. زۆری پێ خۆش بوو نێوی هەژیر بوایە و ئەو نێوە دوورودرێژ و ناخۆشەی لەکۆڵ بکەوتایە. زۆری پێ خۆش بوو لەجیاتی عەبدول متەللیبی نادرزادە لەسەر پەڕی وڵامنامەکەی بەردەستی بنووسرایە هەژیر.

کوتی ئەوانە هەموو خەیاڵاتی پڕوپووچن و ئەو هەشتاونۆ پرسیاری پڕ کردبۆوە.

کوتی قۆڕیاتی نەوەد؛ ئەلف یان بێ یان جێ؟

کوتی وەڕەز بووم پێم خۆش بوو هەستم و بڕۆم.

هەر چواریان. ئەلف و بێ و جێ و دێ.

کوتی نەوەد پرسیار کەم نەبوون.

کوتی قامکم دێشێ. ئەرێ هەستم چۆنە؟ ها؟ کوڕە دەی.

کوتی بە وەڕەزییەوە پشتە ملی خوراند.

کوتی کەریم لە ڕیزەکەی خوارەوە و دوور لە متەللیب، بێسانەوە و پشوودان خەریکی جوابدانەوەی پرسیارەکان و پڕکردنەوەی خانەکان بوو. بە وردی پرسیارەکانی دەخوێندەوە و بە ترس‌ولەرز و شک‌وگومانەوە یەکێک لە چوار وڵامەکەی بە قەڵەم ڕەش دەکردەوە. جاری وابوو لەسەر پرسیارێک زۆر

ڕادەوەستا و لە عەرزی دەڕوانــی یــان ســەری هەڵـدێنا و چـاوی دەقووچانـد و فکری لێ دەکردەوە.

کوتی ئەو ئیمتیحانە بۆ من زۆر گرینگ بوو. بە دڵ پێم خۆش بـوو قەبـووڵ بم. زۆرم پێ خۆش بوو بچمە دانشسەرا. ئەوەی دانشسەرای لەپێش چـاوی مـن شیرن کردبوو، پێکەوە ژیانی ڕەفیقەکان بوو.

کوتی بیستبووم کە هەر پێنج شەش کەسێک دەچنە دیوێک و پـێکەوە دەبـن. من ئەوەم زۆر پێ شتێکی خۆش بوو کە بتوانی شـەو و ڕۆژ لەگەڵ ئاواڵەکانـت بی و بڕێک لە دەستوور و فەرمـان و وا بـکە و وا مەکە و وا بـڕۆ و وا مەڕۆی ماڵێ دوور بکەوییەوە.

کوتی جاری وابوو بە بێ فکر کردنەوە وڵامەکەی هەڵدەدا و لەڕێـوە یەکێـک لە خانەکانی ئەلف یان بێ یان جێ یان دێی ڕەش دەکـردەوە. جـاری واش بـوو بێتوو لە پرسیارێک دوودڵ بوایە لەخۆڕا وڵامی نەدەداوە و بەجێی دەهێشـت بـۆ ئاخر. جارجار چاوی لە سەعاتی سەر دیوارەکە دەکرد و لە ترسـی چاودێرەکـان نەیدەوێرا ئاوڕ بداتەوە و چاوێک لە متەللیب بکا، بزانی وەزعی چۆنە.

کوتی ئەو دە پرسیارەی کۆتایی زۆر بە فشە گرتبوو. ئاخە وڵامی پرسـیارێک لەو چوار جوابە یەکێکیان هەر هەیە. جاری وابـوو هەر چـوار جـوابەکەی ڕەش دەکردەوە.

کوتی ئەرێ دە بەسسە هەستە با بڕۆین. کەریم! لەگەڵ تۆمە.

کوتی خۆزگە بمتوانیبایە یەک بەخۆم بڵێم کەریم! دە هەستە بابە با بڕۆین.

کوتی فشقیاتی نەوەدویەک؛ گووی خوارد وەڵڵا نایخوێنمەوە. هەتا مەتا خودا بیدا ئەوەتا. وڵامی دێ. دێم و دێم و دێم و دێم دێم و دێم دێم هەتا ئاسۆم لـێ دیارە...

کـوتی نەوەدودوو؛ هەر چـوار جـوابەکە. گرتـی گرتـی نەیگـرت بە جـار و جەحەندەم.

کوتی کوڕە دە ئاوڕێک بدەوە کەریم!

کوتی فڕنافیکی نەوەدوسێ.

چاوی قووچاند و قامکی لەسەر چوار جوابەکە سووڕاند.

کوتی فڕی فڕی فڕی فڕی فڕی...

چاوی هەڵێنا قامکی لەسەر جێگایەکی سپی لاپەڕەکە گیرسابۆوە.

کوتی حەح! دیسان فڕی فڕی فڕی فڕی...

چاوی هەڵێنا.

کوتی ئەهاا! جێ فڕی. بە شەڕەف جێ دروستە.

کوتی کوڕە وەڵڵا لەخۆڕا لەسەر کەریم مەحتەلم.

کوتی لەخۆڕا هەڵناستم و ناچم لە حەوشە دانیشم.

کوتی چەند پرسیارم ماوە؟ دادەی، حەوت دانە.

کوتی پرسیاری نەوەدوچوار، ماشەڵڵا لەو پرسیارە خاوێنە. مەسەلەن ئەوە زانیشم کەی و لەکوێ لەدایک بووە، پففف. ئەوەش چوار تەرسەقول....

کوتی پرسیاری نەوەدوپێنج؛ ئەرێ تۆ خودا منیش لەخوڕا بە چییەوە خۆم ماندوو دەکەم. وەختایەک هیچ نییە و من بە تەمای قەبووڵ بوون نیم ئەو سەرئێشەیە چییە. بابە هەر چواریان دروستن. ها ئەوەش هەر چواریان...

کوتی کەشکی نوقڵی نەودوشەش. هەتا مەتا خودا بیدا یان نەیدا هەر ئەوەتا.

کوتی قامکی ڕاست لەسەر ئەلف ڕاوەستا.

کوتی پرسیاری ژومارە نەوەدوحەوت؛ لە دێهات چی لەسەر قەلاغەتەپاڵە دەچەقێنن؟ جا ئەوە مەعلوومە گسکێکی شیاکاوی لەسەر قوت دەکەنەوە. ئەو گسکە دەڵێی پەڕی تایبەتی کڵاوی شایە. خودا بیدا ئەوەتانێ، وەرەدەرێ مازوو. هەر چواریان دروستن.

کوتی ئاغای سەرچەشمە مدیری مەدرەسەکەیان بوو. لە بەردرگا ڕوو بە منداڵەکان قیافەی گرتبوو؛ چایەک بە دەستەوە، لەگەڵ ئەوەی چاوی لە قوتابییەکان نەدەترووکاند چایی دەخواردەوە.

کوتی چاوێکی لە کەریم کرد.

کوتی دەی دڵت تۆقێ کەریم زوو تەواوی کە، درەنگە.

کوتی من تازە لە پرسیاری شەستدا بووم.

کوتی پرسیاری نەوەدوهەشت؛ حەک نۆشی گیانت نەبێ ئەرێوەڵلا. چا ئەو گەدوگیپاڵەی.

کوتی هەر چوار جوابەکەی ڕەش کردەوە.

کوتی پرسیاری نەوەدونۆ؛ دە بیست سی چل پەنجا شەست حەفتا هەشتا نەوەد سەد، کوبڕا خانم خەبەردار دەسماڵی ئابی بەردار. بەختی من و بەختی تۆ خودا بیدا بە من و بە تۆ.

کوتی وڵامی بێی ڕەش کردەوە.

کوتی دوابڕاوی سەد؛ ئەگە نەجاتم دەبێ دەزانم چی دەکەم.

کوتی هەر چوار جوابەکەی ڕەش کردەوە.

کوتی هەوەڵ کەس‌بوو دەڕۆیشتەدەرێ.

کوتی چاوێکی لێ ناکەیەوە؟

کوتی نا ئاغا.

کوتی چاوێکی لێ بکەوە هێشتا وەختت زۆر ماوە.

کوتی نا ئاغا چاوم لێ کردۆتەوە.

کوتی لە حەوشەی مەدرەسە، چاوەڕێی کەریم بوو بێتەدەرێ. ئەو حەوشەیە، ئەو دیوارە، ئەو خانووبەرانە، چاوی بە ناڵەشکێنە کەوت، بەردەزەرد. بە هێواشی بە بن دیواری کلاسەکاندا دەڕۆیشت. ئەو دیوارەش، خشتەکانی و نووسراوەکانی سەر خشتەکانیش. ئەحمەدی کەرە... خۆشم دەوێی م.س... پێرس‌پۆلیس عاشقتم ٦٧/١٢/٢... دیوارنووس کەرە... تیمی هەڵۆ... بە دەستووری پشیلە نیوەڕوان بۆ تەویلە... ئاخ لەیلا...

چاوێکت بە دەوروبەرتدا گێرا و زوو نووسیت ١٣٦٩/٤/٧ بژی کورد و کوردستان.

کوتی تازە ئێرە نابینمەوە.

کوتی ئەوە دوایین یادگاری منە بۆ ئاغای سەرچەشمە.

کوتبووی جوان گوێ ڕاگرن ڕۆڵە! هۆۆۆی لەگەڵ تۆمە ولاغ. ئاخە من قسە بۆ تۆ دەکەم؛ کەر، نەفام!

@kurdica

کوتبووی ماوەیەکە هێندێک وەحشیی نەخۆشــی بــێخــانەوادەی نــازانم بڵــێم چی، فێر بوون داروديواری مەدرەسە دەنووسن. دەنووسن بژی چی و مەرگ بــۆ کێ و ئا لەم قسەڵۆکانە.

کوتبــووی ئــاخر وڵاغ، پــاڵاغ، پــانێر! ئەگە نەخــۆش نەبــی و مەرەزت نەبــێ ديواری مەدرەسە بۆ ئەوانە دەبێ؟! ها؟! تۆ ئەوەندە ناکەسبەچــچە و خــوێڕی و ترسەنۆکی خۆت دەخزێنییە ئاودەستەکان و بۆنی پیسایی ئەو عــالەمە هەڵــدەمژی و داروديوار دەنووسی. تۆ واديارە هەر لە مەبالدا گەورە بووی.

کوتبووی کارم بەوە نییە. جوان گوێ ڕاگــرن، بە خوداوەنــدی ڕەببولعــالەمين سوورسوور دەزانم چ تولەبابێکە! کاری کلاس سێکانيشە.

کوتی هەر دە کلاسەکە بێدەنگ ببــوون. ســريوە و ســرتە لە وڵات بڕابوو و دەنگی هەناسەش نەدەبيسرا.

کوتی ئاغای سەرچەشمە سوورسوور ببۆوە.

کوتبووی باشە حەيوان تۆ ئەگەر خۆت بە هەوادار دەزانــی، هــاااااا ئەوە مــن دەوڵەتم؛ ئەهـ.

کوتی کوتم بەززاتی خودا گيراين.

کوتی متەلليب لەو وەختەدا پێم خۆش بوو بزانم وەزعی تۆ چۆنە.

کوتی منيش ڕاست وەک تۆ هەر پێموابوو تازە کارلەکار ترازاوە و گيراين.

کوتی بەحاڵ لە کەريمم کوتا.

کوتی تۆ وا حەبەسرابووی ئاگات لەوە نەبوو تێم کوتای.

کوتی گيراين؛ بە خودا گيراين.

کوتبووی ئەوە من بە پانەوە دەڵێم پاسدارم. تۆش ئەگە پياوی و ئەگە خــۆت بە کوڕی پياو دەزانی و ئەگە خۆت بە ئــازا و قارەمــان دەزانــی و ئەگە نێفەکــی خۆت و باوک و جەدد و ئابادیشت لەپێشەوە بەسراوە، وەرەدەرێ.

کوتی کەس وستەی لێوە نەدەهات و هەموو هەستوخوستيان لێ بڕابوو.

کوتبووی دە وەرەدەرێ دەی. خۆ چۆن دەزانم ئا ئەوەی دەستم خودکــارێکی شينە و ئەوەش سەرەکەيەتی ئاواش دەزانم کێيە و کاری کێــيە و کــوڕی کێــيە و

کلاس چەندەیە و چۆنە و سوورسوور دەزانم سەر بە کوێیە و کار بۆ کێ دەکا و لایەنگر و فێرکراوی کێیە.

کوتی کوتم ئەها بە خودا.

کوتی دەنگی لێدانی دڵی خۆمان دەبیست، هەردووکمان سوورسوور ببووینەوە.

کوتی ئاخر ئاغای سەرچەشمە وای قسە دەکرد دەتکوت بۆخۆی لەگەڵمان بووە.

کوتبووی دەوڵەت کەروێشک بە عەڕابە دەگرێ.

کوتی جێگایەکی زۆر ئاستەم و سەیر بوو؛ نەماندەزانی ئەو جێگایە کوێیە بەڵام هەستمان دەکرد لە ئەڵماس تیژتر و لە موو باریکترە.

کوتی لە دڵی خۆمدا کوتم متەللیب پێموابێ بۆ خۆمان بڕۆین و خۆمان ئاشکرا بکەین لە هەمووی باشترە.

کوتی لە دڵی خۆمدا کوتم کەریم من ڕۆیشتم خودا حافیییز.

کوتبووی دە وەرەدەرێ دەی. دە ئەگە پیاوی وەرەدەرێ.

*سەیدەسوورە تۆزێک پیوی لەسەر هەسانە ڕەشەکە دانابوو. بە دەستێکی هەسانەکە و بە دەستەکەی دیکەی چەقۆ گاکوژە دەسک زەردەکەی پێ بوو. لەحاڵێکدا کە بەحاڵ سەری زمانی هێنابووەدەرێ چەقۆکەی بە هەسانەکەدا دەساوی و تیژی دەکرد. جارجار دەمەچەقۆکەی لە پیوی سەر هەسانەکە دەدا و چەقۆکەی پێ چەور دەکرد و پێیدا دێناوە.*

*چوارپەلی مانگایەکیان بەستبوو و خستبوویان بە عەرزیدا. بۆ ئەوەی هەڵبەز دابەز نەکا و قوڵفەی شریتەکانی چوارپەلی شل نەکاتەوە و هەڵنەستێتەوە، سەللاخێکی دیکە لەسەر ملی دانیشتبوو. ئەو مانگایانەی هەڵدەستانەوە، سەرشێتانە یاغی دەبوون و گرتنەوە و سەربڕینیان زۆر چەتوون و ئەستەم دەبوو. سەیدەسوورە چەقۆ گاکوژەکەی تیژ کرد و هەسانەکەی دانا و بەرەو مانگا لە عەرز دراوەکە ڕۆیشت.*

کەریم لە دڵی خویدا کوتی یەک، دوو، سێ، با بڕۆم.

کوتی بەڵام هێزی لاقی نەبوو.

کوتی منیش لە دڵی خۆمدا کوتم وادیارە بە هەمووشتێکی زانیوە فایدەی نییە با بڕۆین.

کوتی کەریم من مەحتەلی تۆ بووم. بە خودا هەر جووڵەت بکردایە دەڕۆیشتم.

کوتی بە خودا منیش هەر چاوەڕێی ئەوە بووم تۆ تەکانێک بخۆی.

کوتبووی کوڕە بێتوو نەیەی بۆ خۆم دێم بە شەق دەتهێنمەدەرێ. ها! دەڵێم با بۆخۆی بێ و من نەیەم وەبەر شەقی دەم. جا بزانە چەن حیز و ترسەنۆک و تولەسەگی.

کوتی کوتوپڕ و لە نەکاو ڕاوێژی قسەکانی گۆڕی.

کوتبووی جا ئەگە تۆ پیاوی، جارێکی دیکە گووی وا بخۆ، جا بزانە چت لێ دەکەم، ئەهـ !

کوتی ڕووناکاییەک کەوتەوە دڵمان.

کوتی چاک نەبوو بە دەستی خۆمان، خۆمان بە گرتن نەدا.

کوتبووی ناوەڵڵاهی تۆڵەبابی ناکەسبەچچەی بێخانەوادە ئەوجار لەو کارانە بکەی، دەتدەمە دەستی حەراسەت هەر لە مەبالەکەدا لە گووی خۆت دەرخوارد بدەن.

کوتی کوتم ئۆخەیش؛ ئەوجارەش پەڕینەوە.

کوتی ئەوە جاری هەوەڵیشمان نەبوو.

کوتی بە تووڕەییەوە دەستی بۆ لای ڕیزی کلاس یەکەکان ڕاداشت.

کوتبووی وەرە هەتیو بڕۆنە ژوورێ.

کوتی دە دوازدە کەسێک هاتبوونەدەرێ و کەریم دیار نەبوو بێتەدەرێ. بە بێ ئەوەی کارێکی تایبەتی ببێ چووە ئاودەستەکانی مەدرەسە. دیوی دەرەوەی هەموو درگاکانی ئاودەستەکان نووسرابوون و دواتر ڕەش کرابوونەوە.

کوتی ئەوی ڕاستی بێ تاکوو پێش ئەوەی ئێمە دەستمان بە شوعار نووسین نەکردبوو بەو شێوەیە نەبوو. تاکوتەرا هێندێک لەو کەسانەی خۆیان بە

لایەنگری تیمەکانی ئیستقلال و پێرسپۆلیس دەزانی هێندێک شتیان دەنووسی.

کوتی بەڵام دوای ئەوەی من و متەللیب بڕیارمان دا و دەستمان کرد بە دیوار نووسین، زۆری دیکەش هەر لە مەدرەسە شتیان دەنووسی هی وابوو شوعاری دەنووسی و زۆریش بوون جنێو و قسەی بێتام و شتی سووکوچرووکیان دەنووسی.

کوتی بەڵام بە خودا ئێمە قەت قسەی سووک و جنێومان نەدەنووسی. هەرچەند زۆرمان ڕق لە ئاغای سەرچەشمە بوو بەڵام ئەو جنێوانەی بە دارودیوارەکەی دەسشۆری و مەباڵەکانەوە بوون هیچی کاری ئێمە نەبوون؛ نە من و نە کەریم.

کوتی ئێمە زۆرجار حەولمان دەدا ئەوانە بسڕینەوە. ئەو جنێو و قسە سووک و بێتامانە کارەکەی ئێمەشی تێکدابوو. ئابڕووی کارەکەی ئێمەی بردبوو. بۆیە لەمێژ بوو منیش و متەللیبیش بەڵێنمان دابوو ئیدی لە مەباڵ و ئاودەستی مەدرەسە و مزگەوتەکان شت نەنووسین.

کوتی خەتی خۆم و کەریمم لە ژێر یەکدوویەک لە ڕەشکراوەکانی درگاکان ناسییەوە. زۆربەی شوعارەکان کوێر کرابوونەوە، بەڵام سەرەتای مەرگ و بژییەکانیان پێوە دیار بوو. هێندێکیشیان وەها جەوهەراوی و ڕەش کرابوون، دیار نەبوون لە ژێرەوە چی نووسراون. لە تەنیشت شێرەی دەسشۆرییەکان نووسرابوو مەرگ بۆ شوعارنووس.

کوتی شتی زۆر سەیروسەمەرەیان نووسیبوو، پێکەنینم پێیان دەهات.

کوتی لەو وەختەدا درگای یەکێک لە ئاودەستەکانم کردەوە.

کوتی هێشتا وەرنەسووڕابووم کە لەسەر دیوارەکەی بەرامبەرم خەتێکی سەیروسەمەرە سەرنجی ڕاکێشام.

کوتی درگام پێوە دا، چاوم بۆ چکۆلە کردەوە و لێی چوومەپێشێ.

کوتی ئەوە چییە؟ دادەی! هەتی نا! بڵێی؟! دا دەی... پففف... تێێێح...

کوتی کەسێک بە بەرد یان چیلکە، پیسیی هەڵگرتبوو نووسیبووی مەرگ بۆ سەرچەشـ..

کوتی کابرا دیار بوو به پەلە زۆری حەول دابوو وای بنووسێ بخوێندرێتەوە. بەڵام دیار بوو لە ترسان فریا نەکەوتبوو تەواوی بکا؛ هەرچەند ئاواش هەموو کەس دەیزانی و هەرکەس چاوی پێی بکەوتبایە لەڕێوە بۆخۆی تەواوی دەکرد.

کوتی شوعارنووسەکە بە مەبەستی خۆی گەیشتبوو.

کوتی شتی سەیر نووسرابوو. س.ک جاسووسە... کوڕڕە خەر... بۆ خۆتی کوڕڕە خەر... وەرەسەری. ئێس یانی ئیستقلال... فەرموو هەڵتروشکێ... مەرگ بۆ جاسووس... جاسووس ناسووس...

کوتی ئاوی شێرەکەم بەرداوە، تاکوو هاتوو کەسێک بەوێدا هات بزانێ کارم هەیە.

کوتی بە بێ ئەوەی دۆخینی پاتۆڵەکەم بکەمەوە و دایکێشمە خوارێ، هەروا دانیشتم.

کوتی قەڵەمەکەم دەرهێنا. سەرێکی چکۆلە و زگێکی زەلام دیار بوو کە سیرەتێکی زۆر دوورودرێژی بۆ کێشرابۆوە، لەسەر سیرەتە زۆر دووردرێژەکە نووسرابوو حەریفم دەوێ.

کوتی بە قەڵەمەکەم ئەوەندەی توانیم ڕەشم کردەوە.

کوتی یەکدوو جار ئاوەکەم گرتەوە و بەرم داوە. چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا.

کوتی ژومارە تەلەیفوونێکم کوێر کردەوە و هاتم جنێوی قوتابییەک بۆ دایکی قوتابییەکی دیکە کوێر بکەمەوە.

کوتی بەهـ بەهـ میرزا عەبدول موتەللیبیب!

کوتی یەک بەخۆم هەڵبەزیمەوە و یەکپێ هەستامە حەوا.

کوتی ئاغای سەرچەشمە لەسەر دیواری ئاودەستەکەی تەنیشتیمەوە سەری شۆڕ کردبۆوە خوارێ.

کوتی دا وەرە بزانم. دەمکوت ئەم مارمێلکەتۆپیوە دەبێ شتێک بێ. چا ئەو شانسەی من!

کوتی هیچکەس لەو مەدرەسەیەدا نەیدەزانی ئاغای سەرچەشمە نێوی خۆی

کوردیکا
@kurdica

چییە. من و مته‌للیب زۆرمان حەول دا بزانین نێوی خۆی چییە. جارێک چووینە کووچەکەیان و پرسیمان؛ لەوێش دەروجیرانەکان هەر بە ئاغای سەرچەشمە دەیانناسی.

کوتی تەنانەت خێزانیشی هەر بە ئاغای سەرچەشمە بانگی دەکرد و منداڵەکانی وا فێر کردبوو ئەوانیش بە باوکییان بڵێن ئاغای سەرچەشمە.

کوتی ئاغای سەرچەشمە پیاوێکی زۆر هەیکەلی و بە خۆوە و کەڵەگەت بوو. وەک ئەوەی بەچکە پشیلەیەک هەڵگری، ئاوا لە پشتەوە پڕی کرد بە بۆقەتەی ملمدا و بە دەست هەڵیهێنامە حەوا و لە ئاودەستەکە خستمیەدەرێ.

کوتی لە نزیک شێرەی دەستشۆرییەکان کەوتم بە عەرزدا، لەو وەختەدا فکری هەموو شتێکم بوو فکری هەڵاتن نەبێ. دووسێ جار کوتم دەست دەکەمەوە. ئەگەر ڕاستت دەوێ نەمدەوێرا.

کوتی لێی چوومەپێشێ و دیسان هەر بەو جۆرەی پێشوو پڕم کردەوە بە بۆقەتەی ملیدا و بە دەستێک هەڵمهێنا حەوا.

کوتی دیسان فڕێم داوە. ئەوجار دوای یەکدوو جار هەڵەنگووتن خۆی بە درگای ئاودەستەکانەوە گرتەوە.

کوتی نازانم چم کوت. پێموابێ کوتم ئاغا بۆ وادەکەی؟

کوتی هەتا تەواوی گووی ئەو مەبالانەم دەرخوارد نەداوی پێشم کەوە.

کوتی ئاغای سەرچەشمە کە دیتی پۆلێک لە قوتابییەکان چاویان لێ دەکردن، دیسان بە دەستێکی لە پشتەوە پڕی کردەوە بە بۆقەتەی ملمدا و ئەوجار توند لە پشتەوە ملیوانی کراسەکەی گرتم و بە دەست هەڵیهێنامە حەوا و بە بێ ئەوەی دامنێتە عەرزی لە هەر سێ پێپلیکانەکەی ئاودەستەکانەوە بردمیە خوارێ و لەوێش دیسان فڕێی دامەوە عەرزی.

کوتی دیسانیش لە پشتەوە چنگم لە ملیوانی کراسەکەی گیر کرد و بە دەستێک هەڵمهێنا حەوا، کراسەکەی لە پاتۆڵەکەیەوە هاتبووەدەرێ و پشتەقوونی وەدیار کەوتبوو.

کوتی ئاغای سەرچەشمە بە ئەنقەست نەیدەویست کۆمەگ لە دەستەکەی

دیکەی وەرگریّ و دەیزانی هەموو چاو لەو دیمەنە دەکەن و دەمیان بـۆتە تەڵەی تەقیو و چاویان بە مۆڵەق ویّستاوە.

کـوتی چـاوی لە منـداڵەکان دەکـرد و وەک ئەوەی بەچـکە پشـیلەیەکی بە دەستەوە بیّ، بردییە ژووریّ.

کوتی ئاااا!!

کوتی ئەوە بۆ وای لیّ دەکا؟

کوتی نازانم!

کوتی بۆ لەویّ بوو؟

کوتی نازانم.

کوتی بڵێی لەویّ چییان کردبیّ؟

کوتی ناکا لەگەڵ یەکی دیکە پێکەوە گرتبێتیانن!

کوتی ئەی ئەوی دیکە کوا؟

کوتی جاریّ هیچ مەعلووم نییە.

کوتی پەس ئەوە تۆ بووی عەبدول متەللیب!

کوتی لە بابی ئەوە بم پێم دەڵیّ عەبدول متەللیب.

کوتی متەللیب لە ئەلفەوە نەهاتە بیّ.

کوتی پاڵێکی پێوە نام و خستمیە کلاسێکی چۆڵ.

کوتی درگاکەم لەسەر پێوە دا.

کوتی لەوێش دەرفەتم بوو و دەمتوانی هەڵێم. بەڵام فکرم کردەوە کوتم بێتوو هەڵێم لەسەرم سابت دەبیّ.

کوتی خۆ من بیّتاوانم لەخوڕا بۆ هەڵێم؟ هەمـوو جارەکـانی دیـکە کـارێکم کردبیّ ئەوجارە نەمکردووە.

کوتی تۆ خەریکبووی جنێو و شتی بیّتامـت پـاک دەکـردەوە. سەرچەشـمە دەبیّ پێشی خۆش بیّ.

کوتی بە خۆمم کوت پیاوانە ڕاوەستە و دیفاع لە بیّتاوانیی خۆت بکە.

کوتبووت هیچیانت پیّ نییە؟

کوتبووت کاری وا چۆن دەکەم؟

کوتبووت لە کوێت داناون؟

کوتبووت لە ماڵێ لەنێو سندووقەکەی خۆم.

کوتبووت هەتی باوکت نەیبینێ.

کوتبووت کوڕە خۆ ئەو کاری بەسەر ئەوانەوە نییە.

کوتبووت ئەی ئەوە هاتوو گەڕا و چاوی پێیانکەوت...

کوتبووت متەللیب خۆ باوکم سەوادی نییە.

کوتبووت کەریم‌گیان ئێمە دەبێ کاری خۆمان قایم بگرین. تۆپەکەت لەبیر چۆتەوە؟

کوتبووت تۆپەکە فەرقی دەکرد. باوکم ئەو کاغەزانە بشبینێ خۆ نازانێ چین.

کوتبووت دەی بەشکوو وابێ؛ دەزانی چییە؟ فکرم لێ کردۆتەوە واباشە ئەمشەو بڵاویان بکەینەوە.

کوتبووت بۆ؟

کوتبووت دەزانی بۆ؟ زۆرم فکر لێ کردۆتەوە. هینە، ئەمشەو مەگین تەلەویزیۆن سێریالی ئۆشین نادا؟

کوتبووت بەرێوەڵا ڕاست ئەمشەوە.

کوتبووت زۆر وەختی چاکە؛ کەس بەدەرەوە نابێ؛ هەموو چاو لە ئۆشین دەکەن.

کوتبووت هەرچەند پێم خۆشە چاو لە ئۆشین بکەم بەڵام لێیدەوە بەڕاستی فکری چاکە.

کوتی شەوانی یەک‌شەممە وەختێک تەلەویزیۆن سێریالی ئۆشینی بڵاو دەکردەوە، کەم کەس دەچووەدەرێ. وڵات ئارام و بێدەنگ هەمووی خەڵک بە گەورە و چکۆلە و ژن و پیاوەوە چاویان لێ دەکرد. زۆربەی کووچە و گەڕەکەکانی شار خەڵوەت و بێدەنگ بوون و لەو ماوەیەدا شەمشەمە کوێرەش بەدیارەوە نەدەبوو.

کوتی دەقی ئەو نامەیەی دەمانخستە ماڵانەوە ئاوا بوو.

بەڕێز....... دوای بەدواداچوون و پرس‌وجۆیەکی زۆر بۆمان ڕوون بـۆتەوە کە جەنابت، دژی گەل دەجـوولێیەوە و خەریکـی جاسووسـی و شـەیتانی کردنـی. لەمڕۆوە تـا مـاوەیەکی کـورت دەرفەتـت دەدەینـێ تـاکوو بە خـۆدا بچیـیەوە و بگەڕێیەوە باوەشی گەل و نیشتمان. بەم‌جۆرە پێت ڕادەگەیەنین کە بێتوو دەسـت لەو کارانە هەڵنەگری، بە زووترین کات بە سزای کارە چەپەڵەکانت دەگەی.

کوتبووی کەریم بە خودا زۆر جوانت نووسیوەتەوە. بەڵام تۆزێـک گەورەتـر بوایە باش‌تر بوو.

کوتبووی جا بۆچی؟ خۆ ئێعلامیە نییە، ئەوە نامەیە.

کوتبووی بەڵام شتێکیشمان لەبیر چووە.

کوتبووی چی؟

کوتبووی ئاخە وەختێک کابرا ئەم نامەیە دەبینێ و دەیخوێنێتەوە، نـابێ بزانـێ لەلایەن کێوە بۆی نووسراوە؟

کوتبووی هەتی وەڵا ڕاست دەکەی، دەی چی بنووسین؟

کوتبووی هەڵۆکانی گەل!

کەریم دەستی کردبوو بە پێکەنین. خخخخخـ.. هەڵۆکانی گەل!!

کوتبووی بۆ پێدەکەنی ئەی چی؟ تۆ شتێکی باش‌تر بڵێ.

کوتبووی کومیتەی نهێنی.

ئەوجار متەللیب دەستی کردبـوو بە پێکەنـین. هاهاهاهـا کـومیتەی نهێنـی! یەکێ نابەڵەد بێ دەڵێ هەزار کەسن.

کوتبووی وەڵا زۆر نێویکی باشە.

کوتبووی دەی باشە.

کوتی چووینەوە ماڵی کەریم و هەموو نامەکانمان هێنا.

کوتی دایکی کەریم هەر پێیوابـوو ئێمـە خەریکـی دەرسـین و ئەو کـاغەز و شتانە هەموو هی دەرس و مەدرەسەن.

کوتی باوکیشی لە ماڵێ نەبوو، تاکوو لێتان بپرسێ باشـە تـو خـودا جـووتەی خێر و شەڕ ئەوە ئێوە خەریکی چین؟ ها؟ ئێستا ئێـوە دەرس دەخـوێنن؟ یـاخوا

وابێ!

کوتی لەپڕ درگای کلاسەکە کراوە.

کوتی سێبەرەکەی ئاغای سەرچەشمە لەپێش خۆیدا هاتە ژووری. بە دوای ئەودا ئاغای محەممەدی جێگری ئاغای سەرچەشمەش هاتەژووری.

کوتی دەتکوت قاتڵ و تاوانبارێکی زۆر گەورەیان گرتووە.

کوتی ئاغای محەممەدی پیاوێکی دەستە و خرپلانە و چوارشانە بوو. ئەو ناسیاوی باوکی متەللیب بوو؛ جارجار دەچووە دووکانەکەی و لایان دادەنیشت و چاوی لە دامەکردنیان دەکرد.

کوتی عەبدول متەللیب! وەڵا ڕووت سپی کردم!

کوتی فەرموو ئاغای محەممەدی ئەوەش کوڕە باش و دەرس‌خوێن و ئاشنا و خزمەکەی تۆ! ئەوە بە خەیاڵ ئاخر ساڵی ناوەندییانە و لێرە دەڕۆن.

کوتی کوتم چم کردووە ئاغا؟

کوتی ئاااا چا بە خاتری خودا چەندە چەنە درێژیشە. من خۆم لە مەباڵەکەدا گرتوومە، ئێستا مارمێلکەتۆپیو دەڵێ چم کردووە؟ چت کردووە؟ ئێستا پێت دەڵێم.

کوتی عەبدول متەللیب وەڵا وام تێڕانەدەدی!

کوتی کوتم ئاغا باشە بۆچی؟ چی بووە چیم کردووە؟

کوتی ئاغای محەممەدی لاچۆ مەیلاوینەوە، بە خودا لەوانەیە ئێستا بە درۆشم بخاتەوە و کۆڵێکیش خەتابار بین. چۆن تۆ شوعارت نەدەنووسی عەمتەری گلاو؟

کوتی کوتم نە بە قورئانی عەزیم من شوعارم نەنووسیوە.

کوتی چی؟ یانیی من درۆ دەکەم؟!

کوتی کوتم ئاغا ئیجازە بدە دوو قسە بکەم.

کوتی لێم هاتەپێشێ و لە بن گوێمدا بە هێواشی کوتی تەماشا کە عەبدول متەللیب! ئاغای سەرچەشمە لەبەر من نەبوایە هەر ئێستا بە ئیشارەیەک دەیدایە دەست ئیتلاعات.

کوردیکا @kurdica

کوتی کوتم چا ئاغا ئیجازه بدەن دوو قسه بکەم.

کوتی ئاغای سەرچەشمه به ئیجازەی خۆت بزانین دەڵێ چی.

کوتی ئاغای سەرچەشمه لچی هەڵقرچاند و سەرێکی تەشەراوی لەقاند.

کوتی کوتم ئاغا به خودا به چیتان باوەڕە من ئەورۆ بێتوو شوعارم نەنووسیوه.

کوتی حەک خودا بتدڕێنێ بۆ درۆت، مەگه من بۆ خۆم به دەستی خۆم نەمگرتی؟!

کوتی ڕووم کرده ئاغای محەممەدی و کوتم ئاغا وەرن با بچین نیشانتان بدەم. بەو خودا گەورەیه ئاغا نەققاشییەکی بێئەدەبانەیان کێشابۆوه، خەریکبووم ئەوەم پاک دەکردەوه؛ ئاغای سەرچەشمەش پێیوایه شوعارم نووسیوه. ئەگه وانەبوو چم لێ دەکەن بیکەن.

کوتی ئاغای سەرچەشمه که له تووڕەییان چەقۆت لێدایه خوێنی لێ نەدەهات، قسەی بۆ نەکرا و به پەله دەستی منی گرت و به ڕاکێش ڕاکێش وەدوای خۆی دام بۆ ئاودەستەکان.

کوتی ئاغای محەممەدیش به دوامانەوه.

کوتی کوتم باشه ئاغا تۆزێک هێواش. ڕاوەسته. بۆ خۆم دێم.

کوتی وەختێک ئاغای محەممەدیش گەیشته ئاودەستەکان، ئاغای سەرچەشمه کوتی فەرموو قوربان ئەوەش ئاکامی چاکه. ئەوەش ئاودەست. ئەوەش شوێنی خۆ خاوێن کردنەوه و نەزافەت.

کوتی جا تو خودا ئێره ئاودەسته؟ فەرموو. ده تەمەشا که دەی. باشه ئەگه تۆ نەتنووسیون ئەی کێ نووسیونی؟ ها؟

کوتی خۆ له کوورەی مانگیشەوه دانەبەزیون ئەو دارودیواره ئاوا لێ بکەن. چا چیان کێشاوەتەوه؟ ئەو ئەدەب و نەزاکەت و عورزەیه! ئەوانه کوڕی هەر کەسێک بن هەموو له کەر داکەوتوون. هەموو زۆڵەزێن. هیچی حەڵاڵزاده نین.

کوتی درگای مەبالەکەی لێ کردەوه. کوتی فەرموو.

کوتی مەگین جەنابت لێره دانەنیشتبووی؟

کوتی بەڵێ ئاغا... ئاغا ئیجازە بدە.... بەو خودایە ئاغـا ئەوەتـا. بـێزەحـمەت ئاغا... ئەوەتا خەریـکبـووم ئەو ویـنەیەم پـاک دەکـردەوە. ئەوەتـا ئێسـتاش هەر تازەیە. ئەو جنێو و ژومارە تەلەیفوونەش هەر من پاکم کـردنەوە. ئەوەتـا ئەوەش قەڵەمە ڕەشەکەم.

کوتی ئاغای مەحەممەدی چووە جێگای ئاغای سەرچەشـمە و دانەویـیەوە و سەرنجی دا و دوایـی قـامکێکی پێـدا خشـکاند. قـامکی ڕەش بـوو. قـامکی بە یەکدوو جێگای دیکەدا ساوی.

کوتی نەمهێشت عبدول متەللیب بزانێ، قامکم نیشانی ئاغای سەرچەشـمە دا؛ لەوە دەچوو ڕاست بکا. بەزەییم پێیدا هات.

کوتی جـا چـا ئاغـای محەمـمەدی ئەو ئەدەب و عـورزەیە. چـا دا تـۆ وەرە ئەولاوە بـــزانم. لەو جنێـــوە چووەپێشـــێ وا بە پیســـی نووســـرابوو مەرگ بـــۆ سەرچەشــ..

کوتی خۆ ئەوەیان کاری تۆیە.

کوتی کامە ئاغا؟!

کوتی ئەوە.

کوتی بە قورئان بە حەدیس من نەمنووسیوە. من ئەوەندە بێئەدەب نیم.

کوتی باشە بە چی باوەڕ بکەم کاری تۆ نییە؟ ها؟

کوتی ئاغا ئەوە دیارە هی کۆنە.

کوتی ئاغای سەرچەشمە تۆزێک لێی چووەپێشـێ و هـات دەسـتی لـێ بـدا، پەشیمان بۆوە و هات بۆنی پێوە بکا بێزی نەهات.

کوتی هەی وەحشیی بێدایکوبابی تووتکی سەگی لە سەگبووانە، تفوو...

کوتی پەلاماری دەستی دام و بە دوای خۆیدا ڕایکێشام هەتا کلاسەکە.

کوتی پاڵێکی تێوەنام و درگاکەی لەسەر پێوە دام.

کوتی زۆری نەخایاند ئاغای محەممەدی بە تەنیا هاتە ژووری.

کـوتی ئـاخە بەدبەخـت ئەو کـارانە چیـیە دەیـکەن؟ هـا؟ بـۆ دەرسـەکانتان ناخوێنن؟

کوتی ئاغا بەو خودایە بە خەیاڵی خۆم کارێکی چاکم کرد ئەو جنێوانەم پـاک کردەوە. بێتوو کاری من بوایە، ڕێکوڕاست پێم دەکوتن.

کوتی یانیی تۆ هیچت نەنووسیوە؟ ڕاست برۆ ڕاست.

کوتی نە بە خودا ئاغا بە هەرچی باوەڕ دەکەی...

کوتی باشە ئەی ئەو کابرایە بۆ وا شێت بووە؟

کوتی سەد بریا ئەوەشم پاک نەکردایەتەوە...

کوتی لێرە بە، بزانم بە هەر پاڕانەوە و لالانەوەیەک بێ کارێکت بۆ ناکەم؟

کوتی نێوی دە کەسمان نووسیبوو. جارێکی دیکە نێوەکانمان خوێنـدەوە. تـۆ بۆ هەموویان دڵنیا و ئەرخەیان بووی بۆ حاجی ڕەحیم نەبێ.

حاجی ڕەحیم مامی کەریم بوو.

کوتبووی کوڕە وەڵڵا پێم سەیرە وا دەڵێی؛ حاجی ڕەحیم زۆر پیـاوی چـاکە. بە قسەم بکە با ئەو لابەین.

کوتبووی ئاخە متەللیب تۆ خەڵک ئاوا دەناسی. پیـاوی چـاکە ئەو گەووادە؟! شەرتە لە پێش هەمووکەس لەماڵی ئەوانی بخەم.

کوتبووی باشە تۆ چیت پێوە دیوە؟ گوزارشی لە کێ داوە؟

کوتبووی چم پێوە دیوە؟ تفەنگ. بە چاوی خۆم تفەنگم پێ دیوە.

کوتبووی کوڕە شتی چاک بڵێ.

کوتبووی وەڵڵا. شەوێک بەو چاوانەی خۆم دیم؛ لوولەی تفەنگەکەی لە ژێـر باڵتەکەیەوە هاتبووەدەرێ، خۆی باریک کرد و دزەی دایە و ڕۆیشت. مـن مـامی خۆمە، ئەگە وانەبێ لەخۆڕا چۆن شتی وا دەڵێم.

بۆ ئەوجارەیان لەسەر دە نێو ساغ ببوونەوە. نێوەکانیـان لە جێگـا خاڵییەکـانی نامەکان نووسیبوو و هەر نامەیەکیان خستبووە نێو پاکەتنـامەیەکەوە و دابەشـیان کردبوون.

کوتی یەکی پێنج نامە.

کوتی من پێنج و کەریمیش پێنج.

کوتی وامان دانابوو ئەو شەوە هەرکەس پێنج نامەی خۆی بگەیەنێتە جێ.

کوتی قەرارمـان وا دانـابوو هەردووکمـان ڕاسـت وەختـی سـێریالی ئۆشـین وەدەرکەوین.

کوتی نەگەیشتوو بە مزگەوتەکەی گەڕەکەکەیان یەکیان گرتەوە.

کوتی دوو کەس متەللیب و کەریم چـووینە ئاودەسـتەکانی مـزگەوت و دوو تارمایی کڵاو بەسەر، هەر دووک دەستمان لە گیرفانمان خستبوو، هاتینەدەرێ.

تارماییەکان هەرکـام بە لایەکدا ڕۆیشـتبوون. هێشـتا لێـک نەدیـار نەببـوون یەکیان گەڕابۆوە بۆ لای ئەوی دیکەیان.

کوتبووی چییە؟

کوتبووی دەڵێم، وەرە پێکەوە بڕۆین.

کوتبووی بۆ؟

کوتبووی لە دڵی داوم ئەوشۆ شتێک دەبێ.

کوتبووی بە تاقیم دەکەیەوە یان بە ڕاستتە؟

کوتبووی وەڵڵا، وەرە مەڕۆ، بە ڕاستمە.

کوتبووی دەباشە بیاندە بە خۆم؛ تۆ بڕۆوە.

کوتبووی توورە بوونی ناوێ هەردووکمان پێکەوە دەڕۆین.

کوتبووی دوو حەفتەیە نەخشە بە من دەکێشی بۆ ڕاست ئێستا وا دەڵێی؟

کوتبووی باشە چ فەرقێک دەکا؟ بۆ وەک جاران بڵاوی نەکەینەوە؟

کوتبووی خۆ ئەوە دیوار نووسین نییە دوو کەسی بوێ؛ ناشتوانی مەیە، بیاندە بە خۆم!

کوتبووی چا، تا درەنگ نەبووە با بڕۆین.

کوتبووی وەڵڵاهی زۆرم پێ سەیرە نازانم تۆ ئەمشەو بۆ وادەکەی؟

کوتبووی لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

کوتبووی چووزانم لە گۆڕی مردووی منەوە.

کوتبووی باشە ئیدی متەللیب بەسسی کە. لە گۆڕی مـردووی مـنەوە دەسـت پێ دەکەین؛ لە کووچەی خۆتانەوە، لە ماڵی مامموە. دەنا پێت خۆشە با لە مـاڵی سەرچەشمەوە دەست پێ بکەین.

کوتبووی باشه خۆ ماڵی ئەو سەگبابه حەوشەیان نییه.
کوتبووی کێ؟ ماڵی مامم؟
کوتبووی هەتی نا، من جنێو بە مامت نادەم.
کوتبووی چووزانم ئەمشەو زۆر تووڕەی.
کوتبووی مەنزوورم سەرچەشمه بوو.
کوتبووت ئەویش هێواش لە درزی درگاکەیانەوه دەیخەینه ژووری.
کوتی عەبدول متەللیب؟
کوتی کوتم بەڵێ!
کوتی وەره ئێره دانیشه بزانم.
کوتی کوتم فەرموو ئاغا!
کوتی به خودا سەعاتێکه لەبەر ئاغای سەرچەشمه دەپاڕێمەوه. به هەزار ناریعەلی ڕازییم کردووه. بەڵام بەو شەرتەی ئەو پرسیارانه وڵام بدەیەوه.
کوتی کوتم بەڵێ ئاغا.
کوتی باشه عەیب ناکەی ئەو کارانه دەکەی به خەیاڵ کلاس سێی!
کوتی بەخودا ئاغا هیچ کارێکی خراپم نەکردووه.
کوتی عەبدول متەللیب باشه تۆ بۆ چووبوویه ئەو ئاودەستانه؟
کوتی کوتم جا چووزانم ئاغا، کاری ئاودەستم بوو.
کوتی ئاخر ئاغای سەرچەشمه دەڵێ تۆ هیچ کارێکی ئاودەستت نەبووه. به بێ ئەوەی پاتۆڵەکەت داکەندبێ دانیشتووی...
کوتی کوتم نا ئاغا، به خودا کارەکەم تەواو ببوو. دوایی وەختێک ئەو نەقاشی و جنێوه بێئەدەبانەیەم دی دانیشتم و پاکم کردنەوه.
کوتی عەبدول متەللیب، تازه ئاغای سەرچەشمه من دەناسێ، درۆ ناکەی؟
کوتی کوتم به خودا درۆ ناکەم.
کوتی ئەی شتێکی دیکه، تۆ بێجگه لە ئێستا قەت شوعار و شتت نەنووسیوه؟ تەماشاکه تازه بەخشراوی و بۆم جێبەجێ کردووی. مەترسه.
کوتی کوتم کوڕه نەوەڵڵا ئاغا، خۆ تۆ من دەناسی، من قەتقەت لەو کارانەم

نایابترین ئەکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

نەکردووە.

کوتی دانیشە، ئێستا دێمەوە. درگای کلاسەکەی پێوەدا و ڕۆیشتەوەدەرێ.

کوتی کوتم بڵێی ڕاست بێ؟ چی بکەم؟ حەح چەن گەرمە.

کوتی کوتم کوڕەکە تۆ بۆ خۆت دیت؟ بە چاوی خۆت دیت؟ متەللیب بوو؟ حەتمەن؟ لێشی دا؟

کوتی کوتم بڵێی لە وەختی شوعار نووسیندا گرتبێتی؟ ئاخر خۆ لەمێژ بوو قەولمان دابوو لە مەستەڕاحەکان هیچ نەنووسین. بڵێی ئەو کەریەتیـیەی کردبێ! بڵێی چی کردبێ؟ ئەی بۆ دیار نییە؟

کوتی سەرم لێ شێوابوو نەمدەزانی چی بکەم. دەترسام بێتوو بچم منیش پێوە بم.

کوتی کوتم جارێ ڕاوەستە. پەلە مەکە.

کوتی کوتم ئەی چی بکەم؟ متەللیب گیراوە؛ خۆ ناشکرێ دەست لەسەر دەست دانێم؟

چی بکەم؟

*سەیدەسووره کەلاکی مانگایەکی گەورەی لە بەردەستدا بوو. زوو زوو مەسقەڵەکەی هەڵدەگرت و چەقۆ دەمباریکەکەی پێ تیژ دەکردەوە و خێراخێرا بە پێستەی مانگاکەیدا دێنا و کەوڵی دەکرد، شوێن شوێن پێستەکە کونێکی چکۆلەی تێ دەبوو. دەمی چەقۆکە کوڵکومووی دەگرت و ئەو زوو چەقۆکەی بە پاتۆڵەکەیدا دێنا. مانگاکە سەری بڕابوو و سەرەکەیان لەولاوە دانابوو. سەرەکە دەیدی هەر چوارپەلی کەوتۆتە حەوا و ئەوە خەریکن لاشەکەی کەوڵ دەکەن. چاوەکانی زەقزەق بەرەوڕووی کەلاکەکەی خۆی بە مۆلەق وێستابوون. من هەستم کرد چاوەکانی بەرەو من سووڕان. دەڵێی چی؟ ها؟! تۆ بووی. من نەبووم. با تۆ بووی. وەڵلا من نەبووم. ئەگە تۆ نەبووی ببۆرێنە. لەگەڵ تۆمە دەڵێم ببۆرێنە. بۆم هات. هێواش درگای کوشتارگاکەم کردەوە و ڕۆیشتمەدەرێ.*

کوتی کوتم بیکەمە شینوگابۆڕ؟

کوتی کوتم ئەی چ بکەم؟

کوتی ئەی خودایە چی بکەم؟ پەنا بۆ کوێ ببەم؟ بە کێ بڵێم؟... بڵێی چی بەسەرهاتبێ؟

کوتی دانیشە هەڵمەستە. شتێکی دیکە عەبدول مته‌للیب. کەس ناناسی شوعار و شتی نووسیبێ؟

کوتی نەوەڵڵا ئاغا.

کوتی مەترسە کارەکەت جێبەجێ بووە. دەمەوێ ئەگە شتێک دەزانی بە ئاغای سەرچەشمەی بڵێین و تەواو بێ؛ دەڵێم با پەروەندەت بۆ ساز نەکا. کوڕە بۆخۆی بێ ئاوات لەگەڵ ناجوولێتەوە، ها! دەزانی چییە عەبدول مته‌للیب من تۆم خۆش دەوێ. وا دیارە ئاغای سەرچەشمە بەعزە شتێک دەزانێ.

کوتی ئاغا بە خودا هەرچی بزانم پێت دەڵێم.

کوتی چاو لێکە، ئاغای سەرچەشمە شکی لە تۆ و لەو ڕەفیقەتە، کەریمی قادری.

کوتی دەڵێ ئەگە ئەو ڕاستییەکەیم پێ بڵێ دەیبەخشم. بێتوو ڕاستییەکەی بڵێی بە خودا نایەڵم کاری بەسەر تۆوە بێ. لەوە دڵنیا بە.

کوتی بە خودا ئاغا نە من و نە کەریم خەریکی ئەو کارانە نیین.

کوتی ئاغای سەرچەشمە دەڵێ جودا لە داروديواری مەدرەسە. لە ماڵێش لەکۆڵی نابنەوە و چەندینجار درگا و دیواری ماڵەکەیان نووسیوە و تا ئێستا چەن نامەیان بۆ خستۆتە ماڵەکەیەوە و هەڕەشەیان لێ کردووە.

کوتی کوڕە ئاغا وەڵڵا من خەبەرم لەو شتانە نییە.

کوتی ئەو نایەوێ کەس بە گرتن بدا. پیاوێکی بێزەڕە. کاری بەسەر کەسەوە نییە. تەنیا دەیەوێ بزانێ ئاخۆ ئەو نامانە بەڕاستی هەڕەشەی حیزب و گرووپێکە یان هی منداڵانی مەدرەسەیە؟

کوتی نامەی چی ئاغا؟

کوتی ئەوە نییە دەڵێم نامەیان بۆ خستۆتە ژوورێ و هەڕەشەیان لێ کردووە؟ ئەی من سەعاتێکە باسی چت بۆ دەکەم؟

کوتی بە خودا من خەبەرم نییە ئاغا. جا من بۆ هەڕەشە لە ئاغای سەرچەشمە

دەکەم ئاغا؟ ئەو لەجێی باوکمانە.

کوتی تۆ قسەیەکیش لەگەڵ کەریمی قادری بکە. هەر ئاوا قسەی لەسەر داگرە بزانە ئەو خەبەری نییە؟ باشە؟!

کوتی باشە بە چاوان ئاغا.

کوتی ئێستا من چی جوابی ئاغای سەرچەشمە بدەمەوە؟

کوتی بۆچی ئاغا؟

کوتی بڵێم چی؟ بڵێم ئەو نامانە کاری ئەوان بووە یان نەبووە؟

کوتی بە قورئان ئاغا کاری ئێمە نییە.

کوتی دڵنیای؟

کوتم وەڵڵا ئاغا بێنە دەستت بۆ بدەم بە قورئاندا.

کوتی باشە هەستە بڕۆ... عەبدول متەللیب! مەڕۆ... هینە، کوتم قسەیەک لە کەریم تاقی بکەوە، باشە؟ دوایی پێم بڵێوە، باشە؟ سبەینێ بەو ڕفێقەشت بڵێ تا ئێرە بێ کارم پێیەتی.

کوتی کوتم بەڵێ باشە.

کوتی وەختێک لە درگای مەدرەسە چوومەدەرێ، ئاوڕێکم داوە ئاغای محەممەدی چووبۆوە ژووری و کەس لە حەوشەکەی مەدرەسە نەبوو. لەمێژ بوو ئیمتیحانەکە دوایی هاتبوو؛ هەموو منداڵەکان تەواو ببوون و کەس لەو دەوروبەرە نەمابوو.

کوتی لە دڵی خۆمدا کوتم بەڵێ باشە بەسەر چاو قسە لەسەر کەریم دادەگرم و دەبمە جاسووس. بەڵێ باشە. دەبمە جاسووسی ئاغای سەرچەشمە!

کوتی ئەوجارەش نەجاتم بوو.

کوتی ئەی بڵێی کەریم چی لێهاتبێ. لە کوێیە؟ بەجێی هێشتووم؟

کوتی ئەرێ ئەوە لە کوێیماڵتە؟

کوتی وەرە جارێ وەختی نییە.

کوتی چی بووە؟

کوتی تۆ وەرە با کەمێک دوور کەوینەوە بۆت دەگێڕمەوە.

کوتی کوڕە قەت ئەوەندە عاقڵ نەبووم. جا بەزنەبوو هچم نەنووسی! بەکاوەخۆ لە مەستەڕاحێک هەڵتروشکابووم خەریکی پاککردنەوەی فشقیات و شەڕەجنێو بووم. هەتی بۆ سەرم هەڵنەهێنا، سەرێکی زەلام و دوو چاوی دەرپەڕیو، دەتکوت گایە لە سەرەوە چاوم لێ دەکا، ئەگە قرچەپێ هەستام!

کوتی دەی دەی سەرچەشمە نەمرد و چاوی بە گەڵوقوونیشت کەوت.

کوتی کوڕە وەڵا پاتۆڵەکەم هەر دانەکەندبوو.

کوتی جا چا ئیدی تێی کرد.

کوتی بەززاتی خودا درۆ ناکەم. کاری سەراوم نەبوو.

کوتی دەی باشە بیگێڕەوە.

کوتی وەک دێوەزمە پڕی پێدا کردم و بردمی هەتا کلاسە چۆڵەکەی پەنا دەفتەر. لەوێ بەو و بە ئاغای سەرچەشمە تێمهاڵان.

کوتی کەریم وریا نەبین بەدبەخت بووین!

کوتی چی بووە؟

کوتی بە هەموو شتێکیان زانیوە.

کوتی شۆخی دەکەی.

کوتی بە خودا.

کوتی وەڵڵا شۆخی دەکەی.

کوتی بە خودا شۆخی ناکەم.

کوتی بە چییان زانیوە.

کوتی بە هەمووشتێک. بە شوعارەکانی مەدرەسە؛ بە نامەکان.

کوتی کوڕە بۆ خاتری خودا بە نامەکانیش.

کوتی وەڵڵا.

کوتی وەڵڵا ڕاست ناکەی. ئەی چۆن هێشتیان بێیەدەرێ؟

کوتی شکیان کردووە، بەڵام هێشتا لێیان ڕوون نییە کە ئێمە بین. ماوەتەوە ئەوەی کە تۆ سبەینێ چۆن جواب دەیەوە.

کوتی بۆ باسی منیشیان کرد؟

کوتی ئەرێوەڵڵا. ئاغای محەممەدی کوتی پێی بڵێ سبەینێ تا ئێرە بێ.

کوتی ئەک بە خاتری خودا.

کوتی هەرشتێکیان کوت خۆت نابەڵەد بکە. من هیچم لەلا باس نەکردوون ها! هیچ شتێکم نەدرکاندووە.

کوتی وەڵا پێم ناخۆش بوو. ماڵتە لەو وەختەدا چت لە ئاودەست دابوو؟

کوتی دە بڵێم چی من چووزانم سەرچەشمە بە دوامەوەیە.

کوتی متەللیب، ئاخە تۆ بۆ نایەی بڕۆین؟ یانیی ئەوجاریش نایەی؟

کوتی لەو وەختەدا فکرێکی سەیر بە مێشکم گەیشت. ڕاست لەو وەختەدا بوو نەخشەم بۆ ڕازیی کردنی متەللیب کێشا.

کوتی تۆ بڵێی ئەوجار ڕازیی بێ؟ ها؟ بێتوو وای پێ بڵێم حەتمەن دێ لەگەڵم. فکری چاکە. دەهات بەرەو پێیانەڕێی خیابانەکە بەرەو ماڵێ داگەڕێ.

*جا باشە ئەو کارە دروستە؟ یانیی گۆشتی ئەو گوێلکەی لە زگی دایە دەخورێ؟ بابم کوتی پرسی مەلام کردووە. حەڵاڵە. زۆرکەس دەیخوا و زۆرکەسیش بۆی ناخورێ. سەللاخەکە کوتبووی نا حەرام نییە حەرامی چی. خۆ شتێکی سەیر نییە مانگایە و ئاوسە. چاکتر. گوێلکێکی کامڵ و تەواوە. داینێین ئەوە هی خۆمە نەخشەم بۆ کێشاوە چی لێ بکەم. وەڵڵا گۆشتەکەی لە گۆشتبەرخیش ناسکترە.*

کوتی بە پەشۆکاوییەوە بەرەولام هات.

کوتی متەللیب بەدبەخت بووین.

کوتی بۆ؟ چی بووە؟

کوتی قەوماوە.

کوتی چی بووە؟

کوتی ئاغای محەممەدی کوتی ئەوەندەی بۆتان دەکرێ هەڵێن. قەرارە سەرچەشمە بە گرتنتان بدا.

کوتی کێ کوتی؟

کوتی ئاغای محەممەدی کوتی.

کوتی کوڕە شۆخی دەکەی.

کوتی بە ئینسانییەت شوخی ناکەم. بە خودا، بە قورئان.

کوتی خۆ دوێنی وای نەکوت. ئەو کوتی هیچ نییە.

کوتی پەشیمان بۆتەوە.

کوتی سەرچەشمە کوتوویەتی دڵنیام کاری ئەو جووتەیە.

کوتی کوتوویەتی جاسووسم بۆ داناون.

کوتی کوتوویەتی لەمێژە بە دوایانەوەم.

کوتی کوتوویەتی ڕێگای بەخشین و شت نییە زۆریان عەزیەت کردووم.

کوتی ئەی چی بکەین؟

کوتی دوو ڕێمان لەبەرە. یان هەڵێین؛ یان ڕاوەستین هەتا سەرچەشمە دەمانکاتە دیاریی دەستی خۆی و دەمانداتە دەستی ئیتلاعات.

کوتی متەللیب نەیدەزانی بڵێ چی.

کوتی ئاغای محەممەدی بە سرتە پێی کوتم ئەو مۆڵەتەم بۆیە بۆ وەرگرتوون هەڵێن. هەڵنەیەن لە زینـدانتان تونـد دەکەن. قەرارە لەگەڵ باوکیشت قسە بکا. متەللیب بڕیاری خۆت بدە، من نامەوێ بمگرن و بکەومە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە.

کوتی باشە سەرچەشمە چۆنی زانیوە؟

کوتی نازانم چۆنی زانیوە.

کوتی وەڵا سەیرە.

کوتی باشە خۆ هەر قەول بوو بڕۆین، تۆ بۆ ئەوەندەت لەبەر گرانە؟

کوتی قەول بوو بەڵام ئاوا کوتوپڕ ناخۆشە.

کوتی وەڵا ئیدی ئاوایە، دوایی من خەتابار نەکەی بۆخۆت بڕیار بدە، تا سبەینێشمان فرسەت هەیە.

کوتی پرسێک نەکەین.

کوتی جا بە کێ؟

کوتی کاک سولەیمانی کتێبفرۆش.

کوتی کەیفی خۆتە. من پرس و شت ناکەم و خـۆم یەکلایـی کـردۆتەوە. بە هەرکەسیش بڵێین لێمان گەورە دەبێتەوە و هەتا بە خۆمان دەزانـین لە کـونەڕەش کراوین.

کوتی دەی کەریم چ بکەین؟

کوتی وەڵا جا با جوان پێت بڵێم. من بڕیاری خۆم داوە. تۆ بێی و نەیەی من سبەی دەڕۆم.

کوتی ڕێگا چارەی دیکە نییە؟

کوتی با متەللیـب ڕێگـایەکی دیـکە هەیە؛ هەر ئەوەیە کـوتم. ڕاوەسـتین تـا سەرچەشمە بە گرتنمان دەدا.

کوتی کەریم با پرسێک بە کاکسولەیمان بکەین. کوڕە ئاخر ئاوا هەر لەخۆڕا چۆن بڕۆین.

کوتی دەی باشە ڕاست دەکەی. بەشکوو ئەو ڕێگایەکمان پێ بڵێ.

کوتی هەرچەند دەشزانم ئەو هەر دەڵێ جارێ دەرسەکانتان بخوێنن.

کوتی باشە دەڵێین ئەمجارەیان مەجبوورین. لە خۆشیی خۆمان نییە.

کوتی متەللیبگیـان زۆرییشـت لـێ نـاکەم بۆخـۆت بڕیـار بـدە. ئەوشـەوت فرسەتە.

کوتی کەریم زۆر سەختە.

کوتی چی سەختە متەللیب؟

کوتی ماڵتە تۆ باوکم ناناسی. خۆ بە حەقی ئەو قورئانە بێتوو نەتوانین دەربـاز بین و من بکەومەوە دەستی باوکم حەتمەن دەمکوژێ. یانیی گۆشاوگۆش سـەرم دەبڕێ.

کوتی کەریم من بە نیازی ڕۆیشتن لاقم بترازێ دوایی ڕێگای گەڕانەوەم نییە، ها؟

کوتی وەڵا میرزاهادی حەتمەن تۆخماخی سەری منیش دەکا.

کوتی لە گەڕەکی خۆمان نزیک ببـووینەوە؛ هەوا گەرم بـوو. سـەعات یەکـی دوانیوەڕۆ بوو.

کوتی بڕیارمان دا دوانیوەڕۆ یەکتر بگرینەوە و بچین بە کاکسولەیمانیش ڕابگەیەنین و ڕووداو و بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕینەوە، بەشکوو ڕێگایەکی باشمان پێ نیشان دا.

کوتی بڵێی تازە قەت لەم گۆشەیەوە عاسمان ببینییەوە؟ ئەو پەنجێرانە، ئەو درگا سەوزە، ئەو درگایەی خۆتان، دوگمەی ئەو زەنگە. شایەد ئەوە ئاخرینجار بێ قامکی پێدا دەنێی و دەنگە بولبولییەکەیت دێتە گوێ و شایەد ئەوە دوایینجار بێ لە پشت درگای خۆتان چاوەڕوان دەمێنییەوە هەتا بۆت هەڵدەگرن. بڵێی ئەوە ئاخرینجار بێ دایکم درگاکە دەکاتەوە و دەڵێ ئەوە لە کوێی ڕۆڵە؟ بۆ وا درەنگ هاتییەوە؟ تۆ نازانی میرزاهادی بە درەنگ هاتنەوەت قەڵسە؟ زووکە تا نەهاتۆتەوە.

کوتی بڵێی ئەوە دوایین دەستاوی دایکت بێ بە گەرووتدا دەڕواتە خوارێ؟

کوتی دایە دەستت خۆش بێ زۆر خۆش بوو.

کوتی بڵێی ئەوە دوایین نەهاری تۆ بێ لەسەر سفرە ڕووبەڕووی میرزاهادی دادەنیشی؟ ئاخۆ ئەوە دوایینجار بێ ملچەملچی چێشتخواردنەکەی دەبیستی و دوایینجار بێ دەبینی باوکت لە ئاخریدا دانە دانە هەر دە قامکەکەی بە ملچەملچ دەلیسێتەوە و یەک بە یەک زمانیان پێدا دێنێ و دواییش تیکەیەکی نەرم ساز دەکا و قاپ و دەوری و کەوچکەکەی پێ لێس دەدا و بە ملچەملچێکی سەیرەوە دەیخوا؟

کوتی بڵێی ئەوە دوایینجار بێ دەبینی میرزاهادی دوای خواردنەوەی دوو چایی و سێچوار قاشەشووتی و دەورییەک گێلاس، ڕادوێکەی دەست دەداتێ و دەچێتە دیوەکەی خۆی و دەیخاتە سەر ڕادوێ تاران و دەنگی زۆر دەکا و لەگەڵکوو سەری خستە سەر باڵنجەکەی خەوی لێ دەکەوێ و پرخوهۆڕی وەسەر دەنگی ڕادوێکە دەکەوێ و لە هەموو قوژبنێکی ئەو ماڵەوە دەبیسرێ و تۆ و دایکیشت ناتوانن وستە بکەن؟

کوتی ئاخ دایە ئاخ بریا بمتوانیبایە تۆش لەم زیندانە ڕزگار بکەم؟ دێی لەگەڵم؟ دوایی بێمەوە لە دووت دێی؟

کوتی ئێستا و ئێستاش نەمزانی دایکم لە باوکم ڕازییە یان ناڕازیی؟

کوتبووی ڕۆڵەگیان هەرکەس چارەنووسی خـۆی هەیە؛ ئەوەش چارەنووسـی منە.

کوتی بە کەلاشینکۆفێکەوە دیمەوە. ئەودەم میرزاهادی ناتوانێ هیچ بڵێ.

کوتی هەڵتدەگرم و لەگەڵ خۆم دەتبەم.

کوتی خۆزگە دەمتوانی هەستمە سەر پێ و بچم ئەو دەستە زبر و کارییـانەی بابم ماچ بکەم.

کوتی قەتقەت ئەوەندە تامەزرۆی ماچ کردنی دەستی باوکت نەبووی.

کوتی خۆزگە دەمتوانی بە دەنگێکی بڵێنـد بڵـێم بابەگیـان، دایەگیـان ببـوورن نەمتوانی ئارەزووەکانی ئێوە بەدی بێنم. زۆرتان پێ خـۆش بـوو بخـوێنم و بـبمە معەللیم.

کوتی خۆزگە کەریم من نەدەمردم و تاقە ڕۆژێک تۆم لە بەرگی معەللیمـیدا بدیبایە. دوای ئەویش ژنم بـۆ بگوێـستبایەتییەوە؛ ئیـدی ئەودەم بـایزی مریشـک فرۆش دەمرد یان نەدەمرد گوو بە گۆڕی.

کوتی ئەوە بۆ ماتی کەریم؟ لە فکری چی دای؟

کوتی کوا مات نیم دایەگیان، لە فکری هیچیش‌دا نیم.

کوتی ئیمتیحانەکەت چۆن بوو؟

کوتی زۆر باش بووم بابەگیان.

کوتی قەبووڵ دەبی؟

کوتی حەتمەن قەبووڵ دەبم.

کـوتی دایکــم چـاوێکی لە شــوێنی بەتـاڵی وێــنەکەی کاکەجەمـاڵم کـرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا؛ بابیشم کرمەکرمێکی لە قەندەکەی زاری هێنا و پاشـماوەی چایەکەی لە ژێرپیـاڵەکەدا هەڵقوڕانـد و وەک هەمیشــە دەنگـی هەڵقوڕانـدنەکەیم بیست و ئەمجارەیان تووڕە نەبووم. جوان‌جوان گوێم هەڵخست تا هەستی بـکەم و ڕایگرم.

کوتی منیش چاوێکم لە شوێنی بەتاڵی وێنەکەی کاکەجەماڵم کـرد تـاکوو ئەو

بزەیەیەی ئەوم قەت لەبیر نەچێتەوە.

کوتی قەتم لەبیر ناچێتەوە.

کوتی شەرتە کاکە تۆڵەت بستێنمەوە.

کوتی بیرم دەکردەوە کە لە داهاتوودا ئەو شوێنە بەتاڵە دەبێتە دوو شوێن. دەمهێنا پێش‌چاوم کە دایکم و بابم لەوەبەدواوە لەجیاتی وێنەیەک دوو وێنەیان دەبێ کە ناتوانن هەڵیانواسن و دەروونیان هێندەی دیکەش هەڵدەقرچێ.

کوتی هەموو شتێکم بە چاوێکی دیکە سەیر دەکرد. ڕۆژێکم دەرفەت بوو؛ تەنیا ڕۆژێکم دەرفەت بوو هەتا دارودیوار و ماڵ و خانوو و حەوشەوحەسار و کووچەوکۆڵان و هەموو شێوە و قەڵافەت و ئاکار و ڕەفتاری دایک و بابم و هەموو شتێک بە زەینم بسپێرم و ڕایانگرم و بیانبەم لەگەڵ خۆم. بڵێی دوای من وڵات چۆن بێ و چی لێ بێ؟

کوتی بڵێی ئێستا متەڵلیبیش وەک من وابێ؟

کوتی من دەمزانی متەڵلیب وەک من نییە. پێم سەیر بوو؛ نێوانی ئەو و باوکی لەگەڵ نێوانی من و باوکم زۆری جیاوازیی بوو. ئەو ئارەزووی بوو لە دەستی باوکی ڕزگار بێ و من وانەبووم.

کوتی بەڵام ئەی بۆچی تۆ زیاترت پێ خۆش بوو لە ماڵێ بڕۆی؟

کوتی بەڕاستی دەبوو ئەو زیاتری پێ خۆش بوایە، پێم سەیر بوو لە چی دوودڵ و نیگەران بوو؟ دەبوو ئەو زۆر زیاتری لە من پێ خۆش بێ. دەبوو هەر بە سەرمەوقولانج لەو ماڵە هەڵێ. بەڵام زۆر سەیر بوو وا نەبوو!

کوتی ئێستاش کە ئێستایە ئەو گرییەم هەر بۆ نەکراوەتەوە.

کوتی بە خاتری خودا بڵێی دایکم لە دوای من چی بکا و چی بڵێ؟ کوتی وەختێک دەبێتە نیوەڕۆ و تۆ دیار نابی لە درگاکە بدەی دایکت نیگەران دەبێ و وەختێک باوکت دێتەوە و لە دایکت دەپرسێ ئەوە کەریم کوا؟ دایکت دەڵێ وەڵا نازانم بۆ نەهاتۆتەوە، خورپەیەک دڵی هەردووکیان دادەگرێ و لەو سەعات دوو و سێ و ئەوانەدا باوکت لەوە زیاتر خۆی بۆ ڕاناگیرێ و جارێ لەلای دایکت دەنگ ناکا و ناشوێرێ لە درگای ماڵی میرزاهادی بدا. داخودا لە کوێن دێنەوە.

کوردیکا @kurdica

کوتی باوکم هەموو کووچەوکۆڵانەکانی دەوروبەرم لێ دەگەڕێ.

کوتی ئیدی ئێوارێ بابم و دایکم هەر دووکیان شێت دەبن.

کوتی لەو هەموو شتە چی دەتوانی لەگەڵ خۆت ببەی؟ پێت خۆشە سبەینێ تەواوی شار لەگەڵ خۆت ببەی؛ هیچ نەبێ گەڕەکەکەتان؛ هیچ نەبێ کووچەکەتان؛ هیچ نەبێ ماڵەکەتان؛ هیچ نەبێ دیوەکەی خۆت؛ هیچ نەبێ کتێبەکانت؛ هیچ نەبێ سندووقە چکۆلەکەت؛ هیچ نەبێ ئالبۆمی وێنەکانت؛ هیچ نەبێ تاریک و ڕوونەکەتان.

درگای سندووقەکەت دەکەیەوە. ئالبۆمی وێنەکان دێنی و یەک بە یەک بە وێنەکاندا دەچییەوە. دوو وێنە هەڵدەگری.

کوتی وێنەی نازدار و وێنەیەکی بنەماڵەیی خۆمانم دەست دایە.

کوتی من لە نێوان دایکم و بابمدا بووم. هەر سێکمان بە پێوە ڕاوەستابووین. من دەستێکم خستبووە سەرشانی دایکم و دەستەکەی دیکەشم خستبووە سەر شانی بابم.

کوتی لە وێنەکەشدا بۆرایی چوارچێوەی وێنەکەی کاکەجەماڵم لە پشت سەری منەوە بە دیوارەکەوە دیار بوو.

کوتی کاکەجەماڵم لە پشت سەرمەوە چاوی لێ دەکردم.

کوتی بابم کوتبووی بە ئەنقەست لەوێم ڕاگرتوون.

کوتی لە پشتی وێنەکەی نازدار نووسرابوو بۆ یەکەم ئاوات و دوا ئاواتم. ن.خ.

کوتی ئەی ئێستا چی بۆ نازدار دەنووسی؟ دەڵێی چی. ئەمجارەیان کام شێعری عەبدوڵلاپەشێو هەڵدەبژێری؟

کوتی لەسەر سەرەوە نووسیم "لەبیرت ناکەم".

کوتی وەختێک پێشتر ئەو شێعرەم خوێندبۆوە دەمزانی شتێکی خەمناک و دڵگر لەم شێعرەدا هەیە، بەڵام ئەو ڕۆژە تەواو هەستم پێ کرد کە ئەو شتە شینی دەست لێکبەردان و غوربەتی دابڕان و ناڵەی جودابیە. هەر بە یەکەم دێڕی مچووڕکێک هەموو لەشی دەرزی ئاژن کردم.

**"چۆن بۆم دەکرێ لەبیرت کەم**
**چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت کەم؟**
**چۆن لاپەڕەی پاکی سپی**
**هی ڕابردووی شادی و کپی**
**لوول بدەم و بیشارمەوە**
**بەم دڵەی پڕ ئازارمەوە؟**
**...**
**سا چۆن دەکرێ لەبیرت کەم**
**چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت کەم؟"**

کوتی نامەکەم تەواو کرد و چاوێکی دیکەم لە هەر دوو وێنەکە کردەوە و خستمنە گیرفانمەوە.

کوتی دانە دانە دەستم بە عەتفی کتێبەکاندا دەساوی و بە قامکەکانم دەملاواندنەوە و لە دڵی خۆمدا ماڵاوایيم لێ دەکردن.

کوتی هەموویان بۆم دەگریان و منیش بۆ هەموویان دەگریام.

کوتی بەسەرهاتی کڕین و وەدەست خستنی هەرکام لە کتێبەکان بۆ ئەوان چیرۆکێک بوو.

کوتی لەگەڵ هەموویان ژیاوین و بەشێکن لە ئێمە.

کوتی لە هەموو کتێبەکاندا مەتەللیب دەبینم.

کوتی کتێبەکان یادگاری مەتەللیبن. مەتەللیب لە هەموویاندا دەبینم.

کوتی هەموویان لە دوورەوە دەمناسنەوە. بیرم دەکەن. جا چۆن بەجێیان بێڵم؟

کوتی سا چۆن دەکرێ لەبیرتان کەم؟

کوتی سا چۆن دەکرێ لەبیرت کەم؟

کوتی دەڵێی میرزاهادی باوکم دوو گاشە بەردی زەلامی بە قەت ناڵەشکێنەی لە لاقم بەستووە.

کوتی هەموو کتێب و وێنەکانم لە ماڵی کەریمن.

کوتی چیم هەیە لەگەڵ خۆمی ببەم؟ چیم هەیە بەجێی بێڵم؟ ناتوانم بڕۆم.

بەڕاستی ناتوانم.

کوتی میرزاهادی هەموو بوون و هەستونستی تۆی داگیر کردووە.

کوتی بێتوو بڕۆی بۆ ئەوسەری دنیاش میرزاهادی دەتهێنێتەوە. هەمیشە بە دواتەوەیە، هەمیشە لەگەڵتە، هەمیشە لە دەروونت دایە. لەگەڵ خوێن و ڕەگ و گۆشت و ئێسقانت تێکەڵە.

کوتی ئەگە میرزاهادی هەموو هەستونستی متەللیبی داگیر کردبوو، خۆشەویستیی نازداریش وەک میغناتیس کەریمی ڕادەکێشا.

کوتی ویڕای هەموو ئەو شتانە سبەینێ دەڕۆیشتین. ڕۆیشتنێک کە سوورسوور دەمانزانی گەڕانەوەی لە دوا نییە.

کوتی ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە لە بنەماڵە و شار و دیار زۆر ناخۆشە؛ بەڵام دەردی جودایی و دابڕان لە خۆشەویستەکەت دەرد و برین و ناخۆشییەکی دیکەیە.

کوتبووی کەریم کوڕێکی زیتەی باڵابەرزە. سەری بۆ دواوە هەڵدەداتەوە و چاو و برۆشی بێحەد جوانە.

کوتبووی کەریمم بە قەد چی، بە قەد چاوم خۆش دەوێ. کەس حەقی نییە باسی بکا.

کوتبووی کەریم تۆ ئەو خودایە ڕاست بڕۆ منت خۆش دەوێ؟

کوتبووی لە جەدد و ئابادم خۆشترم دەوێی.

کوتبووی کەریم باوەڕت پێ ناکەم سوێندم بۆ بخۆ.

کوتبووی دەستم بۆ دا بە قورئانەکەدا.

کوتبووی بەو قورئانە بەو قورئانە بەو قورئانە تەنیا تۆم خۆش دەوێ و بەو قورئانە بێجگە لە تۆ دڵداری لە من حەرام بێ.

کوتی متەللیب ئەوە دەڕۆین و تۆ هەر بەو کچە پوورەت نەکوت، شەرتە خوداگیری دەبی.

کوتی وەختێک پێمکوت ئەوە دوایین دیدارمانە، نازدار دەستی کردە گریان.

کوتی هەر لە سەرەتاوە ئێستام لە بەرچاو بوو کەریم.

کوتی بۆ بەدبەختت کردم؟
کوتی بۆ گیرۆدەت کردم کەریم؟ ها!
کوتی من نەمتوانی هیچ قسەیەکی دیکە بکەم.
کوتی وەختێک ئاوڕم داوە، کەریم و نازدار لە نێوەڕاستی کووچەکەدا یەکیان لە باوەش گرتبوو.

*جوانەگایەکی بەدەماغی زەلامی سەروەشێن، کۆپارەی ملی باوەشێک دەبوو بە کۆتێکی ئەستوور لە ملدا، وەژوور کەوت. سێ‌چوار کەسی تێلا بەدەست ئەملاولایان گرتبوو. لەگەڵکوو جوانەگا چاوی بەو هەمووە کەلاکە هەڵواسراوە و بەو هەمووە خوێن‌وخوڕ و ورگە هەڵدڕاوە و بەو هەمووە جەرگ‌ودڵ و سەرەبڕاوە کەوت، یەک بەو کوشتارگایە بۆڕاندی. تەواوی مانگا و جوانەگا و گوێلکەکانی دیکەش یەک بە دوای یەک‌دا دەستیان کرد بە بۆڕاندن.*

*من هاتمەدەرێ هێشتا وڵات تاریک بوو. دەنگی ئەڵڵاهوو ئەکبەری مزگەوتەکانی شار، یەک لێرە یەک لەوێ، یەک بەرز یەک نەوی، یەک لە دوور یەک لە نزیک دەهات و سەگەکانی دەوروبەری کوشتارگاش بە گابۆڕ و دەنگی بڵیندگۆی مزگەوتەکان کردیانە چەق‌ولووڕێکی سامناک. دڵەکوتەیەکی سەیرم بوو.*

کوتی متەللیب ئێستاش تامی زارم سوێرە.
کوتی ئێستاش سوێرایی فرمێسکەکانی نازدار لە زارم دایە. باوەڕ دەکەی؟
*عاسمان ڕووخاوە.*
*دەست لێک‌بەردانە.*
*ئاخر زەمانە.*

کوتم خەڵکی کوێن؟

کوتم بۆکان.

کوتم باشە بەخێرێن.

کوتم لەم شاخ و کێوە چۆنتان من دیوەتەوە؟

کوتم وەڵا لە نێوشار ئادرەسەکەتمان وەرگرت.

کوتم کێ پێیدان؟

کوتم فلانکەس و بە فلان نێونیشان.

کوتم دەرستان خوێندووە؟

کوتم هەردووکمان ئەو ساڵ دەچینە دواناوەندیی.

کوتم باشە بۆ دەرسەکەتان درێژە نەدا؟

کوتم وەڵا ڕاستییەکەی مەجبوور بووین هەڵێین، لێمان شێوا؛ ئەگینا پێمان خۆش بوو دەرس بخوێنین.

کوتم وەڵا جا با پێتان بڵێم، ئێستا ماوەیەکە زۆر کەم دێنەوانێ. پێشموایە ئێوە بڕۆنەوە ماڵێ زۆر بە قازانجتانە.

کوتم زۆرم پێ سەیر بوو، ئەو قسەیەی کرد. بە خەیاڵ ئادرەسی ئەو کابرایەیان پێدابووین شوێنەکەیانمان پێ بڵێ؛ دەیانکوت ئەو هەوادارە.

کوتم بۆ؟

کوتم بە خوا دوو مانگیش ئەبێ واوە نەهاتوون. زۆرتر لەو دیون. زۆر کەم

@kurdica

دێنەوە ئەمدیو.

کوتم ئەی چی بکەین؟

کوتم کاکەگیان بڕۆنەوانێ دەرسەکانتان درێژە بدەن. هەم باسەواد ئەبن و هەمیش بڕێک گەورەتر ئەبن. ئێستا من چۆن بێڵم ئێوە ئاوا بڕۆن. ئەویش ئا لەم بارودۆخەیا.

کوتم ئەی چۆن دەتوانین بچینە ئەو دیوی سنوور؟

کوتم وەڵا زۆر چەتوونە. دوو ڕێتان لەبەرە. یان بۆخۆتان بڕۆن، یان قاچاخچییەک بە کرێ بگرن بتانبا.

کوتم دەروویەکمان بۆ کراوە.

کوتم بە خوا هەردووکیان زۆر پڕ خەتەرن. من نایەڵم ئێوە ئاوا بڕۆن. بە هەرجۆرێک بێ ئەبێ بڕۆنەوەماڵێ.

کوتم بە خودا ڕێی گەڕانەوەمان نییە. دەوڵەتیش لەکۆڵ بێتەوە، ئەی مەتەڵلیب چی لێ بکەین؟ باوکی... جودا لەوە لە خۆشیی خۆمان هەڵنەهاتووین. معاونی مەدرەسەکەمان بە تایبەتی منی بانگ کرد و پێی کوتم تا زووە بڕۆن دەنا مدیر دەتانداتە دەست دەوڵەت.

کوتم بۆ چیتان کردووە؟ خۆ برا پیاوتان نەکوشتووە؟

چاوێکم لە مەتەڵلیب کرد و کوتم نەوەڵا، بڕێک کاری نهێنیمان کردووە، پێیانزانیون.

کوتم کاری نهێنی وەک چی؟

کوتم شوعار و نامە و شت.

کوتم ئێوە لەگەڵ کومیتەی نهێنی حیزب پەیوەندیتان بوو؟

خۆ مەتەڵلیب هیچی نەدەکوت هەر دەبوو من جواب بدەمەوە.

کوتم نەوەڵا.

کوتم ئەی چۆن؟

کوتم وەڵا هەر ئاوا بۆ خۆمان کومیتەیەکی نهێنیمان دروست کردبوو.

پێکەنی.

کوتم هەر ئاوا بۆخۆتان لەخۆوە؟! جا شتی وا چۆن ئەبێ؟!

کوتم وەڵا ئیدی ئاوامان کردووە.

کوتم باشە خۆ ئێوە هەواداری حیزبێکی تایبەت نەبوون! پەیوەندیتان نەبوو؟!

کوتم نەوەڵا؛ بە خودا پەیوەندییمان نەبوو.

کوتم دەباشە ئەگەوابێ، هیچ جێگای مەترسی نییە. هەمووشتێک ڕێگا چارەیەکی هەیە. یەگجار واش نییە؛ ڕەنگە هەر ترساندبێتیانن. بە پارتییەک، بەرتیلێک شتێک ئەتوانن دمی مدیرەکەتان ببەستنەوانێ.

کوتم کار نییە خوا جێ‌بەجێی نەکا.

کوتم باشە ئێستا ناکرێ پێمان بڵێی بچینە کوێ و لە کوێوە بچینە سەر سنوور؟ تۆ هەر ڕێگاکەمان پێ بڵێی خۆمان دەیاندۆزینەوە.

کوتم کوڕە کاکەگیان سنوورەکان تەواوی مین‌ڕێژ کراون، مین‌ڕێژ. ئێستا ئێوە دوو منداڵە مەدرەسەیی چۆن ئەتوانن هەر ئاوا دەرباز بن. وڵات هەمووی مینە مین.

بە بیستنی ناوی مین، یەک بەخۆم هەڵبەزیمەوە. بەڵام متەللیب دەربەست نەبوو؛ پێم سەیر بوو.

کوتم ئەی ئەگەر قاچاخچییەک بە کرێ بگرین بمانباتە ئەودیو چی؟

کوتم وەڵا ئەوەش هەر خەتەرە. ئەزانی بۆ؟ پووڵەکەتان لێ ئەسێنن، ئەتانبەنە ئەودیو و دواییش ئەتانفرۆشنەوانێ بە پازگاکانی سەر سنوور! تێگەیشتن؟

من ئەوجار زانیم چ قوڕێکم بۆ خۆم و بۆ متەللیبیش گرتۆتەوە.

کوتم ئەی چی بکەین؟

کوتم ئەیچۆن کاکەگیان. خۆ من لەخۆوە ناڵێم جارێ بڕۆنەوانێ بۆ ماڵێ!

کوتم چی بکەین!

کوتم چی بکەن؟ بڕۆنەوە بۆ ماڵێ. تەنیا ئەو ڕێگایەتان لەبەرە. بڕۆنەوانێ با بڕێکی تر بە خۆتانا بێن و دیپلۆمەکەتان وەرگرن...

کەریم زۆر بە وردی و تامەزرۆییەوە گوێی بۆ ئەو کابرایە ڕاگرتبوو. دیار بوو قسەکانی کاری تێکردووە. متەللیب هیشتێک حاڵیی نەدەبوو. هۆشی لەوێ نەبوو.

دڵ و دەروونی بیابان بوو. کابرا لە پتوونی قسەی بۆ دەکردن.

متەللیب ئەنیشکێکی لە کەریم کوتا تاکوو زووتر هەستن و بڕۆن.

کوتم بۆ کوێ؟ خۆ ئاوا نایەڵم بڕۆنەوانێ. پەلە مەکەن با تیکەیەک نان بخۆین.

متەللیب هەستا چووە سەر ئاودەست.

لەو دەرفەتەدا بە پەلە ئەوەندەی کرا باسی باوکی متەللیبم بۆ کرد و بەسەرهاتی چۆن هاتنەدەریم بۆ گێڕاوە و ڕاستییەکەیم لەلا باس کرد.

کوتم هیچ نییە. باوکی کە کێشە نییە. سەری ئەوسەرەکەی لێی ئەدا. ئەویتریش عوزرمایی بۆ بێنەوە، لە بەینی ڕفێقایەتیا ئەو شتانە هەر ئەبێ!

دەمزانی متەللیب یەک قسەیە. لە ماوەی نان خواردنەکەی‌دا بێجگە لە بەڵێ کردن هیچی نەکوت. جارجارێک چاوێکی لە من دەکرد.

زۆری پێ سەیر بوو، لەو ماوەیەدا کە ئەو چووبووە سەر ئاو، کەریم چی بەو کابرایە گوتبوو؟! یەکبین ڕووی دەمی لە متەللیب بوو نەسیحەتی دەکرد و قسەی دەکرد و شێروڕێوی بۆ دەهێناوە. زانیی بۆ ئەوە نابێ قسە بکا. هیچی وای نەگوت. تەنیا لە نێوان قسەکانی‌دا گوتی ڕاست دەفەرمووی باشە بە چاوان دەڕۆینەوە بۆ ماڵێ.

کوتم ئا بە قوربانتان بم. بڕۆنەوانێ قەیناکە با دایک و باوکتان دوو قسەی ناخۆشتان پێ بڵێنەوانێ چییە خۆ پێی نامرن. پیاو بە قسە و جنێوی گەورەتر لە خۆی، گەورە ئەبێ.

چاوێکی لە کەریم کرد و بزەیەکی هاتێ و کوتی ئەو ڕووداوەش هیچ نییە، جێبەجێ ئەبێ.

کوتم کاکە ئەوە لەسەر خۆم، بە شەرتێک هەژیر لەگەڵم بێتەوە ماڵێ، بۆخۆم جێبەجێی دەکەم.

متەللیب کە زۆری پێ سەیر بوو، ڕووی کردە من و بێ ئەوەی هیچ بڵێ سەری ڕاوەشاند. زانیم دەڵێ ڕووداوی چی؟

کوتم لە ڕێگا بۆت دەگێڕمەوە.

قسەکانی ئەو پیاوە لەو بەندەنە زۆری کار تێکردم.

کوتم کە چوونە ئەویێ ڕاست لە داوێنی کێوەکەی ڕووبەڕوو، لە گوێی کـانی و ئاوێک، خێوەتێکی قاوەیی هەڵدراوە؛ ئەوە خێوەتی ئەوە. نێوی مەلامحەمـەدە. مێزەری لەسەر دایە بەڵام مەلا نییە. خەریکی مێشدارییە. سـندووقی مێشەکانیشـی هەر بە تەنیشتی خێوەتەکەیەوە دانراون، لە دوورەوە دیارە.

لەنێو چادرەکەی جودا لە نوێن و قاپ و کەوچـک، چەنـد کتێبیشـی لەسـەر سندووقێکی بەتاڵی مێشەکان دانا بوو. هەر چووینە ژووریێ لەپـێش‌دا چاومـان لە کتێبەکان کرد.

کوتم دیارە ئەهلی کتێب و خوێندنەوەشن.

کوتم وەڵا سەرەتەقەیەک ئەکەین.

کوتم ئیدی ئەرخەیان بم کە یەکسەر ئەڕۆنەوانیێ؟

چاوێکم لە مەتەللیب کە زۆری پیێ خـۆش بـوو لای ئەو پیـاوە پـێم دەکـوت هەژیر کرد و کوتم بەڵیێ.

مەتەللیبیش کوتی ئەرێوەڵا. دەستت خۆش بیێ.

کوتم سەرچاوەکانم. یاخوا بەخێر بـێن. لە شـیوەکەوە بـڕۆنەوە سـەر جـاددە، نزیک‌ترە.

هەتا گەیشتینەوە سەر جاددە مەتەللیب قسەیەکی نەکرد؛ تەنانەت یەک قسەش. من زۆرم قسە بۆ کرد و لە قسەکانی ئەو کـابرایە دوام کە چەنـدە حیسـابی و بە ڕیێوجیێ بوون.

کە گەیشتینە سەر جاددە مەتەللیب چووە ئەوبەر.

کوتم بۆ چوویە ئەوبەر؟

کوتم کەریم تۆ بڕۆوە من نایەمەوە.

چوومە ئەوبەر بۆ لای.

کوتم کاکە تۆ خودات لەگەڵ بڕۆوە، من نایەمەوە.

کوتم کوڕە خۆت شێت مەکە وەرە با بڕۆینەوە.

کوتم بە خودا دنیا و عالەم سەر لێک‌دەن من نایەمەوە. من بڕیاری خۆم داوە.

تۆ بڕۆ، با مەحتەلیش نەبی، درەنگە.

کوتم هەژیر حەتمین کە بێ تۆ ناڕۆمەوە، وەرە با بڕۆینەوە. سەرچەشمە بە عۆدەی من، بابیشم دەنێرمە لای بابت.

جارێ پێویست نەبوو باسی ئەو شتەی لەلا بکەم.

کوتم زوو برۆ تا دەچییەوە سەقز و لەوێوە دەگەیەوە بۆکان ڕۆژ ئاوا دەبێ. برۆ. خۆت لەگەڵ من ماندوو مەکە.

لەو وەختەدا مینیبووسێک هات، بەرەو بانە دەڕۆیشت، هەرچەند کەریم حەولی دا نەیتوانی پێش بە متەللیب، کە لەوەبەدوا هەژیر بوو، بگرێ.

دەستی هەڵێنا.

مینیبووسەکە ڕایگرت.

توندتوند گرتم. هەرام کرد کاکە برۆ نایە.

مینیبووسەکە بە قەڵسییەوە ڕۆیشت.

کوتم بە خودا نایەمەوە. لەکۆڵم بەوە. تۆ برۆ.

کوتم خۆ تۆ جاران ئاوا شێت نەبووی. ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟

دەستی بۆ ماشێنێکی دیکە ڕاداشت؛ ڕاینەگرت.

کوتم تۆ برۆ با مەحتەل نەبی.

کوتم ناڕۆم. دەبێ بێیەوە لەگەڵم.

کوتم پێمکوتی. کوتم کەریم من نایەم. کوتم لاقم لە ماڵێ بترازێ ڕێگای گەڕانەوەم نییە. تۆ خۆت من دەناسی.

کوتم چاو لێکە متەللیب با شتێکت پێ بڵێم.

کوتم بە خودا شتی تەواوی دنیاشم پێ بڵێی نایەمەوە. لەخۆوە خۆت ماندوو مەکە با وەدرەنگیش نەکەوی.

کوتم متەللیب دەزانی چییە؟ ئەگە ڕاستت دەوێ من درۆم لەگەڵ تۆ کردووە.

کوتم درۆی چی؟

کوتم ئەوەی کوتم ئاغای محەممەدی پێی کوتووم هەرچی زووترە بڕۆن دەنا دەتانگرن، درۆ بوو. بۆخۆم سازم کردووە.

تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کوتم درۆ دەکەی؟

کوتم بە قورئان، بە گیانی هەر دووکمان قسەی خۆم بوو.

دنیا لەپێش چاوی خولی خوارد.

کوتم جا باشە... وەڵڵاهی نازانم بڵێم چی... باشە ئەو درۆیەت بۆ لەگەڵ من کردووە. یانی تۆ منت فریو داوە؟

کەریم دەستی کردە گریان. بۆ یەکەمجار بوو کەریم لەبەر چاوی متەللیب بەڕاستی گریا. زۆرجار بۆ ئەوەی کەسێک فریو دەن بە قەستی گریابوون. بەڵام گریانی ئەمجارە فەرقی دەکرد.

لەو هەموو شەڕەگەڕەک و کوتانخواردن و شەڕکردن و شتە، قەت جارێک کەریم ئاوا مەزڵوومانە نەگریا. ئەوە یەکەمجار بوو بەڕاستی گریا و متەللیب چاوی بە فرمێسکەکانی کەوت کە کەوتنە سەر عەرزی.

کوتم باشە من ئەودەم پێم نەکوتی؟ نەمکوت ئەگە شۆخییە ئەوە بۆ شۆخی نابێ؟ نەمکوت من بەحاڵ لاقم بترازێ تازە کار تەواوە؟ ها! پێم نەکوتی؟

بە گریانەوە دەستم کردە ملی و کوتم خەجاڵەتم... خەجاڵەتم... بمبەخشە...

کوتم تۆ وەرە با بڕۆینەوە. بابت لەسەر من. خۆ هیچ نەبووە. کەس نەیزانیوە. بۆ ئێوارێ دەگەینەوە.

کوتم دەڵێم برۆ لەکۆڵم بەوە.

کوتم باشە ئەوە نییە دەڵێم خەجاڵەتم بمبەخشە! ئێستا دەچییە بانە چی دەکەی؟

چاوی پڕ بوو لە ئاو و ملی بۆ لای جادەکەوە وەرسووڕاند و وڵامی نەداوە. دەنگی مینیبووسێکی دیکە دەهات.

کوتم تۆ خودا، تۆ گیانی من، تۆ گیانی ئەو دایکەت، وەرە با بڕۆینەوە.

دەستی هەڵێنا. مینیبووسەکە ڕایگرت. بە زۆر و زۆرداری بە نیوەشەڕ و قەڵسییەوە دەستمی لە ملی کردەوە و هەڵاتە سەرێ.

حەتمەن زوو کوتبووی کاکە بڕۆ. مینیبووس بەرەو بانە وەڕێکەوت. ملی لە پەنجێرەی مینیبووسەکەوە هێنابووەدەرێ.

به دوایدا هەڵدەهاتم و دەگریام. قسەیەکی کرد بەڵام لێی حاڵیی نەبووم... دەستی بۆ ڕاوەشاندم و ئیدی سەری بردەوە ژووریٚ. هەرام کرد متەللیییب، هەژییر، متەللیییییب... هەتا برستم هەبوو بە دوای مینیبووسەکەدا هەڵاتم و هەرام دەکرد. متەللیییییب... ئەژنۆم شل بوو.

سەڵای گەورە و گرانی لیٚ ڕابوو.

*سەیدەسووره و سەللاخێکی دیکە جوانەگایەکیان بردە سەر سەکۆکە. جوانەگایەکی دابەستەی ڕەشی قەترانی شاخداری بغور بوو. سەیدەسووره فیتووی بۆ لیٚ دەدا و سەر شاخی بۆ دەخوراند و دەیلاواندەوە. سەللاخەکەی دیکە هات ئاڵقەی پەتەکەی بخاتە دەستی جوانەگاکەوە. جوانەگا سڵەمییەوە و کوتوپڕ سەری ڕاوەشاند و لە دەستیان دەرباز بوو. وەختێک سەری ڕاوەشاندبوو، شاخی لە ڕوومەتی سەیدەسووره خشابوو و برینداری کردبوو. خوێن بە ڕوومەتیدا دەهاتە خواریٚ؛ سەیدسووره رقی هەستا. جوانەگا بەجاریٚ لێیان یاغی ببوو. یەک بەخۆی هەڵیدەخستەوە و دەیبۆڕاند و سەری دەوەشاند و لەقەی دەهاویشت و جیفرکی لە خۆی دەدا و خۆی بە کەلاکە سەربڕاوەکاندا دەدا. ئەو کوشتارگایەی بەسەر یەکدا شێواندبوو. کەس نەیدەوێرا لێی نزیک ببێتەوە. بە پێنج شەش سەللاخ بە هێوریی دەوریان دا و بە فیتوو لێدان و نانەڕەقە و لاواندنەوە، هێواشیان کردەوە و گرتیان. زۆر ماندوو ببوون و ئارەقەیان کردبوو. سەللاخەکان هەموویان تێیدا شلوکوت ببوون. سەللاخێک ویستی بە ئەسپایی پەتەکەی لە چوارپەلی بهاڵێنی و زوو بیخا بە عەرزدا. سەیدەسووره کوتی ئەوە چ دەکەی؟ بەززاتی خودا نایەڵم! داینیٚ بۆ خۆم. قورئانم پەڕ بە پەڕ سووتاندبیٚ، هەتا نەیگێم کەوڵی ناکەم! داینێن بۆ خۆم؛ زیناحم لەگەڵ دایکی خۆم کردبیٚ نایەڵم یەکتان بێنەپێشیٚ. سەللاخەکانی دیکە هاتنەپێشیٚ و تکایان لیٚ کرد. هەر شەش تەڵاقم کەوتبیٚ هەرکەس بێتەپێشیٚ یەکەو چەقۆ زگی دەدڕم. چاوی سوورسوور ببوو. خۆ شۆخی ناکەم! هەموو پێیان سەیربوو. خۆی گورج کرد. جا لە دایکی سەحەبی بم بۆم بەردەن. جوانەگایان بەردا. پێش ئەوەی خۆی هەڵاویٚ و خۆ بە داروديواردا بدا، ئاوقای سەیدەسووره بوو، سەید لە دوورەوە*

خۆی بەرەو جوانەگاکە هەڵاویشت و خۆی دا بەسەر سەری‌دا و هەتا توانیی ملی بادا. جوانەگاکە درا بە عەرزدا. سەیدەسووره نەیهێشت کەس لێی نزیک بێتەوە و نەیهێشت کەس لاق و دەستی بۆ ببەستێ و نەیهێشت کەس تەپ بداتە سەر زگی. زوو چەقۆ گاکوژه دەسک زەردەکەی خۆیان گەیاندێ. بە پەلە هات چەقۆکەی بە ملی‌دا بێنێ، جوانەگا کوت‌وپڕ تەکانێکی لە خۆی دا و سەری وەها ڕاوەشاند کە هەردوو شاخەکەی یەک‌سەر بە زگی سەیدەسووره‌دا ڕۆچوون و نرکەی لێهەستا و خوێن فیچقەی کرد. تا گەیشتنە سەریان جوانەگا وەرسووڕا و کەوتە سەرەوە و سەیدەسووره کەوتە بنەوە. سەیدەسووره بەری نەدا و باوەشی بە ملی‌دا کردبوو و بە چەقۆکەی بە ملی جوانەگاکەی‌دا دێنا. هەرچەند دەنگیان دا و بە پێلاقە و تێلا تێیان سرەواند جوانەگا سێ‌چوار جار شاخی لەنێو جەرگ‌ودڵی‌دا سووڕاند و سەیدەسووره‌ش تەکان‌تەکان چەقۆی بە ملی جوانەگادا دێنا. وەختێک جوانەگا لەسەری لاچوو، سەیدەسووره لەولاوە بێ‌سەروزمان درا بە عەرزدا. هەموو لە دەوری لاشەی سەیدەسووره بوون کە جوانەگا بە سەروملی نیوە بڕاوەوە و بە خوێن‌وخوڕەوە هەستا حەوا، دەنگی لرفە و خوڕەی خوێنی گەروو و قورقوڕاچکەی پڕ بەو کوشتارگایە دەهات. جوانەگا بە ڕۆیشتنەوە بۆڕاندی. هەموو مانگا و جوانەگا زیندووەکانی دیکە، یەک لە دوای یەک دەستیان کرد بە سمکۆڵ و بۆڕاندن؛ ئەوەندەی گەروویان دەیبرد بە دەنگێکی سەیروسەمەرەوە دەیانبۆڕاند؛ بوو بە گابۆڕ. جوان‌جوان بە چاوی خۆم دیم لەحاڵێک‌دا هەموو مانگاکان بە دەنگێکی ترسناک دەیانبۆڕاند، جوانەگاکە خوێنی گەروو و ملی فیچقەی دەکرد و بە بۆڕاندنەوە بەرەو درگاکە هات. ئەوەندەی هێزم تێدابوو بۆڕاندم و درگاکەم کردەوە. سەگەکانی دەوروبەری کوشتارگا کردبوویانە چەق‌ولوور و سەگ‌وەڕ. تاریک‌وڕوونی بەیانی بوو.

هاوینی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ بۆکان.